# بابە گیان فێری نزام بکە!

نووسینی
شاخەوان عەلی حەمەد مامۆکی

پێداچوونەوەو پێشەکی
شوان ڕابەر



بسم الله الرحمن الرحيم

﴿ وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ ۖ أُجِيبُ دَعْوَةَ
الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ ۖ فَلْيَسْتَجِيبُوا لِي وَلْيُؤْمِنُوا بِي لَعَلَّهُمْ
يَرْشُدُونَ ﴾ البقرة: ١٨٦

## پێشکەشە بە:

- ❖ هەموو ئەوانەی عەودالّی ڕاستین و خوازیاری ژیانێکی بەختەوەرن.
- ❖ خوا دەناسن و تەنها پەنا بۆ خوا دەبەن.
- ❖ لەژیاندا ئەوەی بەسەریان دادێ لە خۆشی وناخۆشی، ناشوکر نین و باوەڕیان بە تاقیکردنەوەی خوایە.
- ❖ ژیانێک هەڵدەبژێرن سەرپێچی فەرمانی خوای تێدا ناکەن.
- ❖ هەق بەهەق دەناسن و ناهەق ڕیسوا دەکەن.
- ❖ هەموو ئەوانەی هەماهەنگ و هاوکاربوون بۆ چاوهەڵێنانی ئەم کتێبە، مامۆستا(مەلا زرار مەلا محمد گرتکی) شێخ(عبدالواحد برادۆستی) مامۆستا(مەلا طیب نورالدین حسن زیارەتی) مامۆستا(هونەر وەلی حسن شێخ مەموندی) مامۆستا (مەلا عبدالمجید طیب تاڵەبانی) مامۆستا(ئەبوبەکرشوان-خادیم-) مامۆستا( محمد رشید حارس) حاجی(طاهر مصطفی سماقولی).

بسم الله الرحمن الرحيم


- ناوی کتێب : بابەگیان فێری نزام بکە!
- بابەت : ئایینی
- نووسینی: شاخەوان عەلی حەمەد مامۆکی
- پێداچوونەوەو پێشەکی: مامۆستا شوان ڕابەر
- دیزاین و تایپ کردن : مامۆستا نەهرۆ عەلی تاڵەبانی
- زمانەوانی: ئەکرەم عەلی مەنتک
- هەڵەچن : مەڕوان حاجی طاهر حاجی مصطفی
- نەخشەسازی : نووسینگەی پاداشت بۆ کۆمپیوتەر
- تیراژ : ١٠٠٠ دانە
- چاپ : یەکەم
- چاپخانەی هێڤی/ هەولێر



# پێشەکی

**م/** شوان ڕابەر

**کتێبی (بابەگیان فێری نزام بکە) لە نووسینی (م/ شاخەوان عەلی حەمەد مامۆکی)، کتێبێکی زۆر گرنگ و پێویستە، ئەگەرچی قەبارە گەورە نییە، لەبەر ئەوەی بەشێوازێکی خۆش و باش نووسراوە، وە بەڵگەی زۆری لە قورئان و سوننە تێدان، وە زۆر نموونەی جوانی تێدان، ئایەت و حەدیسەکانیش کراونەتە کوردی، خوێنەر بەباشی لە مەبەستەکانی تێ دەگات.**

**زۆربەی لایەنە گرنگ و پێویستەکانی دوعای تێدایە کە لەژیانی ڕۆژانەدا پێویستە بۆ کاروبارەکان بخوێندرێن.**

**دوعاکانیش ئەو دوعایانەن کە پێویستن، وە لە قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەردان (ﷺ). هەروەها لەلایەکی ترەوە بایەخی کتێبەکە لەوەدایە کە لەسەر دوعایە، دوعا واتە:داواکردنی کارو پێداویستییەکانت لەخوا، واتە: لەخوا پاڕانەوە، واتە لەبەرخوا کڕوزانەوەو لالانەوە، خوای پەروەردگاریش سەبارەت بەوە دەفەرموێ:** ﴿ٱدۡعُونِيٓ أَسۡتَجِبۡ لَكُمۡۚ﴾ غافر: ٦٠ **واتە: (داوا لەمن بکەن وەڵامتان دەدەمەوە)، هەر لەم ڕووەوە پێغەمبەری خواش (ﷺ) دەفەرموێ: (الدعاء هو العبادة). رواه أحمد في المسند. واتە: (دوعاکردن عیبادەتە). عیبادەتیش شتێکی گرنگە. بەڵکو کرۆك و گەوهەرو ئەصلی عیبادەتە، بۆیە پێویستە زۆر عیبادەت بکەین، زۆر لەبەر خوا بپاڕێینەوە تا خودا عەفومان بکات. اللهم آمین.**

# ڕێخۆشیەک...

**منداڵ جیهانێکی تایبەت بەخۆی هەیە، هەمان شت بۆ کەسێکی هەرزەکار ڕاستە کە لەڕووی فسیۆلۆژیەوە لەبەردەم کۆمەڵێ گۆڕانکاریدایە، بۆیە هەڵس و کەوت و مامەڵەکردن لەگەڵی دا ئەوپەڕی حیکمەت و بوێری گەرەکە بۆ ئەوەی لەکەسی بەرامبەر تێبگات و ئەوانیش تێی بگەن.**

**بەواتایەکی دیکە: دایك و باوك وەك چۆن لەسەرەتای هاتنە دونیای جگەر گۆشەکەیاندا لەڕووی پێداویستییەکانی جەستەیی و ماددی و ڕۆحییەوە بەرپرسن، ئەوە هەر بەو هەناسەوە ئەرکی سەرشانیانە بەیاساو ڕێسا و ئادابەکانی ژیان و ئامۆژگاری و هەڵێنجراوی قورئان و فەرموودە پیرۆزەکان گۆشیان بکەن و بەرەو داهاتوویەکی گەش و پڕشنگدار ئاڕاستەیان بکەن بۆ ئەوەی داهاتوویان شیرین و بەرهەمداردەبێ و ئەوانیش بتوانن لەبەردەم خوای پەروەردگار زمانیان بگەڕێ کە پەیامەکیان بەئەمانەتەوە گەیاندوویانە، ئەمەش سەرەڕای وەرگرتنی پاداشتی نەبڕاوە ، هەر لەم دونیایەدا خۆشبەختیان ڕەنگڕێژ دەکەن بەوەی توانیوانە نەوەیەکی خواناس و خاوەن ڕەوشت پەروەردە بکەن.**

**کتێبی (بابە گیان فێری نزام بکە) بەڕووکەش وتووێژێکی سادەو ساکارە، هەموو لایەك بەپێی توانا دەتوانێ جگەرگۆشەکەی بەو ئاداب و فەرموودەو ئامۆژگاریانە بۆنخۆش بکات کە وێڕای نیشاندانی بەها جوان و بەرزەکان، ئەوە هەموو ئەو هەنگاوانە بکاتە هێشووی دواڕۆژیان.**

**لەخوای پەروەردگار دەپاڕێینەوە ئەو کارەمان بکاتە زەخیرەیەك بۆ سڕینەوەی ئەو گوناهانەی ڕۆژێ لە ڕۆژان لەنائاگایی یان بەنەزانی یان بەفریودانی شەیتان ئەنجاممان دابن. (اللهم امین).**

**شاخەوان عەلی مامۆکی**

**شارۆچکەی تەق تەق/ گوندی تاڵەبانی گەورە**

# بابە گیان فێری نزام بکە!

(ئامـانج) منـداڵێکی زیـت و ژیکەڵـە بـوو، لـە پـۆلی نۆیـەمی بنـەڕەتی دەیخوێنـد، چـونکە قوتابییـەکی گوێڕایەڵ و زیرەك بوو، مامۆستاکان بەگشتی خۆشیان دەویسـت. هـەروەها لەماڵـەوە بـەهۆی ئـەوەی تاقانەی دایەو بابە بوو، ئەوانیش بێ ئەندازە خۆشیان دەویست و چی بویستایە، بەپێی پێویست بۆیان جێ بەجێ دەکرد.

لە ئێوارە زستانێکی تووشی ساردو سڕدا، بایـەکی تونـد هـەڵیکردبوو، هـەموو شـتێکی خسـتبووە ژێـر ڕکێفی خۆی، سـەرتۆپی دارەکـانی نێـو حەوشـە و شـەقامەکانی دەهێنـاو دەبـردو ڕایدەپسـکاند، هـەر قەستی بوو لە ڕێژنەو ڕەگ و ڕیشەوە دەریانبێنێ.

باران بە لێزمە دەباری، تاو نـا تـاوێ ڕوونـاکی بروسـکەو دەنگـی هـەورە تریشـقە بـەجۆرێ (ئامـانج)ی تاساندبوو کە لەجێوە بتۆقێ و هەست بە ترسێکی نادیـار بکـات، بۆیـە دەسـتی بەسـەریەوە دەگـرت و هەر دوو چاوی دەنووقاند.

دواجار کە ترس و بیمی لەدەنگە زلەکانی هەورە تریشقە نەڕەویەوە، بەڕاکە ڕاك بـەرەو لای عەبـدوڵڵای باوکی ڕۆیشت، خۆی خزاندە ئامێزی و بەهەڵپەیەکەوە پێی وت:  بابە گیان ئەو دەنگە گەلێ ڕەقە، من دەترسێم!

ئەویش بە میهرو سۆزەوە دەستی گرت، لەگەڵ خۆی بردیە ژووری نووستن و لـە سـەر جێیەکـەی دانـا، ئەوجا بەتانیـەکی گـەرمی پـێ داداو بەچوارمەشـقی لەتەنیشـتیەوە دانیشـت، بـەدەم زەردەخەنەیـەکی گەشەوە ڕووی تێکردو پێیوت: کـوڕی خـۆم هـیچ نیـە مەترسـێ، دەی بخـەوە بـۆ ئـەوەی  بـەیانی زوو لەخەو هەڵسی.

**🕮 ئامانج تیلە نیگایەکی پڕ مانای دایێ، بە زەردەیەکەوە پێی وت: بابەگیان من لە تۆ غافـڵ و  بـێ ئاگا نیم، بەردەوام لە نزیکەوە سەیری ڕەفتارو هەڵسوکەوت و دانیشتنت دەکەم، هەمیشە دەسـت بەنوێـژو دەم بە دوعای، بۆیە حەز دەکەم  وەکو تۆ بم، دەمەوێ لاسایی ڕەفتارو کارو کردەوە باشەکانت بکەمەوە، خوو و خدە بەو شتانەوە بگرم کە تۆ ئەنجامی دەدەی. لێرەدا زۆر جـار ئـەوەم بەخـەیاڵ دادێ، لـەخۆم دەپرسم: بۆچی باوکم ڕۆژێ لە ڕۆژان لە دەرگای دڵی نەدام، لێی نەپرسیم پێمبڵـێ: کـوڕی خـۆم دوعـا چییە؟ گرنگی دوعا لە چی دایە لەکاتێکدا شەو نییە تۆ بە من نەڵێی هەناسـەی بابـە دەی درەنگـە، بـڕۆ بخەوە تا زوو لە خەو هەڵسی!!ئەگەر بپرسم ئایا بۆ هەڵکردنی با و ڕەشەبا، ئەوجا  باران و هـەورە تریشـقە هیچ دوعایەك هەیە بیخوێنین تا لە بەڵاو  زیان و ئافاتی ئەو شتانە پارێزراو بین، چۆن وەڵامم دەدەیەوە؟**

✍عەبدوڵڵا بەبیستنی ئەم قسانە ، نەشتەر ئاسا موچڕکەیەکی بەلـەش داگـەڕا، لـە کەڵەموسـتی پێیەوە دەرچوو. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، بە تاسەوە سەیری کردو وتی: قسەکانت لەجێی خۆیـەتی،

تۆ لەسەر هەقی و من بەرامبەرت خەمساردو کەمتەرخەمم کە نەدەبوو بۆ بابەتێکی ئاوا هەستیاری پەیوەست بە دوعا، تۆم پشتگوێ و فەرامۆش بکردایە.

ئامانج گیان. دڵەکەی بابە:

ڕۆژێکیان لوقمانی حەکیم ئامۆژگاری کوڕەکەی دەکرد، پێی وت: کوڕی شیرینم سێ ئامۆژگاریت دەکەم ئەگەر جێ بەجێیان بکەی، ئەوە لە ژیاندا بەختەوەر دەژی!

**یەکەم:** هەوڵدە خۆشترین خواردن بخۆی.

**دووەم:** لە باشترین جێگە بخەوی.

**سێیەم:** لە باشترین خانوودا بژی.

کوڕەکەی لە وەڵامدا وتی: بابە گیان ئێمە لە خێزانێکی هەژارو دەست کورت و نەدار ژیان دەکەین، ئیدی ئەمە چۆن ئەنجام دەدرێ؟

لوقمانی حەکیم لەوەڵامدا پێیوت:

*ئەگەر لەکاتی خۆیدا کەمێك درەنگتر نان بخۆی، دواتر هەر شتێك بخۆی، ئەوە تامی خۆشترین خواردنت پێ دەدا.

*ئەگەر زیاتر کار بکەیت و کەمێك درەنگتر بخەوی، ئەوە خۆشترین خەوت دەبێ.

*ئەگەر جێگای خۆت لە دڵی خەڵکی بکەیتەوە، ئەوە تۆ لە باشترین خانوو دەژی.

خوای گەورە بەرەکەتی خۆی لەبەیانیان دەبارێنێ، بەرەکەت لەزۆری پارەو پوول و سامان نییە، بەرەکەت ئەوەیە لەشت ساغبێ، ماڵ و منداڵت بێ بەڵاو ئافاتبێ، هیچیت لەماڵ نەبێ بەڵام دڵخۆشبی، ئەوەش لەوەدا سەرچاوەی گرتووە کە خواردن و خواردنەوەت حەڵاڵ بێت.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: (اللهم بارك لأمتي في بكورها)[1]. واتە: (**خوایە بەرەکەتی ئوممەتەکەم لە بەیانیدا بێت**).

کەواتە زوو نووستن و زوو لە خەو هەستان سوننەتی ئیسلامە، لە ئیسلامدا هیچ شتێك بێ هۆو هودە نیە، کە دەڵێ: زوو بخەوە بۆ ئەوەی زوو لەخەو هەستی، ئەوە مرۆڤ لە ڕووی ئەقڵ و جەستە و دەروونەوە دەپارێزێ، بەتایبەت کاسبکارو ئەوانەی لەدەم و دەزگایەکی دیاریکراودا کارمەندن، هەروەها بۆ ئەوەیە موسڵمان نوێژی بەیانی لەکاتی خۆیدا ئەنجام بدات و بۆ قوتابی و خوێندکاریش زوو لەخەو هەستان ئاسۆی بیرو مێشکی فراوان دەکات، بۆیە بەرەکەت لەوەدایە لەو سەرو بەندە لەخەو هەڵسێ و دەست بەخوێندن بکات.

---

[1] – صحيح أبوداود، صححه الالباني.

مرۆڤگەلێ هەن شەویان ناوەتە سەر ڕۆژ و بەردەوام خەریکی ئیش و کارن، سەرەڕای ئەوەی مووچەیەکی باشیان هەیە، ئەوجا بەهیچ ڕاناگەن. کەچی کەسی وا هەیە دەستگێرە، مۆزو تەڕەو سەوزە دەفرۆشێ و پارەیەکی کەمی چنگ دەکەوێ، کاتێ پرسیاری بژێوی ژیانی لێ دەکەی، بەدڵخۆشیەوە دەڵێ: سوپاس بۆ خوا بژێوی ژیانم باشە، خۆشحاڵم.
با نموونەیەکی جوانت بۆ بێنمەوە، مەڕ ساڵی جارێك دەزێ، یەك بەچکە بەرخ دێنێ و ڕەنگە هەندێ جار دوو بەرخ بێنێ، کەچی بەردەوام لێی دەخورێ و هەر زۆرە.
کەچی سەگ ساڵی دوو سێ جار دەتروکێ و بەجارێ پێنج شەش بەچکە گوجیلە دێنێ، کەچی نەلێی دەخورێ و ژمارەشیان هەر کەمە.
ئەگەر سەیری ئەم هاوکێشەیە بکەین، بۆمان دەردەکەوێ مەڕ بەرەکەتی تێدایە، بۆیە ئەوەندەی لێی دەخورێ ز هەر زۆرەو کەم ناکات.
زانایان دەڵێن: لەکاتی دابەشکردنی بەرەکەت کە بەیانیانە، مەڕ بە ڕۆژ دەلەوەرێ، دێ و دەسوورێ، کە ئێوارە دادێ، زوو دەخەوێ و لەگەڵ شەبەقی بەیان چونکە تێر خەو بووە، هەڵدەستێ و چاوەکانی دەکاتەوە، کەچی سەگ تا دەمەو بەیان بەخەبەرە، نزیك بەرە بەری بەیان خەوی لێ دەکەوێ، بۆیە لەکاتی دابەشکردنی رزق و ڕۆزی و بەرەکەتداری ئامادە نیە[٢].
شێخ ( موحەممەد متوەلی شەعراوی) لە مانگی ڕەمەزان وتاری دەدا، بەهەزاران کەس لە وتارەکانی دادەنیشتن، لەیەك لەوتارەکانی دا دەڵێت: خوای پەروەردگار ڕزقی خۆی وەکو یەك دابەش کردووە.
یەك لە ئامادەبووان لێی دەپرسێ: جەنابی شێخ چۆن خوای پەروەردگار رزق و ڕۆزی وەك یەك دابەش کردووە؟ فەرموو من لە کارگەیەکدا بەمانگانە ئیش دەکەم، مووچەکەم پێنج ورەقەیەو هاوڕێکەم نزیکەی دە پازدە وەرەقە وەردەگرێ.
شێخ متەولی بەشتێکی زۆر سادەو ساکار وەڵامی دەداتەوە، پێی دەڵێ: ئێمە قسەمان لەسەر بەرەکەتە، ئەگەر منداڵی تۆ نەخۆش بکەوێ، بەحەبێکی پاراستۆل چاك دەبێتەوە، بەڵام وەڵڵاهی منداڵی ئەو هاوڕێیەت ئەگەر نەخۆش بکەوێ، دەبێ هەر دە پازدە وەرەقەکەی لێ بدات تا چاك بێتەوە.
مرۆڤی نەخۆشمان هەیە دەرزییەك بە سەد دۆلار دەکڕێ، هەیشە تەنها بەچەورکردنێك چاك دەبێتەوە، هەیە زۆر دەوڵەمەندە کەچی بەردەوام نەخۆشەو ژیانی نییە، هەیە کەمی هەیە بەڵام تەندروست و لەش ساغە، بەکەیفی خۆی دەخوا و دەخەوێ و شا بەسەپان نازانێ.

---

[٢]-(ئەنشتاین) زانای ماتماتیك پێیوایە چونكە مرۆڤ پێویستی بەخەوە، دەبێ ڕۆژانە هەشت كاتژمێر بخەوێ. كەچی (ئەدیسۆن) داهێنەری كارەبا لەبەرامبەر ئەم قسەیە دەڵێت: خەوتن بۆ مرۆڤ تەنها كات بەفیڕۆدانە، بۆیە مرۆڤ پێویستە ڕۆژانە پێنج كاتژمێر بخەوێ.

دەوڵەمەندێکی شاری هەولێر لە میوانداریەکدا کاتێك خواردنی بۆ دێنن، دەست بەگریان دەکات.
لێی دەپرسن: ئەوە بۆ دەگری؟ ئەویش لەوەڵامدا پێیان دەڵێ: خەڵك ئیرەیی بەدەوڵەمەندی من دەبەن، وەلێ ئەوە چ دەوڵەمەندییەکە بەهۆی نەخۆشیەوە هەموو شتێکت لێ حەرام کرابێ؟ خۆزگە یەك دینارم نەبوایە، بەس وەکو ئێوە بە ئیسراحەت نانم بخواردایە.
کەواتە بەرەکەت هەر ئەوە نیە پارەداربی!! لەش ساغی، خزمی باش، ژنی باش و بێ بەلایی بۆ مرۆڤ گەورەترین گەنجینەو بەرەکەتی ژیانە.
ئەگەر مرۆڤ بەرەکەتی ماڵی لێ هەڵگیرا، دەوڵەمەندی چ مانایەکی هەیە کە لەبەر ژن و ماڵ و منداڵی حەوانەوەی نەبێ و حەز بکات هەموو کاتی خۆی لەدەرەوەی ماڵ بەسەر ببات!!.
بۆ ئەوەی زیاتر لە پرسیارەکەت دوور نەکەومەوە، تۆ پرسیارت لەمەڕ باو بۆران و هەورە تریشقە لێ کردم ، منیش بەپێی توانا، بە نزاو دوعاکانی پێغەمبەری خوا(ﷺ) و زانستی سەردەم، وەڵامت دەدەمەوە.
ئەگەر بایەکی توندوتیژ هەڵیبکردبایە، پێغەمبەری خوا(ﷺ)دەیفەرموو: (**اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ خَيْرَهَا، وَخَيْرَ مَا فِيْهَا, وَخَيْرَ مَا أُرْسِلَتْ بِهِ, وَأَعُوْذُ بِكَ مِنْ شَرِّهَا, وَشَرِّ مَا فِيْهَا, وَشَرِّ مَا أُرْسِلَتْ بِهِ**)[٣]
واتە: ( **خودایە داوای خێرو باشەکەیت لێ دەکەم و ئەو باشەیەش کە تیایەتی و باشەی ئەوەیش کە پێوەی نێردراوە، هەروەها پەنات پێ دەگرم لە زیانەکەی و ئەو زیانەیش کە تیایەتی و ئەو زیانەش کە پێوەی نێردراوە**).
ئێمە کاتێ قسە دەکەین، دەبێ وریای زمان و دەربڕینی خۆمان بین، ئاگامان لە دەم و دەومان بێت، قسەی خراپ و جنێوی ناشیرین و وتەی نەشیاو بە با نەدەین، چونکە لەم ڕووەوە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێ:(الرِّيحُ من رَوْحِ الله، تأتي بالرَّحمة، وتأتي بالعَذَاب، فإذا رَأَيْتُمُوهَا فَلاَ تَسُبُّوهَا، وسَلُوا الله خَيرها، واسْتَعِيذُوا بالله من شرِّها) [٤]. **واتە: ( با لە ڕەحمەتی خوایە، جاری وا هەیە بە ڕەحمەت دێ و جاری واش هەیە بە سزاوە دێ، هەر کاتێ ئێوە بینیتان، ئەوا جوێنی پێ مەدەن، داوای خێرو چاکەی بۆ لەخوا بکەن و لە خراپەی پەنا بەخوا بگرن)**.
ساڵانە لەڕێی میدیا جیهانیەکانەوە گوێبیستی ئەوە دەبین چۆن لێرەو لەوێ بەهۆی ڕەشەباو بای توندەوە زیانێکی زۆر ماددی و گیانی بەو وڵاتانە کەوتووە، لەکاتێکدا مانەوەی ژیان و بەردەوامی مرۆڤایەتی

---

[٣]- مسلم ٢ / ٦١٦ والبخاري ٤ / ٧٦
[٤]- صحيح: رواه أبوداود والنسائي و أحمد.

پەیوەستە بە ڕۆڵی با، ڕەنگە بپرسی: ئەو ڕۆڵە چیە؟ منیش لەوەڵامدا پێت دەڵێم: زانایان ئەوەیان ئاشکرا کردووە (با) ڕۆڵێکی گەورەو کاریگەری لە پێکهێنانی هەور هەیە کە هەڵمی ئاو و گەردی تەپ و تۆز پاڵ دەنێ و وەك پیتاندنی ناوك کار دەکات و هەر ناوکێك ملیۆنان دڵۆپیلەی لێ کۆ دەبێتەوە بۆ ئەوەی دڵۆپە ئاوێك پێکبێنێ ، بەم شێوەیە (با) هەڵدەستێ بە پیتاندنی هەورەکان تاوەکو بارانی لێوە بباریێ.
ئەوەش ئەو هەقیقەتەیە کە قورئانی پیرۆز پێش هەزارو چوار سەد و چل و سێ ساڵ پێش ئەمرۆ ئاماژەی پێ کردووە، وەکوخوای پەروەردگار دەفەرموێ: (أَرْسَلْنَا الرِّيَاحَ لَوَاقِحَ فَأَنْزَلْنَا مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَسْقَيْنَاكُمُوهُ وَمَا أَنْتُمْ لَهُ بِخَازِنِينَ)[٥] واتە: (یەکێك لە بەخششەکانی خوا ئەوەیە ئێمە شنەبامان ناردووە کە پیتێنەری ڕووەك و دارو درەختە، واتە: (با) هەورەکان بەسەر یەکدا دەکوتێ و ئەوجا ئاویان لێ پەیدا دەبێت، هەورەکان بە باکان موتوربە دەکرێن، هەروەها بارانمان لە ئاسمانەوە باراندووەو ئێوەی پێ تێراو دەکەین"سەرەڕای کشتوکاڵ و زیندەوەران" بێ ئەوەی ئێوە ئەو ئاوانەتان زەخیرە کردبێت"ئێمە لەژێر زەویدا بۆمان داین کردوون، بەهۆی کانی، یاخود بیرەوە دەستتان دەکەوێت"بەواتایەکی دی: ئێوە ناتوانن لەلای خۆتان ڕایگرن لەناو دەریاو ڕووبارو کانیاو و شیو و دۆڵەکاندا، بەڵکو ئێمە ڕایدەگرین و کۆی دەکەینەوە لەناو کانیاو و گۆم و گۆلاوەکان و ...هتد).
ئەم ئایەتە هۆشدارییە، مرۆڤایەتی بانگ دەکات بۆ بیرکردنەوە لەگەورەیی خوای بەدیهێنەرو کردگار، بۆیە ئیسلام هانمان دەدات لەکاتی ڕوودانی بوومەلەرزەو بای توندو هاوشێوەی هەموو ئەمانە، نزاو زیکرو یادی خوا بکەین.
لەم ڕۆژگارە کار لەسەر باخچەی با دەکرێ و بەشێ لەوڵاتانی دونیا لەڕێی تۆربیناتەوە سوود لەهەوا وەردەگرن بۆ دروستکردنی کارەبا کە ئەمەش پارێزەری ژینگەیە بۆ کەمکردنەوەی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و شوێنگرەوەی غازە کە لە ڕووی تێچوونەوە تێچوەکەی کەمە.
خۆ ئەگەر باسی باران بکەین، ئەویش نیعمەتێکە بەپارەو پوول و سامانی دونیا پێوانە ناکرێ، چونکە ڕوحی شارستانیەت و هۆکارو سەرچاوەی ژیان و گوزەرو ئاوەدانیە، جگە لەوەی بۆ مرۆڤایەتی بەسوودە، لەهەمان کات کەڵك و قازانجی زۆری بۆ ڕووەك و زیندەوەر و ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی هەیە، واتە توخمی سەرەکی ژیانی هەموو بوونەوەرێکی زیندووە. ئەگەر باران نەباریێ، وشکەساڵی ڕوو دەدات و بەهۆی وشکەساڵیەوە گرانی و قات و قڕی و قەیران و نەهامەتی و برسێتی بڵاو دەبێتەوە. پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە نەبارین و بێ بارانی دا دوعای دەکردو دەیوت : **(اللَّهُمَّ أغِثنا، اللَّهُمَّ أغِثنا، اللَّهُمَّ أغِثنا)**[٦].
**واتە:( خوایە بارانمان بۆ ببارێنە، خوایە بارانمان بۆ ببارێنە، خوایە بارانمان بۆ**

[٥]- الحجر: ٢٢
[٦]– مختصر البخاري برقم/٤٧٦ و مسلم:٦١٣/٢

**ببارێنە)**[٧].

**لەفەرموودەیەکی دیکەدا پێغەمبەری خوا (ﷺ)دەفەرموێ: (اللَّهُمَّ أَسْقِنَا غَيْثاً مُغِيثاً مَرِيئاً مَرِيعاً، نَافِعاً، غَيْرَ ضَارٍ)**[٨]**. واتە:(خوایە بۆمان ببارێنە بارانێکی زۆری لەسەرخۆو بەسوودی سەوزکەری بەسوودی بێ زیان).**

**باران هەندێ جار نیشانەی خەشم و تووڕەیی خوا دەردەخات، پێغەمبەری خوا (ﷺ)کاتێ هەورێکی ڕەشی ببینیایە، دەینرکاندو دەینالاندو دەرو ژووری دەکرد، دەهات و دەچوو، ڕەنگی دەم و چاوی دەگۆڕا.**

**ڕۆژێکیان دایکە عائیشە پێی فەرموو: ئەوە بۆچی کە هەور و باران دادێ، ئەوەندە دەرو ماڵ دەکەی؟ بۆچی وا ڕەنگت تێك دەچێ و دەترسی؟!**

**ئەویش لەوەلامدا فەرمووی: ئەی عائیشە وازم لێبێنە، زۆربەی زۆری ئوممەتانی پێش من، خوا بەباران لەناوی بردوون.**

**پێغەمبەر (ﷺ)دوعا دەکات و دەفەرموێ: (خوایە ئوممەتەکەم بەبێ بارانی و وشکەساڵی لەناو مەبە، خودا دوعاکەی قبوڵ کردم).**

**لە ئیسلامدا بەهۆی دواکەوتنی باران و نەبارینەوە، نوێژەبارانە دەکرێ ، خەڵکی گوندو شار، بەگەورەو بچووك کۆ دەبنەوە، دەچنە دەرەوەی ئاوایی و ئەم سوننەتە ئەنجام دەدەن بەهیوای ئەوەی خوای پەروەردگار**

---

[٧]– خواناسێکی شاری هەولێر گێڕایەوە، وتی: ساڵێکیان بەنیازی عومرە بووم، دوو شەو لەسەر یەك خەوم بەکابرایەکەوە بینی، دەیوت: ئەگەر دەتەوێ خێر بکەیت و خوا لێت ڕازیبێ، وەرە من لەگەڵ خۆت ببە عەمرە.

لە سێیەم شەو ناو و ناونیشانی خۆی پێدام، کاتێ خەبەرم بۆوە، یەکسەر بەو ناونیشانە چوومە پێش دەرگای ماڵیان و لەدەرگامدا، ئەوەندەی نەبرد کابرایەك دەرگای لێ کردمەوە ڕێك ئەو کابرایە بوو کە سێ شەو بەسەر یەکەوە دەهاتە خەونم..دوای سڵاو و هەواڵپرسین، داوای چوونە ژوورەوەم لێی کردو لەیەك لە ژوورەکان بەیەکەوە دانیشتین، بەهەڵپەیەکەوە پێموت: قوربان هاتووم بزانم بەتەمای چی؟ چ هیوایەتێکت هەیە؟ شاشەی تەلەفزیۆنەکەیان لەسەر کەناڵی (القرآن) بوو کە پەخشی ڕاستەوخۆی ناو مەککەی دەگواستەوە، کابرا دەستی بۆ تەلەفزیۆنەکە درێژ کردو دایە پرمەی گریان، وتی: شەو و ڕۆژ دوعا دەکەم خوای گەورە ئاوڕێکی بەخێرم لێ بداتەوە، هەموو هیوایەتێکم ئەوەیە تەواف ئەو شوێنە پیرۆزە بکەم، بەڵام لەبەر نەبوونی و دەست کورتی خۆم کە لەم خانووە کرێچیمە، توانای ئەوەم نیەو ئەوەندە پارەی دێتە دەستم، هەر بایی کرێ و بڕۆو بخۆی ماڵەوەیەو تەواو.

منیش خەوەکەی خۆمم بۆی گێڕایەوە، پێموت:من بەتەمای عومرەم، هاتووم لەگەڵ خۆمدا لەسەر حیسابی خۆم بۆ ئەو گەشتە ڕۆحیەت ببەم. . کابرا ئەوەندە دڵخۆش بوو باس ناکرێ.بۆیە هەر لەو ماوەیەدا لەسەر حسابی خۆم پاسەپۆرتم بۆی دەرکردو مامەڵەی عەمرەم بۆی تەواوکردو کرێی یەك ساڵم دایە خاوەن خانووەکەو بڕە پارەیەکیشم بۆ خێزانەکەی بەجێهێشت.

[٨]– أبو داود برقم/١١٦٩ وصححه الألباني في صحيح أبو داود(١/٢١٦) .

دەروویەکی بەخێریان لێ بکاتەوەو بارانیان بۆ ببارێنێ.

بەدرێژایی مێژووی ئیسلام، لەکاتی بێ بارانی دا نوێژە بارانەیان کردووە و خوای گەورە دەستی نەناوە بەڕوویانەوە، کەم تا زۆر بارانی بۆ باراندوون و دڵەکانی بەئاوی یەقین ئاوداون، یەقین بۆ مرۆڤ ئیردایەکی مەزن و بەرزە،ساڵێکیان خواناسێ لە وشکەساڵی و بێ بارانی، بە چەترەوە بۆ نوێژەبارانە دێتە دەرەوە! لێی دەپرسن: جارێ یەك پرێشکە باران نەباریوە، ئەو چەترەت بۆچی هێناوە؟ ئەویش لەوەڵامدا دەڵێ: من خوای خۆم باش ناسیووە، دەزانم ئەو دەستەی بۆی بەرز دەکەمەوە، دەستم بەبەتاڵی ناگەڕێنێتەوە.

( شێخ جاد الحق ) شێخی ئەزهەر لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت : ڕۆژێکیان پارێزگاری شاری ( سیناء ) هاتە لام، باسی خراپی بارودۆخی خەڵکەکەی بۆ کردم کە بەدەست بێ بارانیەوە گیریان خواردووە. منیش پێموت: چارەسەر تەنها ئەوەیە بچن نوێژە بەبارانە بکەن. ئەوانیش کاتێ نوێژەبارانەیان کرد، بە ماوەیەکی کەم، بارانێکی زۆر باری، کەوتنە دوعاکردن کە خوا بیباتە دەوروبەریان، بۆیە بارانبارین سەرەڕای ئەو سوودە زۆرو زەبەندەی هەیەتی، زۆر جار بەهۆی شەستیرو بارانی بەخوڕەوە لافاو هەڵدەستێ و سەرەنجام زەرەرو زیانێکی زۆر بەمرۆڤ و دەوروبەر دەگەیەنێ، لەم ڕوانگەوە کاتێ باران بباریبایە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەیفەرموو:( اللَّهُمَّ صَيِّبًا نَافِعًا ).[9] واتە:(**خوایە ئەم بارانە بکە بە بارانێکی بەکەڵك و سوودبەخش**).

دوای بارانبارینیش دەیفەرموو: (مُطِرْنَا بِرَحْمَةِ اللَّـهِ وبِـرِزْقِ اللَّـهِ وبِفَضْـلِ اللَّـهِ)[10]. واتە:(**بارانمان بۆ داباری بە فەزڵ و ڕسق و بەزەیی خوای گەورە**).

کوڕی خۆم ئامانج:

عەبدوللاّی کوڕی عەباس ڕەزای خوای لێبێ دەگێڕێتەوە: یەهودیەکان گەیشتن بەپێغەمبەری خوا(ﷺ)، وتیان: پێمان بڵێ ئەو بروسکە چییە؟ پێغەمبەریش(ﷺ)فەرمووی: فریشتەیەکە لە فریشتەکانی خواو هەورەکانی پێ ڕاسپێردراوەو شتێکی بەدەستەوەیە وەکو قامچی کە لە ئاگرەو هەورەکانی پێ دەجوولێنێ، هەر کاتێك خوا فەرمانی پێبکات، ئەو فریشتە هەورەکان دەجوولێنێ. وتیان: ئەی ئەو دەنگە چیە گوێمان لێی دەبێت؟ فەرمووی: دەنگی فریشتەکەیە، وتیان: ڕاستت کرد[11].

ڕۆژێکیان عومەری کوڕی عەبدولعەزیز ڕەزای خوای لێبێ لەگەڵ هەورە بروسکەدا دەستی بەگریان کرد، وتیان: ئەوە بۆ دەگری؟ فەرمووی: ئەمە ڕەحمەتی خوایە هێندە بەزەبرە، ئەی دەبێ غەزەبی خوا چۆن بێت؟

---

[9]- البخاري مع الفتح ٥١٨/٢

[10]- صحيح البخاري، برقم/ ٤١٤٧

[11]- حسنه الالباني رحمه الله في سلسلة الاحاديث الصحيحة ٤-٤٩١

مرۆڤ هەرگیز نابێ خۆی لەخێرو سەدەقە ببوورێ جا لەکاتی خۆشیبێ یا ناخۆشی، چونکە خێرو سەدەقە لابەری نەخۆشی و دەردو ئافات و ناخۆشیە، بۆیە کوڕی خۆم لەکاتی بیستنی دەنگی تریشقەی هەوردا مەترسێ، خۆت شێلوو مەکە، دەستەکانت بۆ ئاسمان بەرز بکەوە، بڵێ: (سُبْحَانَ الَّذي يُسَبِّحُ الرَّعْدُ بِحَمْدِهِ، والـمَلَائِكَةُ مِنْ خِيْفَتهِ)[12]. واتە: ( **پاك و بێگەردی لەهەموو کەم و کورپیەك بۆ ئەو خوایەی هەورە بروسکە بەپاکی ڕادەگرێ و هەروەها فریشتەیش لێی دەترسێ**). وەکو خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ: ﴿ هُوَ ٱلَّذِي يُرِيكُمُ ٱلۡبَرۡقَ خَوۡفٗا وَطَمَعٗا وَيُنشِئُ ٱلسَّحَابَ ٱلثِّقَالَ ١٢ وَيُسَبِّحُ ٱلرَّعۡدُ بِحَمۡدِهِۦ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ مِنۡ خِيفَتِهِۦ وَيُرۡسِلُ ٱلصَّوَٰعِقَ فَيُصِيبُ بِهَا مَن يَشَآءُ وَهُمۡ يُجَٰدِلُونَ فِي ٱللَّهِ وَهُوَ شَدِيدُ ٱلۡمِحَالِ ١٣ ﴾ الرعد: ١٢ – ١٣ **واتە:(هەر خوایە هەورە بروسکەتان نیشان دەدات، هاوڕێ لەگەڵ ترسدا، ( بەهۆی ڕووناکی بەهێز و دەنگی گەورە و سامناکی ) هەروەها ئومێد بەخشینە ( بەساڵێکی پڕ بەرەکەت) وە هەر خواشە کە هەوری قورس و سەنگین بەدی دەهێنێ ، هەورە تریشقە بەدەنگی گەورە و سامناکی تەسبیحات و سوپاس و ستایشی بەدیهێنەری دەکات، وە فریشتەکانیش لەترسی ئەو زاتە سەرگەرمی تەسبیحات و ستایش و سوپاسگوزارن، هەروەها جاری وا هەیە هەورە بروسکە دەنێرێ و ئەیدا بەکەسێکدا کە خوا ویستی لەسەرە و ڕۆژی تەواو بووە جا لەگەڵ ئەو هەموو بەڵگە و نیشانە بەهێزانەدا ئەوانە هەردەمەدەمێ و مجادەلەیانە لەکاتێکدا خوا دەسەڵاتی بێ پایانە و تۆڵەسێنە لەستەمکاران).**

**زانایان دەڵێن:** زەوی لەچرکەیەکدا زیاتر لەسەد بروسکەی لێ دەدات و لەهەر ڕۆژێکدا ٨ هەزار بروسکەی بەر دەکەوێ، ئەوەش لە نیعمەت و بەخششەکانی خوای گەورەیە کە ئەو لێدانانە لەناوچە دوورە دەست و ئاوەدانیەکان بەکەمی ڕوو دەدات، بۆیە ئەو بروسکانەی لە زەوی دەدەن بۆ سەلامەتی بەرگە هەوا پێویستە، چونکە ئەگەر هەورە بروسکە نەبوایە ئەوە زەوی بەکارەبا بارگاوی دەبوو، بەو هۆیەوە نەباران دەباری و ژیانیش کۆتایی پێ دەهات. ئەوەتا لەڕێی هەورە تریشقەوە دومبەڵان و قارچك لە زەوی دەردەچێ کە بۆ مرۆڤ دەیەها سوودو قازانجی هەیەو خودی بروسکە، زەوی ڕەق، نەرم دەکات تا هەناسە بدات.

🕮 **ئامانج ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا، بە پەرۆشەوە لێی پرسی: باشە بابەگیان من پێش ئەوەی بخەوم، خەو پرۆسەیەکە تا مردن لەگەڵماندایە، دەبێ چیبکەم؟ ئەو دوعایانە چین کە پێویستە بیانخوێنم؟**

✍ **عەبدوڵڵا بۆی خنایەوە، دەستی بەسەر سەری داهێناو وتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ:(اذا**

[12]– **الموطأ (٩٩٢/٢)، وقال الألباني: صحيح الإسناد موقوفاً.**

لَبِستُمُ وَ اذَا تَوَضَّأتُمُ، فَابدَؤوا بِمَيَامِنِكُم). **واته:(ئەگەر پۆشاكتان پۆشی یان دەستنوێژتان شۆرد، بەلای ڕاستە دەست پێبكەن).**

**كەواتە كاتێ جلی دەرەوەت داكەندو جل و بەرگی ماڵەوەت پۆشی، ئەوە بەناوی خوا دەست پێبكەو بڵێ: (بسم الله). (بەناوی خوا)، بەوتنی (بسم الله) شەیتان عەورەتی مرۆڤ نابینێ.**

**سوونەتە مرۆڤ لەهەموو كاروبارێكی دا (بسم الله) بكات، چونكە بەم وتەیە بەرەكەت دەكەوێتە نێو خواردن و خواردنەوەو هەڵس و كەوت و دین و ژینی، تەنانەت ئەگەر ئاژەڵێكی سەبڕی، دەبێ(بسم الله والله أكبر)ی لێ بكات.** (كان النبي(ﷺ) إذا أراد أن يذبح يقول :باسم الله والله أكبر ثم يذبح الذبيحة) **واتە"ئەگەر پێغەمبەر(ﷺ) بیویستبایە ئاژەڵێك سەر ببڕێ، دەیوت: (بسم الله والله أكبر) پاشان ئاژەڵەكەی سەر دەبڕی".**

**ئەم دەربڕین و وتنەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بێ حیكمەت نیە، وەكوخوای پەروەردگار دفەرموێ:** ﴿ وَمَا يَنطِقُ عَنِ ٱلۡهَوَىٰٓ ﴿٣﴾ إِنۡ هُوَ إِلَّا وَحۡيٞ يُوحَىٰ ﴿٤﴾ ﴾[13]

**تیمێكی پزیشكی كە لە ژمارەیەك پزیشكی موسڵمان و ناموسڵمان پێكهاتبوو بەمەبەستی بەدواداچوون و لێكۆڵینەوە لەم قسەیە، هەستان دوو ئاژەڵیان هێنا، یەكێكیان سەر بڕی و (بسم الله والله أكبر)یان لەسەری نەكرد، ئەوی دیكەیش پێش ئەوەی سەری ببڕن (بسم الله والله أكبر)یان لەسەر كردو بەمەبەستی دەرەنجام و شیكاری هەردوو گۆشتەكە، هەر دوو ئاژەڵەكەیان بۆ ماوەیەكی دیاریكراو هەڵگرت بۆ ئەوەی بزانن لەو ماوەیەدا چ گۆڕانكارییەك ڕوو دەدات! بینیان ئەوەی (بسم الله والله أكبر)ی لەسەر كرابوو، میكرۆبە پیسەكان تیایدا بەهیچ شێوەیەك زیادی نەكردبوو، هەر جوان و خاوێن بوو. بەلاّم ئەوی دیكەیان میكرۆبە پیسەكان تیایدا زیادی كردبوو، گۆشتەكەیش ڕەنگەكەی ڕەش داگەڕابوو. ئەو ئەنجامە دكتۆرەكانی تووشی شۆك كرد.**

**بۆ ئەوەی زۆر لە بابەتەكەمان دوور نەكەوینەوە، پێویستە لەسەرمان پێش نووستن جلی تایبەت بە خەو لەبەر بكەین، ددانەكانمان جوان بەفلچەو مەعجون بشۆین و دەست نوێژ هەڵبگرین چونكە هەر كەسێك بەدەست نوێژەوە بخەوێ، خوای گەورە فریشتەیەكی تایبەتی بۆ دەنێرێ تا بەیانی دوعای بۆ دەكات و هەر داوایەكی هەبێ خوای پەروەردگار بۆی جێ بەجێ دەكات، وەكو پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ:** (من أوى الى فراشه طاهراً، لم ينقلب ساعة من الليل يسأل الله شيئاً من خير الدنيا والاخرة الا أعطاه الله اياه)[14]. **واتە: (هەر كەسێك لە شەودا بە دەست نوێژەوە چووە سەر جێگەی نووستنی ،**

---

[13]– **النجم: ٣ – ٤**

[14]– **صحيح الكلم الطيب: ٣٦**

**کاتێك لە بارێکەوە وەرگەڕایە سەر بارێکی تر، هەر داوایەك لەخوای گەورە بکات لە خێرو چاکەی دونیاو دواڕۆژ، ئیللا خوای گەورە پێی دەبەخشێ).**

**هەروەها لەفەرموودەیەکی دیکەدا پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێ:** (إذا أويت إلى فراشك فقل أعوذ بكلمات الله التامة من غضبه وعقابه ومن شر عباده ومن همزات الشياطين وأن يحضرون)[15]. **واتە:(کاتێ چوویە سەر جێگەکەت، بڵێ: پەنا دەگرم بە وشە تەواو و پیرۆزەکانی خوای گەورە لە خەشم و سزای و لە خراپەی بەندەکانی و لە وەسوەسەو خوتخوتەی خراپی شەیتانەکان و لەو کاتانەی کە ئامادە دەبن).**

لەم ڕوانگەوە ئەو ژوورەی تێیدا دەخەوین[16]، بۆ ئەوەی هەست بە کەشێکی ئارام و خۆشنوود و خەوێکی خۆش بکەین، دەبێ تەواوی ڕووناکی و گڵۆپەکان بکوژێنینەوە، چونکە بەرکەوتنی ڕووناکی لەشەودا لەکاتی نووستن دەبێتە هۆی کۆمەڵێ نەخۆشی وەك شێرپەنجە و دابەزینی بەرگری لەش و چەندەها نەخۆشی تر، ئەوەش هاوتەریبە لەگەڵ ئەو فەرمودەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) **کە دەفەرموێ: (إِذَا كَانَ جُنْحُ اللَّيْلِ أَوْ أَمْسَيْتُمْ فَكُفُّوا صِبْيَانَكُمْ، فَإِنَّ الشَّيْطَانَ يَنْتَشِرُ حِينَئِذٍ، فَإِذَا ذَهَبَ سَاعَةٌ مِنْ اللَّيْلِ فَخَلُّوهُمْ ، وَأَغْلِقُوا الْأَبْوَابَ ،وَاذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ، فَإِنَّ الشَّيْطَانَ لَا يَفْتَحُ بَابًا مُغْلَقًا، وَأَوْكُوا قِرَبَكُمْ وَاذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ، وَخَمِّرُوا آنِيَتَكُمْ وَاذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ وَلَوْ أَنْ تَعْرُضُوا عَلَيْهَا شَيْئًا، وَأَطْفِئُوا مَصَابِيحَكُمْ )**[17]. **واتە: ( ئەگەر دونیا تاریك بوو و شەوتان بەسەر داهات ئەوە منداڵەکانتان بگرنەوەو بیانکەنە ژوورەوە، بەڕاستی شەیتانەکان لەو کاتەدا بڵاو دەبنەوە، پاشان کاتێك کە لەشەو ڕۆیشت وازیان لێ بێنن و دەرگاکان دابخەن و ناوی خوا بێنن، چونکە شەیتان دەرگای داخراو ناکاتەوە، هەروەها دەمی کوندەکانتان بگرن و ناوی خوا بێنن و سەری قاپ و قاپچەخەکانتان دابخەن و ناوی خوا بێنن، خۆ ئەگەر شتێکیشی بخەنە سەر، پاشان چراو ڕووناکیەکانیشتان بکوژێننەوە).**

**حیکمەتی ئەم قسەیە لەوەدایە زانستی سەردەم ئەوەی سەلماندووە کە هەموو مرۆڤێك لە مێشکی دا بەشێك هەیە پێی دەوترێ غودەی سنەوبەری، ئەو غودەیە پەیوەستەکراوە بەچاوەوە کە دەکەوێتە بەشی لای**

---

**[15]– صحيح الترمذي برقم ٣/١٧١**

**[16]–لە گوندو لادێ بۆ دڵنیایی زیاتر لەنەبوونی مێروو و زیندەوەرو ئەو شتە بچووکانە، واباشە جێگەی نووستن پێش خەوتن بەتایبەت بەتانی و دۆشەك هەڵبتەکێنن، ئەوە سوونەتێکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فێری کردووین. ئەوەتا کۆمەڵێ زانا لەئەمریکاو ئەوروپا توێژینەوەیان لەسەر ئەو جۆرە میکرۆبە کرد، جۆرەها ماددەی پاگژکەرەوە(تەعقیم)یان بەرامبەر بەکار هێنا، وەلێ هیچ سوودێکی نەبوو ئەوە نەبێ کە لەڕێی داوەشان و داتەکاندنەوە میکرۆبەکان لادەچوون و دەمردن.**

**[17]– رواه البخاري برقم/ ٣٢٨٠ و مسلم برقم/ ٢٠٢١.**

سەرەوەی پشتی گوێی ڕاست، ئیشی ئەوەیە کاتێ شەو دادێ و تاریکی باڵی خـۆی ڕادەکێشـێ، بەتایبـەت دوای نوێژی عیشا لەتاریکی دا ماددەیەك دەردەدات بەناوی میلاتۆنین، ئەو ماددەیە وەکـو فاکسـین وایـە دژی شێرپەنجەو هەموو ڤایرۆس و ماددەیەکی ژەهراوی زیانبەخشە کە ڕۆژانە لەڕێی خواردن و هەڵمـژینی هەواوە دەچێتە جەستەی مرۆڤ و دەست دەکات بەلەناوبردنی ئەو ماددانـەی هۆکـارن بـۆ دروسـت بـوونی شێرپەنجە، بەوەستانی میلاتۆدین پەستانی خوێن بەرز دەبێتەوە و هۆکارێکە بـۆ قەڵـەوی و سـەرهەڵدانی ڕاڕایی و دڵەڕاوکێ، تەنانەت لە توێژینوەیەکی یابانی دا هاتووە: هەڵکردنی ڕوونـاکی لـەکاتی خەوتنـدا هۆکارە بۆ نەخۆشی دڵ و نۆرەی دەماغ(جەڵتەی مێشك).

ئەوەش هاوڕایە لەگەڵ ئەو فەرموودەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە نـابێ لـەکاتی خەوتنـدا ئـاگر بـەجێ بێڵین، وەکو دەفەرموێ: ( لا تَتْرُكُوا النَّار فِي بُيُوتِكُمْ حِينَ تَنامُونَ)[18].

هــەروەها دەفــەرموێ: (إنَّ هـذهِ النَّـارَ عـدوٌّ لكُـم، فـإذا نِمـتُم فأطفِئُوهـا عـنْكُم)[19]. **واتـە:(ئەو ئاگرە دوژمنتانە، کاتێك دەخەون بیکوژێننەوە)**.

ئەو فەرموودانەی سەرەوە ئاماژەیەکن بۆ ئەم سەردەمە کە سۆباو ئـاگردان و گڵـۆپ و تەنانـەت هیتـەری کارەبایش دەگرێتەوە، ئەوەتا لێرەو لەوێ دەبیستین چۆن بـەهۆی ئاگرکەوتنـەوەی سـۆباو غـازو دووکـەڵی ئاگردانەوە دەیەها خاو خێزان خنکاون، یان بەهۆی شۆرتی کارەباوە چەندین ماڵ سووتاون.

کاتێکیش خەوتی وریابە، تا پێتدەکرێ لەسەر سـك مەخـەوە، وەك پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) دەفـەرموێ: (**لەسەر سك مەخەون چونکە ئەهلی دۆزەخ لەسەر سك دەخەون**)[20].

خوای گەورە ڕقی لەم جۆرە نووستنەیەو مەکروهە، زانستی سەردەم پێمان دەڵێ: نووستن لەسـەر سـك، چ جای نارەحەتی جەستە، مرۆڤ تووشی خەوی ناخۆش دەکات، باشترین نووسـتن ئەوەیـە لەسـەر لای ڕاسـتت بخەوی.

مرۆڤ پێش نووستن واباشە بۆ تاوێ بە ئەندێشەو خەیاڵ، بیر لەکارو هەڵس و کەوت و ڕەفتـاری ئـەو ڕۆژەی بکاتەوە، لە خۆی بپرسێ: ئاخۆ لەو ڕۆژەدا چ خراپەیەکی کردووە تاوەکو دووبـارەی نەکاتـەوە!! هـەر لـەو ڕۆژەدا چ چاکەیەکی کردووە بۆ ئەوەی لەسەری بەردەوامبـێ و چاکەی دیکەی بەدوادا بێنێت.

📖 **ئامانج: بابە گیان تۆ باسی نووستنت کرد لەسەر لای ڕاست، حیکمەتی خـەوتن لەسـەر لای ڕاسـت چیە؟ بەواتایەکی دیکە سوودی خەوتن لەسەر لای راست چ مانایەك دەگەیەنێ؟**

---

[18]– متفق علیه.

[19]– صحیح الأدب المفرد برقم/ ٩٣١

[20]– رواه أبوداود.

✍ عەبدوللاّ بەسەری زمانی هەردوو لێوی وشکبووی تەڕ کردو بە خۆشحاڵیەوە وتی:
ئیسلام فەرمانمان پیٚ دەکات پیٚش ئەوەی بخەوین، دەست نوێژ بگرین و لەسەر لاکەلای ڕاست درێژبین ، وەکو پیٚشەوای مرۆڤایەتی(ﷺ) دەفەرمویٚ: ( إِذَا أَتَيْتَ مَضْجَعَكَ، فَتَوَضَّأْ وُضُوءَكَ للصَّلَاةِ، ثُمَّ اضْطَجِعْ علَى شِقِّكَ الأيْمَنِ، ثُمَّ قُلْ: اللَّهُمَّ أسْلَمْتُ وجْهِي إلَيْكَ، وفَوَّضْتُ أمْرِي إلَيْكَ، وألْجَأْتُ ظَهْرِي إلَيْكَ، رَغْبَةً ورَهْبَةً إلَيْكَ، لا مَلْجَأَ ولَا مَنْجَا منْكَ إلَّا إلَيْكَ، اللَّهُمَّ آمَنْتُ بكِتَابِكَ الذي أنْزَلْتَ، وبِنَبِيِّكَ الذي أرْسَلْتَ، فإنْ مُتَّ مِن لَيْلَتِكَ، فأنْتَ علَى الفِطْرَةِ)[21]. **واتە: (کاتیٚ ویستت بچیتە سەر جێگە، دەست نوێژ بگرە وەك چۆن دەست نوێژ دەگری بۆ نوێژ، پاشان لەسەر لای ڕاست ڕاکشیٚ و بڵیٚ: خوایە، خۆم تەسلیم و ڕادەستی تۆ کردو کاروباری خۆم بەتۆ سپاردو پشت و پەنام بە تۆ بەست، بە ئومێدی (بەزەیی تۆ) و ترسان (لە سزای تۆ)، هیچ پەناو داڵدەیەك نییە مەگەر بەرەو لای تۆ نەبێت، باوەڕم هەیە بەو قورئانەی داتبەزاندووەو بەو پێغەمبەرەی ڕەوانەت کردووە). ئەگەر لەو شەوەدا بمریٚ، ئەوە لەسەر سروشتی پاك دەمریٚ.**
ئەگەر پێغەمبەری خوا(ﷺ) بیویستبایە بخەویٚ، دەستی ڕاستی دەخستە ژێر ڕوومەتی ڕاستی و دەیوت:
**(اللَّهُمَّ قِني عَذابَكَ يَومَ تَبعَثُ عِبادَكَ).واتە:(خوایە دوورم بخەرەوە لە سزاکەت، لەو ڕۆژەی بەندەکانت زیندوو دەکەیتەوە)[22].**
لەفەرموودەیەکی دیکەدا:
ئەگەر پێغەمبەری خوا(ﷺ) بخەوتایە دەیفەرموو: **(اللَّهُمَّ بِاسْمِكَ أَمُوتُ وَأَحْيَا). واتە:(خوایە بەناوی تۆوە دەمرم و دەژیم).**
ئەگەر لەخەو هەستایە، دەیفەرموو: (الحَمدُ لِلّهِ الَّذي أحيانا بَعدَ مَا أمَاتَنا والَيهِ النُّشور).
**واتە:(سوپاس بۆ ئەو خوایە زیندووی کردینەوە دوای ئەوەی مراندینی، بۆ لای ئەویش زیندوو دەکرێینەوە)[23].**

---

[21]- **رواه البخاري برقم/ ٢٤٧- لەفەرموودەیەکی دیکەدا هاتووە، پێغەمبەری خوا (ﷺ)دەفەرمویٚ: (هەر کەسیٚ چووە سەر جێگەی نووستن و بڵیٚ: لا اله الا الله وحده لا شريك له، له الملك و له الحمد وهو على كل شيء قدير، لا حول ولا قوه الا بالله، سبحان الله، والحمدلله، ولا اله الا الله، والله أكبر) ئەوە خوای گەورە لەهەموو گوناهەکانی خۆش دەبیٚ ئەگەر بەقەد کەف سەر دەریاش بێت"السلسة الصحيحة ٣٤١٤".**

[22]- **أن رسولَ اللهِ (ﷺ) كان إذا أراد أن يَرْقُدَ وضع يدَه اليمنى تحتَ خَدِّهِ ثم يقول : (اللهم قِنِي عذابَك يوم تبعثُ عبادَك). صحيح أبي داود برقم/ ٥٠٤٥**

[23]-**(اللهمَّ باسمِكَ أموتُ وأحيا وإذا استيقظ قال : الحمدُ للهِ الذي أحيانا بعد ما أماتنا وإليه النُّشور).رواه البخاري برقم/٦٣١٤**

خەوتن لەسەر لای ڕاست جگە لەوەی سوونەتە، لەڕووی زانستیشەوە حیکمەتی خۆی تێدایە.
زانستی سەردەم پێمان دەڵێ: کاتێ دەستەکانمان دەخەینە ژێر ڕوومەتی ڕاستمان، چالاکییەك لەنێوان دەستی ڕاست و بەشی ڕاستی مێشکمان ڕوو دەدات، زنجیرەیەك لەرە لەری کارەبایی دروست دەبێ و بەو هۆیەوە دەمارەکان لە بارگەی زیانبەخش و زیادەکان بەتاڵ دەبنەوەو نامێنن، ئەمەش وادەکا هەست بەحەسانەوە بکەین و خەوێکی خۆش بخەوین، جگە لەوەی قورسایی لای چەپ بەشێوەیەکی ئاسایی فەرمانەکانی جێ بەجێ دەکات، لەهەمان کات گوشارێکی ئەوتۆ ناخاتە سەرمان تا هەست بە ناڕەحەتی و خەوی ناخۆش بکەین، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا پەستان ناخاتە سەر بۆڕییەکانی هەناسەو کرداری هەناسەدان ئاسان دەکات و جگەر لەبارێکی جێگیر و گەدە لەبارێکی هێمن ڕادەگرێ، ئارامی بەئەقڵ دەدات و فشارە دەروونیەکان کەم دەکاتەوە کە لە هەموو ئەو جەنجاڵی و بارگە زیانبەخشانەی وادەکەن مێشك ماندوو بێت خاڵی دەکاتەوە، هەروەها پەستانی زۆر ناخاتە سەر ماسولکەکانی دڵ و لێدانی دڵ ڕێك دەخات، بەمەیش هاتنی خوێن و خرۆکە زیاتر کارا دەکات و بڕبڕەی پشت بەشێوەیەکی ئاسۆیی ڕاست و جێگیر دەکات.
پێغەمبەری خوا (ﷺ)نەهیکردووە لەسەردەم بخەوین، چونکە بەپێی توێژینەوەی هاوچەرخ نووستن لەسەر دەم پاڵەپەستۆ دەخاتە سەر ناوچەی ورگ و سنگ و زیانی بۆ ماسولکەکانی سنگ و گەورەبوونی ورگ دەبێت.
**هەروەها خەوتن لەسەر پشت بۆ ماوەیەکی زۆر دەبێتە هۆی: تووشبوون بە ئینزیلاقی پشت و مل و خواربوونی ڕیزبەندی بڕبڕەی پشت و دروستبوونی ڕمل و بەردی گورچیلەو دروستبوونی ئازاری جومگەکانی شان و ئەژنۆو هەستکردن بەماندووبوون پاش لەخەو هەستان.**
🕮 **ئامانج: بابەگیان بەڕاستی شتێکی گرنگت باس کرد ، ئێ، دوای ئەوە؟**
✍ **عەبدوللا: مرۆڤ ڕەنگە تا بەیانی نەتوانێ تەنها لەسەر یەك بار بمێنێتەوە، کاتێك پێغەمبەر(ﷺ) بەشەو لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر خۆی وەربگێڕایە، کە لەو هەڵگێڕو وەرگێڕەیدا بەخەبەر بهاتایە، دەیوت:( لا إِلَهَ إِلا اللهُ الْوَاحِدُ القَهَّارُ، رَبُّ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا العَزِيزُ الغَفَّارُ)[٢٤]. واتە: (هیچ پەرستراوێك نییە بە هەق جگە لە (الله)، خوایەکی تاك و تەنیاو بەتواناو دەسەڵات و زەبر بەدەستە، پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی کە لە نێوانیاندایە، زۆر بە دەسەڵات و زاڵ و لێبوردەیە).**
ئەگەر حەوسەڵەو تاقەتت هەبوو هەستە دەستنوێژ بگرە و دووڕکات شەونوێژ بکە.چونکە شەونوێژ جگە لەوەی ڕەوشت و ئاکاری پێغەمبەران بووە، مرۆڤ بەو هۆیەوە لەخوا نزیك دەبێتەوە، دەبێتە سڕینەوەی گوناه و تاوانەکانی، وەکو پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێ: (إِنَّ في الجنةِ غُرَفًا يُرَى ظَاهِرُها مِن باطِنِها ، و باطِنُها

[٢٤]- **صحيح ابن حبان.**

من ظَاهِرِها) . فقال أبو مالكٍ الأَشْعَرِيُّ : لِمَنْ هيَ يا رسولَ اللهِ ؟ قال : (لِمَنْ أَطَابَ الكَلامَ ، و أَطْعَمَ الطَّعَامَ ، و باتَ قائِمًا و الناسُ نِيامٌ)[٢٥] . **واتە:(لەبەهەشت ژووری وای تێدایە لەناوەوە دەرەوەی دەبینی، لە دەرەوە ناوەوەی دەبینی، ئەبومالیکی ئەشعەری وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەوە بۆ کێ یە؟ فەرمووی: بۆ ئەو کەسەیە قسەی جوان و چاك بكات، خواردن بە هەژاران بدات، شەونوێژ بكات لەكاتێكدا کەخەڵك خەوتوون، لەشەودا قورئانی زۆر بخوێنێ)**[٢٦] .

لەفەرموودەیەکی دیکەدا پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێ: (أفضلُ الصَّلاةِ بعدَ الصَّلاةِ المكتوبةِ الصلاةُ في جوفِ الليلِ)[٢٧] . **واتە:(باشترین نوێژ دوای نوێژە فەرزەکان، شەونوێژە).**

(**محەممەد** حەسان)ی میسری سەبارەت بەگەورەیی شەونوێژ بۆمان دەگێڕێتەوە، دەڵێ: ((ئافرەتێکی گەنج و جوان هەبوو، پیاوەکەی بەهۆی ئیشێکەوە پازدە ڕۆژ دەچووە دەوام و پێنج ڕۆژ لەماڵ دەمایەوە، شەوێکیان یەك لە منداڵەکانی تووشی تایەکی بەهێز دەبێ و کەس لەو دەوروبەرە شك نابات ڕووی لێ بنێ و داوای لێبکات بەو شەوە درەنگە لەگەڵیبێ و منداڵەکەی بباتە نەخۆشخانە، تەنانەت ئەوەندە پارەیان لەماڵەوە نەبوو هەرنا تەکسیەکی پێ بگرێ، بۆیە لەبەر خۆیەوە دەڵێت: ئەگەر من ئەو شتانەم نییە، خۆ خوام هەیە، خوایە بگە فریام، بەهانای ئەو منالّەم وەرە.

ئافرەتەکە دەڵێ: پەڕۆیەکم هێنا، جوان تەڕم کرد و خستمە سەر ناوچەوانی منالّەکەم بە ئومێدی ئەوەی نەختێ تایەکەی کەم بێتەوە، ئەوجا دەستنوێژم شوشت، نوێژم دابەستا، دووڕکات نوێژی شەونوێژم کردو لەخوا پاڕامەوە: خوایەگیان بەم ناوەختە کەس نییە بەهانامەوەبێ، لێت دەپاڕێمەوە بەهانام وەرە.

نوێژەکەم تەواو کرد، هەستامەوە خۆم گەیاندە لای منالّەکەو بینیم لەجیاتی ئەوەی تایەکەی دابەزێ، تایەکەی زیادی کردووە، دووبارە پەڕۆیەکەم تەڕ کردو خستمەوە سەر ناوچەوانی، لێی گەڕام، دوای دوازدەی شەو

---

**[٢٥]–صحيح الترغيب، برقم/٩٤٦**

**[٢٦]–عَنْ عُبَادَةَ بْنِ الصَّامِتِ(رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): مَنْ تَعَارَّ مِنَ اللَّيْلِ فَقَالَ: ((لا إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ، الْحَمْدُ لِلَّهِ، وَسُبْحَانَ اللَّهِ، وَلا إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ، وَاللَّهُ أَكْبَرُ، وَلا حَوْلَ وَلا قُوَّةَ إِلاَّ بِاللَّهِ، ثُمَّ قَالَ: اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي، وَدَعَا اسْتُجِيبَ لَهُ، فَإِنْ تَوَضَّأَ وَصَلَّى قُبِلَتْ صَلاتُهُ) أخرجه البخاري برقم/ ١١٥٤**

**هەروەها پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: ئەوەی لە شەودا خەبەری بۆوەو هەستا، وتی: " لا إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ، الْحَمْدُ لِلَّهِ، وَسُبْحَانَ اللَّهِ، وَلا إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ، وَاللَّهُ أَكْبَرُ، وَلا حَوْلَ وَلا قُوَّةَ إِلاَّ بِاللَّهِ" و پاشان گوتی: خوایە لێم خۆشبە، یان دوعای کرد، خوا دوعاکەی گیرا دەکات، خۆ ئەگەر دەستنوێژی گرت و نوێژی کرد، نوێژەکەی وەردەگیرێ.**

**[٢٧]– رواه مسلم برقم/ ١١٦٣**

جارێكی تر نوێژم دابەستا، چوار ركات نوێژم كردو سەلاّمم دایەوە، گوێم لە تەقەتەقی دەرگا بوو، بەپەلەپروزێ خۆم گەیاندێ، دەرگاكەم كردەوە، بینیم ئەوە دكتۆرێكە جانتاو كەل و پەلی پزیشكی پێیە، وتی: بێ زەحمەت دەرفەت هەیە بێمە ژوورەوە؟ وتم: بۆ نا، فەرموو، فەرموو.

دكتۆرەكە وتی: نەخۆشەكەتان لەكوێیە؟

منیش بەدەستی ڕاستەم منداڵەكەم پێی نیشاندا.

ئەویش كەوتە پشكنین و چارەسەری بۆ دانا، ئەوجا هەستاو ڕۆیشت، لەپێش دەرگا وەستا، وتی: بۆچی بەم شەوە لەخەوت كردم؟ چما بەتەمای بەبێ پارە بەڕێم بكەی؟

پێموت: سوێند بەخوا من تەلەفۆنم نەكردووە، بزانە كێ تەلەفۆنی بۆ كردووی؟!.

ئەویش بەپەرۆشەوە وتی: ئەی ئەم ماڵە ژمارە هەشتاو دوو نییە؟

وتم: نەخێر ژمارە هەشتاو چوارە.

بەم قسانە هەناسەیەكی قووڵی هەڵكێشا: ئەی بۆچی هاتوومەتە ئێرە؟ كێ منی هێناوەتە ئێرە؟ سوێند بەخوا دەبێ بۆمی باس بكەی لەم ماڵەدا چی هەیە؟ چ ڕوویداوە؟

منیش حاڵ و مەسەلەی خۆم و پیاو و منداڵەكەم بۆی گێڕایەوە، وتم: من زۆر لەبەر خوا پاڕامەوە بێ بەهانامەوە، ئەوە تۆی بۆ ناردمە ئێرە.

ئەویش وتی: منیش لێت دەپاڕێمەوە، داوات لێ دەكەم نەكەی بۆ پارە خۆت تەسلیمی كەس بكەی، من لەمەودوا مووچەیەكت بۆ دەبڕێنمەوە كە ماڵ و منداڵەكەتی پێ بژێنی.

پێشەوا ئیبن قەییم ڕەحمەتی خوای لێبێ، دەڵێت: (هەر كەسێك ئیلهامی دوعای بۆ هات، ئەوە خودا دەیەوێ وەلاّمی بداتەوە).

ئێمە هەمووومان دڵمان بۆ ئومێدی خوا ئەوەندە پڕو زۆرە، دەزانین دەرگای بەخشندەیی خوا تاكە دەرگایە كە هەرگیز بەڕوومان داناخرێ.

خەڵك لە شەو دەرگاكانی دادەخات، كەچی خودا دەرگای میهرو بەزەیی خۆی بۆ بەندەكانی لەشەودا دەكاتەوەو بێ هیوای ناكات و وەلاّمی دەداتەوە.

خوای پەروەردگار ڕۆژانە بەچەندین ڕێگا لەدەرگامان دەدات، ساتگەلێ هەن دێ لەدەرگامان دەدات، ڕەنگە بەهۆی هەژارو نەدارێكەوەبێ، ڕەنگە بەهۆی ئافرەتێكەوەبێ، بەهۆی منداڵێكەوەبێ، یان لەڕێگەی نەخۆشێكەوەبێ و...هتد.

لەدوكاندارێكیان پرسی: چۆن لەكۆلاّنێكی وا چۆڵ و حۆڵ و بێ ڕاگوزەر كاسبی دەكەیت و ڕۆزی خۆت وەدەست دەخەی؟ ئەویش لەوەلاّمدا وتی: ئەو خوایەی كە فریشتەی مەرگ ڕادەسپێرێ كە لەهەر پەنایەكدابم بمدۆزێتەوە، ئاخۆ چۆن فریشتەی ڕزق و ڕۆزییەكەی نامدۆزێتەوە؟

کەواتە دڵتەنگ مەبە ئەگەر تا دوێنێ قەمیسەکەی پێغەمبەر یوسف(علیه السلام) بۆ پێغەمبەر یەعقوب (علیه السلام) بووبووە هۆکاری خەم و پەژارەو دڵتەنگی و لەدەستدانی بینایی، وەك خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ وَجَآءُو عَلَىٰ قَمِيصِهِۦ بِدَمٍ كَذِبٍ ﴾[28] کەچی ئەمڕۆ هەر باس و خواسی ئەو قەمیسەی یوسفە دەبێتە هۆی فەرەحنایی و دڵخۆشی و گەڕانەوەی بینایی﴿ ٱذۡهَبُواْ بِقَمِيصِي هَٰذَا فَأَلۡقُوهُ عَلَىٰ وَجۡهِ أَبِي يَأۡتِ بَصِيرًا ﴾[29].

**📖 ئامانج: بابەگیان هەندێ شەو کت و پڕ خەبەردار دەبمەوە، زۆر جار لەخەو ڕادەپەڕم و خەوم لە چاوان دەتۆرێ نازانم چیبکەم! ئایا لەو کاتانە چ دوعایەك باشە بیخوێنم؟ ئەی باشە ئەگەر خەوی ناخۆشم بینی، ڕێوشوێنەکانی ناخۆشی خەو بینین چییە؟**

✍ **عەبدوڵڵا:** ئەگەر بەهۆی وەسوەسەی شەیتانەوە خەوت زڕاو خەوت لێ نەکەوت، لەو دوعایانەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کردوویەتی، بڵێ: (باسْمِكَ رَبِّ وضَعْتُ جَنْبِي وبِكَ أرْفَعُهُ، إنْ أمْسَكْتَ نَفْسِي فارْحَمْها، وإنْ أرْسَلْتَها فاحْفَظْها بما تَحْفَظُ به عِبادَكَ الصَّالِحِينَ)[30].

سەبارەت بەوانەی خەوی ناخۆش دەبین، ئەوەش ئیسلام چارەسەری بۆ داناوە:

عَنْ جَابِرٍ، عَنْ رَسُول الله (ﷺ) أَنَّهُ قَالَ:(إِذَا رَأَى أَحَدُكُمُ الرُّؤْيَا يَكْرَهُهَا، فَلْيَبْصُقْ عَنْ يَسَارِهِ ثَلَاثًا وَلْيَسْتَعِذْ بِاللهِ مِنَ الشَّيْطَانِ ثَلَاثًا، وَلْيَتَحَوَّلْ عَنْ جَنْبِهِ الَّذِي كَانَ عَلَيْهِ)[31] **واتە:(ئەگەر کەسێك خەوی ناخۆشی بینی با سێ جار تف بکات بەلای چەپی داو سێ جار پەنا بگرێ بە خوا، بڵێ(أعُوذُ بِاللهِ مِنَ الشَّيطانِ الرَّجيم) لە خراپەی ئەو خەوە و خۆی وەربگێڕێ تا لەو لایەی کە لەسەری خەوتووە. ئەو خەوە زەرەرو زیانی پێ ناگەیەنێ).**

لەفەرموودەیەکی دیکەدا پێغەمبەری خوا (ﷺ)دەفەرموێ: **(ئەگەر یەکێ لەئێوە خەوێکی خۆشی بینی، خەوی خۆش و باش لەلایەن خواوەیە، با سوپاسی خوا بکات و بیگێڕێتەوە، خۆ ئەگەر خەوێکی ناخۆشت بینی و پێت ناخۆش بوو، خەوی خراپ و ناخۆش لە شەیتانەوەیە، با پەنا بەخوا بگرێ و لای کەس نەیگێڕێتەوە، ئەوە خەونەکە زیانی پێ**

---

[28]- **یوسف: ١٨**

[29]- **یوسف: ٩٣**

[30]- **صحيح البخاري، برقم/٦٣٢٠**

[31]- **صحيح مسلم برقم/ ٢٢٦٨**

**ناگەیەنیٚ)**[٣٢].

شەیتان بەخەونە ئاجرو باجرو ناخۆشەکانی، مرۆڤ تووشی نارەحەتی و دڵتەنگی دەکات کە خەبەری بۆوە پەرۆش و نیگەرانبیٚ، بۆیە کاتیٚ خەویٚکی ناخۆشت بینی بۆ کەسی مەگێڕەوە هەرچەندە ئەو کەسە خۆشەویسترین کەست بیٚ، زۆر جار هەر ئەوەندە وتت: ئەمشەو خەویٚکی ناخۆشم بینی، ئیدی وازت لیٚ ناهێنن تاوەکو ناچار بەگێڕانەوەی خەونەکەت دەکەن و لێکدانەوەی کەسی بەرامبەر بەپێی فەرموودەیەك سەرەڕای لاوازی فەرموودەکە بەکەسێکی دەچوێنیٚ کە پێیەکی بەرز کردبێتەوە کە ئەو پێیەی دانا، ئەوە خەونەکەیشی دەنیشێتەوەو دەبێتە ڕاستی.

هەر لەم ڕووەوە دەبیٚ ئاگاداری ئەو ڕاستیەبین، ئامان دوورو نزیك خەون بەدرۆ نەگێڕینەوە چونکە لەڕۆژی دوایی پێمان دەوتریٚ: دەی وەرە لەسەر ئەو خەونەی بەدرۆت گێڕاوەتەوە یان دەبیٚ ئەو دوو دەنکە جۆیە بەیەکەوە گریٚ بدەی و بەیەکەوەی بنوسێنی یان لەسەری سزا دەدریٚی، بەیەکەوەبەستنی دوو دەنکە جۆ شتێکی مەحاڵە، کەواتە بەهۆی ئەو درۆیەوە سزا دەدرێین.

جا هەر کەسیٚ سنوورەکانی شەرعی خوا بپارێزیٚ، ئەوە خوای گەورە دەیپارێزیٚ، لەم ڕوانگەوە ئەگەر خوای پەروەردگار ویستی لەسەر شتێك نەبیٚ، هەرگیز تووشی نابێت.

عەبدولاٚی کوڕی ئیمامی عەباس(ڕەزای خوای لیٚبیٚ) دەفەرمویٚ: (ڕۆژێکیان لەپشت پێغەمبەری خواوە(ﷺ) بووم، فەرمووی: ئەی لاوی تازە پێگەیشتوو، من چەند وشەیەکت فێر دەکەم: تۆ سنوورەکانی شەرعی خوا بپارێزە خوداش تۆ دەپارێزیٚ، تۆ سنوورەکانی شەرعی خوا بپارێزە خوا دەبینی لەپشتەوە لەگەڵت دەبیٚ، ئەگەر داوات کرد تەنها داوا لەخوا بکە، وە ئەگەر داوای یارمەتیت کرد ئەوە تەنها داوای یارمەتی لەخوا بکە، وەبزانە بەڕاستی ئەگەر هەموو ئوممەت کۆببنەوە بۆ ئەوەی بە شتێك سوودت پیٚ بگەیەنن، ئەوە سوودت پیٚ ناگەیەنن تەنها ئەو شتە نەبیٚ کە خوا بۆی نووسیوی، وە ئەگەر کۆببنەوە بۆ ئەوەی بە شتێك زەرەرو زیانت پیٚ بگەیەنن، ئەوە زەرەر و زیانت پیٚ ناگەیەنن تەنها بەو شتە نەبیٚ کە خوا بۆی نووسیوی، قەڵەمەکانی نووسینی قەدەر هەڵگیراون و پەڕەکانیش وشك بوونەوە)[٣٣].

---

[٣٢]- **عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ، أَنَّهُ سَمِعَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ)يَقُولُ: (إِذَا رَأَى أَحَدُكُمُ الرُّؤْيَا يُحِبُّهَا، فَإِنَّمَا هِيَ مِنَ اللَّهِ فَلْيَحْمَدِ اللَّهَ عَلَيْهَا، وَلْيُحَدِّثْ بِهَا، فَإِذَا رَأَى غَيْرَ ذَلِكَ مِمَّا يَكْرَهُ فَإِنَّمَا هِيَ مِنَ الشَّيْطَانِ، فَلْيَسْتَعِذْ بِاللَّهِ مِنْ شَرِّهَا، وَلَا يَذْكُرْهَا لِأَحَدٍ فَإِنَّهَا لَا تَضُرُّهُ) رواه البخاري برقم/ ٦٩٨٥**

[٣٣]- **كُنْتُ خَلْفَ النَّبِيِّ (ﷺ) يَوْمَاً فَقَالَ: (يَا غُلاَمُ إِنِّي أُعَلِّمُكَ كَلِمَاتٍ : احْفَظِ اللَّهَ يَحْفَظْكَ ، احْفَظِ اللَّهَ تَجِدْهُ تُجَاهَكَ ، إِذَا سَأَلْتَ فَاسْأَلِ اللَّهَ ، وَإِذَا اسْتَعَنْتَ فَاسْتَعِنْ بِاللَّهِ ، وَاعْلَمْ أَنَّ الأُمَّةَ لَوِ اجْتَمَعَتْ عَلَى أَنْ يَنْفَعُوكَ بِشَيْءٍ لَمْ يَنْفَعُوكَ إِلاَّ بِشَيْءٍ قَدْ كَتَبَهُ اللَّهُ لَكَ ، وَلَوِ اجْتَمَعُوا عَلَى أَنْ يَضُرُّوكَ بِشَيْءٍ لَمْ يَضُرُّوكَ إِلاَّ بِشَيْءٍ قَدْ كَتَبَهُ اللَّهُ عَلَيْكَ ، رُفِعَتِ الأَقْلاَمُ وَجَفَّتِ الصُّحُفُ).**

📖 **ئامانج: ئەی بەیانی کاتێ بێدار بوومەوە، لە خەو هەستام، چی بڵێم و چی بکەم؟**

✍ **عەبدوڵڵا:** ئەگەر بەیانی لە خەو هەستای، پێش هەر شتێ، ئەم دوعایەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بکەو بڵێ: ( اللَّهُمَّ بِكَ أصبَحنا، وَ بِكَ أمسَينا، وَبِكَ نَحيا وَ بِكَ نَموتُ وَ اَلَيكَ النُّشُورُ)[٣٤] . **واتە:(خوایە بەهۆی تۆوە بەیانی و ڕۆژمان کردەوە، بەهۆی تۆوە شەومان کردەوە، خوایە بەهۆی تۆوە دەژین و دەمرین، دەگەڕێینەوە لای تۆ بۆ زیندوکردنەوەو لێپرسینەوەمان لەکارو کردەوەکانی رابردووی ژیانمان)**.

دەکرێ ئەو دوعایەش بخوێنێ: (الحَمْدُ لله الذِي عَافَانِي فِي جَسَدِي و رَدَّ عَلَيَّ رُوحِي، وأذِنَ لِي بِذِكْرِه)[٣٥] .

**(سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی منی لە ڕووی لاشەوە ساغ و سەلامەت و پارێزراو کردووە، روحی منی گێڕایەوە جەستەم، منی دایەوە، مۆڵەتی منی دا بۆ ئەوەی زیکرو یاد و ستایشی بکەم)**.

ئەگەر بپرسی: ئایا خەو و لەخەو هەستان سوپاس و ستایشی دەوێ؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین: بەڵێ، چونکە بەچاوی خۆمان بینیومانەو بیستوومانە زۆر کەس شەو خەوتووە، بۆ بەیانی ڕۆژی پاشتر ببڕای ببڕ چاوی نەکردۆتەوە، چۆن نووستووە هەر لەناو خەوەکەیدا مردووەو هەڵنەستاوەتەوە، بێ ئەوەی بەوە ڕابگا شەهادە بێنێ یاخود وەسیەت بکات، بەکوردی و پوختی: ئیمانەکەی نادیار بووە لەوەی ئاخۆ دوا ساتەکانی ژیانی بەچی بەسەر بردووە، چونکە مرۆڤ کە نووست وەکو مردووی لێ دێ و لەجیهانی واقیع دادەبڕێ، کاك (ڕێبوار سەلاح سماقوڵی) بۆی گێڕامەوە وتی: کوڕە پوورێکم لە گەڕەکی گلکەندی هەولێر بەرۆژێ پێش ئەوەی وەفات بکات، لەبازاڕ بینم گەلێ کەیفسازبوو، بەتاسەوە پرسیاری ئەو دڵخۆشیەم لێی کرد؟ وتی: من و مامم چەندین ساڵە قسە ناکەین، تازە ئاشت بووینەتەوە، هەر بەم بۆنەوە بۆ بەیانی هەموویانم داوەتی ماڵەوە کردووە، ئێستاش هاتووم کەرەستەو پێداویستیەکانی ئەو داوەتە بکڕم و بگەڕێمەوە. مەخابن بۆ شەوێ چۆن خەوت، ڕاست نەبۆوە، ئەو داوەتەی نەبینی کە بەتامەزرۆیەکی زۆرەوە حەزی دەکرد لەگەڵ مامی دانیشێ و پاروو نانێکی لەگەڵ بخوات.

**هەروەها** بەر لە نانخواردن بۆ تەندروستی و لەشساغی و جێ بەجێکردن و زیندووکردنەوەی سوننەتێکی پێغەمبەر(ﷺ)، سێ یا پێنج یا حەوت دەنکە خورما بخۆ.

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێ: ( مَنِ اصطَبَحَ بِسَبعِ تَمَراتٍ عَجوَةً لَم يَضُرُّهُ ذلِكَ اليَومَ سُمٌّ وَ لا سِحرٌ)[٣٦] .

**واتە: ( هەر کەسێك بەیانی کردەوە حەوت دەنکە خورمای عەجوەی خوارد، ئەو ڕۆژە نە**

---

[٣٤]- **الترمذي ٤٦٦/٥ وانظر، صحيح الترمذي ١٤٢/٣**

[٣٥]- **رواه الترمذي برقم/٣٤٠١**

[٣٦]- **رواه البخاري برقم٢٤٧/١٠ و مسلم برقم ١٦١٨/٣**

**ژەهر و نە سیحر زیانی پێ ناگەیەنێ).**

شێخ عبدالعزیز ئیبن باز ڕەحمەتی خوای لێبێ دەفەرموێ: "ئەگەر خورمای عەجوەی مەدینەی دەست نەکەوت ئومێد دەکەم هەر خورمایەکی تر جێی بگرێتەوە".

ڕەنگە لەم قسەیە ئەوەت بەخەیاڵدابێ و بپرسی: چما خورما ئەوەندە بەسوودە تا هەموو بەیانیەك بیخۆین؟ لەوەلاّمدا دەڵێم: پێکهاتەکانی خورما ئەوەندە بەسوودە لەهەر ماڵێك هەبێ، برسێتی ڕووی تێ ناکات، واتا: برسیان نابێت.

سوودەکانی خورما بەپێی توێژینەوەکان هێندە زۆرو بێشومارە، بەتایبەت ئەگەر بە سکی بەتاڵەوە بخورێ، لەوانە: خورما ڕێژەیەکی زۆری ئاسنی تێدایە کە بەرپرسە لە دروستکردنی هیمۆگلۆبین، ئەوەش یارمەتیدرە بۆ نەهێشتنی کەم خوێنی و کەمی ئاسن. هەروەها دەوڵەمەندە بە پۆتاسیۆم ئەوەش دەبێتە هۆی دەردانی بەکتریای سوودبەخش بۆ پاراستنی لە سکچوون و یارمەتی تەندروستی دەمارەخانەکانی مێشك دەدات تا لە جەڵتەی مێشك بیپارێزێ. جگە لەوەی خورما ڕێژەی شەکری خوێن هاوسەنگ دەکات، قەبزی ناهێڵێ، ئێسك بەهێز دەکات، ددان لە کلۆربوون دەیپارێزێ، بەسوودە بۆ کۆئەندامی هەناسەدان و هەرسکردن، پێست لە چرچبوونی پێش وەختەو چاو لەکزبوون و هەر نەخۆشیەکی دیکە دەپارێزێ، چالاکیەکانی کرداری میزڵدان و گورچیلە بەهێز دەکات، دەوڵەمەندە بەریشاڵ و کانزاو ڤیتامینەکانی وەك پۆتاسیۆم و مس و مەنگەنیزو ڤیتامین، گەدەو ڕیخۆڵە لە شێرپەنجە دەپارێزێ، سەرنجی مرۆڤ بەهێز دەکات، ئارامی دەروونە، کالۆری و وزەی زۆری تێدایە هێزێکی زۆر بە جەستە دەبەخشێ، بالانسی کێشی لەش ڕادەگرێ و چارەسەرییەکی باشە بۆ نەخۆشیەکانی قورگ و کۆکەو هەوکردنی سیەکان، لەهەمان کات کۆنترۆڵی کۆلیسترۆڵی خوێن دەکات بە کۆنترۆلکردنی کۆلیسترۆڵی زیانبەخش دەمارەکانی خوێن پاك دەکاتەوەو بەرزی پەستانی خوێن دادەبەزێنێ، دڵ و خوێنبەرەکان لەنەخۆشی دەپارێزێ و بۆ خانمانی دووگیان بۆ منالبوون بەسوودە و منداڵ ئارام دەکاتەوە و چارەسەری سکچوونی منداڵ دەکات.. یەکێك لە خواردنەکانی بەهەشت خورمایە، شەیتان زۆری ڕق لەخورمایە چونکە مرۆڤ لە جنۆکەو سیحرو جادوو و چاوپیسی دەپارێزێ. زانستی سەردەم پێمان دەڵێ: خواردنی خورما وەکو قەڵغانێکی پۆلاین وایە، هێڵێکی شین بەدەوری لەش دروست دەکات ئەوەش ڕێگری لە شەپۆڵە کارۆموگناتیسیەکان دەگرێ و سیحرو جادو چاوپیسی کاری لێ ناکات[٣٧].

---

**[٣٧]- خورما ڕێژەیەکی کەمی چەوری تێدایە ئەوەش نابێتە هۆی قەڵەو بوون ، ڕۆژوو شکاندن بەخورما لەمانگی ڕەمەزان بەدرێژایی مانگێك، حیکمەتی خۆی تێدایە چونکە هەموو ئەو ژەهرانەی لە لەشی مرۆڤ لەماوەی ئەو ساڵەدا کۆبۆتەوە لەخانە تێکشکاو و مادده خراپەکانی لەش، لەماوەی ئەو چەند سەعاتەی تێیدا بەڕۆژووە، دێتە ناوخوێن و وەکو ژەهر کۆدەبێتەوە، بۆیە زۆرێك لە ڕۆژەوان تووشی سەرئێشە دەبن، هۆکارەکەیشی ڕۆیشتن و دەورانکردنی ئەم مادده ژەهراویانەیە لە لەشداو دەرچوونیان لە لەش کاتی دەوێ، بۆیە ئەم ژەهرە بەشێکی**

📖 **ئامانج: ئەوە خورمام خوارد، ئەوجا ویستم دەست بەئاو بگەیەنم، دەبێ چیبکەم و چی بڵێم؟**

✍ **عەبدوڵلا:** ئەگەر چوویە سەر ئاو بۆ پێشاو و دەستت بەئاو گەیاند، سوننەتە بە پێی چەپ بچیە ئاودەست و بڵێی: (**بِسمِ الله، اللَّهُمَّ إِنِّى أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْخُبثِ وَالْخَبَائِثِ**)[38]. **واتە:(بەناوی خوا، خوایە پەنات پێ دەگرم لە شەیتانی نێرو مێ)**.[39]

**ئادابی چوونە سەر ئاو ئەوەیە:** نە ڕووت، نە پشت نەکەیتە قیبلە ئەگەر ئەو شوێنە دەشت و دەر بوو، هەروەها لەسەر ڕێگەو ژێر سێبەری دار، دەست بەئاو نەگەیەنی کە بۆ خەڵك جێی حەوانەوەیە و لەناو گۆڕستان و شوێنی زبڵ و خاشاك و سەر درزو کون و کەلەبەرو ئاڕاستەی با دامەنیشەو سەیری پاشەڕۆو ئاسمان مەکە، دروست نییە میزو پیسایی بخەیە ئاوەوە.

هەروەها لەکاتی دەست بەئاوگەیاندن مەهێڵە پرپیشك و پاری ئەو دەرچەیە جل و بەرگ و لەشت پیس بکات و لەو شوێنانە دروست نییە قسە بکەی، بەتایبەت کاتێ زەنگی مۆبایل لێ دەدات یان کەسێك سەلام دەکات[40].

---

**لەڕێگای هەناسەدانەوە و بەشێکی لە ڕێی میزو بەشێکی لەڕێی پێستەوە دەردەچێ و بەشێکی کەمی لێ دەمێنێتەوە. بۆیە پێویستە خورما زوو زوو بخۆی تا لەو ژەهرە پارێزراوبی، بۆیە یەکێ لە چارەسەریەکانی کێشەی ژەهر، خورمایە. چونکە ئەو ماددانەی لە خورمادا هەن وەك فلتەرێك ڕیخۆڵەو خوێن پاك دەکەنەوە، هەروەها ڕێژەیەکی بەرزی شەکرە سروشتیەکانی تێدایە کە جگەر بەخێرایی وەریان دەگرێ و بۆ بەشەکانی تری لەشی دەنێرێ کە بۆ ڕۆژووگر زۆر پێویستە. هەروەها کۆئەندامی هەرس دەخاتە کارو ئامادەی دەکات بۆ خۆراکی زیاترو چەندین مادەی تێدایە کە بۆ لەش گرنگە وەکو ڤیتامین ئەی، ئاسن، پۆتاسیۆم، مەگنیزیۆم. ئەنەسی کوڕی مالیك دەڵێت: (پێغەمبەری خوا(ﷺ) کە ڕۆژووی دەشکاند، خورمای تەڕی بەکار دەهێنا، گەر خورمای تەڕ نەبوایە ئەوە بەخورمای وشك دەیشکاند، گەر خورمای وشکیشی دەست نەکەوتایە ئەوە بەچەند قومێك لەئاو دەیشکاند).أبوداود/٢٣٥٦ الترمزي/ ٧٠٥ –أحمد/١٢٦٧**

[38]– **رواه البخاري ٤٥/١ و مسلم ٢٨٣/١**

[39]– **قال النبي(ﷺ)سِتْرُ مَا بَيْنَ الْجِنِّ وَعَوْرَاتِ بَنِي آدَمَ إِذَا دَخَلَ الْكَنِيفَ أَنْ يَقُولَ ﴿ بِسْمِ اللَّهِ ﴾ صَحِيح: أَخْرَجَهُ ابن مَاجَة فِي السُّنَن (٢٧٩) وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَانِي فِي إِرْوَاءِ الغَلِيْل(٥٠). واتە:(پەردەی نێوان جنۆکەو عەورەتی ئادەمیزاد ئەوەیە کاتێك چووە سەر ئاو بڵێت: "بسم الله" واتا پێش چوونە ژوورەوەو دانیشتن "بسم الله" بکات).**

[40]– **هەر لە ئادابەکانی چوونە سەر ئاو:** عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ أَبِي قَتَادَةَ عَنْ أَبِيهِ (رضي الله عنه) قَالَ :قَالَ رَسُولُ اللَّهِ(ﷺ): ( لَا يُمْسِكَنَّ أَحَدُكُمْ ذَكَرَهُ بِيَمِينِهِ وَهُوَ يَبُولُ، وَلَا يَتَمَسَّحْ مِنَ الْخَلَاءِ بِيَمِينِهِ، وَلَا يَتَنَفَّسْ فِي الْإِنَاءِ) **بخاري الوضوء النهي عن الاستنجاء باليمين/١٠٢. واتە:(عەبدوڵای کوڕی ئەبو قەتادە لە باوکیەوە بۆمان دەگێڕێتەوە دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: با کەستان لەکاتی میزکردنیدا زەکەری بەدەستی ڕاستی نەگرێت، لە سەر ئاویش بە دەستی ڕاست خۆی پاك نەکاتەوە، فوو نەکات لە دەفری خواردن و خواردنەوە).**

لەدەست بەئاو گەیاندن: قورسایی   خۆت بخەرە سەر پێی چەپ، هەرچەندە لەم ڕۆژگارە ئاودەستی غەربی و ئەو شێوە مۆدێرنانە هاتۆتە ئاراوە کە ئاسانکاری زۆری بۆ مرۆڤ تێدا کراوە، بەلاّم زانستی پزیشکی پێمان دەڵێ: سەرەڕای هەموو ئەو ئاسانکاریانە، وەلێ لەڕووی تەندروستیەوە هێشتا ئەمانە نابنە جێگرەوەی ئەو ئاودەستەی لەمەڕ ئیسلام و کوردەواری لای خۆمان هەیە. هەروەها لە نەبوونی ئاو، نابێ بە ئێسك و پروسك و ڕووەك خۆت پاك بکەیەوە، دەتوانی بە کلێنکس"دەستەسڕ" یا بە سێ بەرد خۆت پاك بکەیتەوە.

کاتێکیش هاتیە دەرەوە، بە پێی ڕاست وەرە دەرەوەو بڵێ: **(غُفْرَانَكَ)**[٤١]. **واتە:(خوایە داوای لێخۆشبوونت لێ دەکەم).**[٤٢] پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەر کاتێك لەسەر ئاو بهاتایەتە دەرەوە، دەیفەرموو: (**غُفْرَانَكَ**. ). لە کۆتاییدا بە ئاو و سابوون جوان دەستت بشۆ.

**📖 ئامانج: ئەی حیکمەت لەوەدا چیە بەپێی چەپ بچینە ئاودەست و بەپێی ڕاست بێینە دەرەوە؟**

✍ **عەبدوللا:** زانستی سەردەم لەم ڕۆژگارە ئەو هەقیقەتەی سەلماندووە، پێمان دەڵێ لە چوونە ئاودەست بەپێی چەپ حیکمەتی خۆی تێدایەو هیچ شتێکی ئەم ئیسلامە بێ هۆو هودە نیە، چونکە لەو کاتەدا نەخوازەلاّ ئەگەر ئەو کەسە مرد، یان جەڵتەی لێدا ئەوە ڕایدەتەکێنێ و بەلای دەرەوە پەلکێشی دەکات (واتە فڕێ دەداتە دەرەوە) لەجیاتی ئەوەی بۆ ناوەوە بکەوێ و لەدەرچوونیش بەپێی ڕاست بۆ دەرەوە هەمان شت ڕوو دەدات کە لەجیاتی ئەوەی بە ناوەوە بکەوێ، ئەوە بۆ دەرەوەی فڕێ دەدات، چونکە بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر(ﷺ)خراپترین شوێن مرۆڤ تێیدا بمرێ ئاودەستە:( **يَبعَثُ كُلُّ عَبدٍ علی ما ماتَ عَليه**)[٤٣]**واتە:(هەموو بەندەیەك لەسەر ئەوحاڵەتە زیندوو دەکرێتەوە کە لەسەری مردووە).**

خۆبەتاڵکردنەوەی مرۆڤ لە پاشەڕۆ ئەویش هەر بێ حیکمەت نیە. ناسیاوێ بۆی گێڕامەوە وتی: خزمێکم لەیەك لە شارەکانی ئەم هەرێمەی لای خۆمان تووشی قەبزی بوو، ئەوەندەی چووە پێشاو تا خۆی بەتاڵ بکاتەوە، هیچی دانەنا، بەجارێ حەجمانی لێ بڕا، خەریك بوو لەتاو ئێش و ژان و ژۆی خۆیدا زگی بتەقێ.

هات و هاواری ڕۆژە ڕێیەك دەڕۆیی ، پڕ بە گەرووی هاواری دەکردو دەیوت: ئێوە نازانن چ ژانێك لە زگمایە، خەریکە ڕۆحم دەردەچێ و دەمرم.

ئێمەیش بەپەلە گەیاندمانە نەخۆشخانەو لەوێ دەرزیەکی زگچوونیان لێی دا، کاتێ چووە ئاودەست، بایەکی

---

[٤١]- **صحیح الجامع الصغیر/٤٧٠٧**

[٤٢]- **دایکی باوەڕداران (عائیشە) (ڕەزای خوای لێبێ) دەفەرموویێت: (كَانَ النَّبِیّ (ﷺ) إِذَا خَرَجَ مِنَ الْخَلاَءِ قَالَ « غُفْرَانَكَ» واتە: (خوایە داوای لێخۆشبوونت لێ دەکەم). حَسَن: أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُد(٣٠) وَالتِّرْمِذِيّ(٧) ابن ماجة(٣١٨) وَحَسَّنَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني فِي صَحِيح الْجَامِع/٤٧٠٧**

[٤٣]- **رواه مسلم برقم/٢٨٧٨**

گەورەی لێ بەر بوو، ئەوجا ئەوەی لە هەناوی دا بوو هەمووی دانا، کە هاتە دەرەوە ئاهێکی خۆشی هەڵکێشاو وتی: تەنها من دەزانم حیکمەتی دەست بەئاوگەیاندن چییە؟ ئەگەر ئێوە وەك من تووشی قەبزی دەبوون و دەتانزانی چەندە بەسوێیە، هەرگیز ئەو دوعایانە لەبیر ناکەن کە دەچنە سەرئاو و لە هاتنە دەرەوە چی دەڵێن؟.

📖 **ئامانج: بابە گیان ئێستا جوان لەو شتانە تێگەیشتم، دواتر چی بکەم؟**

✍ **عەبدوللا:** ڕۆڵە گیان جوان گوێم بۆ ڕادێرە، کاتێ لە ئاودەست هاتیە دەرەوە، دەست و دەم و چاوت بە سابوون بشۆ کە ئەگەر میکرۆب و شتانێکت بە دەستەوە بوو تا بە شووشتن لەدەستی بکەیەوە، ئەوجا دەست نوێژ بگرە، دوو ڕکات یا چوار ڕکات نوێژی سوننەتی چێشتەنگاو ئەنجام بدەو وەرە سەر سفرەی نانخواردن.

پێغەمبەری پێشەواو تاجی سەرمان (ﷺ) بۆ مانەوەی لەشێکی تەندروست، فەرمانمان پێ دەکات گەدەمان بۆ سێ بەش دابەش بکەین، بەشێکی بۆ ئاو، بەشێکی بۆ هەواو بەشەکەی تر بۆ خواردن، وەکو دەفەرموێ: **(ئادەمیزاد هیچ دەفرێکی پڕ نەکردووە لە ورگی خراپتر بێت، وە چەند پاروویەك بەسە بۆ مرۆڤ کە پشتی ڕاگیر بکات، ئەگەرنا با سێ یەکی گەدەی دابنێ بۆ خواردن و سێ یەکی بۆ خواردنەوەو سێ یەکی بۆ هەناسەدان)**[٤٤].

ئەم فەرموودەی سەرەوە پەیامێکە پێمان دەڵێ: ئەگەر دەتەوێ لە قەڵەوی بەدوور بی و لەش و لارێکی ڕێك و پێك و تەندروستت هەبێ، ئەوە بزانە چی دەخۆی؟ چۆن دەخۆی؟ کەی دەخۆی؟ بەلاّم زێدەڕۆیی لە خواردن شتێکی باش نییە، چونکە خوای پەروەردگار زێدەڕۆیانی خۆش ناوێ وەکو لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ: ﴿ وَكُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟ وَلَا تُسْرِفُوٓا۟ ۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُسْرِفِينَ ﴾[٤٥] **واتە:(بخۆن و بخۆنەوە (لەوەی کە حەلاڵە بۆتان) و زیادەرەوی مەکەن، بێگومان خوا زیادەڕەوانی خۆش ناوێ)**.

زانایەکی بواری پزیشکی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە سێ ئایەتی قورئانی هەن ئەگەر مرۆڤ بەبەرنامە جێ بەجێی بکات، نەقەڵەو دەبێ و نە نەخۆش دەکەوێ، ئەوانیش:

**ئایەتی یەکەم:** خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ وَكُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟ وَلَا تُسْرِفُوٓا۟ ۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُسْرِفِينَ ﴾**(بخۆن و بخۆنەوە زیادەڕۆیی مەکەن، خوا زێدەڕۆیانی خۆش ناوێ)**.

ئەوە ڕێجیمکردنە بەبێ پەنا بردنە بەر وەرزش و چوونە هۆڵی وەرزشی، تەنانەت خوای پەروەردگار ئاماژەی بەهیچ ڕێگرییەك بۆ هیچ خواردنێ نەکردووە تا خۆمانی لێ بەدوور بگرین ئەگەر بەشێوەیەکی تەندروست ئەنجامماندا، وەك کورد وتەنێ:(هەموو شت بەخوێ، خوێش بەمانا)، بۆیە هەر دکتۆرێك پێی وتی: نابێ شیرینی و چەوری بخۆی ئەوە هەر لەسەرەتاوە هەڵەیە، چونکە هەندێ کات چەوری حەیوان لە پرۆتین گرنگترە.

---

[٤٤]- رواه الامام أحمد والترمذي برقم/٢٣٨١ والنسائي وابن ماجه وقال الترمذي: حديث حسن,

[٤٥]- الأعراف: ٣١

**ئایەتی دووەم:** خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ وَجَعَلۡنَا مِنَ ٱلۡمَآءِ كُلَّ شَيۡءٍ حَيٍّ ﴾[٤٦] **واتە:(ئێمە لەئاو هەمو شتێکی زیندوومان دروست کردووە).**

چونکە جەستەی مرۆڤ لەسەداحەفتاو سێی ئاوە، کەواتە وەك پسپۆرانی بواری پزیشکی داکۆکی لەسەر دەکەن کە بۆ هەر کیلۆیەك لەشی مرۆڤ ڕۆژانە پێویستە ٣٠میلیلیتر ئاو بخواتەوە بۆ ئەوەی دڵ بەچالاکی کار بکات و جگەر بپارێزێ و گورچیلەکان لەدروست بوونی بەرد بەدوور بگرێ، کەواتە کەسێك کێشی سەد کیلۆبێ، پێویستە لە رۆژێکدا سێ لیتر ئاو بخواتەوە.

فەرموو ئەوانەی کێشەی بەردی گورچیلەیان هەیە، کاتێ بۆ چارەسەری دەچنە لای پزیشکی پسپۆر، ئەوە بابای پزیشك لەجیاتی هەر داو و دەرمانێ، ئامۆژگاری دەکات: ئاوی زۆر بخواتەوە.

ئایەتی سێیەم: خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ وَجَعَلۡنَا ٱلَّيۡلَ لِبَاسٗا ﴿١٠﴾ وَجَعَلۡنَا ٱلنَّهَارَ مَعَاشٗا ﴿١١﴾ ﴾[٤٧] **واتە:(ئێمە شەومان کردوە بەبەرگ بۆئێوەو رۆژیش بۆکارکردن).**

کەواتە شەو بۆ ئیسراحەت و پشوودانە، نەك کارکردن و نەخەوتن و مانەوە بەدیار ئینتەرنێت و ئەو شتانە.

مرۆڤ کە زوو خەوت و زوو لەخەو هەستا، هەست بەلەشێکی تۆکمەو تەندروست و پتەو دەکات.

هەموو ئەمانەی سەرەوە بۆ ئەوەیە کەسێك قەڵەو بوو بەو کارانە دەتوانێ چەوری لەشی بسووتێنێ و خۆی لاواز و لەشساغ بکات[٤٨].

ڕۆژێکیان کابرایەك چووە لای محەمەدی کوڕی سیرین و پێی وت: قوربان هاتووم فێری عیبادەتم بکەی؟ ئەویش پێی فەرموو: زۆر باشە بەس جارێ دەمەوێ بزانم تۆ لەجەمەکاندا چەند نان دەخۆی؟ کابراکە وتی: بۆ ئەوەی بەتەواوی تێر ببم، ئەوەندە نانە دەخۆم (شتێکی زۆری باس کرد). ئەویش پێی وت: ئەوەی تۆ دەیخۆی خواردنی ئاژەڵانە، دەی بەهەر حاڵ پێم بڵێ چەندە ئاو دەخۆیتەوە؟ وتی: بۆ مەسەلەی ئاویش ئەوەندە ئاو دەخۆمەوە بۆ ئەوەی تینۆێتیم بشکێ( برێکی زۆری باس کرد). ئا لێرەدا پێی وت: ئەوەش خواردنەوەی وشترەکانە، کەواتە جارێ بڕۆ بۆ یەکەمجار خۆت فێری خواردن و خواردنەوە بکە، ئەوجا وەرەوە لای من تا فێری عیبادەتت بکەم.

**شارەزایانی بواری خۆراك جەخت لەوە دەکەنەوە: باشترین ڕێگەی خواردن کە سوودی بۆ جەستەی مرۆڤ هەبێ و کاری خۆی بکات تا لە دەردو نەخۆشی بپارێزێ ئەوەیە سەرەتا ئاو بخواتەوە، دوای نیو کاتژمێر تەنها جۆرێ لە جۆرەکانی میوە بخوات و دوای یەك کاتژمێر ئەوجا دەست بەژەمەخواردن**

---

[٤٦]- **الأنبياء:** ٣٠

[٤٧]- **النبأ:** ١٠ - ١١

[٤٨]- **د.ئیبراهیم فەقێ دەڵێت: نانی بەیانی وەکو پادشا بخۆ، نانی نیوەڕۆ وەك شازادەو نانی ئێوارەیش وەکو هەژار بخۆ.**

بکات. لێرەدا زانستی سەردەم ئەوەی سەلماندوە خواردنەوەی ئاو پێش ژەمە خواردنەکان یارمەتی سوتاندنی زیادەی چەوری دەدات و هاوسەنگی کێش ڕادەگرێ، ئەوەش لەش و لارێکی ڕێك و جوان بەمرۆڤ دەبەخشێ. ئەو ڕیزبەندیە ١٤٤٣ساڵ پێش ئەمڕۆ لە قورئانی پیرۆز بەیان کراوە کاتێ خوای پەروەردگار باسی خۆشیەکانی بەهەشتمان بۆ دەکات:﴿ بِأَكْوَابٍ وَأَبَارِيقَ وَكَأْسٍ مِّن مَّعِينٍ ﴿١٨﴾ لَّا يُصَدَّعُونَ عَنْهَا وَلَا يُنزِفُونَ ﴿١٩﴾ ﴾[49] واتە:(**تازە لاوی هەمیشەیی بەسەریاندا دەگەڕێ بە پەرداخ و سوراحی و گلاسی پڕ لە شەڕابی سەرچاوە روون، نەسەریان پێی دێشێ، نە پێی سەرخۆش دەبن، وە میوەهات کە خۆیان هەڵیبژێرن، وە گۆشتی باڵندەیەك کەحەزی لێ بکەن**).

بۆیە پێویستە بۆ لەشێکی تەندروست و ساغلەم، بەنیو کاتژمێر تا ٤٥خولەك پێش نانخواردن گلاسێك یا دوو گلاس ئاو بخۆینەوە، ئەوجا تەنها میوەیەك بخۆین، واتە یەك شتبێ وەکو خواردنی سێوێك یا مۆزێك یا پرتەقاڵێك و پاشان دەست بەخواردن بکەین، تەنانەت واباشە پێش نووستن گلاسێ، دوو گلاس ئاو بخۆینەوە بۆ ئەوەی خۆمان لە نۆرەو جەلتەی دڵ و مێشك بپارێزی.

🕮 **ئامانج: بەگوێرەی قسەکانی تۆ، نانخواردن هونەرو ئەتەکێتی خۆی هەیە؟**

✍ **عەبدوللا: لە ئیسلامدا هەموو هەڵس و کەوتێك بە کەتەلۆکەو یاساو ڕێسای تایبەت بەخۆی هەیە، ئەگەر باسی خواردن و خواردنەوە بکەین، ئەوە:-**

*لە ئامادەکردنی خواردن و ڕازاندنەوەی سفرەدا یارمەتی دایکت بدە.

*لە ماڵەوە تا (دایك و باوکت) دەستیان بۆ خواردن نەبرد، تۆ دەست بۆ خواردن مەبە، لە میوانداریش تا خاوەن ماڵ فەرمووی لێ نەکردی، دەست بۆ خواردن درێژ مەکە.

* بایی ئەوەندە بخەرە قاپەوە  کە پێت دەخورێ.

*ناوی خوای لێ بێنە، پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەیفەرموو: ("**اللَّهُمَّ بارِكْ لَنا فِيما رَزَقْتَنا، وَقِنا عَذابَ النَّارِ، باسم اللَّـهِ**")[50] واتە:(**خوایە بەرەکەت بخەیتە ئەوەی پێت بەخشیوین و لە ئاگری دۆزەخ بمانپارێزی، بەناوی خوا**).

ئیبلیس کاتێك موخاتەبەی خوای پەروەردگار دەکات، دەڵێت: (كلُّ خلْقِكَ بيَّنْتَ رِزْقَهُ، ففيمَ رِزْقي؟ قال: فيما لم يُذْكَرِ اسْمي عليهِ)[51]. **واتە:(ڕزقت بۆ هەموو دروستکراوەکانت  بنیاتناوە، ئەی ڕزق و ڕۆزی من**

---

[49]- **الواقعة:** ١٨ – ١٩

[50]- **صحيح مسلم**

[51]- **السلسلة الصحيحة ٣٣٣/٢**

**لەچی دایە؟ خوای گەورە فەرمووی: ڕزقی تۆ لەو خواردنەدایە کە ناوی خوای لێ نەهێنراوە).**

*ئەگەر لەیادت چوو لەسەرەتا ناوی خوا بێنی، ئەوە هەر کاتێ بەبیرت هاتەوە،وەکو پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێ:( **إذا أكَل أحَدُكم فَلْيذكُرِ اسمَ اللهِ تعالى، فإن نسِي أن يذكُرَ اسمَ اللهِ تعالى في أوَّلِه، فليقُلْ: بسمِ اللهِ أوَّلَهُ وآخِرَهُ**)[52]**.واتە:(هەر کەسێ لەئێوە خواردنێکی خوارد با ناوی خوا بێنێ بڵێ: (بسم الله)، ئەگەر سەرەتا لەبیری کرد، ئەوە کەی بیری کەوتەوە با بڵێ: بەناوی خوا لە سەرەتا و لە کۆتاییدا).**

*بەهێواشی نان بخۆو خواردن بەگەرمی مەخۆ تا دەمت نەسووتێ و هەستەکانت لەدەست نەدەیت.

*بۆ ساردکردنەوەی خواردن، فوو لە خواردنەکە مەکە، بوەستە تا نەختێ سارد دەبێتەوە.

* نە زۆر بخۆو نە کەم، چونکە هەردووکیان ئازار بەگەدە دەگەیەنن.

*جوان خواردنەکە بجوو تا لەقوڕگت گیر نەبێ، هەم چێژی لێ وەردەگری وهەم کرداری هەرسکردن ئاسان دەکەی.

* لەو خواردنە تێبکە کە لەپێش دەمت دایە، هەرگیز لە ناوەڕاست و پشتەوەی خواردنەکە تێ مەکە و دەست بۆ قاپ و خواردنی بەرامبەرت درێژ مەکە.

*بەدەستی ڕاست بخۆ.

* لەکاتی خواردن خۆت لە کۆکین و پشمین بەدوور بگرەو هەر خۆت پێ نەگیرا، ئەوە بە ناچاری ڕووت لە خواردنەکە وەرگێڕەو بکۆخە.

* ئەگەر پاروویەکت لەدەم بەربۆوە، بەپیسی مەزانەو هەڵی بگرەوە، دوای پاککردنەوە، ئەو شوێنەی پیس بووە بیخۆو بۆ شەیتانی فڕێی مەدەو بە سێ پەنجەی دەستت (پەنجەکانی گەورەو شایەتمان و ناوەڕاست) نان بخۆو دواتر"پێش دەست سڕین و شۆرینی دەست" هەر سێ پەنجەت بلێسەوە، ئەوە ئەو سوننەتەیە کە پێغەمبەر(ﷺ) ئەنجامی داوە: (**أنَّ رَسولَ الله (ﷺ) كانَ إذَا أكَلَ طَعَامًا لَعِقَ أصَابِعَهُ الثَّلَاثَ، وَقالَ: إذَا سَقَطَتْ لُقْمَةُ أحَدِكُمْ فَلْيُمِطْ عَنْهَا الأذَى وَلْيَأْكُلْهَا، وَلَا يَدَعْهَا للشَّيْطَانِ، وَأَمَرَنَا أنْ نَسْلُتَ القَصْعَةَ، قالَ: فإنَّكُمْ لا تَدْرُونَ في أيِّ طَعَامِكُمُ البَرَكَةُ**)[53].واتە:(**پێغەمبەر (ﷺ) خواردنی بەسێ پەنجە (پەنجەی شایەتمان و پەنجەکانی ئەملاو ئەولای شایەتمان) دەخواردو دەیوت: ئەگەر خواردنی یەکێکتان کەوتە خوارەوە(جا لەدەمی بکەوێ یان لە دەستی) ئەوە با هەڵیبگرێتەوە، ئەو**

---

[52]-**رواه الترمذي برقم/ ١٨٥٨ وابن ماجه برقم/ ٣٢٦٤ وأحمد برقم/ ٢٥١٤٩**

[53]- **رواه مسلم برقم/ ٢٠٣٤**

**تۆزو خۆڵ و پیسیەی پێوەیەتی لای ببات و بیخوات و بۆ شەیتانی بەجیٚ نەهێڵیٚ، هەروەها فەرمانمان پیٚ دەکات سیٚ جار پەنجەکانمان بلێسینەوە، فەرمووی: ئێوە نازانن بەرەکەت لەکام بەشی خواردنەکەتاندایە).**

ئەم فەرمووده هانمان دەدات: ئەو کاتەی دەستمان لەخواردن هەڵگرت نابیٚ دەستمان بەئاو یان دەستەسڕ یان کلێنکس بسڕینەوە تاوەکو پەنجەکانی دەستی ڕاستمان سیٚ جار نەلێسینەوە، چونکە ئێمە نازانین لەکام بەشی خواردنەکەدا بەرەکەت هەیە، بەرەکەت لێرە مەبەست ئەو ڤیتامین و پرۆتینەیە کە بۆ مرۆڤ بەسوودە، واباشە لەدەستی نەدەین.

دوای هەزارو چوار سەدو چل و سیٚ ساڵ، ئێستا زانست سەلماندویەتی کە میکرۆبگەلێکی سوود بەخش لەسەر پەنجەکانی مرۆڤ بوونی هەیەو بە لێستنەوەی ئەو پەنجانە، میکرۆبە سوودبەخشەکان دەچنە گەدەی مرۆڤ و کاری خۆیان بۆ لەناوبردنی میکرۆبە زیانبەخشەکان دەکەن، کەچی لەم ڕۆژگارە کەسێك ئەم سوننەتە زیندوو بکاتەوە، بە هیچ نەدیتکەو دواکەوتوو و نەفام و نەزانی لە قەڵەم دەدەن.

* لەسەر زۆر خوێیی ئەو ئاش و چێشتەی دەیخۆی، یان لەسەر بیٚ تام و بیٚ خوێیدا ڕەخنە لەو کەسە مەگرە کە خواردنەکەی بۆ ئامادە کردووی (خواردنەکە بخۆ یان وازی لیٚ بێنە) هەر یەکێك لەئێمە حەزی لە تام و بۆیەکە.

* ئەگەر مێش کەوتە ناو شلەوە یان ناو چاو شیرو قاوە، ئەو مێشە لاباڵێکی میکرۆباویەو لا باڵەکەی تری مەعەقیم(پاککەرەوەیە)، بۆیە مێشەکەی تێدا نقوم بکە و پاشان دەریبێنەو فرێی بدە و شتەکە بخۆ، لەم ڕۆژگارە زانست سەلماندویەتی کە باڵێکی مێش دەتوانیٚ هەشتا لیتر ئاو تەعقیم بکات، ئێستایش لە تاقیگەکاندا دەیەها حەب و دەرمان لەلاباڵی مێش دروست دەکریٚ.

*ئەگەر پارووت لەدەمدا بوو، تا دەکریٚ قسە مەکە.

* قسەی خۆش بۆ میوانەکە بکە بۆ ئەوەی هەست بە شەرم و شۆ نەکات و ڕووی بدەییٚ چونکە ڕێزی لێتناوەو هاتۆتە لات، ماوە ماوە پێی بڵیٚ: یاخوا بەخێر بێن[٥٤].

---

[٥٤]- **کابرایەکی فەقیر لەخودای پرسی: من بۆچی ئەوەندە فەقیرم؟خوا وەڵامی دایەوە: بەهۆی ئەوەی فێر نەبووی بەخشش بکەی. وتی: من چیم هەیە تا بیبەخشم؟ خوا وەڵامی دایەوە: هێندیٚ شت هەیە کە بیبەخشی، بۆ نموونە ڕواڵەت و دەمێك کە دەتوانی بزەت لەسەر لێوبیٚ، زمانیٚ کە دەتوانی قسەی باش و تاریفی خەڵکی تری پیٚ بکەی، دڵیٚ کە دەتوانی دەرگای بەڕووی دۆستانتدا بکەیەوە، دوو چاو کە دەتوانی بەنیەتی باش لەخەڵکی دەوروبەرت بڕوانی، فەقیری بەڕاستی فەقیری ڕوحی و جەستەییە، دڵی مرۆڤەکان زۆر بەساکاری گەرم دەبیٚ، بەدڵخۆشیەکی چکۆڵە، بەسلاو و ئەحواڵ پرسینێکی ساکار، بەدڵدانەوەیەکی کورت، بە بەڵێیەك لەکاتی قسەکردنی کەسێك کە**

*كه دەستت لەخواردن هەڵگرت، جوان پێش دەمی خۆت پاك بكەوەو حەمدو سوپاسی خوا بكە وەكو **پێغەمبەری خوا دەفەرموێ:** (من أَكَلَ طَعامًا فقال: الحمدُ للهِ الذي أطعَمَني هذا الطَّعامَ ورزَقَنيه من غيرِ حولٍ منِّي ولا قوةٍ، غُفِرَ له ما تقَدَّمَ مِن ذَنْبِه، ومَن لَبِسَ ثوبًا فقال: الحمدُ للهِ الذي كساني هذا ورزَقَنيه من غيرِ حَولٍ مِنِّي ولا قوةٍ، غُفِرَ له ما تقَدَّمَ مِن ذَنبِه وما تأخَّر))[55]. **(هەر كەسێ خواردنێكی خوارد وتی: حەمدو سوپاس بۆ ئەو خوایەی كە ئەم خواردنەی پێ بەخشیم بەبێ هیچ هەوڵ و هێزێك لە منەوە، خوا لە گوناهەكانی لەمەو پێشی خۆش دەبێت).**

ڕۆژێكیان پێغەمبەر موسا(عليه السلام) لەخوا دەپرسێ: خوایە گیان تۆ حەزرەتی ئادەمت دروست كرد و بەڕۆحی پیرۆزت نەفخت كرد، فەرمانت بەفریشتەكاندا سوژدەی ڕێزی بۆ ببەن و بردتە بەهەشتەكەی خۆت لێرەدا دەمەوێ بزانم ئادەم كە باوكی مرۆڤایەتیە بەرامبەر بەو هەموو نازو نیعمەتەی پێت داوە بەچی سوپاسی تۆ دەكات؟ خوا پێی فەرموو: ئەی موسا ئەوەندە بۆ من بەس بوو كە ڕوحم پێدا كرد كاتێ پشمی، یەكەم وشە دەربڕی وتی: -الحمدلله- ئەوەندە بەسە بۆ ئادەم حەمدی منی كرد.

*یارمەتی دایكت بدە لەهەڵگرتنی قاپ وقاچاغ و شووشتنی قاپەكان.

*** دوای نانخواردن ڕاستەوخۆ مەخەوە، بەلای كەمەوە دوای یەك دوو كاتژمێر ئەگەر خەوت هات، ئەوجا بخەوە، چونكە خەوتن لەسەر تێری باش نیە، بەهەمان شێوە خەوتن لەسەر برسێتی باش نیە. هەروەها ئەوانەی بەتەمەنن و چوونەتە ساڵەوە باش نیە درەنگی شەو نان بخۆن و یەكسەر بەسەریەوە بخەون.**[56]

---

**یانی تێتدەگەم بەگوێدان بەدەردەدڵی كەسێك، بەتێڕوانینی پڕ لە خۆشەویستی و بێ منەت، بەهاوكارییەتی بێ چاوەڕوانی، تۆ ئەوانە ببەخشە تا خودا بەتۆ ببەخشێ.**

**سەرچاوە: با قسەی خۆش ون نەبێ- وەرگێڕانی لە فارسیەوە: نادر مستەفا زادا"رەحیم خان"**

**[55]- الراوي : معاذ بن جبل | المحدث : ابن حجر العسقلاني | المصدر : الفتوحات الربانية | الصفحة أو الرقم | ١/٣٠٠ :خلاصة حكم المحدث : إسناده حسن.**

**[56]-ئەوانەی تەمەنیان لە چل ساڵ بەسەرەوەیە پێویستە ئێواران خۆیان لەخواردنی چەوری زۆر بپارێزن، بەمانایەكی دیكە: بۆ ئەوەی خۆیان لە جەڵتەی دڵ ومێشك بپارێزن دەتوانن بەڕێژەیەكی دیاریكراو چەوری بخۆن. دەوترێ زۆربەی جەڵتەی مێشك و دڵ لە بەیانیان ڕوو دەدات كاتێك مرۆڤ بۆ ژەمی ئێوارە خواردنێكی چەور دەخوات، پاش هەشت كاتژمێر واتە بەرەبەری بەیان ئەو چەوریەی خواردوویەتی لە گەدەوە دەچێتە ناو ڕیخۆڵەكانی و پاشی ئەوەیش چەوریەكی زۆر دەچێتە ناو سووڕی خوێنیەوەو خەستی خوێن لەناو لەش دروست دەبێ. چونكە سەرلەبەیانی ساردترین كاتەكانی ڕۆژەو جەستە لەخەودایەو لێدانی دڵ و پاڵەپەستۆی خوێن لەنزمترین ئاست دایە. قاچەكان كە دوورترین خاڵە لە دڵەوە لەگەڵ دڵ لەیەك ئاستی ئاسۆییدان. پێیەكان كە**

*بەپێوە ، بەڕاکشان ، لەسەر لا تەنیشت نان مەخۆ مەگەر ئەوانەی بەهۆی نەخۆشیەکەوە عوزریان هەیە.

* لە دەرەوە خواردن بەدەستەوە مەگرە کە سەرنجی منداڵ ڕاکێشی، هەیە بەڕۆیشتنەوە شت دەخوات کە منداڵ توانای نەبێ ڕەنگە بەو هۆیەوە گوناهباربێت.

*دوای تەواو بوون لەخواردن بە هێواشی لەجێوە هەستە، دەستخۆشی لە کابان بکەو دوعای خێری بۆ بکە، وەکوپێغەمبەری خوا(ﷺ)دەفەرموێ:(**اللَّهمَّ بارِك لَهم فيما رزقتَهم واغفر لَهم وارحمْهُم**)[57].**واتە:(خوایە فەڕو بەرەکەت بخەیتە ئەو ڕۆزییەی پێت داون، وە لێیان خۆشبەو ڕەحمیان پێ بکە)**.

هەندێ لە ئامۆژگارییەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ)سەبارت بە خواردن و خواردنەوە:-

* پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەهەموو ژیانیدا عەیبەی لەخواردن نەگرتووە ئەگەر حەزی لێ بوایە دەیخواردو ئەگەر حەزی لێ نەبوایە، بەجێی دەهێشت.(**ما عاب رسولُ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم طعامًا قطُّ إنِ اشتهاه أكَلَه وإنْ كرِهه ترَكه**)[58].

* پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕێگەی نەداوە بەئاو خواردنەوە لە قاپی شکاو و فووکردن بەخواردنی گەرم.(**نهى رسولُ اللهِ صلَّى اللهُ عليهِ وسلَّمَ ، عَنِ الشُّرْبِ من ثُلْمَةِ القَدَحِ ، وأنْ يُنْفَخَ في الشَّرَابِ**)[59].

---

**ساردترین خاڵی لەشەو لەژێر بەتانی دێتە دەرەوەو سارد دەبنەوە، لەگەڵ هەموو ئەم شتانە زۆربوونی چەوری و خەستی خوێنیش کە زیاد بکات، مەیینی خوێن دروست دەبێ و پرۆسەی جەڵتە دروست دەبێت.**

**کەسێك کە بەیانی لەخەو هەڵدەستێ و دەچێتە دەرەوە، جەستەی گەرم دەبێ، لێدانی دڵی زیاتر لێ دەداو پاڵەپەستۆی خوێنی زیاتر بەرز دەبێتەوە، تەنانەت ئەو کلۆ خوێنانەی لە ئەنجامی خواردنە چەورەکەی ئێوارە لە لەشی دروست بووە، لە پێیەکانی جیا دەبنەوەو دەچنە ناو سووڕی خوێنەوە. کاتێك ئەو کەسە بەپێ دەڕوات، کلۆ خوێنەکە دەڕواتە ناو مێشك و خوێنی و جەڵتە دروست دەبێ و ئەگەری هەیە گیان لەدەست بدات، ئەگەریش هەیە لە ژیان بمێنێتەوە بەڵام بەشێك لە جەستەی لەکار دەکەوێت، ئەوەش بەستراوە بەوەی کام خوێنهێنەر گیراوەو چەند زیانی پێ گەیشتووە. ئەگەر کلۆ بگاتە جگەر ئەوە جگەر دەتوانێ خۆی چاك بکاتەوە، ئەگەر بگاتە گورچیلەکانی ئەوە هیچ ڕوو نادات و ئەگەر کلۆخوێنەکە لە پێیدا بمێنێتەوە ئەو کات نەخۆشی دەوالی دروست دەکات. خۆ ئەگەر بگاتە مێشك ودڵ ئەوە جەڵتە دروست دەکات.**

**واباشە بۆ ڕێگری ئەوانەی تەمەنیان لە چل ساڵ زیاترە نابێ شەوانە خۆراکی زۆر چەور بخۆن چونکە هەتا بەیانی لەژێر هەڕەشەی جەڵتە دەبن، بۆیە ئەگەر چووە میوانی، دەبێ کەم بخوات ، یان پاش خواردن کەمێك سرکە یا ئاوی لیمۆی سروشتی بخوات و پێش خەوتن چەند پەرداخێك ئاو بخواتەوە بۆ ئەوەی خوێن لە خەستبوون بپارێزێ چونکە خۆراکی چەور، ئاوی لەش دەمژێ و واباشە لەوەرزی سەرمادا قاچەکانی دابپۆشێ کە ئەگەر بکرێ گۆرەوی لەپێ بکات.**

[57]- **رواه الترمذي برقم/ ٣٥٧٦**

[58]- **صحيح ابن حبان برقم/ ٦٤٣٧**

* پێغەمبەری خوا (ﷺ) خواردنی بەگەرمی نەدەخوارد تا هەڵم و هاڵاوەکەی دەڕۆیشت.( **وكان أبو هريرة – رضي الله عنه – يقول: لا يؤكل طعام حتى يذهب بخاره))**[٦٠] .

*پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی کردووە خواردنەوە لەدەمی قاپێکەوە یان سولاحی کە ناوەوەی دیار نەبێت. (**أن النبي صلى الله عليه وسلم : نَهَى أَنْ يُشْرَبَ مِنْ فِي السِّقَاءِ** )[٦١] .

* پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە شیری دەخواردەوە، داوای ئاوی دەکردو لەدەمی وەردەدا، دەیفەرموو: چەوری تێدایە. واتە: ئەگەر شتێکت خوارد تام و شیلەو چەوری هەبوو، ئەوە ئاو لەدەمت وەربدەو غەلغەلە بکە بۆ لاچوونی ئەو چەورییە لەسەر دەم و ددان و پاراستنی ددان لە کلۆربوونـدا، هەمان شت ڕاستە بۆ ئەوانەی شیرینی دەخۆن .( **أنَّ النَّبيَّ صلَّى اللَّهُ علَيهِ وسلَّمَ شربَ لبنًا فدعا بماءٍ فمَضمضَ ، وقالَ : إنَّ لَهُ دسمًا)**[٦٢] .

* پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ:(ئەگەر خۆراك و نوێژ ئامادە بوو، سەرەتا دەست بکەن بە خواردن).(**إذا وُضِعَ عَشاءُ أحَدِكُمْ وأُقِيمَتِ الصَّلاةُ، فابْدَؤُوا بالعَشاءِ، ولا يَعْجَلَنَّ حتَّى يَفْرُغَ منه)**[٦٣] .

* پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ:( ئەگەر هەر یەکێ خواردنی خوارد با بەدەستی ڕاستی بیخوات و ئاویشی خواردەوە با هەر بەدەستی ڕاستی بیخواتەوە، چونکە شەیتان بەدەستی چەپی دەخواو بەدەستە چەپی دەخواتەوە). ( **إذا أكَل أحدُكم فلْيأكُلْ بيمينِه وإذا شرِب فلْيشرَبْ بيمينِه فإنَّ الشَّيطانَ يأكُلُ بشِمالِه ويشرَبُ بشِمالِه)**[٦٤] .

* پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ:(ئەگەر کەسێك بیەوێ ماڵەکەی پڕ خێر بکات، با پێش خواردن و دوای خواردن، دەست و دەمی بشوات). **عن أنس بن مالك – رضي الله عنه – قال: قال رسول الله ﷺ (مَنْ أَحَبَّ أَنْ يُكْثِرَ اللَّهُ خَيْرَ بَيْتِه، فَلْيَتَوَضَّأْ إِذَا حَضَرَ غَدَاؤُهُ، وَإِذَا رُفِعَ)**. رواه ابن ماجة.

* پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ:( پەروەردگار لەو بەندەیە ڕازی دەبێ کە خواردن دەخواو سوپاسی خودای لەسەر دەکات و کە ئاویش دەخواتەوە هەروا سوپاسی دەکات).(**إنَّ اللَّهَ ليَرضى منَ العبدِ أن يأكُلَ الأكلَةَ فيحمَدَهُ عليها ويشرَبَ الشَّربَةَ فيحمَدَهُ علَيها)**[٦٥] .

---

[٥٩]– **صحيح أبي داود برقم/ ٣٧٢٢**

[٦٠]–**"رواه البيهقي وصححه الألباني في " الإرواء برقم/١٩٧٨**

[٦١]– **رواه البخاري برقم/ ٥٦٢٨**

[٦٢]– **صحيح الترمذي برقم/ ٨٩**

[٦٣]–**صحيح مسلم برقم/٥٥٩**

[٦٤]– **صحيح ابن حبان برقم/ ٥٢٢٦**

[٦٥]–**ابن تيمية: مجموع الفتاوى برقم/ ١٨٠/١٧ – صحيح.**

*هەروەها فەرمانمان پێ دەکات لە قاپی زێڕو زیودا نەخۆین و نەخۆینەوە. (**ولاتشرب في آنية الذهب والفضة**)[٦٦]. سەری دەفری خۆراك داپۆشین و دەمی قاپی ئاو بگرین(**غطوا الإناء وأوكوا السقاء**)[٦٧].

*بەبێ تەلەفۆن و مەوعیدو بەبێ لەدەرگادان مەچووە مالآن بۆ ئەوەی تووشی شەرمەزاری نەبیت و خاوەن مالّ کوێی بۆ دانای بچووە ئەو شوێنە، گەر ئازادیان کردی ئەوە ئەو شوێنە هەڵبژێرە کە ژوورکانی ترت لێوە دیار نەبێ و ڕەچاوی کات بکە کە خواردنت پێشکەش کرا، سوپاسیان بکە و گەورەترین بێ ویژدانی ئەوەیە دوای دەرچوون عەیب و عاریان خاوەن مالّ ببەیە دەرەوە

*ئەگەر میوانت هات بچووە پێشوازی، بەگەرم و گوڕیەوە بەخێرهاتنی بکەو بۆ دانیشتن شوێنێکی باش و لایەقی بۆ دانێ، جا بەرامبەری دادەنیشی یان لەسەرووی خۆتەوەی دایدەنێ، بەهەمان شێوە ئەگەر چوویە هەر مالێ، خاوەن مالّ لەهەر شوێنێکی دانیشتاندی ئەوە لەو شوێنە دانیشە، چونکە خاوەن مالّ بە عەورەت و شاراوەیی مالّی خۆی شارەزایەو دەزانێ چ شوێنێ بۆ دانیشتنی میوان هەڵدەبژێرێ.

* ڕووت خۆش و دەم بەخەندەبە، لەکاتی زەردەخەنەدا هەشتا دەمار لە ڕوومەتی مرۆڤ دەکەونە جووڵەو خوێنیان بۆ دەچێ کە بە زەردەخەنە نەبێ جووڵە ناکەن، ئەها زۆر جار شەلەل لە شەویلگە دەدات یا بەهۆی جەڵتەوە مرۆڤ دەمی خوار دەبێت. دکتۆر پاش چارەسەی، پێی دەڵێ: بنێشت بجوێ.

*خۆت بەمۆبایل و تەلەفزیۆنەوە سەرقالّ مەکە، سەیری سەعاتی دەستت یان سەعاتی دیوار مەکە تا نەبێتە ئاماژەیەك بۆ ئەوەی میوان وا هەست بکات لێی بێزاری و دەیەوێ زوو بڕۆی، هەروەها خۆت لە گفتوگۆو موناقەشەی بێسوود بەدوور بگرە و ئەوەندەی لەتواناتدایە شتێکی جوان لەخواردن و خواردنەوەی پێشکەش بکە، تەنانەت لەکاتی نانخواردندا سەیری دەمی مەکەو باسی شتی قێزەونیشی بۆ مەکە.

*پێش ڕۆیشتن ئاساییە پێلاوەکانی بۆ دانێی وەکو ڕێزێك و لەخواحافیزی تا دەرگای دەرەوە لەگەڵی برۆ، هەتا ئەوان دەرۆن، مەچووە ژوورەوە.

شیخ جونەیدی بەغدادی ڕۆژێکیان لە شاری بەغدا چووە دەرو موریدانی کەوتنە دوای تا بزانن بۆ کوێ دەڕوات، کە لێیان پرسی: ئەوە بەتەمای کوێی؟

لەوەلآمدا وتی: دەمەوێ بچمە دیدارو دیدەنی بالوولی حەکیم و زانا.

موریدەکان بەلاقرتێوە وتیان: ئەو بالوولە شێتە، شێت هیچی لێ ناگیرێ!

شێخ جونەید داوای لێکردن بۆی بدۆزنەوە تاوەکو لە بیاباندا چنگیان کەوت.

شێخ چووە لای، سەلامی لێ کرد: سلاوت لێبێ بالوول گیان.

---

[٦٦]– **رواه البخاري**.

[٦٧]– **رواه مسلم**.

بالوول تیلە نیگایەکی دایێ، وتی: تۆ کێی، ناتناسم؟
شێخ بەخۆشحاڵیەوە وتی: من جونەیدی بەغدادیم.
بالوول وتی: ئا، تۆ شێخەکەی بەغدادی؟ کەواتە بانگەوازی خەڵکی بۆ ئیسلام دەکەیت؟
شێخ بە بزەیەکەوە وتی: بەڵێ.
بالوول وتی: یاشێخ پێمبڵێ چۆن خواردن دەخۆی؟
شێخ بە تەوسەوە وتی: یەکەمجار (بسم الله) دەکەم، لەپێش خۆمەوە خواردنەکە دەخۆم، تیکەی بچوك بچوکی لێ دەدەم و لەسەرخۆ دەیجویم و چاو لەوانی تر ناکەم و لەکاتی خواردندا لە یادی هەق غافل نابم و لە کۆتایی دەستەکانم جوان دەشۆم.
بالوول وتی: چما تۆ دەتەوێ کەسانی باش پەروەردە بکەی لەکاتێکدا خۆت هێشتا ئادابی نانخواردن نازانی چیە!.
بالوول بەجێی هێشت و هەنگاوینا، ڕێی کرد.
مووریدەکان بەجارێ وتیان: یا شێخ لێیمەگرە، ئەو کابرایە شێتە.
شێخ بەتووڕەییەوە وتی: ئەو کابرایە شێت نییە، ڕاستی لە قسەکانیدا هەیە و من نایزانم ؟
پێی هەڵێنا، دوای بالوول کەوت و پێی گەیشتەوە.. بالوول سەیرێکی کردو دووبارە پێیوت: تۆ کێی؟
شێخ بەسۆزەوە وتی: من شێخی بەغدادیم، ئەو شێخەی  نانخواردنی خۆی نازانێ چۆنە.
بالوول وتی: دەی کەوایە پرسیارێکی ترت لێ دەکەم، ئایا دەزانی وتاردان چۆنە؟
شێخ بەوپەڕی باوەڕبەخۆ بوونەوە زمانی گەڕاندو وتی: بەڵێ بەگوێرەی توانا قسە دەکەم،  بە بێ مانایی زمانم ناگەڕێنم و نادوێم، خەڵکی بۆ ڕێی خواو پێغەمبەری خوا بانگێشت دەکەم و قسەیەك ناکەم خەڵکی بەهۆیەوە نائومێدبن، دیسان لەوەدا ڕەچاوی لایەنی جەستەیی و دەروونی خەڵکەکە دەکەم و هەرچی پێویست بوو لە ئادابی کەلام،  هەموویان بۆ باس دەکەم.
بالوول وتی: تۆ  وەکو چۆن ئادابی نانخواردنت نازانی چۆنە، ئاوا نازانی ئادابی وتاردان چۆنە!
بەهلوول بەجێی هێشت و مووریدەکان وتیان: یا شێخ ئەو پیاوە شێتە چاوەڕوانی چی لێ دەکەی؟ گوێی لێ مەگرە.
شێخ هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو وتی: من کارم پێیەتی، ئێوە نایناسن و نازانن چ دانایەکە، بالول شێت نییە.
دیسان پێی هەڵێناو کەوتە دوای تا پێی گەیشتەوە، بالوول وتی: وەرە بزانم چیت لە من دەوێ؟  تۆ کە ئادابی نانخواردن و وتاربێژی نازانی، وەرە پێمبڵێ ئادابەکانی خەوتن چیە؟
شێخ وتی: دوای نوێژی عیشا کاتێ دەستبەتاڵ دەبم، دەچمە سەر جێگا و ئادابەکان ئەوەی لە پێغەمبەرەوە

وتراوه، هەموویان دەخوێنم.
بالوول وتی: دەبزانە ئادابی خەوتنیشت نەزانی.
ویستی بڕوات، جونەید  پێشی پێ گرت و پێی وت: بالول گیان من هیچ نازانم، من نەزانم و تۆ لە خوا نزیکی، داوات لێ دەکەم بە حیکمەتەکانی خۆت دەوڵەمەندم بکەیت و شتم فێر بکەی.
بالوول وتی: ئێستا کە دانت بەنەزانی خۆت دانا، ئەوجا گوێ بگرە با فێرت بکەم بزانە ئەوانەی وتت هەموویان شتی لاوەکی بوون، کە باسی خواردنم کرد، ئەسڵی خواردن ئەوەیە بەر لەهەر شتێ خواردنەکەت حەلاڵ بێت، چونکە ئەگەر لە شوێنی حەلاڵەوە دەستت نەکەوتبێ، ئەوا ئەو ئادابانە هیچ سوودێکیان نیەو خواردنەکەت دەبێتە هۆی دڵڕەشی دڵ و دەروون.
ئەسڵ لە وتاربێژی تەنها ئەوەیە نیەتی دڵت پاکبێ ، بەڵکو هەموو ئەوانەی دەیڵێی دەبێ مەبەستت ڕەزامەندی خوای پەروەردگار بێت، چونکە ئەگەر بۆ مەبەستێکی دونیایی  بێت، ئەوە باشترە هیچ نەڵێیت و بێدەنگی هەڵبژێری. هەروەها سەبارەت بە خەوتن، ئەسڵ وایە لەکاتی چوونە سەر جێگا، دڵی خۆت لە هەموو بوغزو ڕق و کینەو حەسادەتێ پاك بکەیەوە، گەردنی هەموو لایەك ئازاد بکەیت.

📖 **ئامانج: بەڕاستی بەسەرهاتێکی خۆش بوو، ئەی بابە گیان نازانم پێش نانخواردن ئاو بخۆمەوە یان لەگەڵ نانخواردن یان دوای نانخواردن؟**

✍ **عەبدوللا:** لەزانستی تازەدا ئەوە جێگیر کراوە کە هەموو زیندەوەرێکی زیندووپێکهاتووە لەڕێژەیەکی بەرز لە ئاو، بۆ نموونە ئەگەر لەسەدا ١٥ی ئاوەکەی لەدەست بدات ئەوە گیان لەدەست دەدات و لەناو دەچێ چونکە هەموو کارلێکە کیمیاوییەکان لەناو خانەکاندا تەواو نابێت ئەگەر لەناوەندێکی ئاویدا نەبێت.
خوای پەروەردگار بەجۆرێ مرۆڤی لە پێکهاتەی زەوی خەڵق کردووە کە ڕێژەی ئاو لە لەشی دا  نزیکەی ( ٧٣ ٪ ) و ماددەکانی تریش نزیکەی ( ٢٧ ٪ )ە، ئەوەش یەکسانە  بەو ڕێژەیەی کە لە ئاو و وشکایی هەسارەی زەوی بەدی دەکرێت.
لە بەیانی ئەو هەقیقەتەدا وەك هاوکێشەیەکی نەگۆڕو ئامارێکی وردو حسابێکی بیرکاری، لە قورئانی پیرۆزو قسەلەجێ دەرهەق بە وشکایی ٣٣جار وشەی (البحر) هاتووە و دەرهەق بە ئاویش ١٢جار وشەی (البر)هاتووە کە دەکاتە ٤٥جار.
ئەگەر ژمارە ٣٣ی ئاو دابەشی سەر ٤٥بکەین ئەوە دەکاتە(٧٣ ٪ ).
ئەگەر ژمارە ١٢ی وشکانی دابەشی سەر ٤٥بکەین ئەوە دەکاتە( ٢٧ ٪ ).

لەوەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ وەك خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ ﴾ [٦٨] **واتە:(ئێمە هەموو شتێکمان بەئەندازەو پێوانە دروست کردووە)**. هەر لە ئاویش هەموو شتێکی زیندووی دروست کردووە ﴿ وَجَعَلْنَا مِنَ الْمَاءِ كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّ ﴾ الأنبياء: ٣٠

[٦٨]– **القمر:** ٤٩

ئاو سەرچاوەی ژیانە، وەك چۆن دروست نییە لە خواردندا زێدەڕۆیی بکەین، بەهەمان شێوە دروست نییە لە بەکارهێنانی ئاودا زێدەڕۆیی بکەین تەنانەت ئەگەر لەسەر ڕووبارو دەریاشدابین، هەڵبەتە گەورەیی ئەو نیعمەتە بەشێوەیەکە وەکو خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ أَوَلَمْ يَرَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنَّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ كَانَتَا رَتْقًا فَفَتَقْنَاهُمَا ۖ وَجَعَلْنَا مِنَ الْمَاءِ كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّ ۖ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ ﴾ [69] **واتە:(ئایا ئەوانەی بێباوەڕ بوون، نەیانبینیوەو بۆیان ڕوون نەبۆتەوە کە بە ڕاستی ئاسمانەکان و زەوی، یەك پارچە بوون، لەوەو دوا لێکمان جیا کردنەوە، لە ئاویش هەموو شتێکی زیندوومان فەراهەم هێناوە (ئاو زۆربەی پێکهاتەی لەشی ئادەمیزاد و زیندەوەران و ڕووەك پێکدێنێ) ئایا ئەوانە هەر باوەڕ ناهێنن( بەو ڕاستیانەو بەو دەسەڵاتە بێ سنوورەی ئێمە؟!).**

تا ئێستا لەخۆمان نەپرسیووە ئاخۆ حیکمەت چییە ئاو سێ سیفەتی هەیە، ئەویش: ١- نەتامی هەیە ٢- نە بۆن ٣- نەڕەنگ.

زانستی سەردەم پێمان دەڵێت: هەموو ئەو خواردن و خواردنەوانەی بۆ مرۆڤ دەستەبەرو فەراهەم هاتووە، هەموو ئەو شتانەی ڕۆژانە دەیخۆین بەسێو و پرتەقاڵ و گوێزو ...هتد، هەموو ئەو شتانە بە ئاو دێنە بەر، ئەگەر ئاو تامێکی تایبەتی هەبوایە ئیدی هەرچیەك لەو شتانەی دەمانخوارد، هەموویان یەك تامیان دەبوو ئەویش تامی ئاو بوو ، هەروەها ئەگەر ئاو بۆنی هەبوایە هەموو ئەو میوە جۆراوجۆرانەی دەمانخوارد دیسان هەر هەموویان یەك بۆنیان دەبوو ئەویش بۆنی ئاو بوو. تامی گندۆرە لەتامی شووتی یان هەنار جیا نەدەکرایەوە، وەرە بێنە پێش چاوی خۆت و تاقی بکەوە بزانە بەردەوام شەربەت بخۆیەوە چەند زوو لێی بێزار دەبی؟ دیسان ئەگەر ئاو یەك ڕەنگی هەبوایە ئەوە هەموو زیندەوەرو گیانلەبەران یەك ڕەنگیان دەبوو ئەویش ڕەنگی ئاو بوو، هەموو زیندەوەران ڕەنگی ئاویان وەردەگرت، چونکە زۆربەی پێکهاتەی لەشیان لە ئاوەو هەرچی میوەیەك لەسەر ئەم دونیایە هەیە هەر چەند شێوەیان جیا بوایە، هەموویان یەك ڕەنگیان دەبوو لەکاتێکدا خوای پەروەردگار لەیەك زەوی دا، بەیەك ئاوی بێ بۆن و بێ تام و بێ رەنگ سەدەها جۆر بەروبوومی بەتام و بۆن و بەڕەنگمان پێ دەدات. حیکمەت لەو ئاوە ئەوەیە ئاوێکی پاك بێ ، واتە بێ تام و بێ ڕەنگ و بێ بۆن بێت.

سووڕی ئاو بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرو حیکمەتێکی بێ سنوورە لەو بەخششانەی خوای پەروەردگار بە گیانەوەرو مرۆڤایەتی بەخشیوە. بۆ نموونە کە ئاوی دەریاکان دەبنە هەڵم و بۆ ئاسمان بەرز دەبنەوە، پاشان بۆ چینەکانی ژێر زەوی دادەبارێن و بەئەندازەیەکی دیاریکراو دەیبارێنێ، هەر خۆی زانایە بەو بڕەی دەینێرێ، دەزانێ چۆن هاوسەنگی خاك ڕابگرێ، ئەگەر ئەو بڕە کەم بوو، بۆیان زیاد دەکات، ئەگەر زۆر بوو، لەسەریان

[69]- **الأنبياء:** ٣٠

کەم دەکاتەوە.﴿ إِنَّا كُلَّ شَيۡءٍ خَلَقۡنَٰهُ بِقَدَرٖ ﴾ القمر: ٤٩ **واتە:(ئێمە هەموو شتێکمان بەبڕێکی تایبەت دروست کردووە و هەموو شتێك ڕەنگدانەوەی کار دروستی و حیکمەتی خوایە)**.

ئەو ئاوەی دەچێتە ژێر زەوی، خودا بەجۆرێ جێگیری کردووە ناهێڵێ ڕۆبچێ کە ئەگەر بیەوێ ئەوە بەدرێژایی و قووڵیەکی وەها بەناخی زەوی دەبردە خوار، کە هەرچی ئامێرو دەزگای پێشکەوتووی دونیا هەیە، نەتوانن بیدۆزنەوە، وەکو خوای پەروەردگار دەفەرموێ:﴿ وَأَنزَلۡنَا مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءَۢ بِقَدَرٖ فَأَسۡكَنَّٰهُ فِي ٱلۡأَرۡضِۖ وَإِنَّا عَلَىٰ ذَهَابِۭ بِهِۦ لَقَٰدِرُونَ ﴾ [٧٠] **واتە:(هەر ئێمە لەئاسمانەوە بارانمان باراندوە بە قەدەرێکی تایبەت ، بەبڕێکی دیاری کراو ، وە جێگیرمان کردوە لەناو زەوی دا و نایەڵین ڕۆبچێ ، پاشان هەر ئێمە دەتوانین ئەو ئاوە لەناوبەرین و ئەو سەرچاوانە وشك بکەین)**.

بۆیە دەبینین کاتێ ئاوی باران دەچێتە ناو چینەکانی زەوییەوە، بەشێوەی کانیاو و کارێز سوودی لێ وەردەگیرێتەوە و تا ناخی زەوی ناڕوات وەك خوای پەروەردگار دەفەرموێ:﴿ قُلۡ أَرَءَيۡتُمۡ إِنۡ أَصۡبَحَ مَآؤُكُمۡ غَوۡرٗا فَمَن يَأۡتِيكُم بِمَآءٖ مَّعِينِۭ ﴾ [٧١] **واتە:(ئەگەر ئاوی کانی و کارێز و ڕووبارەکانتان ڕۆبچێ بەناخی زەوی دا ، کێ هەیە بێجگە لەخوا کە ئاوی پاك و زوڵاڵتان بۆ بهێنێ ؟)**.

حیکمەتێکی تر ئەگەر ئەو ئاوە سوێرەی دەریا هەر بە سوێری بباریبایە کە لای خوای گەورە زۆر ئاسانە، ئەو کاتە چی دەبوو؟ خوای پەروەردگار لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ:﴿ لَوۡ نَشَآءُ جَعَلۡنَٰهُ أُجَاجٗا فَلَوۡلَا تَشۡكُرُونَ ﴾ [٧٢] **واتە:(ئەگەر بمان ویستایە ئەمان کرد بە ئاوێکی شۆر و تاڵ وەك ئاوی دەریا)**. ئەوەش نیعمەتێکە خوای گەورە بەمرۆڤی داوە، چونکە لەماوەیەکی کورتی دیاری کراودا ئەو بڕە کارەبایە دەنێرێ و بڕێکی دیاری کراو لە ترشی نیتریك دروست دەکات [٧٣] بەبێ ئەوەی ئاوەکە کەڵکی ببڕێت و لەبەر تاڵی نەخورێتەوە و ( ببێ بە- اجاج -) ئەو کاتە نەمرۆڤ و نەدارو دەوەن و گیانەوەران نەیاندەتوانی سوودی لێ وەربگرن.

---

[٧٠] – **المؤمنون**: ١٨

[٧١] – **الملك**: ٣٠

[٧٢] – **الواقعة**: ٧٠

[٧٣] - **کاتێك باران دەبارێ و هەورە بروسکە پەیدا دەبێ ، گرێکی کارەبایی دروست دەبێت کە نزیکەی ( ٢٠ ) ملیۆن ڤۆڵتە و تەیارێکی کارەبایی دروست دەکات کە ( ١٠ تا ٥٠ ) هەزار ئەمپیر دەبێ، جا بەهۆی ئەمەوە بڕێك گازی نایترۆجین و ئۆکسجین یەك دەگرن و ئۆکسیدەکانی نایترۆجین پێك دێنن کە ئەویش لەئاوی بارانەکەدا دەتوێتەوە و ترشی نیتریك دروست دەکات.**

ئاوی سوێر هەموو دەریاو زەریاکانی داپۆشیوە کە ئەگەر ئەو ئاوانە شیرین بوونایە ئەوە لەماوەیەکی کەم بۆگەنی دەبوون و کەڵکی بەکارهاتنیان نەدەما.

ئەوجا بۆ ئەوەی لە جەوهەری باسەکە دەرنەچین:

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێ: (**ئەگەر ئاو یان شیرت خواردەوە بە دانیشتنەوە بیخۆوە**)[٧٤]. (**هەناسەی لەسەر مەدەو فووی لێ مەکە**)[٧٥]. (**سێ هەناسە بدە لە دەرەوەی جامەکە لە کاتی خواردنەوەدا**)[٧٦].

**لە ئادابەکانی ئاوخواردنەوە:** سوننەتە بەدەستی ڕاست گلاسەکە بەدەستەوە بگری، ئاوەکە بەدانیشتنەوە لەسەرخۆو بێ پەلە پەل بخۆیەوە چونکە ئاوخواردنەوە بە دانیشتن دەبێتە هۆی ڕۆیشتنی هەموو ئەو خلتانەی هۆکارن بۆ دروستبوونی بەرد لە گورچیلەدا، هەروەها بەدانیشتنەوە ئاو بۆ هەموولاشە دەچێ و میکرۆبە زیانبەخشەکانی ناو گورچیلە لادەبات، سیستەمی ماسولکەکان ئارام و نیگەرانی کەم دەکاتەوە، دوای وتنی(**بِسمِ الله**) بە سێ قوم ئاوەکە بخۆوە کە لەنێوانیاندا هەناسەدان هەبێت، واتە لە دەرەوەی پەرداخەکە هەناسە بدەو بەم کارە لەشت بۆ هەر وەستانێك، ئۆکسجینی زیاتر وەردەگرێ ئەوەش دەبێتە هۆی وەرگرتنی ئەنسۆلین کە ئەنسۆلین جەستە لە نەخۆشی شەکرە دەپارێزێ.

هەروەها ئاوگێڕان لەناو هەر دەستەو تاقم و مەجلیسێکدا پێویستە لە مرۆڤی گەورەو بەتەمەن و لە دەستە ڕاستەوە دەست پێبکەین و خۆمان دوا کەس لە ئاوەکە بخۆینەوە.

ئەگەر یەکێك ئاوی پێدای، بە ئەدەبەوە لێی وەربگرە، دوای وتنی (بسم الله) بە سێ جار ئاوەکە بخۆوە، ئەوجا بڵێ: (الحمدلله) پاشان دوعای بۆ بکەو پێی بڵێ: ( **اللَّهُمَّ أَطْعِمْ مَنْ أَطْعَمَنِي، وَاسْقِ مَنْ سَقَانِي** )[٧٧]**واتە:(خوایە خواردن بدە بەو کەسەی خواردنم پێ دەدا، ئاو بدە ئەو کەسەی ئاوی بە من دا)**.

زانایانی بواری پزیشکی جەخت لەوە دەکەنەوە: ئەوەی بەپێوە ئاو دەخواتەوە، تەڕەسوبات لەناو کلیەی دروست دەبێت.

**لەزیانەکانی ئاوخواردنەوە بەپێوە:**

تێنوێتی مرۆڤ ناشکێنێ، بەدهەرسی بۆ دروست دەبێ و دەبێتە هۆی دڵەکزێ و قورحەی مەعیدە و دروستبوونی ئیلتیهابی جومگەکان وەك پەنجە ئێشەو پشت ئێشە و لەدەستدانی بالانسی شلەی جەستە،

[٧٤]- **رواه مسلم برقم/ ٢٠٢٤**

[٧٥]- **رواه الترمذی برقم/ ١٨٨٩**

[٧٦]- **رواه البخاري برقم/ ٢٠٢٨**

[٧٧]- **رواه مسلم برقم/ ٢٠٥٥**

سەرەڕای ئەوەی ڕاڕایی و نیگەرانی و دوو دڵی زیاد دەکات چونکە (فایت ئاند/ ئۆفلایت کە سیستەمێکە لە جەستەدا بەرپرسە لە پەستان و کردە فسیۆلۆجیەکان) چالاك دەبێ و دەبێتە هۆی راچڵەکان لە جەستەدا.

📖 **ئامانج: تا ئێرە شتێکی زۆر باشت بۆ باس کردم کە تا ئێستا نەمدەزانی، ئەی پێش دەرچوون لە ماڵدا چیبکەین و بۆ خۆ گۆڕین و جل و بەرگ لەبەرکردن هیچ ئادابێکی ئەوتۆ هەیە پەیڕەوی بکەین؟**

✍ **عەبدوللا:** ئەگەر گەسێك دوای نوێژی بەیانی لەمزگەوت بمێنێتەوە تاوەکو خۆر هەڵدێ و بەقەت ڕمێك بەرز دەبێتەوە، واتە نزیکەی چارەگێك تێدەپەڕێ ئەوجا دووڕکات نوێژی چێشتەنگاو[78] بکات ئەوە خێری حەج و عومرەیەکی تەواوی بۆ دەنووسرێ.

ئیسلام هەموو هەنگاوەکانی ئەتەکێتە، مرۆڤ واباشە پێش دەرچوون یان مانەوەی لە ماڵ، بە چارەگێك دوای خۆرهەلاتن، دەست نوێژ بگرێ و دوو ڕکات نوێژی چێشتەنگاو ئەنجام بدات، چونکە لەم ڕووەوە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێ: (**فِي الإنسانِ ثلاثمائةٍ وستونَ مِفْصَلًا ، على كلِّ مِفْصَلٍ منها صدقَةٌ . قالوا : يا رسولَ اللهِ ! وأيُّنَا يُطيقُ ذَلِكَ ؟ قال : أَلَيْسَ يُنَحِّي أحدُكم الأذى عن الطريقِ ؟ ويُبْزَقُ في المسجدِ فَيَدْفِنُهَا ؟ فَإِنْ لم يفعلْ فإِنَّ رَكْعَتَي الضُّحَى تُجْزِيه**)[79]

فەزڵ و گەورەیی نوێژی چێشتەنگاو ئەوەیە کە مرۆڤ چاکە و سەدەقە بەرامبەر ٣٦٠ ئێسقانی جەستەی دەکات، ئەگەر دوو ڕکات ئەنجام بدەی ئەوە ٣٦٠خێرت پێ دەگات کە هەر خێرێ، یەك بەدەیە، ئەگەر چوار ڕکات بکەی ئەوە خودا تاوەکو ئێوارە دەتپارێزێ. بۆیە ئەگەر دڵت تەنگە، پێداویستیەکت هەیە! دەست بۆ هەر شتێك دەبەیت و بۆت نایە، قەرزاری! گیروگرفت و خەم و خەفەت و پەژارەیەکت هەیە! ئەوە بڕۆ نوێژی چێشتەنگاو بکە. ئەوەتا خوای پەروەردگار لە حەدیسێکی قودیسی دا دەفەرموێ: (**ابْنَ آدَمَ ، ارْكَعْ لِي أَرْبَعَ رَكَعَاتٍ مِنْ أَوَّلِ النَّهَارِ أَكْفِكَ آخِرَهُ**) [80] **واتە:(ئەی نەوەی ئادەم چوار رکاتی چێشتەنگاوم بۆ بکە، ئەوە پێداویستیەکانی ئەو ڕۆژەت بۆ دابین دەکەم).**

---

**[78]- سورەتێك بەناوی (ضحى) دابەزیوە، خوا سوێندی پێ دەخوات. کاتەکەی دوای خۆرهەلاتن بەئەندازەی ڕمێك، واتە چارەگێك دوای دەرکەوتنی خۆر ئەنجام دەدرێ و کاتەکەی تا پێش گەیشتنی خۆر بەناوەڕاستی ئاسمان واتە تاوەکو ١٥ خولەك پێش نوێژی نیوەڕۆ دەمێنێ.**

**گەورەیی و فەزلی نوێژی چێشتەنگاو ئەوەیە کە سەدەقەو چاکەت بەرامبەر هەر ئەندامێکی لەشت کردبێ، بەم نوێژە دەوترێ: نوێژی سوپاس و بەنوێژی تەوبەکاران و چاکەکاران ناسراوە کە فەوتا ناگێڕدرێتەوە، هۆکاری پاراستنی خاوەنەکەیەتی لە ئاگری دۆزەخ، ئەنجامدەرانی ئەم نوێژە خاوەنی کۆشکی نایابن لە بەهەشت، دەتوانی لەسەفەر یان بەجەماعەت بیکەی، ئەوەی چوار ڕکعات بکات، کێشەکانی چارەسەر دەبێت.**

**[79]- حسن صحيح- أخرجه أبو داود (٥٢٤٢)، وأحمد (٢٣٠٣٧) باختلاف يسير .**

**[80]- أخرجه الترمذي برقم/٤٧٥ وصححه الألباني في "صحيح الجامع" (٤٣٣٩)**

(عائیشە) دایكی ئیمانداران دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا كە نوێژی چێشتەنگاوی دەكردو لێ دەبۆوە، سەد جار دەیوت: (ربِّ اغفر لي، وتُب عليَّ، إنَّكَ أنتَ التَّوَّابُ الرَّحيمُ)[81].

هەروەها ئەگەر ویستمان بڕۆینە دەرەوە بۆ سەر كار یاخود سەردان و ئەو شتانە، نابێ پۆشاك بۆ فیزو خۆبەزلزانین بپۆشین و ئەو جلەی لەبەری دەكەین دروست نیە وێنەی نەشیاو و مەكروهی لەسەربێ.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: (لا يدخلُ الجنَّةَ من كانَ في قلبِه مثقالُ ذرَّةٍ من كِبرٍ ولا يدخلُ النَّارَ مَن كانَ في قلبِه مثقالُ ذرَّةٍ من إيمانٍ فقال رجلٌ يا رسولَ اللَّهِ الرَّجلُ يحبُّ أن يَكونَ ثوبُه حسنًا ونعلُه حسنةً فقال رسولُ اللَّهِ صلَّى اللَّهُ عليهِ وسلَّمَ إنَّ اللَّهَ جميلٌ يحبُّ الجمالَ إنَّ الكبرَ مَن بطرَ الحقِّ وغمَصَ النَّاسَ).[82] **واتە:(ناچێتە بەهەشت ئەوەی بەقەت میسقالە زەڕڕەیەك خۆبەزلزانینی لەدڵدابێ و ناچێتە دۆزەخ ئەوەی بەقەت میسقالە زەڕڕەیەك(گەردیلەیەك) ئیمانی لەدڵدابێ. پیاوێ وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)پیاو هەیە حەز دەكات جل و بەرگەكەی جوانبێ و نەعلەكانی جوانبێ. پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەوەلاًمدا فەرمووی: بێگومان خوا جوانەو جوانی پێخۆشە، خۆبەزلزانین بریتیە لە ڕەتكردنەوەی هەق و بەسووك سەیركردنی خەڵكی).**

ئیمامی عومەر(رضي الله عنه) دەفەرموێ: ( زۆر سەرسامی گەنجێك دەبووم، جل و بەرگی خاوێن و بۆنی خۆشی لێهاتبایە).

ئەگەر جل و بەرگت پۆشی، بە دەست و پێی ڕاستە دەست پێ بكەو ناوی خوای لێ بێنە، بڵێ:(بسم الله).

كاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) جل و بەرگێكی بپۆشیبایە، ئەو دوعایەی دەكرد: ( الحمدُ للهِ الذي كساني هذا ﴿ الثوبَ ﴾ ورزقنِيهِ من غيرِ حولٍ مني ولا قوةٍ- غُفِرَ له ما تقدَّمَ من ذنبِه وما تأخَّر)[83] .**واتە:(سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی ئەم بەرگ و پۆشاكەی پێ بەخشیم و رزقیدام بەبێ هیچ هەوڵ و ماندوو بوون و هیچ هێزێ لە منەوە). هەر كەسێك ئەم دوعایە بخوێنێ لەكاتی جل و بەرگ لەبەركردن، ئەوا خوای گەورە لە تاوانەكانی پێشووی خۆش دەبێت).**

ئەگەر پێغەمبەری خوا عەمامەیەك، قەمیسێ، بەرگ و پۆشاكێكی نوێی لەبەر بكردایە، دەیفەرموو: (اللَّهمَّ لَكَ الحمدُ أنتَ كسوتَنيهِ، أسألُكَ خيرَه، وخيرَ ما صُنعَ لَه، وأعوذُ بِكَ من شرِّه، وشرِّ ما صُنِعَ لَهُ)[84]

---

[81]- **صحيح أبي داود برقم/ ١٥١٦**

[82]-**الراوي : عبدالله بن مسعود | المحدث : ابن خزيمة | المصدر : التوحيد | الصفحة أو الرقم | ٨٩٨/٢ : خلاصة حكم المحدث] : أشار في المقدمة أنه صح وثبت بالإسناد الثابت الصحيح**

[83]- **صحيح أبي داود برقم/ ٤٠٢٣**

[84]- **ابن القيم | المصدر : زاد المعاد | الصفحة أو الرقم ٢/٣٤٥ : خلاصة حكم المحدث : صحيح**

**واته:(خوایه حەمد و سوپاس بۆ تۆ کە ئەم پۆشاکەت پێ بەخشیوم، داوای خێرو چاکەیت لێ دەکەم و ئەو خێرو چاکەی بۆی دروست کراوە، وە پەنات پێ دەگرم لە شەڕو خراپەی و ئەو شەڕو خراپەی بۆی دروست کراوە).**

**لە ئادابەکانی پۆشینی جل و بەرگ:**

*سوننەتە مەردوم جلی سپی لەبەر بکات.

*جلەکانی بەری پاك و خاوێن ڕابگرێ.

* ئەگەر جلەکانی تووشی لۆچ و پووچ بوون، ئوتووی بکات و فیزو کەشخەیی بەسەر کەسەوە پێ لێ نەدات. نەخاسمە لەبەرکردنی پانتۆڵ و شەرواڵ کە ئەگەر شۆڕ کردنەوەو خشینی لەسەر زەوی بەمەبەستی گەورەیی بێت، ئەوە دروست نییەو حەرامە.

* کچان پێویستە جلی تایبەت بەخۆیان و کوڕان بەهەمان شێوە جلی تایبەت بەخۆیان لەبەر بکەن، پێغەمبەر ی خوا(ﷺ) نەفرەتی لەو کەسە کردووە کوڕ خۆی بە کچ بچوێنێ و کچ خۆی بە کوڕ بچوێنێ.(**لَعَنَ رَسولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ المُتَشبِّهِينَ مِنَ الرِّجَالِ بالنِّسَاءِ، والمُتَشَبِّهَاتِ مِنَ النِّسَاءِ بالرِّجَالِ**)[٨٥].

*ئەو جلەی ئافرەت دەیپۆشێ دەبێ ئەستورو درێژو فراوانبێ و بەتەواوی جەستەی داپۆشێ، چونکە عەورەتی ئافرەت هەموو جەستەیەتی جگە لە دەست و دەم و چاو، بۆ پیاوانیش لە ناوکیەوە بۆ سەر چۆکیەتی، ئەوەش بەومانایە نیە پیاوان بەو شێوەیە خۆیان بۆ کەسی نامەحرەم نمایش بکەن).

* بۆ ئافرەت دروستە جلی ئاوریشم لەبەر بکات، بەلاَم پیاو نابێ جلێك بپۆشن کە لە ئاوریشم دروست کرابێت.

*پێش ئەوەی لەماڵەوە بۆ دەرەوە بڕۆی، سەیرێکی ئاوێنە بکە، سەرو پرچت جوان دابێنە، جلەکانی بەرت ڕێك بخە و ئەو دوعایەی پێغەمبەر (ﷺ) بخوێنە کە دەفەرموێ:( **اللهم أحسَنْتَ خَلْقي فأَحْسِنْ خُلُقي**)[٨٦].

**واتە:(خوایە تۆ منت بە جوانی خەڵق کردووە، ئاکارو ڕەوشتیشم جوان بکە).**

*ئەگەر پێڵاوت لەپێ کرد سوننەتە بەپێی ڕاست لەپێی بکەیت و بەپێی چەپ دایبکەنی، وەکو پێغەمبەری خوا دەفەرموێ: ( **إِذَا انْتَعَلَ أَحَدُكُمْ فَلْيَبْدَأْ باليَمِينِ، وإذَا نَزَعَ فَلْيَبْدَأْ بالشِّمَالِ، لِيَكُنِ اليُمْنَى أوَّلَهُما تُنْعَلُ، وآخِرَهُما تُنْزَعُ**)[٨٧].

---

**[٨٥]- صحيح البخاري برقم/ ٥٨٨٥**

**[٨٦]- الراوي : عائشة أم المؤمنين | المحدث : الألباني | المصدر : إرواء الغليل، الصفحة أو الرقم | ١/١١٥ :خلاصة حكم المحدث صحيح.**

**[٨٧]-صحيح البخاري برقم/ ٥٨٥٥**

🕮 **ئامانج: پێلاو بەپێی ڕاست لەپێ دەکەین و لە هاتنەوە  بەپێی چەپ دایدەکەنین[88]، ئەی کە چووینە دەرەوە، ئادابەکان چونە بازاڕ و سەردانی نەخۆش و هاوڕێیەتی  و ئەو شتانە چین؟**

✍ **عەبدوللا:** کە چوویە دەرەوە بەپێی ڕاست دەرچوو، پێغەمبەر(ﷺ) کە لەماڵ دەردەچوو، دەیفەرموو: (مَن قال إذا خرَجَ من بَيتِه: بسمِ اللهِ توكَّلْتُ على اللهِ، ولا حَولَ ولا قوةَ إلَّا باللهِ، يُقالُ له: هُديتَ وكُفيتَ ووُقيتَ، وتَنَحَّى عنه الشيطانُ)[89]. **واتە:(هەر کەسێ لەماڵەوە دەرچوو بڵێ: بەناوی خوای تاك و تەنیا، پشتم بەخوا بەست، وە هیچ هەوڵ و هێزێ نییە ئیللا بە پشت بەستن بەخوا نەبێت و ئەم دوعایە بخوێنێ، ئەوا پێی دەوترێ: ئەمەت بەسەو پارێزراویت و شەیتانیشت لێ دوور دەکەوێتەوە).**

**ڕۆژێکیان هانایان بۆ ئەبو دەردائی سەحابە برد، وتیان: خێرا بکەوە خۆ، ماڵتان سوتا؟ وتی: ماڵی من نییە، ماڵی من ناسووتێ. وتیان: کورە بگەیێ ماڵی تۆیەو ماڵتان سوتا. وتی: ئاخر من دەڵێم ماڵی من ناسوتێ. وتیان: بۆ ئەوەندە باوەڕت بەخۆیە؟.**

**کە دەگەڕێنەوە دەچن سەیر دەکەن ماڵی ئەو نییە، ئەوە ماڵی دەوروبەرەکەیانە سوتاوە، ئەویش پێیوتن: یەقینم لەسەر ئەو فەرموودەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەیە کە دەڵێت: "بسم الله توکلت علی الله ولا حول ولا قوە الا بالله" کە ئەمەت وت، بەهیچ شێوەیەك شەیتان لێت نزیك نابێتەوە.**

ئەگەر هاتیە دەرەوە، پەیڕەوی ئەو فەرموودەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بکە کە دەفەرموێ: (إياكم والجلوسَ بالطرقاتِ . قالوا: يا رسولَ اللهِ ، ما بُدٌّ لنا من مجالسِنا نتحدثُ فيها، فقال رسولُ اللهِ صلى الله عليه وسلم: إن أبيتم فأعطوا الطريقَ حقَّه . قالوا: وما حقُّ الطريقِ يا رسولَ اللهِ؟ قال: غضُّ البصرِ، وكفُّ الأذى، وردُّ السلامِ ، والأمرُ بالمعروفِ ، والنهي عن المنكرِ[90]**.واتە:(لەسەر ڕێگا دامەنیشن. ئەوانیش وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)ئێمە ناتوانین لەسەر ڕێگا دانەنیشین و قسەی تێدا نەکەین. پێغەمبەر (ﷺ)فەرمووی: ئەگەر هەر دانیشتن ئەوا حەقی ڕێگا بدەن. ئەوانیش وتیان: حەقی ڕێگا چییە؟ پێغەمبەر(ﷺ)فەرمووی: چاوگرتنەوەو نەزەر نەکردن، خۆگرتنەوە لە ئازاردانی خەڵك، وەڵامدانەوەی سەلام، ڕێنماییکردنی سەرلێشێواو و ڕێپیشاندانی ، فەرمانکردن بە چاکە، قەدەغەکردنی خراپە).**

---

**[88]- لەکاتی جل داکەندن لای چەپ بەپێش بخەو هەر کەسێ لەکاتی جل داکەندن بڵێ "بسم الله" ئەوە جنۆکە عەورەتی نابینێ.**

**[89]- زاد المعاد برقم: ٢٣٦/٢ حسن صحيح**

**[90]- صحيح أبي داود برقم/ ٤٨١٥**

**لەئادابەکانی مافی ڕێگا:**

* هەر کاتێك لەگەڵ کەسێ یان چەند کەسێ یەکتان گرت و تووشی یەك بوون، لەسەر چەقی ڕێگە مەوەستن و ڕێ لە هات و چۆی هاموشۆکەران مەگرن کە ئەو شوێنە شوێنی هاتوچۆیە، لەشوێنێك بوەستن، خەڵکی بەسەرەوە نەبێت.

*خۆتان لە نەزەر بپارێزن، هەر کەسێك بەبەردەمتان تێپەڕی بەتایبەت ئەوانەی مەحرەمن، سەیریان مەکەن، چونکە بەسەیرکردن گوناهتان دەگاتێ.

*چاودێری ڕەفتارو هەڵس و کەوت و دانیشتنی ئەم و ئەو مەکەن، مەبنە چاودێرو ڕەقیب بەسەر خەڵکەوە بزانن خەڵك چی دەڵێ؟ چی دەکات؟ دەچێتە کوێ و....هتد.

*قاقا و پێکەنینتان بەرز مەکەنەوە.خۆتان لە گاڵتەو گەپ و شتی پڕو پووچ بەدوور بگرن با خەڵکی لێکدانەوەی خراپتان بۆ نەکەن.

*غەیبەتی کەس مەکەن، غەیبەت تاوانە.

*جنێو بە کەس مەدەن، ئەگەر جنێوتان بە کەسێك دا، دوعای خێرو بەرەکەتی بۆ بکەن، وەکو پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: **( اللَّهُمَّ فَأَ يُّمَا مُؤْمِنٍ سَبَبْتُهُ، فَاجْعَلْ ذَلِكَ لَهُ قُرْبَةً إِلَيْكَ يَوْمَ القِيَامَةِ )**[٩١] **( خوایە ئەگەر جوێنم بەهەر ئیمانداریێ داوەو ئەزیەتم داوە، ئەوەی بۆی بکە مایەی نزیك بوونەوە لە خۆت لەڕۆژی دوایی)**.

دوای دەرچوون لەماڵ، ئەگەر سواری ئۆتۆمبێل، ولاٌغ، میترۆ، شەمەندەفەر، کەشتی و پاپۆڕ و فڕۆکە بووی کە هەر یەك لەمانە هەنگاوی دوورمان بۆ نزیك دەکەنەوە، کار ئاسانیمان بۆ دەکەن، ئەوە نیعمەتی خوایە پێویستە سوپاس و ستایشی خوای لەسەر بکەین.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر لەسەر پشتی ولاخ جێگیر بوایە بەمەبەستی دەرچوون بۆ سەفەر، سێ جار (الله أكبر) ی دەکرد، ئەوجا دەیفەرموو: (پاکی و بێگەردی بۆ ئەو کەسەی ئەمەی بۆ ڕەخساندوین و ئێمە دەسەلاٌتمان نەبوو بەسەریدا، وە هەر ئێمە بۆ لای پەروەردگارمان دەگەڕێینەوە). خودایە ئێمە لەم گەشتەماندا داوای چاکەو تەقوات لێدەکەین و داوای کارێکت لێ دەکەین خۆت پێی ڕازی بیت، خودایە ئەم گەشتەمان بۆ سووك و ئاسان بکەو دووریەکەمان بۆ نزیك بکەوە، خوایە تۆ ئاگات لێمانە لە گەشتەکاماندا و پارێزەری کەس وکارمانی کە جێمان هێشتوە، خودایە پەنات پێ دەگرم لە ناڕەحەتی گەشت و غەمباری و ناسۆری دیمەنەکان و خراپی و نوقسانی لەدوای باشی زیادەو لە پاڕانەوەی ستەملێکراو و خراپ گەڕانەوە بۆ ناو کەس و کارو ماڵ و

---

[٩١]– **رواه البخاري برقم/ ٦٣٦١ ومسلم برقم/ ٢٦٠١**

سامان) وه ئەگەر بگەڕایەتەوە ئەوەی دەگوت و ئەمەشی بۆ زیاد دەکرد)(گەڕاینەوەو تەوبەکارین و تەنها خوا دەپەرستین و بۆ پەروەردگارمان سوپاسگوزارین)، جا بەردەوام ئەوەی دەگوت تاوەکو دەچووە ناو شارەوە))[٩٢].

ڕۆڵەی شیرینم لەپێشەوە باسی سەیارەم کرد کە لەم سەردەمە کڕین و فرۆشتنی زۆری پێوە دەکرێ و بووەتە بەشێك لە پێداویستیەکانی ژیان، هەر بۆ زانیاریت ئەگەر کەسێ سەیارەیەکی کڕی، جاریەی کڕی کە لەم سەردەمە کەم بۆتەوەو هەر نەماوە، یاخود دوکانی کڕی یان مەڕومالاَت، ئەسپ، خانوو، ڤێلاو هەر شتێکی تر، با ئەم دوعایە بکات وەکو پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێ: **(إذا اشترى أحدُكُم الجاريةَ، فليقُلْ : اللَّهمَّ إنِّي أسألُكَ خَيرَها وخيرَ ما جَبلتَها علَيهِ ، وأعوذُ بِكَ من شرِّها وشرِّ ما جبلتَها علَيهِ، وليَدْعُ بالبركَةِ، وإذا اشتَرى أحدُكُم بعيرًا ، فليأخُذْ بذِروَةِ سَنامِهِ، وليدعُ بالبرَكَةِ، وليقُلْ مثلَ ذلكَ)**[٩٣]. **واته:(خوایە داوای خێرو چاکەکەیت لێ دەکەم و خێرو چاکەی ئەو تەبیعەت و سروشتەی تێیدا چاندووتەو پەنات پێ دەگرم لە خراپەی و خراپەی ئەو تەبیعەت و سروشتەی تێیدا چاندووتە)**.

ئەگەر بەسەر بەرزاییدا ڕۆیشتی، بەرەو بەرزایی گردێك، بۆ چیاییەکی سەرکەش هەڵکشای، بۆ نموونە سواری فڕۆکە بووی یا تەلەفریك و قالدرمە و مەسعەد، یاخود لە ئاپارتمان و خانوویەکدا لەنهۆمی یەکەمەوە چوویە سەرەوە بۆ نهۆمی دووەم، سوننەتە " الله أكبر" بکەیت و لەهاتنە خوارەوەدا "سبحان الله" بکەیت.

**کوڕی خۆم ئامانج:**

ئێمە لەو قسانەی پێشەوە دوورو نزیك لە دەرگای مزگەوتمان نەدا، باسی مزگەوتمان نەکرد، بۆیە ئەگەر لەماڵەوە یان لەفەرمانگەو شوێنێکەوە بەرەو مزگەوت ڕۆیشتین، بەدەم ڕێگەوە ئەم دوعایە دەخوێنین:

*(اللَّهُمَّ اجْعَلْ لِي نُورًا فِي قَلْبِي، وَنُورًا فِي قَبْرِي، وَنُورًا مِنْ بَيْنِ يَدَيَّ، وَنُورًا مِنْ خَلْفِي، وَنُورًا عَنْ يَمِينِي، وَنُورًا عَنْ شِمَالِي، وَنُورًا مِنْ فَوْقِي، وَنُورًا مِنْ تَحْتِي، وَنُورًا فِي سَمْعِي، وَنُورًا فِي بَصَرِي، وَنُورًا فِي شَعْرِي، وَنُورًا فِي بَشَرِي، وَنُورًا فِي لَحْمِي، وَنُورًا فِي دَمِي، وَنُورًا فِي عِظَامِي، اللَّهُمَّ أَعْظِمْ لِي نُورًا، وَأَعْطِنِي نُورًا،

---

[٩٢]- **كان النبي اذا استوى على بعيره خارجاً الى سفر كبَّر ثلاثاً، ثم قال:﴿ سُبْحَٰنَ ٱلَّذِى سَخَّرَ لَنَا هَٰذَا وَمَا كُنَّا لَهُۥ مُقْرِنِينَ ﴿١٣﴾ وَإِنَّآ إِلَىٰ رَبِّنَا لَمُنقَلِبُونَ ﴿١٤﴾ ﴾اللَّهُمَّ إنَّا نَسْأَلُكَ فِي سَفَرِنَا هَذَا البِرَّ والتَّقْوى، ومِنَ العَمَلِ مَا تَرْضَى، اللَّهُمَّ هَوِّنْ عَلَيْنَا سَفَرَنَا هَذَا وَاطْوِعَنَّا بُعْدَهُ، اللَّهُمَّ أَنْتَ الصَّاحِبُ فِي السَّفَرِ، والخَلِيفَةُ فِي الأَهْلِ، اللَّهُمَّ إِنِّي أعُوذُ بِكَ مِنْ وَعْثَاءِ السَّفَرِ، وَكَآبَةِ المَنْظَرِ و الحور بعد الكور و دعوة المظلوم ، وسُوءِ المُنْقَلَبِ فِي المَالِ والأَهْلِ)). وإذَا رَجَعَ قَالَهُنَّ وزَادَ فِيهِنَّ: (( آيِبُونَ، تَائِبُونَ، عَابِدُونَ، لِرَبِّنَا حَامِدُونَ)). فلم يزل يقولها حتى دخل المدينة). "تخريج الكلم الطيب: ١٧٤/٤، صحيح النسائي: ٥٥١٣ ، مختصر البخاري: ١٢٣٤"**

[٩٣]- **صحيح ابن ماجه برقم/ ١٨٣٩**

وَاجْعَلْ لِي نُورًا )[٩٤].

ئەوجا بەپێی ڕاست دەچینە ناو مزگەوت و ئەم دوعایە دەکەین، وەکو پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: **(إذا دَخَلَ أحَدُكُمُ المَسْجِدَ، فَلْيَقُلِ: اللَّهُمَّ افْتَحْ لي أبْوابَ رَحْمَتِكَ، وإذا خَرَجَ، فَلْيَقُلِ: اللَّهُمَّ إنِّي أسْأَلُكَ مِن فَضْلِكَ)**[٩٥].(ئەگەر یەکێك لەئێوە چووە ناو مزگەوت بابڵێ: خوایە دەرگاکانی ڕەحمەتی خۆتم لێ بکەوەو لێمی والاّ بکە وە ئەگەر چووە دەرەوە بابڵێ: خوایە داوای خێرو چاکەو بەخشش لەتۆ دەکەم)[٩٦].

جا کاتێ چووینە نێو مزگەوت، پێش ئەوەی دانیشین، سوننەتە دوو ڕکات نوێژی (تحية المسجد) بکەین، وەکو پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێ: **(إذا دخَل أحدُكم المسجدَ فلا يَجلِسْ حتى يصلِّيَ ركعتَين)**[٩٧] **واتە:(کەسێك ئێوە هاتە ناو مزگەوت، با دوو ڕەکەعات نوێژ بکات پێش ئەوەی دانیشێ)**.

دوای تەواو بوونی نوێژی بەکۆمەڵ، چەند دەتوانی دوعاو نزا بۆ خۆت و کەس و کارو ئیمانداران بکە و هەندێ زیکری تایبەت هەیە بەبەردەوامی دوای نوێژەکان بیخوێنە، وەکو:

*(استغفرالله)، (استغفرالله)، (استغفرالله).

*( اللَّهُمَّ أَنْتَ السَّلَامُ وَمِنْكَ السَّلَامُ، تَبَارَكْتَ ذَا الْجَلَالِ وَالْإِكْرَامِ)[٩٨].

*( لا الهَ الاّ اللّهُ وَحدَهُ لا شَريكَ لَه، لَهُ المُلكَ وَ لَهُ الحَمدُ وَ هو عَلى كُلِّ شيءٍ قَدير، لا حَولَ وَ لا قُوَّةَ الا بِاللهِ وَلا نَعبُدُ الاَّ ايّاهُ، لَهُ النِّعمةُ وَلَهُ الفَضلُ وَلَهُ الثَّناءُ الحَسنُ، لا الهَ الاّ اللّهُ مُخلصين لَهُ الدّين وَلَو كَرِهَ الكافِرون)[٩٩].

*(اللّهمّ لا مانعَ لما أعطيتَ ، ولا مُعطيَ لما منعت، ولا يَنفَعُ ذا الجدِّ منكَ الجَدُّ)[١٠٠]. سُبحانَكَ: ( سُبحانَ الله).(٣٣ ) جار (الحَمدُ لِله).( ٣٣ ) جار (اللّهُ أكبَر) ( ٣٣ ) جار.

---

[٩٤] **–رواه البخاري(٦٣١٦)، كتاب الدعوات، باب: الدعاء اذا انتبه بالليل ومسلم برقم(٧٦٣)، كتاب: صلاة المسافرين وقصرها، باب: الدعاء في صلاة الليل و قيامه.**

[٩٥]**– صحيح مسلم برقم/ ٧١٣**

[٩٦]**– یاخود بڵێ: (أَعُوذُ بِاللَّهِ العَظِيم، وَ بِوَجهِهِ الكَرِيم، وَ سُلطانِهِ القَدِيم، مِنَ الشَّيطانِ الرَّجِيم) أبوداود وانظر، صحيح الجامع برقم ٤٥٩١ (بِسمِ اللَّه وَ الصَّلاة) رواه ابن السني برقم ٨٨ و حسنه الالباني. (وَالسَّلام على رَسُولِ اللَّه) أبوداود ١٢٦/١ وانظر، صحيح الجامع ٥٢٨/١ (اللَّهُم افتَح لي أَبوابَ رَحمَتِكَ) مسلم ٤٩٤/١ (خۆم بەخوای گەورەو بەرووی پاك و بەڕێزی و بەدەسەلاّتداریێتی کۆن و هەمیشەیی لە شەیتانی دوورخراوەو نەفرەت لێکراو دەپارێزم، بەناوی خوای تاك و تەنیا، دروودو سەلام لەسەر پێغەمبەری خوا (ﷺ)، خوایە دەرگاکانی رەحمەتی خۆتم لێ بکەوەو لێمی والاّ بکە).**

[٩٧]**–رواه البخاري برقم/ ١١٦٧ ومسلم برقم/ ٧١٤**

[٩٨] **–رواه مسلم برقم(٥٩١).**

[٩٩] **– رواه مسلم برقم/ ٥٩٤**

[١٠٠] **–رواه البخاري برقم/ ٨٤٤**

بۆ تەواو کردنی ژمارە (١٠٠) بڵێ: (لا الهَ الاّ اللهُ وَحدَهُ لا شَريكَ لَه، لَهُ المُلكَ وَ لَهُ الحَمدُ وَ هو عَلى كُـلِّ شـيءٍ قَدير)[١٠١].

*خوێنـدنی (ايـة الكرسـي) یـەک جـار : ﴿ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡحَيُّ ٱلۡقَيُّومُۚ لَا تَأۡخُذُهُۥ سِنَةٞ وَلَا نَوۡمٞۚ لَّهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۗ مَن ذَا ٱلَّذِي يَشۡفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذۡنِهِۦۚ يَعۡلَمُ مَا بَيۡنَ أَيۡدِيهِمۡ وَمَا خَلۡفَهُمۡۖ وَلَا يُحِيطُونَ بِشَيۡءٖ مِّنۡ عِلۡمِهِۦٓ إِلَّا بِمَا شَآءَۚ وَسِعَ كُرۡسِيُّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَۖ وَلَا يَـُٔودُهُۥ حِفۡظُهُمَاۚ وَهُوَ ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡعَظِيمُ ﴾

*خوێندنی سوورەتی (الإخلاص) سێ جار: ﴿ قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ١ ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ٢ لَمۡ يَلِدۡ وَلَمۡ يُولَدۡ ٣ وَلَمۡ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدُۢ ٤ ﴾ تـەنها دوای نوێـژی بـەیانی و مـەغریب یـەک جـار دەخوێندرێ.

*خوێندنی سورەتی (الفلق) سێ جـار: ﴿ قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلۡفَلَقِ ١ مِن شَرِّ مَا خَلَقَ ٢ وَمِن شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ ٣ وَمِن شَرِّ ٱلنَّفَّٰثَٰتِ فِي ٱلۡعُقَدِ ٤ وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ ٥ ﴾

تەنها دوای نوێژی بەیانی و مەغریب یەک جار دەخوێندرێ.

*خوێندنی سورەتی(الناس) سێ جار: ﴿ قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ١ مَلِكِ ٱلنَّاسِ ٢ إِلَٰهِ ٱلنَّاسِ ٣ مِن شَرِّ ٱلۡوَسۡوَاسِ ٱلۡخَنَّاسِ ٤ ٱلَّذِي يُوَسۡوِسُ فِي صُدُورِ ٱلنَّاسِ ٥ مِنَ ٱلۡجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ ٦ ﴾ تەنها دوای نوێژی بەیانی و مەغریب یەک جار دەخوێندرێ و لە دوای نوێژی بەیانی ئەو دوعایە دەخوێندرێ: *( اللّهُمّ إنِّي أَسْأَلُكَ عِلْمًا نَافِعًا، وَرِزْقًا طَيِّبًا، وَعَمَلًا مُتَقَبَلاً)[١٠٢].

**لە ئادابەکانی چوون بۆ مزگەوت:**

*لە چوونمان بۆ مزگەوت بۆنی خۆش لەخۆمان بدەین.

* بەجل و بەرگی پاک و تەمیزەوە بەجوانترین شێوە خۆمان بڕازێنینەوە.

* هێمن و ئارامی نێو مزگەوت بپارێزین و ئەو شوێنە پاک ڕابگرین وەکو تف نەکردن و شت فڕێدان تێیدا.

* لەناو مزگەوت بەسەر شانی هیچ کەسێک هەنگاو بۆ پێشەوە نەنێین و لەڕۆژی هەینی کە مامۆستا وتاری دا قسە نەکەین.

*ئەگەر سیرو پیازمان خواردبوو تاوەکو نەبینە هۆکار بۆ بێزاری موسڵمانان، دەکرێ لەماڵەوە نوێژەکانمان بکەین.

---

[١٠١] – رواه مسلم برقم /٥٩٧

[١٠٢] –رواه ابن ماجه برقم(٩٢٥).

*ئەگەر لە مزگەوت هەستاین ، بەپێی چەپ بچینە دەرەوە، بڵێین: (بِسمِ اللَّه وَ الصَّلاة وَالسَّلام علـى رَسُـولِ اللَّه اللَّهُم اِنِّي أسأَلُكَ مِن فَضـلِكَ، اللَّهُـم اعصِـمني مِـنَ الشَّـيطانِ الـرَّجيم)[١٠٣] **واتـه:(خوای تـاك و تـەنیا، دروودو سـەلامی خـوای گـەورە لەسـەر پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) بێـت، داوای خێـرو چـاكەو بەخشش لە تۆ دەكەم، خوایە لە شەیتانی دوورخراوەو نەفرەت لێكراوم بپارێزە)**.

بەڕاستی بۆ مرۆڤ دوو شت جێی ئەسەف و خەفەتە:

یەكەم: پیاوێك نەچووبێتە مزگەوت تەنها جەنازەكەی نەبێ.

دووەم: ژنێك خۆی دانەپۆشیبێ و تەنها كفنەكەی نەبێ.

مرۆڤ لە دوو وێستگەی گرنگ بەرامبەر خوا دەوەستێ، یەكەمیان لـە نوێـژ، دووەمیـان لـە گەڕانـەوەی ڕۆژی دوایی، بۆیە ئەگەر بە پوخت و دروستی مافی وێستگەی یەكەمی دا ،ئەوە وێستگەی دووەمی بۆ ئاسان دەبێ.

دەڵێن: ڕۆیشتن بۆ وەرزش چەوری دەتوێنێتەوە، وەلێ ڕۆیشتن بۆ مزگەوت گوناهی مرۆڤ دەتوێنێتەوە.

📖 **ئامانج: بابە گیان هەر بە نوێژ ئەوەم بەبیر هاتـەوە، هاوڕێكـەم ئـەو ڕۆژە لـە قوتابخانـە دەیـوت: نوێژێك هەیە پێی دەوترێ: نوێژی پرسكردن، پرس و ڕا، منیش سەیرم پێـی هـات، وتم: هـەر لەخۆتـەوە قسەی وا مەكە نەوەكو گوناهت بگاتێ، من ئەوە یەكەم جارەمە گوێبیستی قسەیەكی لـەو شـێوەیە دەبم، پرسیار لێرەدا ئەوەیە: هەر بەڕاستی شتی وا هەیە؟**

✍ **عەبدوڵلا** ئاهێكی قووڵی هەڵكێشاو وتی: ئەو هاوڕێیەت ڕاستی فەرمووە، لە ئیسلام نوێـژێك هەیـە سوننەتە پێی دەوترێ نوێژی پرس واتە **(الاستخارة)** ئەو نوێژە بۆ ئەوەیـە ئەگـەر ویسـتت هـەر ئـیش و كـارو بارێكـ یان هەر بابەتێكی لەم جۆرە ئەنجام بدەی، خۆت ڕادەست و تەسلیمی خوا دەكەیت و داوا لە خوا دەكەی بۆ ئەوەی باشترینت بۆ هەڵبژێرێ.

جابری كوڕی عەبدولاّ(ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ: پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فێـری پرسـكردن **(الاسـتخارة)** ی دەكردین لە هەموو كارو بارێكماندا هەر وەكو چۆن فێری سورەتێكی قورئانی دەكـردین، دەیفـەرموو: ئەگـەر كەسێك لە ئێوە ویستی كارێك بكات، با جگە لە نوێژی فەرز، ئەوا دوو ركات نوێژ بكات، پاشان بڵێت: ئـەی خودا، من بە زانستی خۆت داوات لێ دەكەم و خێرو چاكە لە تۆ داوا دەخوازم، وە داوای توانا لە تۆ دەكەم بە توانای خۆت، داوا لە فەزڵ و بەخششی فراوان و گەورەی تۆ دەكەم، چونكە تۆ بەتوانای دەتوانی هەموو شتێك بكەیت و من بێ توانام و ناتوانم بێ ویستی تۆ هیچ شتێك بكەم، تـۆ هـەموو شـتێك دەزانـی و لێـت دیـارو ئاشكرایە، من بێ تۆ هیچ نازانم و لێم دیار نییە، تۆ زانای نهێنی و غەیبەكانی. ئەی خودایە، ئەگەر دەزانـی ئەم كارەم **"ناوی كارەكەت دێنی"** چاكە بۆ من، بۆ ئایینم، بۆ دوا ڕۆژم، یـان گـوتی: (زوو و درەنـگ) ئـەوە

[١٠٣]- **صحيح ابن ماجه برقم:** ١٢٩/١

بۆمی سووك و ئاسان بكەو بەنسیبم بكەو بەرەكەتی تیّ بخە بۆم، وە ئەگەر دەزانی ئەم كارە زەرەرو زیان و خراپەی تێدایە بۆ دین و دونیاو ژیان و گوزەران و پاشەڕۆژم، یان گوتی: (زوو و درەنگ) لێم لادەو منیش لەكارەكە لادە، بەڵكو هەر چۆنێك بیّ بۆم بەخێر بگێڕەو بڕیاری چاكەم بۆ بدە، بەو كارەم ڕازی و قایل بكە كە بۆم بڕیار دەدەی و بۆم دێنیە پێشەوە.

بێگومان ئەو كەسەی پرس بەخوا دەكات لە ڕێگەی دوعاو پاڕانەوەو ئەنجامدانی نوێژی (الاستخارة)، پرس و ڕاوێژ بە خەڵكی بڕوادار دەكات، لەسەر كارەكەی جێگیرو چەسپاو دەبیّ و زەرەر ناكات، چونكە خوای گەورە سەبارەت بەوە دەفەرمویّ: ﴿ وَشَاوِرۡهُمۡ فِي ٱلۡأَمۡرِۖ فَإِذَا عَزَمۡتَ فَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِۚ ﴾[١٠٤] **واتە:(لەكاروباری ژیاندا مەشورەت بە موسڵمانان بكە، ئەگەر لەسەر كارەكەت چەسپایت، ئەوا پشت بەخوا ببەستە)**[١٠٥]

كەواتە پێویستە مرۆڤ لەهەموو كاروبارێكی دا، لەخۆشی و ناخۆشی دا پشت بەخوا ببەستیّ و مەشورەتی پیّ بكات.

**📖 ئامانج: بابە گیان ببوورە حەز ناكەم قسەت پیّ ببڕم، ئەریّ سیلەی ڕەحم لە سەردانی خزم و كەس و كار چییەو چۆنە؟**

✍ **عەبدوللاّ:** پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرمویّ: (مَنْ سَرَّهُ أَنْ يُبْسَطَ لَهُ فِي رِزْقِهِ، أَوْ يُنْسَأَ لَهُ فِي أَثَرِهِ، فَلْيَصِلْ رَحِمَهُ) واتە:**(هەر كەسێك پێی خۆشە ڕزق و ڕۆزی زیاد بكات، یان تەمەنی درێژ بیّ، ئەوە با پەیوەندی خزمایەتی بگەیەنێت)**[١٠٦].

هەڵبەتە مەبەست لە(يُنْسَأَ لَهُ فِي أَثَرِهِ) دوو بۆچوون هەیە:

---

[١٠٤]- آل عمران: ١٥٩

[١٠٥]- قالَ جَابِرُ بنُ عبدِ الله (رضي الله عنه): كانَ رَسولُ اللهِ(ﷺ) يُعَلِّمُنا الاسْتِخَارَةَ في الأمُورِ كُلِّهَا كَمَا يُعَلِّمُنا السُّورَةَ مِنَ القُرْآنِ، يَقُولُ: (( إذا هَمَّ أحَدُكُمْ بالأمْرِ فَلْيَرْكَعْ رَكْعَتَيْنِ مِنْ غَيْرِ الفَرِيْضَةِ، ثُمَّ لِيَقُلْ: اللهُمَّ إنِّي أسْتَخِيرُكَ بعِلْمِكَ، وأسْتَقْدِرُكَ بقُدْرَتِكَ، وأسْألُكَ مِنْ فضلِكَ العَظِيمِ، فإنَّكَ تَقْدِرُ ولا أقْدِرُ، وتَعْلَمُ ولا أعْلَمُ، وأنْتَ عَلاَّمُ الغُيوبِ، اللهُمَّ إنْ كُنْتَ تَعْلَمُ أن هذا الأمرَ ـ ويُسمِّي حَاجَتَه ـ خَيرٌ لي في دِيني ومَعَاشي وعَاقِبَةِ أمْري ـ أو قالَ: عَاجِلِهِ وآجِلِهِ ـ فاقْدُرْهُ لي ويَسِّرْهُ لي، ثمَّ بَارِكْ لي فيهِ، وإنْ كُنْتَ تَعْلَمُ أنَّ هذا الأمْرَ شَرٌّ لي في دِينِي ومَعَاشي وعَاقِبَةِ أمري ـ أوْ قالَ: عَاجِلِهِ وآجِلِهِ ـ فَاصْرِفْهُ عَنِّي، وَاصْرِفْنِي عَنْهُ، واقْدُرْ لِيَ الخَيْرَ حَيْثُ كَانَ، ثُمَّ أرْضِنِي بِهِ )) . " البخاري ١٦٢/٧". ـ وما نَدِمَ مَنْ اسْتَخَارَ الخَالِقَ، وَشَاوَرَ المَخْلُوقِيْنَ المُؤمِنِيْنَ، وتَثَبَّتَ في أمْرِهِ، فَقَدْ قَالَ سُبْحَانَهُ: ﴿ وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ ﴾.

[١٠٦]- رواه البخاري برقم/ ٢٠٦٧.

*هەندێ پێیان وایە بەهۆی بەرەکەت و فراوانی لە ڕزق و ڕۆزی دا، مانای گەیشتنە بە هێزێکی تۆکمەو پتەو لە جەستەدا کە لە دەردو بەلاو نەخۆشی بیپارێزێ.

*هەندێکی دیکەیش پێیان وایە مانای بەرەکەتە لەتەمەن و خواپەرستی و تەمەن و سوودگەیاندن پێی لە دواڕۆژدا، بەواتایەکی تر ئەوەندە تەمەنەی هەیەتی، لەلایەکەوە ژیانێکی سەربەرزو بەختەوەر بەسەر دەبات و لەلایەکی دیکەوە سەرفرازی دواڕۆژی دوای مردنیش بۆ خۆی مسۆگەر دەکات.

دەگێڕنەوە دوو پیاو لای پێغەمبەر داوود (علیه السلام) دانیشتبوون، ئیزرائیل فریشتەی گیان کێشان کە لەوێ بوو ئاماژەی بەیەك لەو دوو پیاوە کرد، وتی: ئەم پیاوەی دەیبینی لەم ژیانەدا تەنها حەوت ڕۆژ تەمەنی ماوە. وەلێ دوای حەوت ڕۆژەکە پیاوەکە هێشتا زیندوو بوو وەکو ئەوەی ئیزرائیل فەرمووی، نەك هەر نەمرد، بگرە تەمەنی درێژ بوو.

پێغەمبەر داود کە پرسیاری ئەو نهێنیەی کرد، ئیزرائیل لەوەلامدا پێی وت: چونکە سەردانی خزمێکی کرد، خوا تەمەنی ١٠سالّ زیاد کرد.

سیلەی رەحم فەرمانی خوای پەروەردگارە، بەئەنجامدانی بەرەکەت دەکەوێتە نێو ماڵمان و لە باشترینی پەرستشەکانە بۆ نزیك بوونەوە لەخوا.

ئیسلام داکۆکیکارە و جەختی زۆری لەسەر دەکاتەوە، تەنانەت هەڕەشەی دووركەوتنەوە لێی، مرۆڤ لەبەهەشت دوور دەخاتەوە، وەکو پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: **(لا يَدْخُلُ الجَنَّةَ قَاطِعٌ )**[١٠٧] **واتە:(ئەوەی بەجارێ واز لە سیلەی ڕەحم بێنێ، ناچێتە بەهەشت)**.

سەردانیکردن چ جای ئەوەی خێرێکی گەورەیەو پاداشتی لەسەر وەردەگرێ، لەهەمان کات پەیوەندیە کۆمەلایەتییەکان بەهێزو تۆکمەو توندو تۆلّ دەکات، بۆیە هەڵبژاردنی کاتی گونجاو بۆ سەردانکردن پێویستە، ئەگەر چوویە سەردانی هەر ماڵێك" خزم و ناسیاو یا برادەر":

*ئەگەر مۆبایلی هەبوو، پێش وەختە پەیوەندی پێوە بکە بەوەی دەتەوێ سەردانی بکەیت.

*ئەگەر تەلەفۆنی نەبوو، ئەوە برۆ لە پێش دەرگای حەوشەیاندا، چ لەلای ڕاست یا چەپ بوەستە، دروست نییە لە کونی دەرگاوە بڕوانیتە ماڵیان.

* سێ جار لە دەرگا بدە کە دەکرێ لەنێوانی هەر لە دەرگادانێك چەند خولەکێك بخایەنێ ئەوەش بۆ ئەوەیە تا خاوەن ماڵ خۆی دەگۆڕێ یا ناو ماڵ خڕ دەکاتەوە، یاخود ڕەنگە لەو کاتەدا خەریکی نوێژکردن بێت.

---

[١٠٧]–رواه البخاري و مسلم. **ئەوانەی لەبازنەی سیلەی ڕەحم یان ڕەحیم دەیانگرێتەوە بریتیە لە دایك باوك و سەرووی ئەوانە: نەنك و باپیر، برا ،خوشك، مام، خاڵ، خوشکی دایك، خوشکی باون. پوور. هەروەها خوار ئەوانە: برازاو خوشکەزا دایك سیلەی رەحم بەوانەوە بەستراوەتەوە.**

* خاوەن ماڵ پێش ئەوەی دەرگا بکاتەوە، ئەگەر وتی: فەرموو ئێوە کێن؟ نابێ بڵێ منم، وا دروستە ناوی خۆت بڵێ و ناساندنێکی کورتی خۆی پێ بدات.
جابری کوڕی عەبدولا(ﷺ) دەڵێ: مۆڵەتم وەرگرت بچمە خزمەتی پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەوە کێیە؟ منیش وتم: منم. پێغەمبەر(ﷺ) پێی ناخۆش بوو، فەرمووی: منم، منم"مەبەست ئەوەیە دەبوایە ناوی خۆی بوتبایە" و لە ڕیوایەتێکدا: وەك ئەو وەلآمەی منی پێناخۆش بووبێ[١٠٨].
* ئەگەر خاوەن ماڵ دەرگای کردەوە دوای سەلام کردن، ڕوخسەت وەربگرەو داوای مۆڵەتی چوونە ژوورەوە بکە، بڵێ: ڕوخسەت هەیە بێینە ژوورەوە؟
ئەگەر وتی: فەرموو، فەرموو، یاخوا بەخێربێی، فەرمووی هاتنە ژوورەوەی لێ کردی، بە پێش خاوەن ماڵ مەکەوە، ئەو شوێنەی بۆی دەست نیشان کردی، لەو شوێنە دانیشە. لەوێش خۆت لە هەر ڕەفتارو گفتارێ بەدوور بگرە کە دڵی خاوەن ماڵ ئەزیەت بدات.
* ئەگەر خاوەن ماڵ دەرگای کردەوە، دوای سەلام کردن، ڕوخسەتت وەرگرت وتت:: بێ زەحمەت ڕوخسەت هەیە بێمە ژوورەوە؟
ئەگەر وتی: نەخێر کاتم نییە یان کاتێکی تر وەرە سەردانیم، ئەوە بەبێ عێدزی و نیگەرانی و تووڕە بوون، ڕێ و ڕێ بگەڕێوە، وەکو پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێ: **(إذا استأذَنَ أحدُكمْ ثلاثًا فلمْ يُؤذَنْ لهُ فلْيرجِعْ)**[١٠٩] **واتە:(ئەگەر یەکێکتان سێ جار داوای مۆڵەتی کردو وەڵآم نەدرایەوە، با بگەڕێتەوە)**.
کەواتە خوێندنەوەی ئێمە بۆ ئەو کەسە وانەبێ وابزانین حەزمان پێ ناکەن یان ڕقیان لێمانە بۆیە قبوڵمان ناکەن، چونکە ئێمە نازانین لەماڵەوەیان چ باسە؟ کێ دەڵێ نەخۆشیان نیەو ئێمە نایزانین؟ کێ دەڵێ کەسێکی ناحەز بەئێمە لەو کاتە لەماڵیان نیەو بۆ ئەوەی کێشە دروست نەبێ داوا دەکات بگەڕێینەوە؟ یاخود کێ دەڵێ عوزرێکی تایبەت بەخۆیان نیەو ئێمە نایزانین یا کێشەیەکی تایبەت بەخۆیان نیە؟.
* ئەگەر یەکێك داوەتی ماڵەوەی کردی، بەپیر داواکەی بچوو (وەك ژن مارەکردن – شەکراوخواردنەوە – مارەبڕین و..هتد بەمەرجێ ئەو داوەتە سەر بۆ گوناه نەکێشێ) دوای نانخواردن یا ئەو کاتەی دەمێنیەوە، لە هەستاندا وێڕای سوپاسی ئەو لەدووگێڕانەوە، نزای خێریان بۆ بکە وەك پێغەمبەری خوا دەیفەرموو:**(أللّهُمَّ**

[١٠٨]– **عنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ**(ﷺ) **قَالَ: اسْتَأْذَنْتُ عَلَى النَّبِيِّ** (ﷺ) **فَقَالَ:** (مَنْ هَذَا). **فَقُلْتُ: أَنَا،فَقَالَ النَّبِيُّ** (ﷺ):**(أَنَا أَنَا)**. **وفي رواية :كَأَنَّهُ كَرِهَ ذَلِكَ.** (**البخاري / الاستئذان/** ٥٨٩٦).
[١٠٩]– **رواه البخاري برقم/ ٦٢٤٥ ، ومسلم برقم/ ٢١٥٣**

**بارِك لَهُم فِي ما رَزَقتَهُم واغفِر لَهُم وَارحَمهُم)[110] واتە:(خوایە بەرەکەت بخەیە رزق و رۆزییان و لێیان خۆشبەو ڕەحمیان پێبکە).**

**ئامانج لە گەرمەی ئەو گفتوگۆیەدا پشمی، بە تاسەوە وتی: بابەگیان لەکاتی پشمیندا بڵێم چی؟**

✍ **عەبدوڵلا:** پشمین بۆ مرۆڤ وەکو ئەبدەیت و خۆ نوێکردنەوەیە (**تحديث البرنامج**)و بەپشمین دڵ بۆ چەند چرکەیەك دەوەستێ واتا مرۆڤەکە دەبێتە مردوویەکی زیندوو، چونکە ڕۆح لە جەستەی دەردەچێ و دووبارە دەگەڕێتەوە، بۆیە لەو دابڕانەی ڕۆح و جەستەدا ئەگەر خوا ویستی لەسەر نەبێ، ڕۆحەکە ناگەڕێتەوە. هەروەها سوودێکی تری پشمین ئەوەیە میکرۆبی زیانبەخش فڕێ دەداتە دەرەوە، هەر بەو هۆیەوە کاتێك دەپشمین، ناتوانین چاوەکانمان بە کراوەیی بهێڵینەوە چونکە بەکراوەیی چاوەکانمان دەردەچن و دەتەقن.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: ( **لمَّا خلقَ اللَّهُ آدمَ ونفخَ فيهِ الرُّوحَ عَطسَ فقالَ: الحمدُ للَّهِ، فحمِدَ اللَّهَ بإذنِهِ، فقالَ لَهُ ربُّهُ يرحَمُكَ اللَّهُ يا آدمُ)[111] واتە:(کاتێ خودا حەزرەتی ئادەمی دروست کردو رۆحی بەبەردا کرد، ئادەم پشمی و بەویستی خوا فەرمووی : سوپاس و ستایش بۆ خوا. خوای گەورە پێی فەرموو: خوا ڕەحمت پێ بکات ئەی ئادەم).**

**لە ئادابەکانی پشمین:**

*ئەگەر پشمی،سوننەتە بڵێی: الحمدلله.. دەبێ کەسی بەرامبەر بڵێ: يرحمك االله.. تۆش بڵێ:( يهديكم الله و يصلح بالكم)[112]

*لەکاتی پشمین دەستت یان دەستەسڕێ بخەرە سەر لووتت یان روخسارت بۆ دواوە وەرگێڕە.

*تا دەکرێ لەسەرخۆ بپشمە.

---

[110]- **رواه مسلم برقم ١٦١٥/٣**

[111]- **لمَّا خلقَ اللَّهُ آدمَ ونفخَ فيهِ الرُّوحَ عَطسَ فقالَ: الحمدُ للَّهِ، فحمِدَ اللَّهَ بإذنِهِ، فقالَ لَهُ ربُّهُ يرحَمُكَ اللَّهُ يا آدمُ، اذهب إلى أولئكَ الملائِكَةِ، إلى ملأ منهُم جلوسٍ فقل: السَّلامُ عليكُم قالوا: وعليكَ السَّلامُ ورحمةُ اللَّهِ، ثمَّ رجعَ إلى ربِّهِ، قالَ: إنَّ هذهِ تحيَّتُكَ وتحيَّةُ بَنيكَ، بينَهُم فقالَ اللَّهُ لَهُ ويداهُ مَقبوضتانِ: اختَر أيَّهما شئتَ، قالَ: اختَرتُ يمينَ ربِّي وَكِلتا يدي ربِّي يمينٌ مباركَةٌ ثمَّ بسطَها فإذا فيها آدمُ وذرِّيَّتُهُ، فقالَ: أي ربِّ، ما هؤلاءِ؟ فقالَ: هؤلاءِ ذرِّيَّتُكَ، فإذا كلُّ إنسانٍ مَكْتوبٌ عُمرُهُ بينَ عينيهِ، فإذا فيهم رجلٌ أضوَؤُهُم أو من أضوئِهِم قالَ: يا ربِّ مَن هذا؟ قالَ: هذا ابنُكَ داودُ قد كتبتُ لَهُ عُمُرَ أربعينَ سنةً. قالَ: يا ربِّ زِدهُ في عمرِهِ. قالَ: ذاكَ الَّذي كتبَ لَهُ. قالَ: أي ربِّ، فإنِّي قَد جعَلتُ لَهُ من عُمُري ستِّينَ سنةً. قالَ: أنتَ وذاكَ. قالَ: ثمَّ أُسْكِنَ الجنَّةَ ما شاءَ اللَّهُ، ثمَّ أُهْبِطَ منها، فَكانَ آدمُ يعدُّ لنَفسِهِ، قالَ: فأتاهُ ملَكُ الموتِ، فقالَ لَهُ آدمُ: قد عجَّلتَ، قَد كتبَ لي ألفُ سنةٍ. قالَ: بلَى ولَكِنَّكَ جعَلتَ لابنِكَ داودَ ستِّينَ سَنةً، فجَحدَ فجَحدَتْ ذرِّيَّتُهُ، ونسيَ فنَسيَتْ ذرِّيَّتُهُ. قالَ: فمِن يومئذٍ أُمِرَ بالكتابِ والشُّهودِ. (صحيح الترمذي برقم/ ٣٣٦٨).**

[112]- **صحيح الادب المفرد/ ٩٢١**

*ئەگەر پشمینەکەت بەهۆی هەلامەتەوە چەند جارێك دووبارە بۆوە، ئەوە نەخۆشیەو هیچ مەڵێ.

**📖 ئامانج: ئەگەر کەسێك نەخۆش بوو؟**

✍ **عەبدوللا:** نەخۆشی دەردێکی کوشندەیە، بەلاّم بەخششێکە لە جەوهەردا حیکمەتێکی گەورەی تێدایە، پێغەمبەری خوا فەرمانمان پێ دەکات لەبەر ئەو زەرەرو زیانەی پێمان دەگات خۆزگە بەمردن نەخوازین، وەکو دەفەرموێ: (لا يَتَمَنَّيَنَّ أحَدٌ مِنْكُمُ المَوْتَ لِضُرٍ نَزَلَ بِهِ، فإنْ كانَ لا بُدَّ مُتَمَنِّيًا لِلْمَوْتِ فَلْيَقُلْ: اللَّهُمَّ أحْيِنِي ما كانَتِ الحَياةُ خَيْرًا لِي، وتَوَفَّنِي إذا كانَتِ الوَفاةُ خَيْرًا لِي)[١١٣] **واتە:(با هیچ کەس لە ئێوە خۆزگە بەمردن نەخوازێ لەبەر زیان و زەرەرێك کە پێی دەگات، ئەگەر هەر ناچار بوو بیڵێ، ئەوا با بڵێ: خوایە بمژێنە تا ئەو کاتەی ژیان بۆ من باشترەو بممرێنە ئەگەر مردن بۆ من باشترە)**.

لێرە دەمەوێ لەسەر خاڵێک بوەستم، ئەویش ئەوەیە کە تۆ ئازار لەهەر شوێنێکی جەستەت هەبوو، چی دەکەی؟

**عَنْ عُثْمَانَ بن أَبِي العَاصِ الثَّقَفِيِّ، أَنَّهُ شَكَا إلى رَسولِ الله (ﷺ) وَجَعًا يَجِدُهُ فِي جَسَدِهِ مُنْذُ أَسْلَمَ فَقالَ له رَسولُ اللهِ (ﷺ) : ضَعْ يَدَكَ علَى الذي تَأَلَّمَ مِن جَسَدِكَ، وَقُلْ باسْمِ اللهِ ثَلَاثًا، وَقُلْ سَبْعَ مَرَّاتٍ (أَعُوذُ باللَّهِ وَقُدْرَتِهِ مِن شَرِّ ما أَجِدُ وَأُحَاذِرُ)**[١١٤] .

عوسمانی کوڕی **أبي العاص**(رضي الله عنه) بە پێغەمبەر(ﷺ) ی گوت بەوەی لەوەتەی موسڵمان بووە ئازارێ لە جەستەی پەیدا بووە، پێغەمبەر(ﷺ)پێی فەرموو: دەستت لەسەر ئەو شوێنە دانێ کە لە جەستەتدا دێشێ و سێ جار بڵێ(**بسم الله**) وە حەوت جاریش بڵێ: (**أَعُوذُ باللهِ وَ قُدْرَتِهِ مِنْ شَرِّ مَا أَجِدُ وَأُحَاذِرُ).** (خۆم دەپارێزم بەخواو بەقودرەت و توانای ئەو لە زیانی ئەم ئازارەی هەستی پێ دەکەم و مەترسیم لێی هەیە، داوای پارێزراوبوون دەکەم).

نەخۆش لەهەموو کەس لەپێشترە سەردانی بکرێ لەچاو ئەو کەسەی تەندروست باشە، جا ئەو کەسە بناسین یان نا.

هەڵبەتە سەردانیکردنی نەخۆش جگە لەوەی ڕۆژی داوییمان بیر دەخاتەوە، وەلێ لەتەك ئەو فەرمانەدا کۆمەڵێ خێرو پاداشتی گەورەو بێ سنووری بۆ دەنوسرێ.

ئەبو هورەیرە(رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەت دەفەرموێ: ئەی ئادەمیزاد نەخۆشکەوتم سەردانت نەکردم، دەڵێ: ئەی پەروەردگارم چۆن سەردانت بکەم کە تۆ پەروەردگاری

---

[١١٣]- **رواه البخاري برقم/ ٦٣٥١**

[١١٤]- **رواه مسلم برقم/٢٢٠٢**

هەموو جیهانیانی؟ دەفەرمویٚ: ئەی نەتزانی فلان بەندەی من نەخۆش کەوت و سەردانت نەکرد؟ ئەی نەتزانی ئەگەر سەردانت بکردایە منت لەویٚ دەست دەکەوت؟ ئەی ئادەمیزاد داوای خۆراکم لیٚکردی خۆراکت نەدامیٚ، دەڵیٚ: ئەی خوایە من چۆن خۆراکت بدەمیٚ کە تۆ پەروەردگاری هەموو جیهانیانی؟ دەفەرمویٚ: ئەی نەتزانی فلان بەندەی من داوای خۆراکی لیٚکردی، بەشت نەدا؟ ئەی نەتزانی کە بەشت بدابایە ئەمڕۆ لای من دەستت دەکەوتەوە؟ ئەی ئادەمیزاد داوای ئاوم لیٚکردی ئاوت نەدامیٚ؟ دەڵیٚ: ئەی پەروەردگارم، چۆن ئاوت بدەمیٚ کە تۆ پەروەردگاری هەموو جیهانیانی؟ دەفەرمویٚ: فلان بەندەی من داوای ئاوی لیٚکردی ئاوت نەدایی، ئەگەر ئاوت بدابایە ئەوە ئەمڕۆ لای من دەستت دەکەوتەوە)[115].

لەفەرموودەیەکی دیکەدا پیٚغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموویٚ: (إذا عاد الرجلُ أخاهُ المسلِمَ مَشَى في خِرافَةِ الجنةِ حتى يَجلِسَ، فإذا جلَس غمرَتْه الرحمةُ، فإن كان غُدوَةً صلَى عليه سبعونَ ألفَ مَلَكٍ حتى يُمسِيَ، وإن كان مَساءً صلَّى عليه سبعونَ ألفَ مَلَكٍ حتى يُصبِحَ)[116] **واتە:(هەر کەسیٚ بچیٚتە سەردانی برایەکی نەخۆشی، ئەوا لەناو درویٚنەکردنی بەرهەمەکانی بەهەشتدایە تاوەکو دادەنیشیٚ، جا ئەگەر دانیشت ئەوە ڕەحمەت و بەزەیی خوا دەیگریٚتەوە، وەئەگەر ئەو سەردانەی لەکاتی بەیانیدا بوو، ئەوە ٧٠هەزار فریشتە بۆی دەپاڕیٚنەوە لەخواو دوعای خیٚری بۆ دەکەن تاوەکو ئیٚوارە، وەئەگەر ئەو سەردانەی لەکاتی ئیٚوارەدا بوو ئەوا ٧٠هەزار فریشتە بۆی دەپاڕیٚنەوە لەخواو دوعای خیٚری بۆ دەکەن تاوەکو بەیانی کە ڕۆژی لیٚ دەبیٚتەوە).**

پیٚغەمبەری خوا(ﷺ) ئەگەر بڕۆیشتایە بۆ سەردانی نەخۆشیٚ، پیٚی دەفەرموو: ( **ئەم نەخۆشییە بەویستی خوا هیچ نییەو پاککەرەوەو لابەری تاوانە)**[117].

---

[115]– **عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (إنَّ اللَّهَ عزَّ وجلَّ يقولُ يَومَ القِيامَةِ: يا ابْنَ آدَمَ مَرِضْتُ فَلَمْ تَعُدْنِي، قالَ: يا رَبِّ كيفَ أعُودُكَ؟ وأَنْتَ رَبُّ العالَمِينَ، قالَ: أما عَلِمْتَ أنَّ عَبْدِي فُلانًا مَرِضَ فَلَمْ تَعُدْهُ، أما عَلِمْتَ أنَّكَ لو عُدْتَهُ لَوَجَدْتَنِي عِنْدَهُ؟ يا ابْنَ آدَمَ اسْتَطْعَمْتُكَ فَلَمْ تُطْعِمْنِي، قالَ: يا رَبِّ وكيفَ أُطْعِمُكَ؟ وأَنْتَ رَبُّ العالَمِينَ، قالَ: أما عَلِمْتَ أنَّه اسْتَطْعَمَكَ عَبْدِي فُلانٌ، فَلَمْ تُطْعِمْهُ؟ أما عَلِمْتَ أنَّكَ لو أطْعَمْتَهُ لَوَجَدْتَ ذلكَ عِندِي، يا ابْنَ آدَمَ اسْتَسْقَيْتُكَ، فَلَمْ تَسْقِنِي، قالَ: يا رَبِّ كيفَ أسْقِيكَ؟ وأَنْتَ رَبُّ العالَمِينَ، قالَ: اسْتَسْقاكَ عَبْدِي فُلانٌ فَلَمْ تَسْقِهِ، أما إنَّكَ لو سَقَيْتَهُ وجَدْتَ ذلكَ عِندِي). صحيح مسلم برقم/ ٢٥٦٩**

[116]– **السلسلة الصحيحة برقم/ ١٣٦٧**

[117]– **عن ابن العباس(رضي الله عنهما): أن النبي(ﷺ) دخل على أعرابي يعوده، قال: و كان النبي(ﷺ)اذا دخل على مريض يعوده قال: (لا بأسَ طَهورٌ ان شاءَ الله)." صحيح البخاري رقم:٥٦٥٦ " واتە: ((پیٚغەمبەر(ﷺ) ڕۆیشت بۆ لای پیاویٚکی دەشتەکی نەخۆش و سەردانی کرد، پیٚغەمبەر(ﷺ) ئەگەر بڕۆیشتایە بۆ سەردانی نەخۆشیٚك پیٚی**

یاخود دوعای بۆ دەکردو دەیفەرموو: (اللهم رب الناس، أذهب الباس، واشفه وأنت الشافي، لا شفاء إلا شفاؤك، شفاء لا يغادر سقماً)[118] **واتە:(ئەی خوایە، پەروەردگاری خەڵکی، لابەری ئێش و ئازار، شیفای بدە تۆ شیفادەری، جگە لە تۆ هیچ شیفادەرێ نییە، شیفایەك كە هیچ نەخۆشیەك نەهێڵێ).**

جا كوڕی خۆم، تۆش ئەگەر لەجەستەتدا هەستت بە هەر ئازارێ كرد، پەنا ببە بەر ئەم فەرموودەی هاتووە:-

**عن ابن عباس عن النبي(ﷺ) قال: (مَن عاد مريضًا لم يحضُرْه أجَلُه فقال عندَه سَبْعَ مرَّاتٍ: أسأَلُ اللهَ العظيمَ ربَّ العَرْشِ العظيمِ أن يَشفِيَك، عافاه اللهُ مِن ذلكَ المرَضِ)[119] واتە:(هەر كەسێك سەردانی نەخۆشێ بكات كە ئەجەلی نەهاتبێ و لەلای ئەودا حەوت جار بڵێ: (أسأَلُ اللهَ العظيمَ ربَّ العَرْشِ العظيمِ أن يَشفِيَك) ئیللا خودا لەم نەخۆشیەی چاك دەكاتەوە).**

**لە ئادابەكانی سەردانیكردنی نەخۆش:**

* لەكاتێكی گونجاو و بەنیەتێكی پاك و دڵسۆز، ئەگەر كرا بەدەست و دیاری، جا شیرینیبێ یان گوڵ و هەر شتێ، بچێتە سەردانی نەخۆش.[120]

*ئەگەر چەند كەسێ بوون، واباشە كەسێكی قسەزان لەلای سەریەوە دانیشێ كە وێڕای پرسیاركردن دەربارەی جۆری نەخۆشیەكە، ببێتە ئارامی دڵان، هیواو ئومێدی لەناخ و دڵ و دەروون بڕوێنێ. تەنانەت ئەگەر بكرێ بۆ دڵنەوایی نەخۆشەكە چەند ڕووداو و بەسەرهاتێكی خۆشی بۆ بگێڕێتەوەو باس لە كردەوە باش و چاكەكانی بكات، لە پاڵدا یادی بخاتەوە و ڕێنوێنی بكات كە لەسەر نەخۆشیەكەی ئارامگرو سوپاسگوزاربێ و هەمیشە وره بەرز بێت و كۆڵ نەدات، چونكە ئارامگران لەسەر دەردو بەلا، پاداشتی مەزن و بێوێنەی هەیە و دەبێتە

---

**دەفەرموو: *ئەم نەخۆشییە قورس و ناڕەحەت نییە لەسەرت و بەویستی خوا پاكبوونەوەتە لە تاوانەكان*)) كەواتە سونەتە كە بچیە لای نەخۆش ئەم دوعایە بكەی.**

**[118]– السلسلة الصحيحة برقم/ ٢٩٧٢**

**[119]– رواه أبو داود (٣١٠٦)، والترمذي (٢٠٨٣)، والنسائي في (السنن الكبرى) (١٠٨٨٧)، وأحمد (٢١٣٨) باختلاف يسير.**

**[120]- دروستە مرۆڤ برای موسڵمانی بەدەست و دیاری بەسەر بكاتەوە (جا ئەو كەسە ساغبێ یا نەخۆش و دەردەدار) جا ئەو دیارییە ئاساییە ئەگەر شتێكی بچووكیش بێت، لەم سۆنگەوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: (تهادوا تحابُّوا)" رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ فِي الْأَدَبِ الْمُفْرَدِ" واتە: (دیاری ببەخشن، خۆشەویستی لەنێوانتان بڵاو دەبێتەوە). ئەوەش ڕەنگدانەوەو كاریگەری خۆی هەیە، تەنانەت دەتوانین دیاری ببەخشینە ئەوانەیشی خراپەمان دەرهەق دەكەن تا بەخۆیاندا بچنەوە.**

هۆکاری سڕینەوەی تاوان و گوناهەکانی، بۆیە ئەگەر خوای گەورە یەکێکی خۆش بوێ ئەوا بەنەخۆشی یان موسیبەت و بەلاو ئافات تاقی دەکاتەوە.
* باسی شایی و مردنی بۆ مەکە کە نە شایی پێ دەکرێ و بەو هۆیەوە لەمردن دەترسێ، بۆیە خۆت بەدوور بگرە لەپرسیاری زۆرو هەواڵی ناخۆشی پێ مەدە تا بەو هۆیەوە زیاتر تووشی تووشی خەم و پەژارەو دڵتەنگی نەبێت.
مامۆستا مەلا (میرزای حاجی ئەحمەد تاڵەبانی) بۆی گێڕامەوە، وتی:
رۆژێکیان چەند کەسێك کۆبووینەوە، بەهۆی نەخۆشیەوە چووینە سەردانی مامۆستا" فەیسەڵی حاجی تەڵوب " و ماوەیەکی باش لەلایماینەوە، مامۆستا فەیسەڵ ڕووی تێکردم و وتی: مامۆستاگیان تکات لێ دەکەم ئەگەر لە وتارەکانتدا نەختێ باس لە ئادابەکانی سەردانی نەخۆش بۆ ئەو خەڵکە بکەی، ئەو خەڵکە لە زۆر شت بێ ئاگان..منیش پرسیم: مەبەستت لەو قسانە چیە؟! وتی: من دوای ئەو نەشتەرگەریەی بۆم ئەنجام درا، رۆژێکیان کابرایەك هاتە سەردانیم، ورد ورد کەوتە پرسیارکردن: ئەرێ نەخۆشیەکەت چی بوو؟ لەکەیەوە تووشی ئەو نەخۆشیە هاتووی؟ لەکوێ نەشتەرگەریان بۆ کردی و زۆر پرسیاری تر..جا ئەوەی من لەو کابرایەم بیست گەلێ عەجیب بوو، لەجیاتی قسەی خۆشم بۆ بکات و دڵم بداتەوە و دوعام بۆ بکات، زراوی بردم، پێمی وت: پورزایەکم هەبوو وەکو تۆ گرێیەکی ئەوهای لێ هاتبوو، نەشتەرگەرییان بۆ کرد، کەچی ئاخری هەر کوشتی و پوورزایەکەم مرد.
* تا دەکرێ بۆ ماوەیەکی کەم و دیاریکراو بمێنەوە، مەگەر زۆر پێویستبێ یان خۆی پێی خۆشبێ، چونکە نەخۆش ئازاری هەیە، پێویستی بە پشوودان و حەسانەوەیە.
مامۆستایەکی ئایینی نەخۆش دەکەوێ، زۆر بەدەردەکەیەوە گرفتار دەبێ، گەنجێکی ئاوایی دەچێتە سەردانی و نزیکەی سەعات و نیوێك زیاتر لەلای دەمێنێتەوە، جا پێش ئەوەی هەڵسێ و بڕوا، بەدەم زەردەخەنەیەکی گەشەوە بەمامۆستاکە دەڵێ: مامۆستا گیان پێش ئەوەی بەجێت بێڵم، حەزدەکەم ئامۆژگاریم بکەی.
ئەویش لەوەڵامدا پێی دەڵێ: کوڕی خۆم ئەگەر چوویە سەردانی نەخۆش، لە پێنج دەقە زیاتر مەمێنەوە.
*دوعای نەخۆش قبوڵە، دەکرێ داوای نزای خێر لە نەخۆش بکەن و لەکاتی هەستان دووبارە هیوای ساغ و سەلامەتی و چاکبوونەوەی بۆ بخوازین و پێی بڵێین: چیت پێویستە لەخزمەتداین، ئەگەر زانیتان کەسێکی هەژارو دەست کورتە، کۆمەك و یارمەتی بۆ کۆ بکەنەوە. خۆ ئەوانەی نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە وا باشە ماوە ماوە سەردانی بکرێن، نەك بە بەردەوامی.
ئیمامی (**سیوطي**) ڕەحمەتی خوای لێبێ دەفەرموێ: پێنج خەسڵەت و سیفەت لەمنداڵدا هەیە ئەگەر لە گەورەکان بەرامبەر خوا هەبوایە، ئەوە دەبوونە وەلی خوا:
یەکەم: منداڵ گرنگی بە ڕزق و ڕۆزی نادات، واتا لە هەبوون و نەبوونی ڕزق ناترسێ.

دووەم: کاتێ نەخۆش دەکەوێ ناشکور نیەو گلەیی و گازەندە لەخوای پەروەردگار ناکات.

سێیەم: کە خواردن دەخۆن، بەیەکەوە نان دەخۆن.

چوارەم: کاتێ ترسیان بۆ دێ، چاوەکانیان پڕ دەبێ لە فەرمێسك.

پێنجەم: کە کێشەیان لەنێوان دروست دەبێ، بەپەلە ئاشت دەبنەوەو پەلە دەکەن لەچاککردنەوەی دڵی یەکتر.

**ئامانج: ئەی کە لای نەخۆش دەرچووین و بەرەو بازاڕ شۆڕ بووینەوە؟**

**عەبدوللا:** باشترین دوعا کە بچیە بازاڕو بیخوێنی ئەو فەرمودەی پێغەمبەرە: (من دخل السوقَ فقال :**لا إلهَ إلا اللهُ وحده لا شريكَ له، له الملكُ وله الحمدُ يحيي ويميتُ وهو حيٌّ لا يموتُ بيدِه الخيرُ وهو على كلِّ شيءٍ قديرٌ** كتب اللهُ له ألفَ ألفِ حسنةٍ، ومحا عنه ألفَ ألفِ سيئةٍ ورفع له ألفَ ألفِ درجةٍ وَ بَنَى لَهُ بيتاً في الجَنةِ)[121]. **واتە:(هەر کەسێ بچێتە بازاڕ و بڵێت:" هیچ پەرستراوێ نییە بەهەق جگە لە (الله) کە تاك وتەنیاو بێ شەریکە، موڵك و ستایش بۆ ئەوەی دەیژێنێ و خۆی هەمیشە زیندووەو هەرگیز نامرێ، خێرو چاکە بەدەست ئەوەو بەسەر هەمووشتێکدا بەتواناو دەسەلاتدارە". ئەوە هەزار هەزار چاکەی بۆ دەنووسرێ و هەزار هەزار تاوانی لەسەر دەسڕێتەوەو هەزار هەزار پلەی بەرز دەبێتەوەو خانوویەکی لەبەهەشت بۆ دروست دەکات)**.

ئەگەر لەسەر ڕێ، دارو بەردو هەر شتێکمان بینی کە بووبووە بەربەست و ئاستەنگ بۆ خەڵکی، پێویستە بەپێی توانا لەو شوێنەی لابەین، بەمەیش چاکەو خێرمان لەلای پەروەردگار بۆ دەنووسرێ.

**ئەبو هورەیرە** (رضي الله عنه) **دەڵێ: پێغەمبەر** (ﷺ) **فەرموویەتی:( پیاوێك بەلای چڵە دارێکدا تێپەڕی کە چەقی ڕێگاکەی گرتبوو، وتی: سوێند بەخوا دەبێ ئەو چڵە دارە لا ببەم هەتا ئازاری موسڵمانان نەدات، بەوە خرایە بەهەشتەوە)**[122].

ئەم چیرۆکە بەسەرهاتی پیاوێکمان بۆ باس دەکات کە بەڕێگایەکدا تێ دەپەڕێ، لقە دارێکی دڕکاوی ئەبینێ فڕێ دراوەتە سەر ڕێگاکەو ئەوانەی بەوێدا تێپەڕ دەبن ئازاریان پێ دەگات، دەچێ لقە دارەکە پارچە پارچە دەکات و لە ڕێگاکەی دوور دەخاتەوە، مەبەستی لەم کارە ئەوەبوو شتی خراپ لەسەر ڕێگای موسڵمانان لا ببات، جا بەو هۆیەوە خوا لێی دەبوورێ و دەیخاتە بەهەشتەوە، تەنانەت پێغەمبەر (ﷺ) دەیبینێ کە لە بەهەشتدا پیاسەی دەکرد.

---

[121]- **صحيح الجامع برقم/ ٦٢٣١**

[122]- **عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ** (رضي الله عنه) **قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ**(ﷺ)**:مَرَّ رجلٌ بغُصْنِ شجرةٍ على ظَهْرِ طريقٍ ، فقال : واللهِ لَأُنَحِّيَنَّ هذا عن المسلمينَ ، لا يُؤْذِيهِم ، فأُدْخِلَ الجنةَ. (صحيح الجامع برقم/ ٥٨٦٣)**

هەندێ شت هەیە کارێکی کەم و ماندووبوونێکی کەمی گەرەکە، کەچی لای پەروەردگار پاداشتێکی نەبڕاوەو بێشوماری لەسەر وەردەگرێ، ئەوەش مانای ئەوەیە فەزل و سۆزو میهری خوای پەروەردگار ئەوەندە فراوانە نەبێتەوە، بۆ نموونە تۆ دەتەوێ لە بازاڕ یان شوێنێکی قەرەبالغ و جەنجاڵدا دەستی نابینایەك بگری و لە جادە بیپەڕێنیتەوە، ئەوە چاکەیە، ئەگەر لەناو پاسێکدا کەسێکی بەساڵاچووت بینی بە پێوە وەستاوە، هەستە جێی خۆتی بۆ بکەوە با لە شوێنی تۆ دانیشێ، ئەوەش هەر خێرو چاکەیە. تەنانەت بەزەیی هاتنەوە ئەو تخووبەی بەزاندووەو گیانەوەرانیش لەخۆ دەگرێ.

لە فەرموودەیەکی دیکەدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: ( **پیاوێك لە دەرەوەی شارو دوور لە شوێنی دانیشتن دەڕوا بەڕێوە، زۆر تێنوی دەبێ و بەلای بیرێك تێ دەپەڕێ، وەلێ هیچی پێ نابێ ئاوی پێ دەربێنێ، بۆ ناو بیرەکە شۆڕ دەبێتەوە، تێر تێر ئاو دەخواتەوەو دێتە سەرەوە، چاوی بە سەگێك دەکەوێ ئەوە زۆری تێنووە و زمانی دەرهێناوەو لەسەر گڵێکی شێدار لە دووری بیرەکە داینێاوە تا تێنویەتیەکەی پێ کەم بکاتەوە.. پیاوەکە بەو دیمەنە حاڵی خۆی پێش ئاوخواردنەوەکە بیر کەوتەوە، ئەوجا بیری کردەوە چۆن سەگەکە تێر ئاو بکات لەکاتێکدا دۆلچەی لێ نەبوو تا پڕ ئاوی بکات و لەبەردەمی دانێ، بەناچاری کاڵەکانی پێی داکەند و شۆڕبۆوە ناو بیرەکە، کاڵەکەی پڕ ئاو کردو سەرکەوتەوە، بەسۆل (کالە)کانی خۆی ئاوی دایە سەگەکە، خوای گەورە بەو هۆیەوە لێی خۆش بوو)**[١٢٣].

ئەوەتا بەپێچەوانەوە: (**ئافرەتێ بەهۆی بەندکردنی پشیلەیەکەوە چووە ناو دۆزەخ**) (**دَخَلَتِ امْرَأَةٌ النَّارَ فِي هِرَّةٍ رَبَطَتْهَا، فَلَمْ تُطْعِمْهَا، ولَمْ تَدَعْهَا تَأْكُلُ مِن خَشَاشِ الأَرْضِ**)[١٢٤].

ئەوە بەسەرهاتی ژنێکی حیمیەری ئیسرائیلییە لەماڵەوە پشیلەیەکی بەند کردبوو، خواردن و خواردنەوەی پێنەدەداو پیشیلەکە لە تێنوێتی و برسێتی خۆیدا مرداربۆوە.

ئەوەی لەم فەرموودە دەفامرێ ئەوەیە: ئەگەر ئێمە بەهۆی ڕەوشتی خراپ و دڵڕەقی و حەزکردن بە ئازاردانی گیانەوەرانەوە پێی بچینە ئاگر، کەواتە لەهەمبەر چاکەکردن بەرامبەر گیانلەبەران پاداشت وەردەگرین.

بۆ مرۆڤ دروستە پەلەوەڕو گیانەوەر ڕابگرێ و بەخێوی بکات، بەڵام بەو مەرجەی خواردن و خواردنەوەی پێ بدات و خزمەتی بکات.

---

[١٢٣]- **پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: (مَن لا يَرْحمْ لاَ يُرْحَمْ) رواه البخاري. (ئەوەی ڕەحم نەکات، ڕەحمی پێ ناکرێت).**

[١٢٤]-**رواه البخاري برقم/ ٣٣١٨.**

لەوەوە تێدەگەین چ جای ئەوەی دروست نیە ئازارو ئەشکەنجەی مرۆڤ بدرێ، ئەوە بەهەمان شێوە دروست نیە ئازاری گیانلەبەران بدرێ مەگەر ئەوانەی کوشتنیان رێپێدراوە، بۆ نموونە لەکاتی نوێژکردن دووپشکت بینی، دروستە بیکوژی.

**ئامانج: بابە گیان بۆچی زۆر جار کە بەیەکەوە دەچینە بازاڕ، لەسەر ڕێی خۆمان کاتێ سەیری ئەو گۆڕستانە دەکەیت، لەبەر خۆتەوە هەندێ ورتە ورت و قسەت لە دەمەوە دەردەچێ، ئەو قسانە چین؟ ئایا دوعا بۆ مردوان دەکرێ؟**

**عەبدوللاّ: کوڕی خۆم واباشە مرۆڤ ماوە ماوە سەردانی گۆڕستان بکات، چونکە مردن و ڕۆژی دوایی بیر دەخاتەوە، ئەگەر بە پیادە یا سواری بە تەنیشت هەر گۆڕستانێ تێپەڕی، ئەوە سوننەتە سلاّویان لێبکەی، ئەوەش ڕای هەر چوار مەزهەبەکە( مالیکی و شافعی وحەنبەلی وحەنەفی) لەسەرە[125].**

**ئەگەر پێغەمبەری خوا(ﷺ) بەتەنیشت گۆڕستانێ تێپەڕیبایە، دەیفەرموو:** (السَّلامُ عليكم أهْلَ الدِّيارِ مِن المؤمنينَ والمُسلمينَ، وإنَّا إنْ شاءَ الله لَلاحِقونَ، أسألُ الله لنا ولكم العافيةَ)[126]. **واتە:(سەلامتان لێبێ ئەی خاوەن خانەکان (خەڵکی گۆڕەکان) لە ئیماندار و موسڵمانان، بە ویستی خودا ئێمەیش بە ئێوە دەگەین، "خوا ڕەحم بە پێشکەوتووەکان و دواکەوتوەکانمان بکات" ئەوانەی پێش ئێمە مردوون، ئەوانەیش لەدوای ئێمە دەمرن"، لە خودای گەورە بۆ خۆمان و بۆ ئێوە داوای سەلامەتی و لێبوردن دەکەین).**

**ئامانج: هەر بەو سەلامکردنە بیرم کەوتەوە ئێمە ڕۆژانە چاك و چۆنی و سەلام لەم و لەو دەکەین، ئەوە شتێکە بەردەوام دووبارە دەبێتەوە، ئایا سەلامکردن ئادابی خۆی هەیە؟**

**عەبدوللاّ:** ئافەرین کوڕی خۆم وەك حەز دەکەی بپرسی و شت بزانی، چونکە مرۆڤ بەپرسیارکردن و وەرگرتنەوەی وەلاّمەکان، ناخی ئاسوودە دەبێ و ئەو گرێ کوێرەی بۆ دەکرێتەوە تا لە شتەکان زیاتر تێ بگات.

**کابرایەك پرسیاری لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) کرد: چاکترین ئیسلام کامەیە؟ ئەویش فەرمووی: (خواردن ببەخشیت و سلاّو بکەیت لەو کەسانەی دەیانناسی و ئەوانەی نایانناسی).**

---

**[125]- پێغەمبەری خوا(ﷺ)دەفەرموێ:(عُودُوا المَرضَ وَاتّبِعُوا الْجَنَازَةَ تُذَكِّرُكُمُ الآخِرَةَ)(صحيح الجامع برقم/ ٤١٠٩واتە:(سەردانی نەخۆش بکەن و بەسەریان بکەنەوە، وەشوێنی جەنازە بکەون چونکە ڕۆژی دواییتان بیر دەخاتەوە).**

**[126]- رواه مسلم برقم/ ٩٧٥**

خوای پەروەردگار لە سورەتی (النساء) ئایەتی (٨٦) دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا حُيِّيتُم بِتَحِيَّةٍ فَحَيُّوا۟ بِأَحْسَنَ مِنْهَآ أَوْ رُدُّوهَآ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ حَسِيبًا ﴾.**واتە:(هەر کاتێ سڵاو و چاك و چۆنیتان لەگەڵ کرا، بە جوانتر لە سڵاوەکەی ئەو، یاخود (هیچ نەبێ) وەکو خۆی وەڵام بدەنەوە، بێگومان خودا لە هەموو شتێك دەپرسێتەوە)**.

ئەگەر یەکێك پێی وتی: (السلام علیکم)... ئەگەر یەکێکی تر وتی: **( السلام علیکم و رحمة الله)... ئەگەر یەکێکی دی وتی: ( السلام علیکم و رحمة الله و برکاته)**.

بەپێی فەرموودەی پێغەمبەری خوا:-

**کەسی یەکەم:** دە چاکەی بۆ دەنووسرێ.

**کەسی دووەم:** بیست چاکەی بۆ دەنووسرێ.

**کەسی سێیەم:** سی چاکەی بۆ دەنووسرێ.

باشترین وەڵامدانەوە ئەوەیە بڵێی: **( وَ عَلیکُمَ السَّلام وَ رَحمَةُ اللهِ وَ بَرکاتُـهُ)**. هەروەها باشترین کەس ئەو کەسەیە کە پێشتر سەلام بکات "واتە لە سڵاوکردن دەستپێشخەر بێت".

**لە ئادابەکانی سەلامکردن:**

* سەلامکردن هۆکارێکە بۆ ڕاکێشانی دڵ و دەروونی بەرامبەرو بڵاوبوونەوەی سۆزو خۆشەویستی و چوونە بەهەشت، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: **(لا تدخلوا الجنة حتی تؤمنوا، ولا تؤمنوا حتی تحابوا، أولا أدلکم علی شيء اذا فعلتموه تحاببتم؟ أفشوا السلام بینکم).واتە:(هەرگیز ناچنە بەهەشتەوە تاوەکو باوەڕی تێرو تەواو نەهێنن، وە باوەڕ ناهێنن تاوەکو یەکترتان خۆش نەوێت، ئایا ڕێگایەکتان پێ بڵێم ئەگەر جێ بەجێی بکەن ئەوا یەکترتان خۆش بوێت؟ سەلامکردن لە نێوانتاندا بڵاو بکەنەوە)**[١٢٧].

*ئەگەر دەتەوێ لەو خێرە بێ بەش نەبی، لەدەرەوە بەتایبەت لەو کوچەو کۆڵان و گەڕەکەی لێی دەژی، گەیشتیە هەر کەسێك، سلاوی لێبکە جا ئەو کەسە بناسی یا نەیناسی.

**لە ئەنەسەوە ڕەزای خوای لێبێ دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەلای منداڵاندا تێ دەپەڕی و سەلامی لێ دەکردن**[١٢٨].

[١٢٧]- **پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ:(ئیمانتان تەواو نابێت تاوەکو یەکترتان خۆش نەوێت، ئەگەر دەتانەوێ خۆشەویستبن، سەلام لە یەکتر بکەن).**

[١٢٨]- **رواه البخاري و مسلم.**

* بەرووبەکی گەش و خۆش و کراوە دەستپێشخەری بکەو ئەو خێرە بەدەست بێنە، دکتۆر عـەلی شـەریعەتی دەڵێت: (سادەترین بەخشین ئەوەیە کە پێکەنین بخەیتە سەر لێوی کەسانێ کە بیری پێکەنین دەکەن).

* ئەوکەسەی زووتر سلاو بکات، ئەوەیان لەپێشترو باشترەو پاداشتی زیاتری پێ دەگات. ( وەلـێ سـلاوکردن لەو کەسانە دروست نیە کە لە هەق لایانداوە و بیدعەچین)[129].

* سوننەتە مرۆڤ لەهەر مەجلیسێ یان شوێنێ هەستاو چووە دەرەوە، لەگەڕانەوە دووبارە سەلام بکاتەوە.

*سوار، سلاو لە پیادە دەکات (پیادە ئەو کەسەیە بەپێ دەڕوا). پیادەیش سلاو لە دانیشتوو دەکات (ئەوانەی دانیشتوون یان بەپێوە وەستاون). کەم سلاو لە زۆر دەکات، بچووکیش سلاو لە گەورە دەکات.

حەسەنی بەصری (رەحمەتی خوای لێبێ) دەفەرمووێ:(تەوقەکردن و دەست خستنە نـاو دەسـت، خۆشەویسـتی زیاد دەکات).کەواتە تا دەکرێ لەگەڵ سلاوکردندا ئەو سوننەتە زیندوو بکەنەوە.

لێرەدا دەبێ باس لەهاوڕێ و برادەری ڕاستەقینە بکەین کە کەسێکە خواناس و دەم و دەست خـاوێن و دامـێن پاك و کەسی تەنگانەیە، کەواتە کەسێك هەڵبژێرە کە هەڵتدەبژێرێ، تۆش وەکو خۆتبە چونکە تۆ خاوەن ئەقڵی خۆتی.

ئیمامی ئەحمەد ڕەحمەتی خوای لێبێ، دەڵێـت:" هەنـدێ برامـان هەیـە سـاڵی جارێـك دەیـانبینین بـەلام لـە خۆشەویستیان دڵنیاین بەبەراورد بەو کەسانەی ڕۆژانە دەیانبینین، خوا دڵی ئەو کەسانە خـۆش بکـات ئەگـەر سەردانمان کردن و پێیان گەیشتین سوپاسگوزار بوون، ئەگەر کەمتەرخەمیشمان بەرامبەر کردن، عوزرمـان بـۆ دەهێننەوە".

ڕەوشتی جوان ئەو ئاڵتونە بەنرخەیە گەر بازاڕیشی نەبێ، ئەوە ڕێزو نرخی خۆی هەر هەیە.

هاوڕێی ڕاستەقینە بۆ مرۆڤ وەك ئاوی شیرینە تێنویەتی دەشکێنێ و هاوڕێی خراپیش ئەو ئاوە سوێرەیە تا لێی بخۆیتەوە زیاتر توێنیت دەکات.

هەندێ کەس وەکو تۆپن، چەندە بیانخەیتە سەر سەرت هەر دەکەون، بەلام خسـتتە ژێـر پێـت ئـەوە یەکسـەر دەوەستن، وەك مامۆستا محەمەد مەلا فایەق دەفەرموێ: هاوڕێ هەیە وەك دەرمانە تـەنها لـەکاتی پێویسـت بەکاردێ، هەیە وەك هەوایە بۆ هەموو کات پێویستەو هەیە وەك شێرپەنجەیە هەر نەیناسی باشە.

(الاصمعی) دەفەرموێ: (هاوڕێ ئەو قوماشەیە شوێنی دڕاوی جلوبەرگتان پینە دەکات، بۆیە دەبێ ئاگاداربن و بزانن چ قوماشێك بۆ پینەکردن باشە؟).

---

[129]– (**لا يحل لمسلم أن يهجر أخاه فوق ثلاث ليال، يلتقيان فيعرض هذا ويعرض هذا، وخيرهما الذي يبدأ بالسلام). واتە:(دروست نیە موسڵمان لەسێ ڕۆژ زیاتر قسە لەگەڵ برای موسڵمانی نەکات و باشترین کەس ئەوەیە لەسەلامکردن دەستپێشخەر بێت). رواه البخاري و مسلم**

لقمانی حەکیم ئامۆژگاری کوڕەکەی دەکرد، دەیوت: عەقڵی خەڵکی بۆ خۆت ببە.

کوڕەکەی پێی وت: چۆن؟

وتی: لەکارەکانت راوێژیان پێ بکە، هەر کەسێك راوێژ نەکات پەشیمان دەبێ، هەر کەسێك هاوڕێیەتی کەسی خراپ بکات سەلامەت نابێ، هەر کەسێك بچێتە شوێنی نەشیاو تۆمەتی بۆ دروست دەکرێ، هەر کەسێك ڕقی لە خراپەبێ دەپارێزرێ، هەر کەسێك چاکە بکات سوپاس دەکرێ، هەر کەسێك ڕەحمی نەبێ، خواش ڕەحمی پێ ناکات.

لە فەرموودەیەکی سەحیحی پێغەمبەردا هاتووە:- پیاوێك لەشارەکەی خۆیەوە بۆ شارێکی تر دەڕوات کە نەکاری پێ هەبووە، نەپێویستی، مەبەستی سەردانەکەی تەنها لەبەر ئەوە بووە لەبەر خوا خۆشی ویستووە، خۆشویستن لەبەر خوا سیفەتێکە لە سیفەتەکانی باوەڕدار، پێغەمبەر (ﷺ) پێمان ڕادەگەیەنێ ئەوانەی لەبەر خوا یەکتریان خۆش دەوێ، ئەوە لە ڕۆژی دوایی لەسەر دوانگەیەکی ڕۆشنایین، پێغەمبەران و شەهیدان خۆزگەیان پێ دەخوازن کە ئەوەندە لەخواوە نزیکن، خوای گەورە فریشتەیەکی لەسەر شێوەی پیاو دەنێرێتە سەر ڕێی تا پرسیاری لێ بکات: ئاخۆ مەبەستی لەو سەفەرە چیە و چ شتێ وایلێکردوە تا لە شارەکەی بێتە دەرەوە؟ ئەویش پێی ڕادەگەیەنێ دەیەوێ لەبەر خوا دیدەنی برایەکی بکات کە جگە لە خۆشەویستی خوا هیچ شتێ کۆیان ناکاتەوە، ئەویش پێی ڕادەگەیەنێ کە خوا ناردوویەتی تاوەکو پێی ڕابگەیەنێ خوا خۆشی دەوێ، لەبەر ئەوەی ئەو برایەی لەپێناوی خوا خۆش دەوێ، هەر کەسێك خوا خۆشی ویست، بەختەوەری دونیاو قیامەت بەدەست دێنێ.

ئەگەر کەسێکت لەبەر خوا خۆش ویست، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانمان پێ دەکات پێی ڕابگەیەنین کە لەبەر خوای گەورە خۆشمان دەوێ.

**پیاوێك لەلای پێغەمبەری خوا بوو(ﷺ)، لەو کاتە پیاوێك بەلای تێپەڕی، وتی: (ئەی پێغەمبەری خوا من ئەو پیاوەم خۆش دەوێ). پێغەمبەر (ﷺ)پێی فەرموو: (ئایا دەزانێ؟ پێت وتوە کە خۆشت دەوێ؟) وتی: (نەخێر). فەرمووی: (بڕۆ پێی بڵێ).پیاوەکە خۆی گەیاندێ و پێی وت: (من لەبەر خودا خۆشم دەوێی). ئەویش پێی وت: (خوا خۆشی بوێی کە منت لەبەر ئەو خۆش دەوێ). أنَّ رجلًا كان عند النبيِّ صلَّى اللهُ عليهِ وسلَّمَ، فمر به رجلٌ، فقال : يا رسولَ اللهِ ! إني لأحبّ هذا . فقال له النبيُّ صلَّى اللهُ عليهِ وسلَّمَ : أعلمتَه ؟ قال : لا ! قال : أعلِمه قال : فلحقه، فقال : إني أحبُّك في اللهِ، فقال : أحبَّك الذي أحببتَني له[١٣٠].**

[١٣٠]- **صحيح أبي داود برقم/ ٥١٢٥**

گەنجێك لەدانایەکی پرسی: (چۆن ئەو کەسە بناسم کە منی خۆش دەوێ؟ ئەویش لەوەلامدا وتی: ئەو کەسە تۆی خۆش دەوێ کە غەم و خەفەت و ناخۆشیەکانت لەگەڵ هەڵگرێ، کاتێ لەلای لێت بێزار نابێ، کە ناتبینێ پرسیارت دەکات و ئەحوالت دەپرسێ و لە هەڵەکانت دەبووری و هەردەم خوای گەورەت بەبیر دەهێنێتەوە).

**(صفوان)ی کوڕی(عبدالله)ی کوڕی(صفوان) کە (الدرداء)ی کچی (أبي الدرداء) خێزانی بوو فەرموویەتی: هاتم بۆ شام و ڕۆیشتم بۆ لای(أبو الدرداء) لە ماڵەکەی خۆیداو نەمبینی، وە (أم الدرداء)م بینی و فەرمووی: ئایا بەنیازیت ئەم ساڵ بۆ حەج بڕۆی؟ منیش وتم: بەڵێ، فەرمووی: کەواتە دوعای خێرمان بۆ بکە لە خوا چونکە پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو: دوعای کەسێکی موسڵمان بۆ براکەی لە پەنهانیدا وەرگیراوە، لەلای سەرییەوە فریشتەیەك ڕاسپێردراوە کە هەر کاتێ ئەو دوعای خێر بکات بۆ برایەکی موسڵمانی، ئەوا ئەم فریشتە ڕاسپێردراوە دەڵێت: خوایە دوعاکەی گیرا بکەو بەهەمان شێوەی ئەو داواکارییە بۆ خۆشی جێبەجێ بکە**[١٣١].

هاوڕێی باش بۆ مرۆڤ نیعمەتە، خێرە، بەرەکەتەو بەختەوەری بۆ دێنێ، وەلێ لەتەکدا مرۆڤی خراپ تاوان و گوناه دێنێ.

زانایان دەڵێن خراپتر لە گوناه چوار شتە:-

*پێداگرتن لەسەر گوناح و دووبارەکردنەوەی.

*پاساوهێنانەوە بۆ گوناح.

*بەبچوك حسابکردنی گوناح.

*ئاشکراکردنی گوناح و بلاوکردنەوەی.

کوڕی خۆم ئامانج گیان:

ئێمە کاتێك باس لە ڕێ و شوێنی بازاڕ دەکەین، دەبێ هۆشیارو وریا بین، ئاگامان لەخۆمانبێ، خۆمان لە چاوەچاو و نەزەر بپارێزین. ئەگەر لاماندایە دوکانێ یا سۆپەر مارکێت یا لای دەستگێڕو ویستمان شتێ بکڕین و ئەو شتەمان بە دڵ نەبوو، جا بۆ ئەوەی دڵی فرۆشیار نەڕەنجێ و گەرد نەگرێ، پێویست بەوە ناکات بڵێین: ئەو شتە گرانە ئەوەندە ناهێنێ یان ئەوە هیچ نییە. دەتوانین بەئەسپایی هەنگاو بگرین و بچینە دوکان و شوێن و

---

[١٣١]- **قَدِمْتُ الشَّامَ، فأتَيْتُ أَبَا الدَّرْدَاءِ في مَنْزِلِه، فَلَمْ أَجِدْهُ وَوَجَدْتُ أُمَّ الدَّرْدَاءِ، فَقالَتْ: أَتُرِيدُ الحَجَّ العَامَ، فَقُلتُ: نَعَمْ، قالَتْ: فَادْعُ اللَّهَ لَنَا بخَيْرٍ، فإنَّ النبيَّ صَلَّى اللَّهُ عليه وَسَلَّمَ كانَ يقولُ: دَعْوَةُ المَرْءِ المُسْلِمِ لأَخِيهِ بظَهْرِ الغَيْبِ مُسْتَجَابَةٌ، عِنْدَ رَأْسِهِ مَلَكٌ مُوَكَّلٌ كُلَّما دَعَا لأَخِيهِ بخَيْرٍ، قالَ المَلَكُ المُوَكَّلُ به: آمِينَ وَلَكَ بمِثْلٍ. (صحيح مسلم برقم/ ٢٧٣٣).**

مارکێتێکی تر ، چونکە شتەکانی فرۆشیار موڵك و ماڵی خۆیەتی، کەواتە ئازادە بە چەندی دەدا، ئەوجا نرخەکەی گرانبێ یان هەرزان ئەوە پەیوەندی بە ویژدانی ئەو کەسەوە هەیەو ئەوەی لەسەرتە دەتوانی مامەڵەی خۆتی لەگەڵ بکەیت و ئەگەر ئەقڵت شتەکەی گرت ئەوە باشەو بیکڕە، وە ئەگینا سوپاسی بکەو ئەو شوێنە بۆ شوێنێکی تر بەجێ بێڵە.

**ئامانج: دوا شت کاتێ گەڕاینەوە ماڵ؟**

**عەبدوللا:** پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمانمان پێ دەکات کە لە بازاڕ یان لە سەفەرو هەر شوێنێ گەڕاینەوە ماڵ، سەلام بکەین چونکە سەلامکردن دەبێتە هۆی دروست بوونی بەرەکەت بۆ ئەو کەسەو کەس و کارەکەی. (عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ، قَالَ: قَالَ لِي رَسُولُ اللهِ –صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ–: يَا بُنَيَّ، إِذَا دَخَلْتَ عَلَى أَهْلِكَ فَسَلِّمْ يَكُونُ بَرَكَةً عَلَيْكَ وَعَلَى أَهْلِ بَيْتِكَ)[١٣٢].

**لە فەرموودەیەکی دیکەدا: ( إِذَا دَخَلَ الرَّجُلُ بَيْتَهُ فَذَكَرَ اللَّهَ عِنْدَ دُخُولِهِ، وَعِنْدَ طَعَامِهِ، قَالَ الشَّيْطَانُ: لَا مَبِيتَ لَكُمْ وَلَا عَشَاءَ. وَإِذَا دَخَلَ فَلَمْ يُذْكَرِ اللَّهَ عِنْدَ دُخُولِه قَالَ الشَّيْطَانُ: أَدْرَكْتُمُ الْمَبِيتَ. فَإِذَا لَمْ يَذْكُرِ اللَّهَ عِنْدَ طَعَامِهِ قَالَ: أَدْرَكْتُمُ الْمَبِيتَ وَالْعَشَاءَ)**[١٣٣]**.واتە:(هەر کەسێ کە دەچێتەوە ماڵ، ناوی خوای هێنا لەکاتی چوونە ژوورەوەو لەکاتی نان خواردن، شەیتانە گەورەکە بە شەیتانەکانی دیکە دەڵێ: ئێرە جێگای مانەوەی ئێوە نییە وە لە هیچ خواردن و خۆراکێکی دا بەشی ئێمە نەماوە، بەڵام ئەگەر چووە ژوورەوەو ناوی خوای نەهێنا و لەکاتی نانخواردن ناوی خوای نەهێنا، شەیتانە گەورەکە دەڵێت: شوێنی مانەوەو خواردنتان دەستکەوت).**

کەواتە بەوتنی"بسم الله" دەرگا لەسەر شەیتان دادەخەین بێتە ماڵمان و سلاوکردن لەخاو و خێزان، خۆشی و موحەببەت زیاتر دەکات، جا ئەگەر منداڵی هەبوون، لەمنداڵەکانیەوە لەبچووکەوە تا گەورەیان دەست بکات بە ماچکردن و لە ئامێزیان بگرێ چونکە ئەگەر بۆ ماوەی ٢٠ چرکە باوەش بەکەسێ بکەی یەکسەر هۆڕمۆنێك دەردەدات پێی دەوترێ (ئۆکسیتۆسین) ئەوەش دەبێتە هۆی زیادبوونی متمانەو باوەڕ بەخۆبوون و خۆشەویستی.

**کابرایەك چوە لای پێغەمبەری خوا(ﷺ)و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ڕزقم سوارە، ئەوەندەی ئیش دەکەم و جۆری ئیشەکەم دەگۆڕم هەر بەهەژاری دەژێم و دەوڵەمەند نابم! پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرمووی: (دەست بە سێ شت بگرە خوا لەهەژاری رزگارت دەکات).**

---

[١٣٢]- **حسنه الألباني في صحيح الترغيب والترهيب.**

[١٣٣]- **أخرجه مسلم برقم/ ٢٠١٨**

**وتی: ئەو شتانە چین؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (کاتێك چوویەوە ماڵ سەلام بکە، سورەتی ئیخلاس بخوێنە و سەلاواتم لەسەر لێبدە) پاش ماوەیەك کابرا هاتەوە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ)کە پرسیاری حاڵی کرد، وتی: سوپاس بۆ خوا ئێستا زۆر دەوڵەمەند بوومە.**

پاشان کە چوویە ژووری نووستن یا شوێنی خۆ گۆڕین، جلەکانی بەرت داکەنە و بڵێ: ((بِسمِ اللهِ))[134] واتە:(بەناوی خوا ). بۆیە هەر کەسێ لەکاتی جل داکەندن بڵێت:"بسم الله" ئەوە جنۆکە عەورەتی نابینێت.

ئەوجا جلەکانت جوان دەق و نوشت بکە و هەڵیبگرە و جلی ماڵەوە لەبەر بکە.

📖**ئامانج لەگەرمەی ئەو گفتوگۆیە، گوێیستی دەنگی کەڵەشێری دراوسێکەیان بوو دەیقووقاند. بەدەم زەردەخەنەیەکی گەشەوە وتی: بابە گیان بۆ قووقاندنی کەڵەشێر، یا زەڕینی گوێدرێژ ، هیچ دوعاو شتێکی وامان هەیە بیخوێنین؟**

✍**عەبدوللا:** کوڕی خۆم ئەگەر باسی مرۆڤ و فریشتەو جنۆکە بکەین، وەکو پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێ: (**خُلِقَتِ الملائكةُ من نُورٍ ، و خلق الجانَّ من مارِجٍ من نارٍ ، و خلق آدمَ مِما وُصِفَ لكمْ**)[135] .

کەواتە: فریشتە (مەلائیکە) لە ڕووناکی دروستکراوە.. جنۆکە (شەیتان و نەوەکانی) لە ئاگر دروست کراون و مرۆڤیش لە خۆڵ دروست کراوە.

فریشتەکانی خوا کەڵەشێر دەبینن کە لە ڕووناکی دروست کراون، بۆیە هەرگیز بە قوقاندنی دەنگی کەڵەشێر قەرس و ناڕەحەت و بێتاقەت مەبەو جنێویان پێ مەدە، کە لەهەمان کات تۆ بۆ نوێژ هەڵدەستێنێ، وەکو پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێ:( **لا تسبُّوا الديكَ، فإنه يوقِظُ للصلاةِ**)[136] .

**واتە:(جنێو بە کەڵەشێر مەدەن، چونکە ئەو خەڵکی بۆ نوێژ هەڵدەستێنێ ).**

لە فەرموودەیەکی دیکەدا هاتووە: (إذا سمعتُم صِياحَ الدِّيكةِ فسَلُوا الله تعالى من فَضْلِه" فإنَّها رأت مَلَكًا، وإذا سمعتُم نهيقَ الحِمارِ فتعَوَّذوا بالله من الشَّيطانِ" فإنَّها رأت شيطانًا)[137] **واتە:(ئەگەر گوێتان لە دەنگی کەڵەشێر بوو خوێندی (قووقاندی) ئەوە داوای بەخشین و فەزڵ و ڕەحمەتی خوا بکەن چونکە لەو کاتەدا فریشتەی بینیوە، ئەگەر گوێتان لە زەڕەی گوێدرێژ بوو، ئەوە پەنا بەخوا بگرن لە شەیتان، چونکە لەو کاتەدا شەیتانی بینیوە).**

---

[134] **-صحيح الجامع الصغير/ ٣٦١٠**

[135] **– رواه مسلم برقم/ ٢٩٩٦.**

[136] **– الجامع الصغير برقم/ ٩٧٦٧**

[137] **–رواه البخاري برقم/ ٣٣٠٣ و مسلم برقم/ ٢٧٢٩**

**بۆیه كەڵەشێر قوقاندنی ، بڵێ**: (اللَّهُمَّ انَي أسأَلُكَ مِن فَضلِك)[١٣٨]**.واتە:(خوایە داوای فەڵ و چاكەی تۆ دەكەم ).**

*خۆ ئەگەر* گوێدرێژێك زەڕی، بڵێ: **(أَعُوذُ بِالله مِنَ الشَّيطانِ الرَّجيم)**[١٣٩] **واتە:(خوایە پەنات پێ دەگرم لە شەیتانی نەفرەتلێكراو ).**

ئەوەی لێرەدا پێویستە لەسەری بوەستین ئەوەیە كە توانای بینین لای مرۆڤ سنووردارە، مرۆڤ ناتوانێ ئەو تیشكانە ببینێ كە دەكەونە سەرووی تیشكی بنەوشەیی و خوار تیشكی سوور بەڵام توانای گیانەوارانی وەكو كەڵەشێرو گوێدرێژ لەهی ئێمە زیاترەو دەتوانن ئەو تیشكانە ببینن.

لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم جیاواز لە ئاست و ڕادەی بینینی هەر یەك لە كەڵەشێرو گوێدرێژ، ئامێرو دەزگای بینینی مرۆڤ چوارچێوەیەكی دیاریكراوی هەیە، ئەوەش بەڵگەو نیشانەی پێغەمبەرێتی ئەو پێشەوایە دەردەخات كە هیچ شتێكی لەخۆوە نەوتوە، مەگەر خوای پەروەردگار ئاگاداری كردۆتەوە﴿ وَمَا يَنطِقُ عَنِ ٱلْهَوَىٰٓ ﴿٣﴾ إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْىٌ يُوحَىٰ ﴿٤﴾ ﴾ النجم: ٣ - ٤.

پزیشكێك دوای تێڕامان و وردبوونەوە لەم فەرموودەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) سەبارەت بە كەڵەشێرو گوێدرێژ، بۆ ماوەی چەند ساڵێ كەوتە ئەنجامدانی چەندین توێژینەوەی زانستی لەسەر ڕاست و دروستی ئەم قسەیە كە چۆن كەڵەشێر فریشتە دەبینێ و گوێدرێژ شەیتان دەبینێ لەكاتێكدا مرۆڤ بەو هەموو پێشكەوتنەو تەكنەلۆژیاو و زانیاریە بەرفراوانەی خوای گەورە پێی داوەو بەردەوام بەدواداچوون بۆ ئاشكرابوونی نهێنیەكانی گەردوون و بوونەوەر دەكات، كەچی ئەو شتانە نابینێ؟ دوای تاقیكردنەوەیەكی زۆر، ئەوەی سەلماند كە خانەو ئامێری بینین لای مرۆڤ سنووردارەو مەودایەكی دیاریكراوی هەیە ،چاوەكانی مرۆڤ شەپۆلی تیشكی ڕووناكی لە٤٠٠نانۆمەتر[١٤٠] بۆ ٧٠٠نانۆ مەتر زیاتر شت نابینێ و حەوت ڕەنگ دەبینێ و كەمترینیان ڕەنگی سوورە، بەڵام ژێر سوور

---

[١٣٨]– **رواه البخاري رقم: ٦/٣٥٠ و مسلم برقم: ٤/٢٠٩٢"**

[١٣٩]–" **أبوداود ٤/٣٢٧، و أحمد ٣/٣٠٦، و صححه ألباني في: صحيح ابي داود٣/٩٦١**

[١٤٠]– **نانۆ: بریتییە لەیەكەی پێوانەی درێژی، یەك نانۆ یەكسانە بە ( ١٠ ⁻⁹) مەتر. ئەوەش لە فیزیادا** $\frac{1}{1000000}$ **ە.**

**نانۆ: وردترین یەكەی پێوانەی مەترە تا ئێستا درێژیەكەی یەك لە بلیۆن مەترە ئەوەش بەرامبەر دە هێندەی یەكەی پێوانەی گەردیلەیەكە كە بە ئەنغسترۆم ناسراوە.**

**نانۆ لە وشەیەكی ئەغریقی (nanos –نانۆس) هاتووە واتە: قەزەم (كورت)، ئەوەش بەكارهاتووە بۆ گوزارشتكردنی بەشێك لە ملیار بەشتێكدا، بۆنمونە كە دەڵێین نانۆمەتر یان نانۆچركە مەبەست لێی بەشێكە لەملیار بەش لە مەتر یان چركە یان( ١٠ ⁻⁹) هەموو شتێكی بچووك. زانستی نانۆ دیراسەی بنەما سەرەكیەكانی گەردیلەیی و پێكهاتەكانی دەكات كە لە سەد نانۆمەتر تێپەڕ نابێ و لەم رۆژگارە وەك پێویستیەكی لێهاتووە لەبوارەكانی**

(تحت الحمراء) نابینیٚ بۆیە  ناتوانیٚ هەموو شتێك ببینیٚ، بۆیە توانای بینینی تیشکە سوورەکان(**الاشعة تحت الحمراء**) و سەرووی تیشکە بەنەفسەجیەکان(**ما فوق الاشعة البنفسجیة**)ی نییە، کەچی خوای پەروەردگار ئەو بینینەی بەکەڵەشێرو گوێدرێژ داوە، توانای بینینی ئەو تیشکانەیان هەیە، بۆ نمونە فریشتە وەکو لە قورئان ئاماژەی پێدراوە  لە رووناکی (نور) دروست کراوە ، رووناکی لە تیشکی بەنەفسەجییە، کەڵەشێر چونکە چاوەکانی  لە٤٠٠بۆ سەرووی ٧٠٠نانۆمەتر شت دەبینیٚ، بۆیە دەتوانیٚ فریشتە ببینیٚ. هەروەها شەیتان وەکو لە قورئان ئاماژەی پێدراوە کە لە ئاگر دروست کراوە، ئاگر لە تیشکی ژێر سوورە، گوێدرێژ چونکە چاوەکانی لە٧٠٠ تا خوار٤٠٠ نانۆمەتر  شت دەبینیٚ، بۆیە دەتوانیٚ شەیتان ببینیٚ، ئەوەتا کاتیٚ دەزەڕیٚ ئەوە ئاگادارکردنەوەیە پێمان دەڵیٚ: شەیتان وا لەو دەوروبەرەیەو من دەیبینم، تۆش ئەی مرۆڤ وریای خۆتبە شەیتان فریوت نەدات و فێڵت لیٚ نەکات.

کاتێك بەندەکانی خوا خەریکی زیکر و یادی خوان، لەنێوان فریشتە و شەیتاندا، فریشتەکان لێیان نزیك دەبنەوەو شەیتان بەپەلەپروزیٚ لەو شوێنە نامێنیٚ و دەڕوات، چونکە بەبینینی نوری فریشتە، ئازاری پیٚ دەگات.(زانستی سەردەم ئەوەی سەلماندووە ئەگەر لەیەك شوێن تیشکی سەرووی بەنەفسەجی و تیشکە سوورەکان کۆ بکەینەوە، تیشکە سوورەکان نامێنن و لەناو دەچن).

**هەر بۆ زانیاری تۆ:**

گوێدرێژو بۆق و پەپوولەو مشك پێش ڕوودانی بوومەلەرزە، هەست بەبوون و ڕوودانی دەکەن، مشك هەوڵدەدات لەو شوێنە بۆ شوێنێکی هێمن و ئارام بڕوات و بەپەلە بەچکەکانی دەگوازێتەوە، وەك چۆن بۆق و پەپولە بەکۆمەڵ بەخێرایی لەو شوێنە دوور دەکەونەوە، بەهەمان شێوە گوێدرێژ هەوڵ دەدا لەو شوێنە بڕوات کە ئەگەر بیبەستیەوە ئەوە بەبیٚ هۆ دەست دەکات بە لوشکە لوشك و زەڕو هۆڕو زەڕین.

خوا یارو یاوەرمانبیٚ، بۆ بەیانی هەندیٚ لەو دوعایانەشت لەسەر کاغەزێك بۆ دەنووسم، بەپێی دەرفەت و بوار بۆ لوان، حەز دەکەم هێدی هێدی بیخوێنیەوەو لەبەریان بکەیت.

**ئامانج باوێشکێکی قووڵی دا، بە هەڵپەیەکەوە وتی: دەست خۆش بابە گیان بۆ ئەو زانیاریە بەسوودانە، دەی شەو شاد،(السلام علیکم)**

✍ **عەبدوللا** ناوچەوانی ماچ کردو وتی**:** بەهیوای خەوێکی خۆش (و علیکم السلام و رحمة الله و برکاته)

---

**پزیشکی و ئابووری جیهانی و پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکان و ژیانی ڕۆژانەی تاك ، وەلیٚ دەکریٚ بەهۆی تەکنیکی نانۆوە  کەشتی فەزائی ئەوتۆ بەئەندازەی  بچووکی گەردیلەیەك دروست بکریٚ و لە جەستەی مرۆڤدا جووڵەی پیٚ بکریٚ بەتایبەت لە پرۆسەی برینپێچی و دەرکردنی بەبیٚ بریندار بوون، هەروەها دەتوانریٚ بخرێتە ناو کایە پیشەسازییەکانی شەپۆلی کەهرۆموگناتیسی و هەر بەو تەکنیکەوە دەتواندریٚ سەیارەیەك بەقەبارەی پێشوولەیەك دروست بکریٚ و هەر شتیٚ مرۆڤ بیری بۆ بچیٚ بەکەمترین تێچوو بەدەستی بێنێت.**

# کتێبی دووەم

کتێبی دووەم

# ئیستیخارە...چاوەزار...زیکرەکان

**نووسینی**
**شاخەوان عەلی حەمەد**

**پێداچوونەوەو پێشەکی**

**م/ شـــوان رابـــەر**

# پێشەكی

**م/ شـــوان ڕابــەر**

**كتێبی (ئیستیخارە.. چاوزار..زیكرەكان) لەنووسینی(م/ شاخەوان عەلی حەمەد مامۆكی)، كتێبێكـی زۆر گـرنگ و پێویسـتە ئەگەرچـی قـەبارە گـەورە نییـە، لەبـەر ئـەوەی بەشـێوازێكی خۆش و باش نووسراوەو بەڵگـەی زۆری لـە قورئـان و سـوننە تێـدان، زۆر نموونـەی جوانی تێدان، ئایەت و حەدیسەكان كراونەتە كوردی، خوێنەر بەباشی لە مەبەستەكانی تێ دەگات.**

**هەڵبەتـە زۆربـەی لایەنـە گـرنگ و پێویسـتەكانی تێدایـە سـەبارەت بـە مەسـەلەی نوێـژی (ئیسـتیخارە)و خۆپاراستن لـە (چـاوزار) و ئەنجامـدانی (زیكرەكـان). چـونكە هـەر یـەكێك لـەم بابەتانـە لـەژیانی ڕۆژانەمانـدا گـرنگ و پێویسـتن، كـاری زۆرمـان پێیانـە، هـەر بۆیـە چـەندان ئایەت و حەدیس لەسەر ئەم بابەتانە هاتوون.**

**(ئیستیخارە) واتە: پرسكردن بەخوای كردگار بۆ كاروباری ژیان و ڕۆژانـە، جا لـەوە گـرنگتر چییە كـە مـرۆڤ پـرس بـەخوای كردگـاری خـۆی بكـات تـا داواكاریەكـەی بـۆ یـەكلا بكاتـەوە، هـەروەها (چـاوزار) هەقیقەتـەو بـەپێی فـەرمووده سـەلمێنراوە، بـەواقعیش زۆر كـەس لێـی دەترسێ و تووشیشی دەبێ، تا ڕاددەیەكی باش چارەسەری ئەوەشی تێدایە.**

**سـەبارەت بـە(زیكرەكان) مـەردوم پێویسـتە ڕۆژانـە لەچـەندان كاتـدا زیكـری خـوا بكـات، بـۆ ئـەوەی لـە خراپـەو شـەیتانەكان بـەدووربێ، بـۆ ئـەوەی پەیوەنـدی لەگـەڵ خـودا بـەهێزبێ[141]، لەوەشدا زۆربەی زیكرە گرنگ و پێویستەكانی تێدان. ئیتر ئەم كتێبە بەپێی چەندان ئایەت و حەدیس، بەبەڵگەی سەحیح باسی لەم كردووە كە ڕۆژانـە زۆر ئیشـمان پێیـان دەبێ. جا هـەر كەسێك جێ بـەجێیان بكات، بەدڵنیاییـەوە سـوودو قازانجی زۆری لـێ وەردەگرێت. دەسـتی نووسەر خۆش بێ،خوای گەورە پاداشتی خێری بداتەوە.**

---

[141] **–خوای گەورەش سەبارەت بەوە دەفەرموێ:﴿ فَٱذۡكُرُونِيٓ أَذۡكُرۡكُمۡ ﴾ البقرة: ١٥٢ واتە: یادم بكەن یادتان دەكەم.**

# ڕێخۆشیەك...

لەم شەوانەدا هەندێ میوان وەك هەر شەوێكی ئاسایی تر، تەشریفیان هێنا، ماوەیەكی باش لەماڵمان مانەوە، بەیەكەوە لە دەرگای زۆر باس و خواسمان دا، گەلێ قسەی خۆشمان كرد.
ئەوەی پێی دڵخۆش بووم، ئامانجی كوڕم بوو كە لەو دانیشتنەدا بەهەستەوە بیرو هۆش و سەرنجی كۆكردبۆوە، گوێی بۆ قسەكانمان ڕادەدێرا.
یەك لەمیوانەكان بەهەڵپەیەكەوە وتی: لەم ژیانە جەنجاڵیەدا زۆر جار دەمەوێ ئیشێ كارێ ئەنجام بدەم، كەچی بەهۆی دوو دڵی و گومان و ڕاڕایی خۆمەوە هیچ بڕیارێكی ڕاست و دروستم پێ نادرێ، نازانم چیبكەم؟!.
پێموت: نوێژی ئیستیخارە بكە.
میوانەكەی تر وتی: منیش زۆر بەدبەخت و بێبەخبارو چارەڕەشم، (سبحان الله) دەست بۆ زێڕ ببەم، لەناو دەستم دەبێتە خۆڵ. ئەوەتا هەرچی جارێ شتێكی تازەو نوێ بۆ ماڵەوە دەكڕم، وەك نەفەس و چاوەزارمان لەسەربێ، ئیللا نەگبەتی و نەهامەتی و ناخۆشییەك رووومان تێ دەكات بۆیە نازانم سەری كاسم بۆ كوێ هەڵبگرم ! نازانم چیبكەم؟!
پێموت: دوعای چاوەزار بخوێنە.
گەنجێكی تازە هەڵچوویش بە دەم زەردەخەنەیەكی گەشەوە وتی: منیش خوێندكارم، زۆرم حەز لەخوێندنە، كەچی ئەو شتەی دەیخوێنم و ئەزبەری دەكەم، بەزوویی لەبیرم دەچێتەوە، منیش دەپرسم: ئایا بۆ كاروباری خوێندن دوعایەك هەیە پەنای بۆ ببەم و ئەنجامی بدەم؟
پێموت: تۆش دەتوانی ئەو زیكرو دوعایانە بخوێنی كە دەرگای خۆشی و بەختەوەریت لێ دەكەنەوە.
وتیان: تۆ بەقسەیەكی كورت وەڵامی هەموومانت دایەوە، بەڵام ئێمە هیچ لەو شتانە بەتەواوی نازانین كە تۆ باسی دەكەی.
منیش پێموتن: بەپشتیوانی خوا بەدوورو درێژی وەڵامی هەموو ئەو پرسارانەتان دەدەمەوە، لەگەڵمبن.

*نووسەر*

# نوێژی ئیستیخارە چییە؟

## کەی ئەنجام دەدرێ؟ چۆن دەکرێ؟

موسڵمانی ڕاستەقینە بۆ هەموو شتەکانی خۆی، تەنهاو تەنها داوا لەخوا دەکات، وەك سوننەتی پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر ئەوەمان ڕادێنێ: (إذا سألت فاسأل الله وإذا استعنت فاستعن بالله) بۆیە ئەگەر نیازت وابوو شتێ بکەی، یان داوای هەر باشەو چاکەیەك بکەی، ئەوە نوێژی ئیستیخارە بکەو پشت بەخوای پەروەردگار ببەستەو ڕاوێژ بەکەسی لەخۆت شارەزاتر بکە، چونکە هەر کەسێك ئیستیخارە بکات، توشی زەرەرو زیان نایەت و هەر کەسێ مەشوورەت و ڕاوێژ بەم و بەو بکات، پەشیمانی نابێتە میوانی.

**خۆشەویستان:**

پێش هاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە نیمچە دورگەی عەرەب، وەکو داب و نەریت، هەندێ شت باو بوو، خەڵکەکە خوو و خدەیان پێوە گرتبوو، هانایان بۆی دەبرد، لەکاروباری ڕۆژانەیاندا تاقییان دەکردەوە کە بە تێڕامان و ئەقڵیەتی خۆیان بۆ پاشەڕۆژێکی باش و دیاریکردنی چارەنووسێکی شیاو، ئەو شتەی ئەنجامی دەدەن بڕیارێکی دروست و گونجاوە کە لەبنچینەدا جگە لەکۆمەڵێ شتی پڕو پووچ و ئەفسانە ئاسای بەتاڵ، هیچی تر نەبوو. بۆ نموونە:

ئەگەر بیانویستایە گەشتێك ئەنجام بدەن، یاخود بازرگانییەك بکەن، یان ئەوەتە ژن و ژنخوازییەك بەڕێوە ببەن و بۆ هەر کارێکی دیکە، پەنایان دەبردە بەر ئەستێرەناسان تاوەکو سەیری ئەستێرەیان بۆ بکات بزانێ چ چارەنووسێك لە چاوەڕوانیان دایە.

هەروەها هەر ئەو خەڵکە دەچوونە لای ساحیرو جادوگەران بۆ ئەوەی ناولەپی دەستیان بخوێنێتەوە، بزانێ ئاخۆ لەو ئیشەیاندا سەرکەوتوو دەبن یان نا؟ بەختەوەر دەبن یان بەدبەخت دەبن.

وەلێ ئەوەی لەهەر شتێ زیاتر ناویاندا باو بوو، هەندێ داریان دەبڕی، دەیانکردە تیر و لەسەر هەر یەك لەو تیرانە، دەیاننووسی: (باشە ئەنجامی بدە). یان دەیاننوسی: (خراپە ئەنجامی مەدە). ئەوجا هەموو تیرەکانیان دێنا تێکەڵ بەیەکیان دەکردو دەیانخستە ناو کیفکێك یا دۆلکەیەکی ئاسایی.

ئەوجا هەر ئیش و کارێکیان هەبوایە، دەستیان بۆ تیری ناو دۆلکەکە دەبرد، بێ ئەوەی سەیری تیرەکە بکەن، کامەیان بەدەستەوە بهاتایە، ئەوجا بڕیاریان دەدا ئەو ئیشە باشە یان خراپ؟ ئەو کارە بکەن یان نا؟

بەڵام کاتێك ئیسلام هات، خوای پەروەردگار لەجیاتی فاڵ و قاوەو دەستەڕو تەسبێح و کتێبگرەوە[١٤٢]، نوێژی ئیستیخارە[١٤٣]ی پێدان.

گومان لەوەدا نیە مرۆڤ ئەگەر بەنیازبوو ئیشێ کارێ ئەنجام بدات، بەڵام لە دەرەنجامەکەی دوو دڵ و ڕاڕاو بەگومان بوو، نەیزانی باشی و خراپی ئەو شتە لە چی دایە! نەیتوانی بڕیاری ڕاست و دروست و یەکلاکەرەوەی لەبارەوە بدات! ئەوە باشترین زاتێك بیەوێ پرس و ڕای وەربگرێ، خوای پەروەردگارە کە بەهەموو نهێنی و پەنهانییەکی بوونەوەر ئاگادارە، بۆیە لەنێوان دوو هەڵبژاردەدا، کام شت چاکە، ئەوەی بۆ هەڵدەبژێرێ.

بۆ نموونە کابرا دەڵێ: سەرسام ماوم نازانم ئەو خانووە بکڕم یا نەکڕم؟ ئەو دوکانە بەکرێ بگرم یا بەکرێی نەگرم؟لەو پڕۆژەیەدا ببمە هاوبەشی ئەو کەسە یان نا؟ واز لەو مامەڵەیە بێنم یان پیادەی بکەم ؟ بۆ ئەو سەفەرە بچم یا نەچم؟ بۆ زەواج و هاوسەرگیری،

---

[١٤٢] - لەکوردەواری لای خۆمان تا ئەو ساڵانەی داهاتوو خەڵکانێك هەبوو بە یەقینەوە لە بەهاراندا کاتێ گوڵەحاجیلە دەردەچوو، بەتایبەت قوتابی بۆ چارەنووسی خوێندنی خۆی، دەستی دەکرد بە لێکردنەوەی یەکە بەیەکەی پەڕە گوڵەکەو بەدەم لێکردنەوە دەیوت: دەردەچم، دەرناچم، دوا پەڕەگوڵ چی بوو، ئەگەر دەرچوون بوایە، ئیتقاتی وابوو ئەو ساڵە لە قوتابخانە دەردەچێ و بەپێچەوانەوە ئیدی ئەوەندەی هەوڵ و کۆشش بدات، ئەو ساڵە دەرناچێ.

[١٤٣] – ئیستیخارە لە رووی زمان و شەرعەوە:

**الاستخارةُ لُغةً:** طلَبُ الخِيرةِ في الشيءِ، وهو استفعالٌ منه“ يُقال: استخِرِ اللهَ يَخِرْ لك .

**الاستخارة شرعًا:** طلَبُ صرفِ الهِمَّةِ لِمَا هو المختارُ عندَ اللهِ والأَوْلى ، بالصَّلاة، والدُّعاءِ الواردِ في الاستخارةِ.

لەرووی حوکمەوە نوێژی ئیستیخارە لە هەرچوار مەزهەبی حەنەفی و مالکی و شافعی وحەنبەلی سوننەتە.

**دەسپێشخەری دەگەڵ ئەو کچە بکەم یان نا،[١٤٤] تەنانەت خودی قوتابی لە پێشکەشکردنی زانکۆلاین بۆ ئەوەی باشترینت بۆ هەڵبژێردرێ، ئەوە سووربە لەسەر هەموو ئەوەی قازانجی تۆی تێدایە، خاو و خلیچك و ساردو سڕ مەبە، بەردەوام بەگەرم وگوڕییەوە ئەو نوێژە بەرپا بکە.**

**نوێژی ئیستیخارە تەنها تایبەت نیە بەکارێکی شەرعی و بەس ، بەڵکو بۆ تەواوی کاروبارەکانی دونیایە، بۆ شتێ کاریگەری لەسەر ژیانمان هەبێت. بەلآم ئەنجامدانی بۆ شتە فەرزەکان دروست نیەو نابێ، وەك بڵێ: نازانم نوێژ بکەم یا نەیکەم؟ زەکات بدەم یا نەیدەم؟ چونکە ئەوانە فەرزن، شتێك نین بخرێنە تای تەرازووی کردن و نەکردنەوە، فەڕز دەبێ بکرێ و واجبە، نابێ دوو دڵی تێدا کۆببێتەوە.**

**نوێژی ئیستیخارە: یەکێکە لە هۆکارەکانی خێرو بەرەکەت[١٤٥]، فەرمان و سوننەتێکی زیندووی پێغەمبەرە(ﷺ)، پشت بەستنە بەخوای پەروەردگار، دوعایە، بەرەکەتە، ئارامبەخش و دروستبوونی یەقین و دواجار تەسلیمبونە بەفەرمایشتەکانی خواو بەگەورە دانانی خوایە بۆ کارێ کە خێری دین و دونیای تێدابێت.**

---

[١٤٤] - ئیمامی حاکم ئیستیخارەی بە( صلاة الزواج) ناوزەد کردووە، چونکە پرۆسەی هاوسەرگیری تەواوکاری نیوەی ئیمان و لوتکەی بەختەوەریە بۆ مرۆڤ ، وێڕای چێکردنی بەهەشتێکی بچووك، تەنانەت لەو ڕێیەوە ئەو منداڵەی خوا پێیان بدات، دەتوانن بەپەروەردەیەکی جوان و سەردەمیانە گۆشی بکەن کە بۆ داهاتوو لەبەری بحەسێنەوە، پێی دڵخۆش بن نەك لەبەری هەڵبێن و خۆزگەی نەبوونی بۆ بخوازن. کەواتە بریاری زەواج چارەنووسسازە، پرساندنی بابەتێکی قورسە, دەکرێ دوای هەڵبژاردنی کەسێك و پاش ئەنجامدانی نوێژی ئیستیخارە، بچن پرس و راو راوێژ بەو کەسانە بکەن کە زەواجیان کردووەو لەو بوارەدا شارەزان. ئەوەش نەك بۆ پیاو، بەڵکو بۆ ئافرەتیش هەمان شت ڕاستەو دروستە بەدواداچوون بکات.

فاتیمەی کچی قەیس سەربەخۆ شووی نەکرد، چووە خزمەت پێغەمبەری خواو پرسی پێ کرد، وتی: دوو کەس هاتوونەتە داوام ، ئایا شوو بەکامەیان بکەم؟.

[١٤٥]- بەرەکەتی خوا بەسەر هەر کەسێکدا بباریێ، هەموو ژیانی دەبێتە عیبادەت و خوای پەروەردگار لێی ڕازی دەبێ، دەبێتە کەسێکی بەرەکەتدار کە سوودی بۆ خۆو ماڵ ومناڵ و خێزان و کۆمەڵگاکەی هەبێت. خۆ ئەگەر هۆکارەکانمان نەگرتە بەر، لەژیانێکی تاڵ و ناخۆش، حاڵ و بارێکی خراپ، ڕاکە ڕاکێکی بێ سوود گوزەر دەکەین کە سوودمان بۆ خۆو ماڵ ومناڵ و تەنانەت دەوروبەریشمان نەبێت.

ئیماندار دەبێ ئەم نوێژو دوعایە بۆ هەموو کارو کردەوەکانی ئەنجام بدات و پشتگوێ و فەرامۆشی نەکات تا بەختەوەری دین و ژین و دونیا بێت.

**هەر کەسێك نوێژی ئیستیخارە بکات، تووشی زەرەرو زیان نابێت، بەڵام دەبێ بە ئەنجامەکەی ڕازیبێ، ڕەنگە هەندێ جار ئەو کارە بەبیرو ئەقڵی سنووورداری ئەو کەسە نەگونجاوبێ و بەدڵی نەبێ، لێرەدا نابێ خۆی پەست و پەرۆش و نیگەران بکات، چونکە دواتر بۆی دەردەکەوێ کە لەو نهێنیەدا چ خێرێکی گەورە هەبووە.**

**خوای گەورە شتێك بەبەندەکەی نادات مەگەر بەخێرو خۆشی و باشە بۆی نەگەڕێنێتەوە، ئەوەی خوا دەیزانێ ئێمە نایزانین، زۆر شت بەباش دەزانین کەچی دواجار بەخراپە بەسەرمان دەشکێتەوە، وەك خوای گەورە دەفەرموێ:** ﴿ وَعَسَىٰٓ أَن تَكۡرَهُواْ شَيۡـًٔا وَهُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡۖ وَعَسَىٰٓ أَن تُحِبُّواْ شَيۡـًٔا وَهُوَ شَرّٞ لَّكُمۡۚ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ وَأَنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ٢١٦ ﴾ البقرة: ٢١٦

**پێغەمبەر (ﷺ)ئەو بابەتەی بە بایەخ و گرنگیەوە باس کردووە، تەنانەت بۆ کڕینی پارچە قوماشێك ئەو نوێژەی کردووە. بۆیە فەرمانی پێ کردووین ئەنجامی بدەین، وەکو دەفەرموێ:(منْ سعادةِ ابنِ آدمَ استخارتُهُ اللهَ، و منْ سعادةِ ابنِ آدمَ رضاهُ بما قضَى اللهُ ومنْ شَقَاوةِ ابنِ آدمَ تركُهُ استخارةَ اللهِ، و منْ شقاوةِ ابنِ آدمِ سخطُه بما قضى اللهُ لهُ)[١٤٦] واتە: "لەخۆشگوزەرانی مرۆڤ، کردنی نوێژی ئیستیخارەیە. وە لە خۆشگوزەرانی مرۆڤ ڕازیبوونە بەوەی خوای پەروەردگار بۆی بڕیار دەدات دوای ئیستیخارە، وە لە خراپی مرۆڤ وازهێنانیەتی لەو ئیستیخارە، هەروەها لە نیشانەی خراپی مرۆڤ، ناڕازیبوونیەتی بەوەی خوای پەروەردگار بۆی بڕیارداوەو تووشی دەبێت".**

**جابری کوڕی عەبدولا (ڕەزای خوای لێبێ) دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئێمەی فێری ئیستیخارە دەکرد لەهەموو کارەکانماندا، هەر وەك چۆن فێری سوورەتێکی قورئانی دەکردین.**

**هەروەها دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی پێ دەکردین کە هەر شتێکمان کرد نابێ سەربەخۆ بیکەین، دەبێ بچین پرس بەخوا بکەین[١٤٧].**

**ئەم نوێژە وەکو نوێژی بەیانیان دوو رکاتە، دوای نیەت هێنان"نیەتمە دوو رکات سوننەتی نوێژی ئیستیخارە دەکەم (هەرچەندە هێنانی نیەت لە دڵە) "الله أكبر" هەموو شتێ پێویستی**

---

[١٤٦]- **الجامع الصغير، برقم/٨٢٣٣**

[١٤٧]- **بەختەوەری ئینسان لەوە دایە پرس بەخوا بکات و خوا خۆی بڕیاری بۆ بدات و بۆی هەڵبژێرێ چی بۆی چاکە! بەڵام نەگبەتی و سەرەڕۆیی مرۆڤ لەوەدایە خۆی لەخوا بەباشتر بزانێ، ئەوەش بیرکردنەوەیەکی هەڵەو پەڵەیە، دواجار تووشی نەهامەتی دێ و هیچ شتێ بەهاناو هاواریەوە نایەت.**

**بەنیەتە، مەبەست لەو نوێژە نیەتە کە لەخوا بپاڕێیتەوە، داوای خێرو بەرەکەتی ئەو کارە لەخوا بکەی ئەگەرخێربێ ئەوە بۆتی ئاسان بکات.**

**لە ڕکاتی یەکەم دوای خوێندنی سورەتی (فاتیحە) سوننەتە سورەتی (قل یا أیها الکافرون) و لە ڕکاتی دووەم سورەتی (قل هوالله أحد) بخوێندرێ. هەروەها چەند دەتوانیٚ، بۆی هەیە قورئانی تێدا بخوێنیٚ.**

**دوای سەلامدانەوە، دەستی بۆ ئاسمان بەرز بکاتەوە، تەواوی دڵی لای نزاکەیبیٚ و بەسەلاۆاتدان لەسەر پێغەمبەر (اللهم صل علی سیدنا محمد و علی ال سیدنا محمد) دەست پیٚ بکات، ئەوجا بڵیٚ:-**

**(اللّٰهُمَّ إِنِّي أَسْتَخِيرُكَ بِعِلْمِكَ, وَأَسْتَقْدِرُكَ بِقُدْرَتِكَ, وَأَسْأَلُكَ مِنْ فَضْلِكَ الْعَظِيمِ, فَإِنَّكَ تَقْدِرُ وَلا أَقْدِرُ, وَتَعْلَمُ وَلا أَعْلَمُ, وَأَنْتَ عَلامُ الْغُيُوبِ ,اللّٰهُمَّ إِنْ كُنْتَ تَعْلَمُ أَنَّ هَذَا الأَمْرَخَيْرٌ لِي فِي دِينِي وَمَعَاشِي وَعَاقِبَةِ أَمْرِي. فَاقْدُرْهُ لِي وَيَسِّرْهُ لِي ثُمَّ بَارِكْ لِي فِيهِ , وَإِنْ كُنْتَ تَعْلَمُ أَنَّ هَذَا الأَمْرَ شَرٌّ لِي فِي دِينِي وَمَعَاشِي وَعَاقِبَةِ أَمرِي. فَاصرِفْهُ عَنِّي وَاصرِفْنِي عَنْهُ, وَاقْدُرْ لِيَ الْخَيْرَ حَيْثُ كَانَ ثُمَّ أَرْضِنِي بِهِ[١٤٨])**. واتە: (**خوایە من بەزانیاری خۆت داوات لیٚ دەکەم بۆم هەڵبژێرە، بەتوانای خۆت داوات لیٚ دەکەم توانام بدەریٚ، بە فەزڵ و گەورەییت داوات لیٚ دەکەم کە تۆ زانای، من نەزانم ، تۆ بەهەموو غەیب و پەنهانییەکان دەزانی. خوایە ئەگەر ئەنجامدانی ئەم کارە (ناوی کارەکە دێنی) قازانجە بۆ دین و ژین و ئێستاو دوایم، بۆمی ئاسان بکە، بۆمی ڕێك بخە، بەرەکەتی تیٚ بخە.. خوایە ئەگەر ئەنجامدانی ئەو کارە( ناوی کارەکە دێنی) زیانە بۆ دین و ژین و ئێستاو دواییم، ئەوە لێمی دوور بخەرەوەو منیش لەو کارە دووربخەرەوە، کارێکی باشترم بەنسیب بکەو ڕازیم بکە**).

سەبارەت بە خوێندنی دوعای ئیستیخارە دوو بۆچوون هەیە:

یەکەم: دەکریٚ دوای تەواوبوونی نوێژەکە، ڕاستەوخۆ دەست بۆ ئاسمان بەرز بکاتەوەو دوعای ئیستیخارە بخوێندریٚ.

دووەم: دەکریٚ ئەو دوعایە پێش سەلامدانەوە، دوای تەواوبوونی تەحیات، بخوێندریٚ.

پاشان بەردەوامبیٚ لەو کارەی بەنیەتە ئەنجامی بدات، جا ئەگەر خێری دونیاو قیامەتی تێدابیٚ، خوا بۆی ئاسان دەکات. خۆ ئەگەر خێری تێدا نەبیٚ، ئەوە لێی دوور دەخاتەوە.

ئەو نوێژە هەموو کاتیٚ، شەو و ڕۆژ بکریٚ ئاساییە.

---

[١٤٨] **-رواه البخاري برقم/ ٧٣٩٠**

هەندێ پێیان وایە: پێش خەوتن باشترین کاتە بۆ ئەنجامدانی.
هەندێکی تر پێیان وایە: ئەگەر لە سێ یەکی شەو ئەنجام بدرێ کاتێکی گونجاوە کە تیایدا دوعا قبوڵەو ڕەت ناکرێتەوە.

پێغەمبەری خوا(ﷺ) ڕێنماییکارو مژدەبەخشە بۆ هەموو کاروبارێکی ژیان و ژینی دوای مردن، بۆیە سێ کات هەیە تیایدا نەهی[149] کراوە، واتە: بەباشی نەزانیوە نوێژی تێدا ئەنجام بدرێ یا مردووی تیادا بنێژرێ.
یەکەم: خۆر تازە هەڵبێ، کورد وتەنێ تازە زەردەپەڕی دابێ تا بە ئەندازەی رمێک بەرز دەبێتەوە، چونکە خۆرپەرستەکان لەو کاتەدا نوێژ دەکەن و تیایدا کڕنۆش دەبەن.
دووەم: ئەو کاتەی خۆر لە ناوەڕاستی ئاسماندایەو لەوپەڕی گەرمی دایە چونکە دۆزەخ لەو ئان و ساتەدا نیڵە نیڵیەتی و دەکوڵێ، بۆیە مرۆڤ لەو کاتەدا هیچ سێبەرێکی نەبەلای ڕۆژهەڵات و نەبەلای ڕۆژئاوا نییە، خۆر لە تەپڵی سەری دەدات.
سێیەم: ئەو کاتەی خۆر بەرەو ئاوابوون لار دەبێتەوە.
ئەوانە ئەو کاتانەیە شەیتان بۆ خۆرهەڵاتن بەراوردی پێ دەکات.
عن عُقبةَ بنِ عامرٍ الجهنيِّ (رَضِيَ اللهُ عنه)، قال: ( ثلاثُ ساعاتٍ كان رسولُ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم يَنهانا أنْ نُصلِّي فيهنَّ أو أن نَقبُرَ فيهنَّ موتانا: حينَ تَطلُعُ الشمسُ بازغةً حتى ترتفعَ، وحين يقومُ قائمُ الظهيرةِ حتى تميلَ الشمسُ، وحين تَضيَّفُ الشمسُ للغروبِ حتى تغرُبَ)[150].

**دوای تەواو بوونی نوێژو دوعاکە، بەچەند ڕێگەیەك دەتواندرێ وەڵامەکە وەربگرێتەوە، هەرچەندە هیچ دەقێکی ئەوتۆی لەبارەوە نیە، وەلێ ئەزمون ئەوەی دەرخستووە کە:**
**١- خودی کەسەکە پاش ئەنجامدانی نوێژەکە هەست دەکات دڵ و دەروونی یەکلایی بوەتەوە لەسەر کردن یا نەکردنی ئەو کارەی** لەهەڵبژاردن و هەڵنەبژاردنی دا تێیدا دوو دڵ بووە. بۆیە دڵفراوان بوونی بۆ کارەکەو کارئاسانی، کارەکەی لەسەر قورس ناکات، هەروەها لە قبوڵ نەبوون و نەکردنی دا، دڵی پێوە نابێت.

---

[149] - **حوکمی شەرعی پێنج شتە: یەکەم/ واجب: ئەوەی دەیکات لەسەری پاداشت وەردەگرێ و ئەوەی نەیکات سزا دەدرێ. دووەم/ حەرام: ئەوەی دەیکات لەسەری سزا دەدرێ، ئەوەی نەیکات پاداشتی لەسەر دەدرێتەوە. سێیەم/ سونەت: ئەوەی دەیکات پاداشت وەردەگرێ، ئەوەی نەیکات سزا نادرێت. چوارەم/ مەکروە: ئەوەی نەیکات پاداشت وەردەگرێ و ئەوەی بیکات سزا نادرێ. پێنجەم/ موباح** (ڕێگەپێدراو): **کردن و نەکردنی وەك یەك وایە موباح ئەگەر بەمەستی عیبادەت کرا، ئەوە بۆ مرۆڤ پاداشتی هەیە.**
[150] - **رواه مسلم برقم/٨٣١**

٢– دوای ئەنجامدانی نوێژەکە ئەگەر نووست، خەونی خۆش بەکارەکەوە دەبینێ. دەوترێ: خەوبینین بە ڕەنگی سپی یا سەوز بەڵگەی ئەوەیە ئەو کارە باشەو شیاوی ئەوەیە ئەنجام بدرێ. وەلێ ڕەنگەکانی تر وەك سوور یا ڕەش بەڵگەی ئەوەیە ئەو کارە باش نیە ئەنجامی بدات. کەسی خەوبین لەنەزانینی لێکدانەوەی ئەو خەونەی دەیبینێ، دەتوانێ بچێتە لای کەسێکی شارەزاو ئەزمووندار تا لەو ڕێیەوە باسی خەونەکەی بۆ بکات و پێی بڵێ: من نوێژی ئیستیخارەم بۆ ئەو ئیشە کردووەو ئەم خەونەشم بینیوە. هەرچەندە مەرج نیە خەوبینین دوای ئیستیخارە بێت.

٣–دوای نوێژەکە ئەگەر خوای پەروەردگار فەرمانی لەسەربێ و خێری دین و دواڕۆژی تێدا بێت، ئەوە لەبەرچاوی جوان دەکات، دڵی پێی خۆش دەبێ کە حەز بەپیادەکردنی بکات. واتە: دوای کردنی نوێژەکە، بەهۆکارێکەوە ئیشەکەی بۆ ئاسان دەکات بەشێوەیەك کە هەموو شتێکی باشی بێتە پێش . خۆ ئەگەر فەرمانی خوای لەسەر نەبێ، ئەوە ئیشەکەی لەبەرچاوی ڕەش دەبێ و دڵی لەسەر نامینێ و کارەکەی لەسەر قورس و گران دەبێت.

هەروەها دەبێ ئەوە بزانین لەنەبوونی ئەو نیشانانەی سەرەوە، مەرج نیە بڵێین ئەو ئیستیخارە شوێنی خۆی نەگرتووە چونکە هەموو زانیارییەکی پەنهان و ئاشکرا تەنها لای خوایە، جا ئەو زانیاریە چۆنەو بە چ شێوەیەکە، ئەوە ئێمە پێی نازانین –والله أعلم–

**چەند تێبینیەکی کورت:–**

١–نوێژی ئیستیخارە ئەسڵەکەی داواکاری و دوعایە، تۆ لەخوا دەپاڕێیەوە، پاڕانەوە دەبێ بە خشوع و کڕوزانەوەبێ، وەك زانایان دەریانخستووە ئەو شوێنەی لە مێشك بەرپرسە بۆ بڕیاردان، پێشەوەی سەرە (**الناصية**) کە لەکاتی نوێژدا ئەکتیڤ و چالاك دەبێ، بەتایبەت نوێژێك بەخشوعەوە بکرێ.

کەواتە ویستت هەر بڕیارێك بدەی، ئەوە بەخشوعەوە نوێژ بکە، وەکوخوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿قَدۡ أَفۡلَحَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ﴿١﴾ ٱلَّذِينَ هُمۡ فِي صَلَاتِهِمۡ خَٰشِعُونَ ﴿٢﴾﴾[151] واتە:(بێگومان ئەو باوەڕدارانە سەردەکەون کە لە نوێژەکانیاندا دڵ و دەروونیان ئامادەیەو خشوعیان هەیە).

**٢– ئەگەر بەجارێ هیچی بۆ ڕوون نەبۆوە، ئەوە بەپێی مەزهەبەکانی هەر یەك لە حەنەفی و مالیکی و شافعی، دەتوانێ بیکات بە سێ جار[152] و زیاتر، (ان شاء الله) دوو دڵیەکەی لەسەر**

---

[151] – **المؤمنون: ١ – ٢**

[152] – **عن عبدِ اللهِ بنِ مَسعودٍ (رَضِيَ اللهُ عنه) قال: (كان رسولُ اللهِ (ﷺ) إذا دعَا، دعا ثلاثًا، وإذا سألَ، سألَ ثلاثًا). رواه مسلم برقم/١٧٩٤**

**نامێنیٚ**، **چونکه** لەمەرجەکانی دوعا ئەوەیە هەر داواکاریەکمان هەبوو، سیٚ جار داوای بکەین[١٥٣] .

**ئەگەر دڵی بۆ کام لایان زیاتر چوو، ئەوە خێر لەوێدایە.**

**٣- ئەگەر یەکیٚ دوعاکەی لەبەر نەبوو یا نەیزانی، دروستە لە کاغەزێك بینووسێتەوە یان لەسەر شاشەی مۆبایلەکەی لە پێش خۆی ڕابگریٚ و بیخوێنیٚ.**

٤- نوێژی ئیستیخارە بۆ منداڵ بوون یا بوونی کوڕ یا کچ ناکریٚ، چونکە ئەوە داواکردنە نەك هەڵبژاردن، ئیستیخارەیش تەنها بۆ هەڵبژاردنە لەنێوان دوو شت: ئایا ئەو ئیشە بکەم یا نەیکەم**!!**

هیچ کەسێك ناتوانیٚ لەجیاتی کەسێکی تر ئەو نوێژە بکات وەك ئیبن بازو عوسەیمین ئاماژەیان پێی داوەو پێشتر هیچ کارێکی لەم شێوەیە نەکراوە. دواجار لەخوا دەپاڕێینەوە نوێژەکانمان قبوڵ بکات و داخوازیەکانمان بەدی بێنیٚ..اللهم ئامین.

---

[١٥٣] - دروستە ئەم نوێژە لەجارێك زیاتر تا حەوت جار بکرێت کە ئەوەیان سەنەدەکەی لاوازە گوایە پێغەمبەر(ﷺ) بە ئەنەسی فەرمووە **تا حەوت جار** دووبارەی بکاتەوە(يا أنس إذا هممت بأمر فاستخر ربك فيه سبع مرات، ثم انظر إلى الذي يسبق إلى قلبك فإن الخير فيه) وەلیٚ هیچی تیا نیە گەر لەجاریٚ زیاتر دووبارە بکرێتەوە، واتە سیٚ جار دووبارە بکرێتەوە لە سیٚ کات و ماوەی جیاواز. بڕوانە کتێبی (**جوانترین دوعا بۆ دین ودونیا- مەرجەکانی قبوڵ بوونی دوعا/ شاخەوان عەلی**).

**شیخ عبدالله بن عبدالعزیز بن باز (رحمه الله) دەفەرمویٚ: دروستە دووبارە بکرێتەوە تا ئەو کاتەی دڵی ئاو دەخواتەوە بۆ ئەو کارەی دەیەویٚ بیکات و پرس بەو کەسانە بکات کە جێگەی متمانەن و خێریان بۆی دەویٚ، لەدوای نوێژ پرسیان پیٚ دەکات، دوو رکات نوێژ دەکات، پرس بەخوا دەکات و لێی دەپاڕێتەوە وەکو لەو فەرموودەیەدا هاتووە کە جابر خوا لێی ڕازیبیٚ گێڕاویەتیەوە، فەرموودەیەکی دیارو مەعروفە لەکتابی (ریاض الصالحین و غەیری ئەویشدا) هاتووە، پاشان دوای دوعا و پاڕانەوە پرس و ڕاوێژ بەکەسانی شارەزاو دڵسۆز دەکات جا بۆ زەواجبیٚ یان خانوو یان سەفەر بۆ ولاتێك یان دانانی کارگەیەك و هەر کارێکی تر. ... بەلگە بۆئەمە وەك ئیمامی موسلیم گێڕاویەتیەوە (کان اذا دعا کرره ثلاثا) اخرجه مسلم في (الجهادو السیر/٤٧٥٠) من حدیث ابن مسعود واتە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کاتێك بپاڕایەتەوە سیٚ جار دووبارەی دەکردەوە.**

**زاناکان لەسەر ئەو ڕایەن کۆك و هاوڕان وەکو لە (الموسوعة الفقهیة ٣/٢٤٥)دا هاتووە: حەنەفیەکان و مالیکی و شافیعیەکان و حەنبەلیەکانیش دەڵێن: دوعاکە لەپاش نوێژ ئەنجام دەدرێت چونکە موافقە لەگەڵ فەرموودەی سەحیحی پێغەمبەری خوا.**

**هەروەها زانا ابن باز دەڵێت: دروست وایە کەسی موسڵمان کاتێك نوێژی ئیستیخارە دەکات لەپاش سەلامدانەوە، دوعای ئیستیخارە بخوێنیٚ لەبەر فەرمایشتی پێغەمبەر (ﷺ) کە دەفەرمویٚ : (اذا هم احدکم بالامر فلیرکع رکعتین من غیر الفریضة ثم لیقل: اللهم اني استخیرك بعلمك.......) واتە: ئەگەر کەسێك لەئێوە بەنیازی ئەنجامدانی کارێك بوو، با دوو ڕکات نوێژی سوننەت بخوێنیٚ و پاشان دوعای ئیستیخارە بڵێت:....... هەروەها ئیبن عوسەیمین دەڵێت: دوعای ئیستیخارە لەپاش سەلامدانەوە لەنوێژی ئیستیخارە دەخوێندریٚ.**

# چاوەزار چییە؟

## نیشانەکانی چین ؟ چۆن خۆمانی لێ بپارێزین؟

**چاوەزار تەمەنێکی کۆن و دێرینی هەیە، یەکێکە لە باوترین بیروباوەڕەکانی جیهان کە ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵ و مێژوویی هەیە و تا ئێستا لەچەندین وڵات، خەڵکانێکی زۆر باوەڕیان پێیەتی و بۆ خۆپارێزی خۆیان لەماڵەوە یا لەناو سەیارە و شوێنی کار هەڵیدەواسن یاخود لەیەخەو بەرۆکی خۆیان دەدەن، یا ئەوەتە دەیکەنە ملوانکە و بەملی خۆیانەوە دەکەن، لەکاتێکدا پێغەمبەر خوا (ﷺ) سەبارەت بەو کەسانە دەفەرموێ:** (مـن علّـقَ تميمـةً فقـد أشرَكَ)[١٥٤] **واتە:(هەر کەسێ شتێکی هەڵواسی بۆ ئەوەی شەڕی لێ لا بدات، ئەوە هاوبەشی بۆ خوا پەیدا کردووە)**[١٥٥].

---

[١٥٤]– **صحيح الجامع/٦٣٩٤.. (تميمةً) بەوە دەوترێ کە بۆ چاوەزار هەڵدەواسرێ، لەم ڕووەوە سێ بۆچوون هەیە:**

**__بۆچوونی یەکەم:__ دەرهەق بەو نووشتانەی دەکرێ و تەنها ئایەتی تێدایەو بەمەبەستی چاوەزار هەڵدەواسرێ، زانایان و سەلەف دوو بۆچوونیان هەیە، هەندێ لەوانە دەڵێن:ئەم جۆرە نووشتانە دروستە وەك عبدالله کوڕی عەمری عاص و چەندانی تر.**

**لەم ڕۆژگارە دەوترێ: ئەگەر خانوویەکی نوێت کڕی، بڕۆ شتێکی سەرنجراکێش لەماڵەوە دانێ کە کەم نرخ و بێ بەها بێت تا ئەو چاو پیسەی هاتە ماڵت، بەو هۆیەوە سەرقاڵی بکەی نەتوانێ زەرەروزیانی گەورەت لێ بدات.**

**جاری جاران ئەوەی کشتوکاڵی بکردایە، سەرکە ئاژەڵێکی لە دارێ دەخست و لەناو باخەکەیدا دەیچەقاند، مەبەست لێی پاراستنی باخەکەی بوو هەم لەترسی تەیرو توار کە بەروبوومەکەی نەخوات، هەم بۆ ئەوەی چاوەزار لێی نەدات کە چاوپیس سەیری کرد بەجۆرێ سەرقاڵی بکات، نەپرژێتە سەر بەرو بوومەکەی.**

**__بۆچوونی دووەم:__ ئەو جۆرە نووشتانە ڕەت دەکەنەوە، دەڵێن: دروست نیە چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کارێکی لەم جۆرەی نەکردووە وەك ئیبن مەسعودو حوزەیفەو عوقبەی کوڕی عامرو زۆرێك لەتابعین، ئەم ڕایەش پەسندترین ڕایە چونکە نەهیکردنە کە گشتییە** " إنَّ الرُّقى، والتَّمائمَ، والتِّوَلةَ شِركٌ "(صحيح أبوداود برقم/٣٨٨٣) **کە ئەگەر ڕێگەپێدراوبێ ئەوە دەبێتە ڕێخۆشی بۆ هەڵواسینی ئەوەی حەرامە، بۆیە نەك هەر هەڵواسینی دروست نیەو حەرامە، تەنانەت دروست نیە لەژێر دۆشەك و ڕایەخی نەخۆش دابندرێ لەکاتێکدا نەخۆش دوعای بۆ دەکرێ و ڕاستەوخۆ قورئانی لەسەر دەخوێندرێ وەکو چۆن پێغەمبەری خوا (ﷺ) کردویەتی.**

**__بۆچوونی سێیەم:__ ئەو نووشتانەی ئایەتەکانی قورئانی تێدا نییە و چەند پیتێکی بەیەکداچووی تێدا کۆکراوەتەوەو هەڵدەواسرێ، بێ ئەوەی ماناکەی بزاندرێ کە بەئاسانی ناناسرێ و ناخوێندرێتەوە، ئەوەیان بەتەواوی حەرامە و ڕێگەپێدراو نیە، چ جای ئەوەی لەدەست بخرێ و لە مل بکرێ. تەنانەت ئەگەر قورئانیشی تێدا نووسرابێ، چونکە مرۆڤ کە پێیەوە بچێتە ئاودەست و شوێنە نەشیاوەکان، ئەوە دروستی ئەو شتە لەچی دایە؟!.**

**لەهەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا یەك لە برایەکانم کەناوی (بەرزان)ە ، پڕتاو نەخۆش کەوت و نەخۆشیەکەی زۆر قورس بوو، دایکم پێی وابوو چاوەزار لێی داوە، بردیە لای مامۆسایەکی ئایینی بۆ ئەوەی نووشتەی بۆ بکات،**

بەپێی ماڵپەڕی(Collection Histore)پێشینان بەکلۆجیێ بیریان کردۆتەوە کە تەنیا چاوێك هەمان توانای تیشکی هەیە دەتوانێ چاوی ئیرەیی بگەڕێنێتەوە، بۆیە هەستاون بەدروستکردنی چەندەها چاوەزاری جیاوازو جۆراوجۆر کە بەناوبانگترینیان چاوەزاری شینە.

هەروەها بەپێی بابەتێکی ماڵپەڕی (bbc) کۆنترین چاوەزار دۆزرابێتەوە، مێژووەکەی بۆ ٣٣٠٠ی پیش زایین دەگەڕێتەوە، لەشاری تێل براك کە یەکێکە لەکۆنترین شارەکانی نێوان دوو ڕووبار (میزۆپۆتامیا) کە دەکەوێتە خاکی سووریا، بنەچەی بیروباوەڕەکەیش لە ڕۆژهەلأتی ناوەڕاستەوە سەری هەڵداوە، بەرەو ئەورووپاو ئەفریقا ڕۆیشتووە.

زانایان دەڵێن: ملوانکەکانی چاوی هۆرۆس (چاوی مانگ یا چاوی رەع لەمیسری کۆندا) کە لە ولأتی میسر دۆزراوەتەوە، زۆرترین کاریگەری لەسەر شێوەی چاوەزارە شینەکانی سەردەم هەبووە کە ڕەنگ و بۆیەکەی سەرچاوەی خۆڵی میسری شێلدراو بووە و ڕێژەیەکی بەرز لە ئۆکسیدی تێدا بووەو مادەکانی وەك مس و کۆباڵت لەپلەیەکی گەرمی بەرزدا ڕەنگی شینیان دروست کردووە.

دوای دەرکەوتن و پەیدابوونی مۆری شین کە نیشانەی چاوی لەسەر نەخشێندرا بوو، لەوەوە بەفراوانی بەناوچەکەدا بلأو دەبێتەوە، وێڕای ئەوەی فینیقی و سریانی و یۆنانی و ڕۆمانیەکانیش بەکاریان هێناوە، لەهەمان کات عوسمانیەکانیش لەبەکارهێنانیدا بەناوبانگ

---

ئەویش پارچە کاغەزێکی هێناو هێندێ شتی تێدا نووسی و جوان بە تیلمە پەڕۆیەکی سەوزی پێچایەوە، ئەوجا وتی: نووشتەکەی لەمل بکەن، بەئیزنی خوا چاك دەبێتەوە.

ماوەو عەیامێ ڕابورد، پەڕۆ سەوزەکە کۆن بوو، کە دڕاو تەقەڵەکەی لەبەر یەك هەڵوەشایەوە، من پارچە کاغەزە دەق و نووشتکراوەکەم کردەوە، سەرسام بووم و سەیرم پێی هات کە جگە لەچەند وشەیەکی عەرەبی، هیچی تری تێدا نەنووسرا بوو، بە عەرەبی نووسی بووی (سمك) واتە: ماسی، (دیك) واتە: کەڵەشێرو (دجاجە) واتە: مریشك. کە ئەو نووسینەم بۆ دایکم خوێندەوە، دایکم چاوی زەق بۆوە، وتی: من سەرەتا حەزم نەدەکرد بیکەیتەوە نەوەکو ئایەتەکانی قورئانی تێدا نووسرابێ و کاریگەریەکانی بەتاڵ بێتەوە، دەك ماڵم بەقوڕ گرتی مامۆستا بۆ خۆت و نووشتەت.

[155] – ئەگەر شتێك لەگەل قەدەری خوا یەك بگرێ، واتا هاوکاتبێ لەگەڵ ئەو وەختەی تێیدا مامە شێخ یا مەلا نووشتە بۆ ئافرەتێك دەکات بۆ ئەوەی منداڵی ببێ، یان لەدەردو بەلأو ئافات بەدووربێ و بیپارێزێ و...هتد. ئەگەر پێی وابێ هاتنەدی ئەو شتە بەهۆی ئەو نووشتەوە بووە، یان پێی وابێ ئەو مۆریەی هەڵیواسیوە یان لەملی کردووە، لەنەخۆشی و ناخۆشی دەیپارێزێ لەکاتێکدا خوا پارێزەرە، ئەوە هاوبەشی بۆ خوا بریار داوە.

**بوون، مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە کە دەریاوانە کۆنەکانی ئایترۆسکانیۆن لەبەشی پێشەوەی کەشتیەکانیاندا وێنەی چاوێکیان کێشاوە وەك هۆکاریێ بۆ تێپەڕ بوونیان بە سەلامەتی.**

**خۆشەویستان:**

**مەبەست لەچاوەزار کاریگەری چاوی مرۆڤە بەرامبەر مرۆڤ یان گیانلەبەرو شتە بەرجەستەکان، نەك کاریگەری ئەو مۆریەی مرۆڤ بەدەستی خۆی دروستی دەکات تا لەچاوەزار بیپارێزێ.**

**چاونەفەس یان چاوەزار لە ڕووی شەرعەوە بوونی هەیەو ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە، ئەوەتا خوای پەروەردگار لەقورئانی پیرۆز دەفەرموێ:** ﴿ وَإِن يَكَادُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَيُزْلِقُونَكَ بِأَبْصَٰرِهِمْ لَمَّا سَمِعُواْ ٱلذِّكْرَ وَيَقُولُونَ إِنَّهُۥ لَمَجْنُونٌ ﴿٥١﴾ ﴾ القلم: ٥١ (لَيُزْلِقُونَكَ بِأَبْصَٰرِهِمْ ) **واتە:(بەچاوەکانیان لەخشتەیان دەبەن و کاریان تێ دەکەن) .**

**هەروەها پێغەمبەری خواش** (ﷺ) **دەفەرموێ:** (الْعَيْنُ حَقٌّ، ولو كانَ شيءٌ سابَقَ القَدَرَ سَبَقَتْهُ العَيْنُ، وإذا اسْتُغْسِلْتُمْ فاغْسِلُوا) [156] واتە:(چاو پیسی هەق و ڕاستە ، ئەگەر شتێك هەبێ پێشی لە(قەدەر) بگرتایە، ئەوە چاو پێشی دەکەوت، ئەگەر خەڵکتان بەچاوەوە کرد و داوای خۆشۆردنیان لێکردن، خۆتان بشۆن). ئەوە چارەسەری چاوە هەتا چاولێکراو بەو ئاوە تەڕ بکرێ بۆ ئەوەی چاك ببێتەوە.

**ئیمامی نەوەوی لە ڕاڤەی** ( سابَقَ القَدَرَ ) **دەڵێت: "ئەوە ئیسپاتی قەدەری خوای گەورەیە کە هیچ شتێك بەبێ قەدەری خوا ڕوو نادات، جا ئەو شتە شەڕبێ یا خێر"**

**دیسان لە فەرموودەیەکی دیکەدا پێغەمبەری خوا** (ﷺ) **دەفەرموێ:**( أكثر من يموت من أمتي بعد قضاء الله وقدره بالعين )[157] **واتە:(دوای قەزاو قەدەری خوا، زۆرترین ئەوانەی دەمرن، بەهۆی چاوەوەیە).**

**کەواتە هەموو ئەو شتانەی بەهۆی چاوەزارو سیحرەوە لەدەورو بەرمان ڕوو دەدەن، هەمووی بەویست و ئیزنی خوایە، تەنانەت جیابوونەوەو لێکترازانی ژن و پیاویش بەهۆی فاڵەوە هەر بەویست و ئیزنی خوایە:** ﴿ مَا يُفَرِّقُونَ بِهِۦ بَيْنَ ٱلْمَرْءِ وَزَوْجِهِۦ ۚ وَمَا هُم بِضَآرِّينَ بِهِۦ مِنْ أَحَدٍ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ﴾ [158]

---

[156] – **رواه مسلم برقم/ ٢١٨٨**

[157] – **حسنه الألباني في صحيح الجامع.**

[158] – **البقرة: ١٠٢**

**پێغەمبەر عیسا (علیه السلام) چۆن دەتوانێ مردوو زیندوو بکاتەوە ئەگەر ویستی خوای لەسەر نەبوایە؟ دار عەساکەی پێغەمبەر موسا (علیه السلام) چۆن دەبێتە مارێکی زیندوو ئەگەر ویستی خوای لەسەر نەبوایە؟**[١٥٩]

---

[١٥٩]- ئەگەر تووشی کارەسات و ڕووداو و شتێ بووی، هەرگیز مەڵێ: ئەگەر وامبکردبایە ئاواو ئاوا دەبوو، ئەگەر واو وایبکردبایە ئەوهای لێ بەسەر نەدەهات، بەڵکو واباشە بڵێی: قەدەری خوا وا بوو، چونکە ئەوەی خوا بیەوێ ئاوا دەبێت، بۆیە ئەگەر وتت: وامبکردبایە، وایبکردبایە، ئەوە بەدەستی خۆت دەرگا لەسەر شەیتان دەکەیەوە کە هەزارو یەك گومانی خراپ لە مێشك و دڵ و دەروونت دروست بکات.

هەندێ مرۆڤی ساویلکەو فام کاڵ و بەدحاڵی دەڵێن: تاوانی مرۆڤ چییە لەکاتێکدا هەموو شتێکی لە چارەنووس، لە (لوح المحفوظ)دا بۆ نووسرابێ؟! واتە: کە هەموو ئەو شتانەمان بۆ نووسراوە کە دەبێ تووشمان ببێ و تووشی دەبین، دەی کەوایە کاتێ سەرپێچی دەکەین بۆچی خودا لە دواڕۆژ سزامان دەدات؟ خودا بەدیهێنەرو پەروەردگاری ئەم گەردوونە پان و پۆڕەیە، دەزانێ چی دەبێ؟ چۆن دەبێ؟ وەلێ ناچارمان ناکات چاکە بکەین یا خراپە، بەڵکو بە ئیرادەو ویستی خۆمان کارەکان ئەنجام دەدەین، بۆ نموونە مامۆستای بابەت هەر لەسەرەتای ساڵەوە تەماشای یەکە یەکەی قوتابییەکانی دەکات و دەفتەری هەڵسەنگاندنی هەیە، بەپێی پێشبینیەکانی خۆی دەڵێت: پێشبینی دەکەم ئەمساڵ فلان قوتابی یەکەم دەبێ، فلان قوتابی دەرناچێ، فلان قوتابی لە دەرسێ دوو دەرس دەکەوێ و بەو شێوەیە لە سۆنگەی نووسینی تێبینیەکانی ڕۆژانەی خۆی بۆ قوتابیەکان وەك پێشبینی کردبوو کە ئاوا دەرچوو، ئەوە لۆژیك نیە بڵێی: چونکە مامۆستا نووسیبووی فلان کەس یەکەم دەبێ بۆیە یەکەم بوو، چونکە نووسی بووی: فلان کەس دەرناچێ بۆیە دەرنەچووەو...هتد.

لێرەدا ئەسڵی مەبەست ئەوەیە مامۆستا بەپێی ئەوەی تەماشای حاڵ و وەزعی قوتابییەکانی دەکات دەزانێ فلان قوتابی کاتی خۆی بەفیڕۆ نادات بۆیە بەیەکەم دەردەچێ و ئەویتر وەکو پێویست ناخوێنێ و بەشداری ڕۆژانەی نیە بۆیە دەکەوێ و ساقیت دەبێت.

مرۆڤ بەسروشتی خۆی وا ڕسکاوە کە لەوەی خوا پێی داوە، زانیارییەکی زۆر کەم و سنوورداری هەیە دەتوانێ لەو پانتایی و چوارچێوەیەدا ئەو پێشبینیانە بکات، ئەی بۆ خوای پەروەردگار چۆنە کە زانیارییەکانی بێ سنوورو ڕەهان. خوا پێش ئەوەی ئێمە دروست بکات دەزانێ فلان کەس چی دەکات؟ بەرەو چ چارەنووسێك هەنگاو هەڵدەگرێ؟ ئەوەش لەوەدا سەرچاوە دەگرێ کە ئەو کارانەی مرۆڤ ئەنجامی دەدات، بەویست و ئازادی خۆیەتی، نەك خوا ناچاری بکات ئەو کارە بکات، بۆیە مرۆڤ لەسەر کارەکانی سزاو پاداشت وەردەگرێ. لە نموونەیەکی زیندوودا:

ئیبن قەییم دەڵێت: "چاو تیرێکە لەنەفسی ئینسان دەردەچێ، جا بە حەسودیبێ یا چاوەزار کە هەندێ جار ئەو حەسودییە کاری لێ دەکات و هەندێ جاریش کاری لێ ناکات".

زانایان دەڵێن: چاوەزار بەشەش قات لە سیحر بەهێزو گەورەو کاریگەرترە، چونکە سیحر ئەگەرێکی لاوازی هەیە بتکوژێ، وەلێ چاوەزار راستەوخۆ لێت بدا یەکسەر دەتکوژێ.

چاوەزار شتە مەعنەوییەکان بۆ شتە مادديیەکان دەگۆڕێ، بۆنموونە تۆ هەر بڵێی: لیمۆ، لیمۆ.. دەبینی کەسی بەرامبەرت یەکسەر لەلای خۆیەوە دەمی ئاو دەکات.

کابرا لەدەروونەوە کەسێکی خۆش دەوێ، کەچی لە دوورەوە خۆشی پێوە دیارە، بێگومان جەستە ئەو کاریگەرییەی نیە، ئەوە ڕووحە ئەو کاریگەرییە دروست دەکات.

یەکێك ڕوو بەڕووی دادگا دەبێتەوە، ترسێ لەدەروونی دەخوڵقێت ئەگەر تاوانباریش نەبێ، کەچی ترسەکە وای لێ دەکات دەمی تەتەڵە بکات و قسەی بۆ نەیەت یان ڕەنگی دەم وچاوی سوور هەڵگەڕێ.

بێگومان لەنێوان چاوپیس و حەسوود جیاوازیەکی ئەوتۆ نیە، هەموو چاوپیسێك حەسوودە، بەڵام مەرج نیە هەموو حەسوودێك چاوپیس بێ.

حەسوود ئەو کەسەیە نەفسیەتێکی پیس و پۆخڵی کەم و نزمی هەیە، کە حەسوودی بەکەسێك دەبات، هیواخوازە ئەو نازو نیعمەتەی خوا پێی داوە، بێتە سەر ساجی عەلی و هیچی بۆ نەمێنێتەوە، هەر بەهۆی ئەو حەسوودییەوە ڕقی لێ هەڵدەگرێ و حەز دەکات لەناو خەڵك بشکێتەوە، سەرشۆڕو ڕیسوای دونیابێ و زەرەر بکات، تەنانەت هەندێ جار هەر بەوەندە ناوەستێ دەکەوێتە هۆنینەوەی بوختان و ناو و ناتۆرەی بۆ هەڵدەبەستێ، جاری وایش هەیە دەیکوژێ.

ئیمامی قورتوبی(ڕەحمەتی خوای لێبێ)دەفەرموێ:(یەکەمین تاوان لەئاسمان ئەنجامدرا بەهۆی ئیرەیی و حەسوودی پێبردن بوو، شەیتان حەسوودی بەئادەم برد. قابیل حەسوودی

---

تۆ سەیارە یان خانوو و هەر شتێ دەکڕی، ئایا کێ ڕەنگ و جۆرو بڕی پارەکەت بۆ دیاری دەکات؟ هەروەها ئەگەر کارێکی خراپ یان باش ئەنجام بدەی ئایا خوای پەروەردگار فریشتەت بۆ دەنێرێ بۆ ئەوەی ئەو کارانەت پێ بکات یان خۆت بەبیرکردنەوەو ئەقڵی خۆت ئەنجامی دەدەی؟ پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: (كتب الله مقادير الخلائق قبل أن يخلق السماوات و الارض بخمسين ألف سنة) رواه مسلم واتە: (خوا ئەندازەگیری دروستکراوەکانی خۆی بەر لەوەی ئاسمانەکان و زەوی دروست بکات بە پەنجا هەزار ساڵ، هەمووی نووسیوە).

**بەهابیل برد، حەسوودی دەبێتە هۆی تووڕەیی و خەشم و قینی خواو دوورخستنەوەی لەمیهرو سۆزو بەزەیی خۆی).**

**ئەگەر خوێندنەوەیەکی وردو بابەتیانەی ئەم قسەیە بکەین، دەبینین کاتێك خوای پەروەردگار ئادەمی دروست کردو فەرمانی بە شەیتان کرد سوژدەی ڕێزی بۆ ببات، ئیبلیس لەناخەوە حەسوودی پاڵی پێوە دەنێ سوژدەی بۆ نەبات ، کاتێ خوا پێی فەرموو:** ﴿ مَا مَنَعَكَ أَلَّا تَسْجُدَ إِذْ أَمَرْتُكَ ﴾[١٦٠] **واتە:(چ شتێك بووەتە ڕێگر تا سوژدە نەبەی لەکاتێکدا من فەرمانت پێ دەکەم؟) ئەویش لەوەڵامدا وتی:** ﴿ أَنَا۠ خَيْرٌ مِّنْهُ خَلَقْتَنِي مِن نَّارٍ وَخَلَقْتَهُۥ مِن طِينٍ ﴾[١٦١]**.واتە:(من لە ئادەم باشترم کە منت لە ئاگر دروست کردووەو ئەویشت لە قوڕ دروست کردووە).**

**مەترسی و خەتەری حەسووی بردن لەوەدایە ڕەخنە لەقەدەری خوا دەگرێ(من لەو باشترم!) (بۆچی ئەو نیعمەتەی بەوت داوە، بەمنی نادەی؟) (بۆچی ئەوت دەوڵەمەند کردووە، ماڵی جوان و خانووی خۆش و سەیارەی دوا مۆدێلت پێ بەخشیوە، ئەوەت بەمن نەداوە، ئەو چی لەمن زیاترە؟) (بۆچی ئەو خاوەنی بڕوانامەیەو منیش هیچ بڕوانامەیەکم نیە؟) لەکاتێکدا نازانێ هەموو ئەو تەقسیماتەی هەیە، هەموو تەقسیماتی خوایە بۆ تاقیکردنەوەی بەندەکانی (هەیە بە لەشساغی، هەیە بە کەمئەندامی، هەیە بەهەژاری و نەداری، هەیە بەپارەو پوول و هەبوونی و....هتد تاقی دەکاتەوە) وەك لەقورئانی پیرۆزدا هاتووە:** ﴿ نَحْنُ قَسَمْنَا بَيْنَهُم مَّعِيشَتَهُمْ فِي ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۚ وَرَفَعْنَا بَعْضَهُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَٰتٍ لِّيَتَّخِذَ بَعْضُهُم بَعْضًا سُخْرِيًّا ۗ وَرَحْمَتُ رَبِّكَ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ ﴿٣٢﴾ ﴾[١٦٢] الزخرف: ٣٢**واتە:**(ئێمەین کە ڕزق و ڕۆزیمان لەنێوانیاندا دابەش کردووە لەژیانی دونیادا و پلەوپایەی هەندێکمان بەرزکردۆتەوە بەسەر هەندێکیاندا بۆ ئەوە هەمووان کاروباری یەکتر تەواو بکەن وکەڵك لە تواناو لێهاتوویی یەکتر وەربگرن، جا لەگەڵ ئەو هەموو بەهرەو بەخششانەدا ڕەحمەت و میهرەبانی پەروەردگاری تۆ "کە تایبەتی ئیماندارانە لە قیامەتدا"لەهەموو ئەو شتانەی کە خەڵکی کۆی دەکەنەوە"لەماڵ و سامان و هۆکارەکانی ڕابواردن" چاکترو بەنرخترە).

**هەروەها لەبەیانکردنی بەسەرهاتی کوڕەکانی پێغەمبەر ئادەم(علیه السلام) دا (هابیل و قابیل) کە هەموو سەر زەوی ئەم دونیایە لەڕۆژهەڵاتەوە تا ڕۆژئاواو لەباکورەوە تا باشوور،**

---

[١٦٠] – **الأعراف: ١٢**

[١٦١] – **الأعراف: ١٢**

[١٦٢] – **الزخرف: ٣٢**

یەك خێزان تێیدا لەژێر سایەو سێبەری یەك پێغەمبەر دەژیا كە ئەویش باوكە ئادەم بوو، كەچی قابیل حەسوودی بەهابیل برد چونكە لای باوكی خۆشەویست بوو، ئەوەی ئەو بیكردایە لێی وەردەگیرا، ئەویش ئەوەی پێی قبولْ نەكراو حەسوودی پێ برد، هەر ئەوە نەبوو چاوی لێ بدات، هەستا لەناوی بردو كوشتی، وەك خوای پەروەردگار دەفەرموێ:

﴿ وَٱتۡلُ عَلَيۡهِمۡ نَبَأَ ٱبۡنَيۡ ءَادَمَ بِٱلۡحَقِّ إِذۡ قَرَّبَا قُرۡبَانٗا فَتُقُبِّلَ مِنۡ أَحَدِهِمَا وَلَمۡ يُتَقَبَّلۡ مِنَ ٱلۡأٓخَرِ قَالَ لَأَقۡتُلَنَّكَۖ قَالَ إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ ٱللَّهُ مِنَ ٱلۡمُتَّقِينَ ﴾ [١٦٣] المائدة: ٢٦ **واتە**:(بەسەرهات و هەواڵی دوو كوڕەكەی ئادەم بۆ ئەو خەڵكە بخوێنەرەوە كە: بەڕاستی ڕوویداوە، ئەوە بوو كاتێك هەردوكیان قوربانیان كرد، لە یەكێكیان وەرگیرا "كەلەسەر حەق بوو، لەخوا ترس بوو" و لەوی تریان وەرنەگیرا"چونكە ڕق ئەستوورو حەسوودو خوانەناس بوو"بە براكەی وت: هەر دەتكوژم، ئەویش لەوەڵامی هەڕەشەكەیدا وتی: خوای گەورە تەنها لە پارێزكاران قوربانی و چاكە وەردەگرێت).

هەر حەسادەت و چاوپێهەڵنەهاتن بوو وای لە براكانی پێغەمبەر یوسف كرد پیلانی كوشتنی دابڕێژن و دواجار بڕیاریاندا بیكەنە ناو بیرەكە.

حەسودی (ئەبولەهەب)یش بەرامبەر پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەوەدا بوو، دەیوت: بزانە ئەو برازایەم بەهەتیوی گەورە كرد، بەخێوم كردو نانم پێی دا، ئیستا من بچم ئیتاعەو گوێڕایەڵی بكەم؟! لەكاتێكدا چۆن كوڕەكانی خۆی دەناسی، ئاوها دەیزانی موحەممەد پێغەمبەرە، لەكاتێكدا هەر خۆیان پێشتر دەیانوت: هەرگیز لەژیانماندا درۆمان لێی نەدیوە كەچی حەسودی پاڵی پێوەنان دژایەتی بكەن و بە شێت و شاعیرو درۆزنی لەقەڵەم بدەن.

وەكو چاوەزار، ئەوانەی قسەیان لەسەر ئەم بابەتە كردووە، سێ دەستەن:

***دەستەی یەكەم دەڵێن:** چاوەزار جگە لە ئەفسانەو خورافات، هیچی تر نیە، خاوەنی ئەم بۆچوونە ئەقلانیەكانن ئەقڵی خۆیان بە پێش دین و قورئان و فەرمودە (بەپێش نەقل)خستووە كە ئەوەش لەگەڵ زانستی سەردەمدا هاوڕا نیە.

***دەستەی دووەم دەڵێن:** ئەو كێشە و گیروگرفت و لەمپەرانەی ڕۆژانە ڕوو بەڕوومان دەبنەوە، هۆكارەكەی چاوەزارە نەك خۆمان.

كابرا لەماڵەوە پێی لەسەر پێ داناوە، بەدوای ئیش و كار ناگەڕێ، كە هیچی نایەت دەست و هەمیشە باخەڵ بەتاڵە، گلەیی و گازەندەی هەیە، دەڵێت: بۆم نایێ، ڕزقم سوارە، چاوەزارم لەسەرە.

---

[١٦٣] – المائدة: ٢٧

یاخود قوتابییەو وانەکانی بەباشی ناخوێنیٚ، کاتیٚ دەکەویٚ و دەرناچیٚ، پاساو دێنێتەوە، دەڵێت: چاوەزار لێی داوم.

پەیڕەوانی ئەو دەستەو تاقمە باوەڕیان بەچاوەزار هەیە، بەلاّم زێدەڕۆیی تێدا دەکەن و هەموو شتەکان بەچاوەزار دەبەستنەوە.

***دەستەی سێیەم نێوەندگیرە**، باوەڕی بەچاوەزار هەیە بەلاّم زێدەڕۆیی تێدا ناکات، دەزانن ئەم بوونەوەرە بەخێرو شەڕیەوە دروستکراوی خوایە و بەستراوە بەهۆکارەکانەوە، کەواتە چاوەزار بوونی هەیەو کاریگەری دروست دەکات، بەلاّم بەویست و ئیزنی خوا، چونکە هەموو دونیا کۆببنەوە بۆ ئەوەی زیان بەیەکێك بگەیەنن، ناتوانن، وەك چۆن هەموو دونیا کۆببنەوە بیانەویٚ سوودو قازانج بەیەکێك بگەیەنن، ناتوانن، وەکو پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرمویٚ: (يَا غُلَامُ, إِنِّي أُعَلِّمُكَ كَلِمَاتٍ: احْفَظْ اللَّهَ يَحْفَظْكَ, احْفَظْ اللَّـهَ تَجِدْهُ تُجَاهَكَ, إِذَا سَأَلْتَ فَاسْأَلْ اللَّهَ, وَإِذَا اسْتَعَنْتَ فَاسْتَعِنْ بِاللَّهِ, وَاعْلَمْ أَنَّ الْأُمَّةَ لَوْ اجْتَمَعَتْ عَلَى أَنْ يَنْفَعُوكَ بِشَيْءٍ لَمْ يَنْفَعُوكَ إِلَّا بِشَيْءٍ قَدْ كَتَبَهُ اللَّهُ لَكَ, وَلَوْ اجْتَمَعُوا عَلَى أَنْ يَضُرُّوكَ بِشَيْءٍ لَمْ يَضُرُّوكَ إِلَّا بِشَيْءٍ قَدْ كَتَبَهُ اللَّهُ عَلَيْكَ, رُفِعَتْ الْأَقْلَامُ وَجَفَّتْ الصُّحُفُ)[١٦٤].

مامۆستا (مەلا قادری ڕەش) مامۆستایەکی زاناو داناو بلیمەت بوو، یەك لە وتە جوان و قسەکانی کە بەردەوام دووبارەی دەکردنەوە، دەیوت: (هەرچی خودا نەیکردبیٚ، نابیٚ) ڕۆژێکیان فڕۆکەکانی ڕژێمی بەعس بۆردومانی گوندی سێگردکانی سنووری شارۆچکەی (تەق تەق) دەکات و خەڵکەکەیش بۆ پاراستنی گیانی خۆیان، ڕادەکەن و خۆیان دەشارنەوە.

کابرایەکی ئاوایی هەمان گوند بەهەڵپەیەکەوە بە مەلا قادر دەڵیٚ: مامۆستا گیان ئەی تۆ نەتوت هەرچی خوا نەیکات نابیٚ؟ ئەویش لەوەلاّمدا پێی دەڵیٚ: ڕۆڵەگیان من دەترسم ئەمجارەیان خوا کردبێتی[١٦٥].

لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا(ﷺ)، عامری کوڕی ڕەبیعە بەلای سەهلی کوڕی حونەیف تێدەپەڕیٚ کە لەو کاتەدا خۆی دەشووشت.. سەیری کردو پێی سەرسام بوو، لەبەر خۆیەوە وتی: تا ئێستا گەنجی وا ڕێك و پێك و پێستی ئاوا جوان و سپیم نەدیوە. هێندەی نەبرد سەهل لەهۆش خۆی چوو، کەوتە سەر زەوی و بووریایەوە. بردیانە لای پێغەمبەری خواو

---

[١٦٤] –أخرجه الترمذي في سننه.

[١٦٥] – طاوسی کوڕی کەیسان دەفەرمویٚ: بەدیدەنی ٣٠٠کەس لەهاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) گەیشتووم، هەر هەموویان فەرموویانە: هەموو شتیٚ کە ڕوو دەدات بەویستی خوای گەورەیەو ئەوەی ویستی لەسەر نەبیٚ، نابێت.

**پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: گومانتان لە کێ یە، کەسێك قسەیەکی نەکردوە؟ وتیان: عامری کوڕی رەبیعە قسەیەکی وای کردوە. ئەویش فەرمووی: بڕۆن بانگی عامرم بۆ بکەن، کە عامر هات، پێغەمبەر (ﷺ) بەتووڕەییەوە پێی وت: کەس هەیە برای خۆی بکوژێ؟ ئەگەر یەکێکتان شتێکی بەبراکەیەوە بینی و پێی سەرسام بوو، با بڵێ: (اللـهم بـارك فيـه) يـان(مـا شـاء الله) ئەوجا داوای ئاوی کردو فەرمانی بەعامر کرد دەستنوێژ بگرێ. ئەویش دەموچاوی شۆردو دەستەکانی لەگەڵ ئەنیشك و ئەژنۆکانی و بەشی ناوەوەی لای ڕانی و فەرمانی کرد ئاوەکە بکەن بەسەریدا، سەهل چاك بۆوە.[١٦٦]**

**کابرایەکی لەمەڕ خۆمان هەبوو گەلێ حەسوودو چاوی پیس بوو، چاوی لەهەر شتێك بدایە، کاری لێ دەکرد، ماڵە دراوسێیەکیان بەهۆی چاوی ئەوەوە تووشی دەیەها حاڵەتی نەخوازراو ببوو، بۆیە هەموو ئەو شتانەیان لە ناوچەوانی ئەو کابرایە دەزانی، ڕۆژێکیان خاوەن ماڵ ئەوەندە پڕ ببوو، خۆی بۆ نەگیرا چووە سەر ماڵی کابرای چاوپیس و داوای لێ کرد خۆی بشوات و ئاوەکەی بداتێ تا ماڵەوەی پێ بپرژێنێ. ئەویش بە تەوسەوە پێی دەڵێ: وەرە بزانم چ ئیشت بەو ئاوە پیسەی منە؟ ئەویش کە پێی دەڵێ: هەموو ئەو بەڵاو نەهامەتیەی بەسەرماندا هاتووە، هەمووی بەهۆی تۆوە بووە، من لەتۆی دەزانم، جا ئەگەر دڵت گەرد نەگرێ و پێت ناخۆش نەبێ چونکە تۆ چاوت پیسەو حەسوودی، دەبێ خۆت بشۆیت و دەستنوێژ بگری و ئاوەکەت بدەیە من.**

**کابرای چاوپیس بەبیستنی ئەو قسانە چاوی زەق بۆوە، بەڕقەوە ڕووی تێ کرد و پێی وت: پەککو ئەوە تۆ چ کابرایەکی؟ وەرە بزانم ئەو غیرەت و بوێریەت لەکوێ هێنا وا دێی بەگژمدا؟! قسەکانی تەواو نەکرد، کابرا لەجێوە بەر بۆوە، تا بردیانە نەخۆشخانە لە نیوەی ڕێ، وەفاتی کرد[١٦٧].**

---

[١٦٦]- هەر لەسەر شێوازی ئەو خۆشۆردنەدا، پێشەوا ئەحمەدو نیسائی و ئیبنی حەبان دەڵێن:کابرای چاوپیس دەم و چاو و دەستی تا ئەنیشکی بشوات و لەناوکیەوە تا خوار لاشەی، ئەوجا ئاوەکە بخرێتە ناو پەرداخێکەوە بەسەر سەرو پشتی چاودراوەکە بپرژێندرێ، بەپشتیوانی خوا شیفای بۆ دێت.

[١٦٧]- زۆر جار ئەگەر ئەو کەسەت دەست نەکەوت(کابرای چاوپیس) یان بینیت و شەرمت لێی کرد یا ترسای ئەو باسەی لەگەڵ بکەیەوە پێی ناخۆشبێ و قسەت لەگەڵ ناکات و لەگەڵت بەشەڕبێ، ئەوە لەو کاتەدا واچاکە هەر شتێکی چاوپیسەکە هەبوو دەتوانی بەکاری بێنی، بۆ نموونە ئەگەر پیاو بوو جامانەکەی، ئەگەر ژن بوو لەچکەکەی یان دەستەسڕو هەرشتێکی تری تایبەت بەو کەسە بێنەو بیکە ناو سەتڵە ئاوێکەوەو پاشان خۆتی پێ بشۆ، ئەگەر ئەوەش نەکرا، ئەوە داوەتی ماڵەوەی بکە و خواردنێکی زۆری بۆ دانێ و بەو کەوچکەی پێیخواردوە لە

**پێغەمبەری خوا**(ﷺ) **دەفەرموێ**:(العين تدخل الرجل القبر و تدخل الجمل القدر)[١٦٨] **واتە**:(بێگومان (چاو) پیاو دەخاتە گۆڕەوە "دەیکوژێ" و حوشتریش دەخاتە مەنجەڵەوە). نەخۆشی دەخات تا خاوەنەکەی بەپەلە یەل سەری ببڕێ بۆ ئەوەی گۆشتەکەی لەدەستی نەدات.

**پێش هاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام کەسی وا هەبوو چاوەکانی ئەوەندە بەهێز بوو، بە ستڵەوە دەچووە سەر ڕێی گاران و بەدەوروبەرەکەی دەوت: دەی خێرا دەم بکەنەوە لەو مانگایانە کامەتان گەرەکە، حەزتان لەگۆشتی کامەیە بۆ ئەوەی یەکسەر بۆتانی لەعەردی بدەم؟ ئەوانیش ئەوەی بۆیان دیاری دەکرد، کابرا بەچاوەکانی بۆی لەخشتەی دەبردن و مانگاکەی بەردەدایەوە**[١٦٩].

**کوڕەکانی یەعقوب پێغەمبەر (علیە السلام) کاتێك دەیانەوێ بەرەو میسر بڕۆن، باوکیان فەرمانیان پێ دەکات لەیەك دەرگاوە نەچنە ژوورو لەهەر چوار لای میسرەوە داخیلبن، وەکو لەقورئانی پیرۆزدا هاتووە:** ﴿لَا تَدۡخُلُواْ مِنۢ بَابٖ وَٰحِدٖ وَٱدۡخُلُواْ مِنۡ أَبۡوَٰبٖ مُّتَفَرِّقَةٖۖ﴾[١٧٠] **مەبەست لەو قسانە ئەوەیە ئەگەر خەڵکی هەمووتان بەیەکەوە ببینێ، ڕەنگە بەچاوەوە بچن و چاوتان لێ**

---

**پاشماوەی خواردنەکەی بخۆ، ئەوە بە ئیزنی خوا چاك دەبێتەوە هەرچەندە بەڵگەیەکی ڕوون لەسەر ئەم جۆرە شتانە نیە، وەلێ ئەگەر ئەنجامدرا پێی تاوانبار نابێ و ئەو حاڵەتە تاقیکراوەتەوەو دەوترێ ئەنجامی باشی هەبووە.**

[١٦٨] **- أخرجه السيوطي وحسنه الالباني برقم/١٢٤٩**

[١٦٩] **- لەگوندێکی لای خۆماندا کابرایەکی مەڕدار هەبوو، دەیزانی ماڵە دراوسێکەیان کابرایەکی حەسوودو چاوپیسەو چەند جارێ چاوی لێ داوە، ڕۆژێکیان کە مەڕو ماڵاتەکەی بۆ لەوەڕ دەباتە دەرەوەو چاوی بەکابرای چاوپیس دەکەوێ، یەکسەر تفەنگی دەستی لێ ڕادەکێشێ و بەدەم هەڕەشەوە پێی دەڵێ: وەڵلاهی وەبیللاهی وەتەڵلاهی کە هەرسێکی ناوی خوایە، هەر ئاوڕ بدەیتەوە بەیەك فیشەك ساردت دەکەمەوەو دەتکوژم. کابراش لەترسی گیانی خۆی، دەیزانی کابرا زۆر لەسەرە، بۆیە دوور و نزیك ناوێرێ ئاوڕی لێ بداتەوەو لەو ڕۆژەوە توخنی نەکەوێ و ئەو دەوروبەرە تەرك دەکات.**

**هەروەها برادەرێکی بەساڵاچوو بۆی گێڕامەوە وتی: لەشارەدێی هەریر کە سەر بەپارێزگای هەولێرە، کابرایەکی ناسیارمان هەبوو، چاوی وەك لێزەر وابوو، چاوی لەهەرشتێك بدایە، تەختی دەکرد، ئێمەیش بەهۆی ئەو کاریگەریەوە زۆر جار لەگەڵ خۆمان بۆ ڕاوکردنمان دەبردو لەو هەرەت و چیاو چۆڵەی ئەو دەوروبەرەدا کە چاومان بەکەوێ بکەوتایە ،بەس بمانوتبایە: ئەها ئەو کەوە.. ئەویش چاوی تیژی دەدایێ و ئەوەندە بەس بوو کە بیوتبایە: ئەها ئەو کەوە چەند جوانە. ئیدی بێ ئەوەی تابڕمان پێبێ بۆ کوشتنی، کەوەکە بەتەقڵەدان دەکەوتە خوارەوەو ئێمەش بەئاسانی دەمانگرت.**

[١٧٠] **– یوسف: ٦٧**

بدەن، جا بۆ ئەوەی لەچاوی پیس پارێزراوبن، ئەوە لەچەند دەرگایەکی جیاوازەوە بچنە ژوورەوە.

ئوم سەلەمە (خوای لێی ڕازیبێ) دەڵێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەماڵماندا چاوی بەکەنیزەیەك کەوت دەم و چاوی سوورو ڕەش داگەڕابوو، فەرمووی: کەسێك پەیدا بکەن دوعای بەسەردا بخوێنێ، بێگومان ئەو کەنیزەکە چاو لێدراوە[١٧١].

سەرانی قورەیش دوژمنی سەرسەختی پێغەمبەر بوون، بەردەوام بۆی لەبۆسەدابوون چۆن ئەزیەت و ئازاری بدەن، هەر بۆیە هەموو شتێکیان لەگەڵی تاقی کردەوە. ڕۆژێکیان کابرایەکیان لە خاکی سوریاوە هێنا کە چاوی زۆر بەهێز بوو، وەك زانایان دەڵێن: خەڵکی سوریا بەتایبەت بەنی ئەسەد بە بنەماڵە بەچاوەزار بەناوبانگن، سروشتیان وابوو دوو سێ ڕۆژ نانیان نەدەخوارد، ئەوجا بەشان و باڵی هەر شتێکیان هەڵبدابایە، یەکسەر کاری خۆی دەکرد.

کابرا لەسەر ڕێی پێغەمبەری خوا(ﷺ) دانیشت و بەوپەڕی متمانە بەخۆ بوونەوە، بەسەرانی قوڕەیشی وت: خەیاڵتان ئاسوودەبێ و هیچ خەمێکتان نەبێ، بەس ئەو کابرایەم نیشان بدەن بیبینم و چاوی بدەمێ و پێیدا هەڵبدەم، ئەوجا بەچاوی خۆتان دەبینن چۆن بەعەردی دادەدەم و دەیکەمە نیوە بەشەر.

خوای پەروەردگار لە ڕێی جبریلەوە ئاگاداری پێغەمبەر(ﷺ) دەکاتەوە کە بەو شوێنەدا نەڕوات و ڕێڕەوی خۆی بگۆڕێ، پێغەمبەریش(ﷺ) بۆ ئەوەی لە چاوەزاری ئەو کابرایە پارێزراوبێ، شوێن ڕۆیشتنەکەی دەگۆڕێ.

زۆر جار لێرەو لەوێ گوێبیستی ئەوە دەبین، دەڵێن: ئەگەر کاریگەری چاونەفس ئەوها بەهێزە، ئەی بۆچی سەرکردە ستەمکار و دەوڵەمەندە قرچۆك و چاوچنۆکەکان چاوەزار لێیان نادات؟

لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا دەڵێین: ئەوانە یان ئەوەتە تووشی کەسی خۆیان نەهاتوون، یان ئەوەتە کاریگەری چاوەزاریان بەسەرەوە نییە کە بەهۆی هەندێ چاکەو پیاوەتی خۆیانەوە هێشتا قەدەری خوا ڕووی تێ نەکردون و پارێزراون، تەنانەت زۆر جار چاکەکاری یان دوعای کەسێك بووەتە هۆکارێ بۆ ئەوەی تەمەنیان درێژبێ و چاوەزار کاریان لێ نەکات،

---

[١٧١]- عن أم سلمة رضى الله عنها أن النبي (ﷺ) رأى في بيتها جارية في وجهها سفعة فقال: (استرقوا فإن بها النظرة). (صحيح البخاري، كتاب الطب، باب رقية العين، حديث: ٥٤١٤

**چونکە دوعاو خێرو چاکە کاریگەری هەیە لەدوورخستنەوەی بەڵاو تاقیکردنەوەی خوایی و بەدوورگرتنی لەدڵ و دەروون و چاوی پیس و ئەوانەی حەز بە سنوور بەزاندن دەکەن، بەتایبەت هەندێ دوعا قەدەری مرۆڤ دەگۆڕێ، ئەوەتا رۆژێکیان پێغەمبەر سلێمان (علیه السلام) بۆ ژنگواستنەوەی یەکێ لەکوڕە ناودارەکانی ئەو سەردەمە، داوەتی ماڵەوە دەکرێ، فریشتەی گیانکێشان دێتە لای، هەواڵی پێدەدا کە بۆ ئەو داوەتە نەڕوات چونکە فەرمانی پێدراوە، هەر ئەو ڕۆژە گیانی زاوا دەکێشێ .**

**ئەویش کاتێ گوێبیستی ئەم قسانە بوو، نەچووە داوەتەکە، ڕۆژی پاشتر زاوای بینی هێشتا زیندووەو باوکی زاواشی بینی گلەیی لێ دەکات، پێی دەڵێ: ئەوە بۆچی بۆ ئەوداوەتە نەهاتی؟ زۆرمان حەز دەکرد لە ڕێوڕەسمی ژنهێنانی کوڕەکەمدا بەشداریت بکردایە؟ ئەویش خۆی کڕو بێدەنگ دەکات و وەڵامی نەداتەوە تا فریشتەی گیانکێشان دەبینێ و پرسیاری هێشتا زیندوویی زاوای لێ دەکات، ئەویش لەوەڵامدا پێی دەڵێ: من ڕۆیشتم بۆ ئەوەی گیانی بکێشم، بەڵام فەرمانم پێکرا بگەڕێمەوە.**

**سولەیمان پێغەمبەر پێیوت: هۆکار چی بوو فەرمانت پێکرا بگەڕێیەوە؟**

**وتی: هۆکار ئەوە بوو پیرەژنێك دەچێتە ئاهەنگەکەو باوکی زاوا کە دەیبینێ، دەچێتە لای، بەپەرۆشەوە لێی دەپرسێ: فەرموو دایە گیان ئەمرکە، پێویستیت بەچییە؟ ئەویش پێی دەڵێ: پێویستیم بەهیچ نیە تەنها برسیمەو خواردنم دەوێ. باوکی زاواش خواردنێکی شاهانەی پێ دەدات. پیرەژنەکەیش بەرامبەر بەو چاکەیە لەخوا دەپاڕێتەوە تەمەنی زاوا درێژ بکات، خوای گەورە ڕاستەوخۆ وەڵامی دوعاکەی دەداتەوەو تەمەنی زاوا درێژ دەکات.**

**لەم سەردەم و ڕۆژگارە جەنجاڵیەدا، خێراترین ڕێگە بۆ بەلا لە سەروەت و سامان و ماڵ و منداڵ، بڵاوکردنەوەی وێنەی خاوخێزان و ئیش و کارو هەواڵی شەخسیە لە پێگەی ئینتەرنێت جا فەیسبووکبێ یا سناپ چات و...هتد، بۆ نموونە خواردنێکی خۆش لێدەنێ، یەکسەر بڵاوی دەکاتەوە، جلێکی تازە دەکاتە بەر منداڵەکەی یان ساڵڕۆژی منداڵەکەی زیندوو ڕادەگرێ، چەندین وێنەی جۆراو جۆری دەگرێ و دایدەبەزێنێ، یاخود دەچێتە گەشتێکی خێزانی، جوانییەکانی ئەو شوێنە بەڕاست و چەپ بۆ ئەم و ئەو نمایش دەکات، تەنانەت کەسی وا هەیە خوای گەورە لەش و لارێکی ڕێك و جوانی پێداوە کەچی لەجیاتی شوکرانەبژێری پەروەردگار بکات، وەلێ کە دەچێتە دەرەوە، نازو فیزو تەکەبوری پێ لەسەر خەڵکی دەدات.**

**ئیبن قەییم لەکتێبی (زاد المعاد) دەڵێت:**( أن عثمان – رضي الله عنه – رأى صبيا مليحا فقال: دسموا

نونته لئلا تصيبه العين). **واته:**(ئیمامی عوسمان "ڕەزای خوای لێبێ" منداڵێکی جوان و شیرینی بینی، فەرمووی: برۆن چاڵی چەناگەی ڕەش بکەن با چاو تینی تێ نەکات).

**کاتێك یوسف (علیه السلام) خەونەکەی خۆی بۆ یەعقوب (علیه السلام) دەگێڕێتەوە، باوکی فەرمانی پێ کرد ئەو خەونەی بۆ براکانی نەگێڕێتەوە:** ﴿ قَالَ يَٰبُنَيَّ لَا تَقۡصُصۡ رُءۡيَاكَ عَلَىٰٓ إِخۡوَتِكَ فَيَكِيدُواْ لَكَ كَيۡدًاۖ إِنَّ ٱلشَّيۡطَٰنَ لِلۡإِنسَٰنِ عَدُوّٞ مُّبِينٞ ﴾ یوسف: ٥ **جا ئەوە بۆ خەونێك براکانی وایان لێ بەسەر هێنا، ئەی بۆ ئەو شتانەی واقیع، دەبێ چۆن بێت؟**

**چاوپیسی دوو جۆرە:**

**یەکەم/ کەسێکە بەویستی خۆیەتی و چاوی پیسە، مەبەست ئەوەیە هەمیشە چاوی لەدەست و ماڵ و سامانی ئەم و ئەوە، بەدوای عەیب وعارو نهێنی خەڵك و نازو نیعمەتەکانیان دەگەڕێ لەکاتێکدا خوا بەو کەسەی داوەو بەوی نەداوە، ئەو کەسانە ناشوکرن، بەبەشی خوا ڕازی نین، ناڕازیبوون واتە ڕەخنەگرتن لە نیعمەتەکانی خوا، ئەوەش ئەگەر تۆبەی لەسەر نەکات، سەر بۆ گوناهی گەورە ڕادەکێشێ.**

**دووەم/ کەسێکە بەبێ ویستی خۆیەتی و چاوی پیس نیە، بەڵام هەندێ جار لەنائاگایی خۆیدا شەیتانی بەدفەڕ، تەفرەو فریوی دەدا و دەبێتە کەسێکی چاوپیس. ئەوەیان زۆر لەجۆری یەکەم خەتەرناك و مەترسیدارترە چونکە ئەو کەسە توانای ئەوەی هەیە چاو لەخۆی و تەنانەت ماڵ و منداڵی بدات بێ ئەوەی حەزی پێبکات و لە ئەنجامی ئەو هەموو حەسوودیەی لە دڵ و دەروونی چووەتە خوار، حەسوودی بووەتە بەشێك لەخوێن و جەستەی.**

**لە بەسەرهاتی نەتەوەی پۆڵەندی کۆن لەبارەی پیاوێکەوە هاتووە کە ئەوەندە توانای هەبووە کەسانی دەوروبەری لەڕێگەی چاوە تیژەکانیەوە ئەزیەت بدات، ئەمە وایلێکردوە چاوی خۆی دەربێنێ بۆ ئەوەی ئازار بەو کەسانە نەگەیەنێ کە خۆشی دەوێن.**

**ڕۆژێکیان لە مەجلیسێکدا باسی پیاوێکی حەسوودی چاوپیس دەکرێ کە چاوی وەکو گوللە وایە، چاو بداتە هەر شتێك و هەر قسەیەك بکات، دڵی دەپێکێ و دەیکەوێنێ.**

**کابرایەك بەباوەڕ بەخۆبوونەوە پێیانی دەڵێ: ئەوە من سەرکێشی بەژیانمەوە دەکەم و دەچمە لای، بزانم چۆن دەتوانێ چاوم لێ بدات!!**

**لەو شوێنە هەڵساو چووەوە ماڵ، کە تازە جلێکی جوانی بۆ خۆی کڕی بوو، جلەکەی خستە نایلۆنێکەوە، چووە لای کابرای چاوپیس، کە جلەکەی دەرکردو بۆی ڕاگرت، بەسەرو**

زمانێکی شیرینەوە پێی وت: قوربان ئەوە دیاریەکی بچووکی منە بۆ جەنابتان، دەی وەرە لەپێش چاوم لەبەری بکە، دەمەوێ بتبینم و نەتناسمەوە.

کابرای چاوپیس بەخۆشحاڵیەوە جلەکەی پۆشی. ئەویش پێی وت: بەڕاستی هەر لە تۆ دەوەشێتەوە، دەی ئێستا بڕۆ بچووە بەردەم ئاوێنەکەو سەیرێکی خۆت بکە بزانە پێیەوە جوانی یان نا؟.

ئەویش دەچێتە بەردەم ئاوێنەکەو نەختێك دەوەستێ، سەرنجی خۆی دەدات و لەخۆی ورد دەبێتەوە، زۆر بەخۆی سەرسام دەبێ بۆیە بەدەنگێکی نزمەوە لەبەر خۆیەوە دەڵێ: واااااای کە جوانم.. قسەکەی تەواو ناکات، چاو لەخۆی دەدات، یەکسەر لەجێوە بەر دەبێتەوەو گیانی دەردەچێ[172].

## نیشانەکانی حەسوودی و چاوەزار:

ئیمامی عەلی پێشەوای موسڵمانان دەفەرموێ:(مرۆڤی حەسوود بەردەوام خەمبارە، هیچ کات نایەوێ کەسی بەرامبەر دڵخۆش بێت).

حەسوود بەوە دەناسرێتەوە زۆر پرسیار دەکات، ئەوەتا کاتێ دەچێتە هەر ماڵێك، بەدارو دیواری ئەو ماڵە دەڕوانێ، سەرنجی هەموو شت دەدا، وەکو دادوەر دەپرسێ: ئەرێ خێزانەکەت خزمتە؟ چەند منداڵت هەیە؟ منداڵەکانت لەکوێ دەخوێنن؟ ئەی ئەو سەیارەت بەچەند کڕیوە؟ لەگەڵ کارو باری دەرەوەو بازاڕ چۆنی و.....هتد .ئەو پرسیار کردنە یەکێکە لەنیشانەکانی چاوپیسی، وەئەگینا خاوەن ماڵ دەتوانێ خۆی بۆت باس بکات[173].

ئەگەر کەسێك پێی وابوو چاوی پیسەو کاریگەری لەسەر کەسی بەرامبەر هەیە، ئەگەر بەخشش و نیعمەتێکی بینی کە خوا بە یەکێکی داوەو بە ئەوی نەداوە، با وتەگەلێکی نەخوازراوی لەدەمەوە دەرنەچێ، وەکو وتنی: ئەححححە..پەکککو..وااااای، تەنانەت ئەوە بۆ

---

[172] - (سلیمانی کوڕی عەبدولمەلیك) خەلیفەی ئەمەویەکان کەسێکی گەنج و جوان بوو، ڕۆژێکیان دەچێتە بەردەم ئاوێنەو تەماشایەکی قووڵی بەژن و باڵای خۆی دەکات، ناڵێت: (ماشاء الله)، زۆر بەگەنجێتی خۆی سەرسام بوو، لەبەرخۆیەوە دەڵێت: ئەوە موحەممەد پێغەمبەرە، ئەبوبەکر صدیقە، عومەر فاروقە، عوسمان حەبیبە، ئەوە منیش پاشایەکی گەنجم.. دوای تێپەڕبوونی یەك مانگ بەسەر ئەو قسانەی کردی، بەبێ هیچ نەخۆشیەك کە سەرەتای گەنجێتی بوو، وەفاتی کرد.

[173] -دەلوێ مرۆڤی حەسوود تاقیبکرێتەوە بە تاقیکردنەوەیەکی کورت وسادە، بۆ نموونە: هەواڵێکی خۆش و کاریگەری ژیانی خۆتی بۆ باس بکە، ئەگەر بینیت دەم و چاوی گرژو مۆن بووەو ناتوانێ بەو هۆیەوە دڵخۆش بێت، ئەوە هەوڵدە هێواش هێواش، وردە وردە لەبەر خاتری ژیانی خۆت، خۆتی لێ دوورکەیتەوە.

ماڵ و منداڵی خۆیشی بەکار نەهێنێ. جا ئەسڵ وایە دوعای خێرو بەرەکەت بکات کە هەر قسەیەکی کرد، ئەوە نەفس و رووحی ئارام بکاتەوەو حەسوودیەکەی نەهێڵێت.
نیشانەکانی چاوەزار جۆراو جۆرن، لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێ، هەیە نیشانەیەکی لێ دەردەکەوێ، هەیە چەند نیشانەیەك، هەیشە هیچ نیشانەیەکی لێ دەرناکەوێ، بەلاَم تاقیکردنەوەکان ئەو نیشانانە دەردەخەن:

* هەمیشە گیانی دێشێ و بەردەوام دڵتەنگەو لەگەڵ دڵتەنگیەکەیدا هەناسە تەنگیشی لەگەڵە  کە قورسایی دەخاتە سەر سینگی و ترپەی دڵی بەخێرایی لێ دەدات.

* تێکچوونی حاڵەتی دەروونی و تووش بوون بە تووڕەبوونێکی زۆر کە پێشتر تووشی تووڕەبوونی وای نەبووبێ و هەندێ جار بێزاربوون لەهاوسەرگیری و هەندێ جار لەتووڕە بوونی خۆیدا بەبێ هۆ خێزانەکەی تەلاَق دەدات.

* ڕەنگی زەرد هەڵدەگەڕێ، پلەی گەرمی لەشی بەرز دەبێتەوە، لەشی گەرم دادێ و ئارەقەیەکی زۆر دەکات، بەجۆرێ ئاو و هەوا زۆر خۆشە کەچی ئەو گەرمایەتی، تای لێ دێ، هەندێ جار لاڵ دەبێ و زمانی لەکار دەکەوێت.

*پەڵەی شین لەلەشی دەردەکەوێ.

*میزکردنی زۆرە.

* سەرئێشە دەگرێ یان سەر ئێشەیەکی بەردەوام لەبەشی پێشەوەی سەری، بەبێ ئەوەی پێشتر هیچ نەخۆشیەکی ئەوتۆی هەبووبێ بەتایبەت کە لەخەو هەڵدەستێ، جەستەی ناڕەحەتە.

*خەیاڵی دوور دەڕواو مێشکی لەشوینێکی ترە، تەنانەت جاری وا هەیە سەیارە لێدەخۆرێ ئاگای لەخۆ نییە، تەنانەت مێشکی بەجۆرێ سست و لاواز دەبێ و خەیاڵ و زاکیرەی بەجۆرێ دەڕوات، پێنج ڕەقەمی مۆبایلی پێ لەبەر ناکرێ .

* هەست بەگرانی لەشی دەکات، تەمبەڵ و خاو و خلیچکە، کارەکانی قورس دەکەوێ، کاری ڕۆژێك بەسێ ڕۆژ تەواو دەکات.

* خەوی نیە، پێنج دەقە دەخەوێ، چەندین سەعات خەوی لێ ناکەوێ لەکاتێکدا سەردانی دکتۆری نەفەسی دەکات هیچ شوێنێکی نایەشێ. خەوی ناخۆش دەبینێ، لەخەودا پێی دەڵێن: چاو و زار لێی داوی برۆ چارەسەری خۆت بکە، یان ( قل اعوذ برب القلق) (قل اعوذ برب الناس) لەسەر خۆت بخوێنە یان کەسێکی تر لەسەرت دەخوێنێ،  یان خەو بەئاگرەوە

دەبینیٚ، دووکەڵ لەماڵی هەڵدەستیٚ، مار پێوەی دەدات، پشیلەی ڕەش لەماڵی کۆ دەبێتەوە، سەگی رەش پەلاماری دەدات و خەو بە ئاگرەوە دەبینێت.
* تێکچوون و لەکارکەوتنی ئامێرەکانیماڵەوە بەبیٚ هۆکار.
* تەواوبوونی رزق و ڕۆزی بەزوویی، هەیە مانگانەی ملیۆن و نیوێکە کەچی بەشی ناکات لەکاتێکدا یەك منداڵی هەیەو ئەوەندە میوانیشی بەسەرەوە نیە.
*بەردەوام دەمی وشك دەبیٚ، جگە لەو حاڵەتانەی توێنیویەتی یان ئەو کەسەی بەسروشتی خۆی نەخۆشی شەکرەی هەیە.
* ئازاری پشت و قاچەکانی بۆ دروست دەبیٚ لەکاتێکدا ڤیتامین دی و کومەڵیٚ ڤیتامینی کەم نییە.
*لەکاتی نووستندا ژێر پێیەکانی گەرم دادیٚ، هەست دەکا شتیٚ لەژێر پێیەتی.
* دەوڵەمەندە، پلەدارە بەلاّم دڵخۆش نیەو غەمبارە، حەز بە تەنیایی و گۆشەگیری دەکات.
*لەکاتی گەرمادا هەست بەسەرما دەکات و لەکاتی سەرمادا هەست بەگەرمی دەکات.
* شەڕو ئاژاوەی ناوماڵ و قیژان و هاوارکردن و دووبارەبوونەوەی بەبیٚ هۆکار.
* لەزۆربەی کاتەکاندا باوێشك دەدا، بەتایبەت لەکاتی نوێژکردن و قورئان خوێندندا و بیٚ ئەوەی خەوی بێت، زۆر باوێشك دەدا.
* ڕۆژ بەڕۆژ کێشی لاوازدەبیٚ، خواردنی بۆ ناخوریٚ و لە ڕۆژێکدا لەیەك ژەم زیاتر ناخوات.
*پرچی بەخێرایی هەڵدەوەریٚ و زیپکە لەسەر دەم و چاوی دروست دەبیٚ، بەدکتۆر چاك نابێتەوە.

**<u>کەواتە چارەسەر چیە؟!</u>**

عارفێك ٣٠ساڵ بەردەوام (استغفرالله)ی دەکرد، یەك لە دەروێشەکانی پێی وت: (قوربان بۆچی ئەوەندە "استغفرالله" دەکەی، ئێمە تا ئێستا هیچ گوناهێکمان لیٚ نەدیوی؟).

ئەویش لەوەلاّمدا وتی: ٣٠ساڵە "استغفرالله" دەکەم تەنها لەبەر وتنی یەك "الحمدلله"

دەروێشەکە وتی: چۆن؟.

وتی: ڕۆژێکیان هەواڵیان پێدام وتیان قوربان بازاڕی بەغدا ئاگری گرتووەو سوتاوە، منیش وتم: ئەی حوجرەکەی من؟ وتیان: حوجرەکەی تۆ نەسوتاوەو سەلامەتە. منیش وتم: "الحمدلله" ئەوەش مانای ئەوە بوو کە هەر ماڵی من نەسووتیٚ، ئیتر خەڵکی تر بازاڕی

**دەسووتێ، ناسووتێ، کەیفی خۆیەتی، ئەو "الحمدلله" یەم بەهۆی خۆویستیەوە بوو، نەك خواویستی.**

**پێویستە مرۆڤ بەو بەشەی خوا ڕازیبێ کە پێی بەخشیوە و هەرگیز چاو نەبڕێتە ماڵ و سەروەت و سامانی خەڵکی تاوەکو لە چاوپیسی رزگارت ببێ.. خۆ ئەگەر خۆی لەو هۆکارانە نەپاراست، ئەوە تووشی ئەو نەخۆشییە کوشندەو دژوارە دەبێت، کەواتە وابیر مەکەوە کە شتێکت کڕی ئەوە دەمانچەی بێدەنگت لەسەرە دەکوژرێی یان ماڵت وێران دەبێت، بۆیە:-**

*** تا دەکرێ خۆت لەکەسانی حەسوود بەدوور بگرەو بەردەوام کاروباری ژیانت ڕادەستی خوا بکەو پەنا بەخوا بگرە و بیرو باوەڕت وابێ هەموو شتێك بەدەستی خوایە.**

*** کە ترست لەکەسێك هەبوو، پێش تووش بوون بە حەسودی و چاوپیسی، زیکرەکانی بەیانیان و ئێواران بیخوێنە، لەوانە: ئایەتی کورسی و سوورەتی ئیخلاص و فەلەق و ناس و دوو ئایەتی کۆتایی سورەتی بەقەرەو ئەو زیکرانەی لەسووننەتەوە هاتوون و لەهەر کەسێك ترسای چاوی پیسە، لەدڵەوە بڵێ:** (مَاشاءَالله لا قُوَّةَ الاّ بِالله).

(**أبودرداء**)(**ڕەزای خوای لێبێ**) **دەفەرموێ:**(مَـا أَكثَـرَ عَبـدٌ ذِكـرَ المَـوتِ الاَّ قَـلَّ فَرَحُـهُ وَ حَسَـدُهُ)[١٧٤] **واتە:(هیچ بەندەیەك نییە زۆر یادی مردن بکات، ئیللا دڵخۆشی بۆ دونیاو حەسوودی کەم دەبێتەوە).**

*** پێغەمبەری خوا** (ﷺ) **دەفەرموێ:** (إذا رأى أحدكم من نفسه أو ماله أو أخيه ما يعجبه فليدع له بالبركة، فإن العين حق)[١٧٥] **واتە:(یەکێك لە ئێوە شتێکی سەرسوڕهێنەری بینی لە دەروونیدا یان لە ماڵەکەی یان براکەی ئەوە با نزاو دوعای پیت و بەرەکەتی بۆ بکات چونکە بەڕاستی چاوپیسی ڕاستە).**

**شێخ ئیبن عوسەیمین رەحمەتی خوای لێبێ، دەڵێت:(ئەگەر مرۆڤ شتێکی بینی و پێی سەرسام بوو، هەروەها لە حەسوودی چاو ترسا، با بڵێ:** "ما شاءالله تبارك الله" **بۆ ئەوەی ئەو کەسە تووشی چاونەفەس نەبێت. بەهەمان شێوە ئەگەر مرۆڤ بە موڵك و ماڵی خۆی موعجەب بوو ئەوا بابڵێ:** "ما شاء الله، لا قوة الا بالله" **هەروەها بۆ ئەوەی تووشی عوجب و لەخۆبایی بوون نەبێت لەنەفسی خۆی بەهۆی ئەو موڵکەی**

---

[١٧٤] -موسوعة ابن ابي الدنيا٥/٥١٤

[١٧٥] -رواه النسائي و صححه الألباني في صحيح الجامع.

هەیەتی، ئەگەر بڵێ:(ماشاء الله لا قوة الا بـالله) ئەوە مەسەلەکەی داوەتە دەستی خاوەنەکەی کە خوای گەورەیە ).

* پێغەمبەری خوا(ﷺ) بۆ پاراستنی کچەزاکانی –حەسەن و حوسێن– لەهەموو شتێکی خراپ و نەخوازراو و پاراستنی لەهەموو چاوپیسی و سیحرێك، لەخۆی نزیك دەکردنەوە، ئەو نزایەی بەسەر دەخوێندن و دەستی دەهێنا بەلاشەیاندا، دەیفەرموو: (أعيذُكما بِكلماتِ اللَّهِ التَّامَّةِ ، مِن كلِّ شيطانٍ وَهامَّةٍ ومن كلِّ عينٍ لامَّةٍ)[١٧٦] . واتە:(پەناتان دەدەم بە وشە پڕ ماناو تەواوەکانی خوا گەورە لەهەر شەیتان و گیانلەبەرو زیندەوەرێکی زیانبەخشی خاوەن ژەهر، وە لەهەموو چاوێکی زیاندەرو لادەر).

*پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕوقیەی شەرعی بۆ خۆی دەخوێندو سەحابەو سەحابەکانیش بۆ یەکدی.

عوبادەی کوڕی صامت دەڵێت: سەرلەبەیانی چوومە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) بینیم ئازاری زۆری هەیە و کە سەر لەئێوارە گەڕامەوە لای، بینیم چاك بۆتەوە، پێغەمبەر فەرمووی: (إن جبريل – عليه السلام – أتاني فرقاني، فقال: بسم الله أرقيك، من كل شيء يؤذيك، من كل عين وحاسد يشفيك، أو قال : الله يشفيك) جوبریل ئەم دوعایەی بەسەرما خوێندو شیفام بۆ هات[١٧٧] .

*پەناگرتن بەخواو پابەندبوون بەفەرمانەکانی کە ئەوەی پێی خۆشە ئەنجامی بدات و ئەوەی پێی ناخۆشە خۆی لێ بەدوور بگرێ، وەکو پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێ:(احفظِ اللهَ يَحفظْك)[١٧٨] واتە:(خوا بپارێزە، خوایش تۆ دەپارێزێ و پارێزگاریت لێ دەکات) بۆیە لە ژیاندا هەر پێویستیەکت هەبوو، سوجدەی بۆ ببەو بڵێ: خوایە گیان وەڵامم بدەوە، خوا وەڵامت دەداتەوە:﴿ وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ ۖ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ ۖ ﴾ البقرة: ١٨٦.

---

١٧٦– صحيح الترمذي برقم٢٠٦٠

١٧٧ - مسند أحمد بن حنبل، ومن مسند بني هاشم، مسند أبي سعيد الخدري رضي الله عنه، حديث : ١١٣٢٣. وصححه الألباني في صحيح الجامع، برقم: ٧٠ خۆشۆرین بەو ئاوەی روقیەی لەسەر خوێندرابێ ئەویش ئەم سوورەتانەیە : فاتیحە ٧جار، ئایەتی کورسی٣جار، فلق٣جار، ناس ٣جارو لەدوای خوێندنی هەر سوورەتێك فوو بکات بەئاوەکە و هەر کاتێ بیەوێ خۆی پێ بشوات و لێی بخواتەوە.

١٧٨ - صحيح الترمذي برقم/٢٥١٦

**لەکۆتاییدا دەڵێین:**

هەموو مرۆڤێك کەم تا زۆر برە حەسوودەیەکی تێدایە، هەیە ئەو هەستەی لەناخەوە دەشارێتەوە، هەیە خۆی بۆ ناگیرێ و بەدەربڕینێك بەزەوی دادەدات یان دەیکوژێ.

ئەگەر کەسێك (خانوو – دوکان– سەیارە– منداڵ– پارەوپوول)ی لەتۆ زیاتر بوو، هەستت کرد حەسوودی یەخەگیرت بووە، بۆ نموونە تۆ خاوەنی سەیارەیەکی کۆنی و هاوڕێکەت یان هەر یەکێکی تر بە سەیارەیەکی دوامۆدێلەوە گوزەر دەکات، لەجیاتی چاودان، بۆ ئەوەی لای خواو پێغەمبەر(ﷺ) خۆشەویست بیت و دەروونت ئاسوودەبێت، حەسوودی پێ مەبە، نزا بکەو بڵێ: داوا لەخوای پەروەردگار دەکەم لێی پیرۆزو بەرەکەتداربێ و سەیارەیەکی لەو باشترم پێ بدات، یان سەیارەیەکی وەکو ئەو.

هەندێ لە زانایان پێیان وایە ئەگەر کەسێك بەچاوەوە بوو، چاوەزار بووبووە هۆی مردنی، ئەوە دەبێ کەسی چاولێدەر بکوژرێ یان خوێنەکەی بدات.

ئیمامی شافعی دەرهەق بەم باسە دەڵێت: نەخێر هیچی لەسەر نیە، خۆ ئەگەر نەیتوانی خۆی چاك بکات و بەسەر خۆیدا زاڵ ببێ، ئەوە لەسەر دادوەر پێویستە بەندی بکات و نەفەقەی بداتێ بۆ ئەوەی موسڵمانان لە زەرەرو زیانی چاوی، پارێزراو بن.

بابای موسڵمان نابێ هەر ناڕەحەتیەکی بەسەر هات، خۆی تووشی ڕاڕایی و نەخۆشی دەروونی بکات ئیدی نەتوانێ دەست بۆ هیچ ببات و هیچ ئیشێ بکات.

لەخوا دەپاڕێینەوە: خوا گیان لەچاوەزار بمانپارێزە.. اللهم آمین.

# قوتابی و دوعای تاقیکردنەوە

## چی بکات؟ کەی بخوێنێ؟ چۆن خۆی بۆتاقیکردنەوە ئامادە بکات؟

زۆر جار لەبابەتی خوێندن و تاقیکردنەوە وەك دوو چەمکی بەیەکەوە گرێدراو، ڕوو بەڕووی ئەم پرسیارە دەبینەوە:
گەنجێك قوتابییە حەز دەکا لەتەواوی وانەکانیدا نمرەیەکی باش بەدەست بێنیٚ! تۆ کە ڕووی پرسیارت ئاڕاستەی من کرد و دەڵێی: چیبکەم؟! چ دوعایەك باشە پەنای بۆ ببەم تاوەکو لە ئەزموونەکان بەنمرەیەکی باشەوە لێی دەرچم؟! هەر لەم ڕوانگەوە چ دوعایەك باشە تا بەو هۆیەوە بیردان و بیرەوەریم بەهێزبێ و لەبەردەم وەڵامدانەوەی پرسیارەکاندا،چۆك دانەدەم و دانەمێنم؟
لێرەدا ئەگەر گوزەرێکی خێرا بەنێو ئەم پرسە هەستیارە بکەین، پێویستە سەرەتا خۆمان تەیارو پڕ چەك بکەین بەو زانست و زانیاریانەی لە قوتابخانە دەیخوێنین.
سەحابەیەك پرسیاری لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرد: ئاخۆ ولاٚغەکەی ببەستێتەوەو پشت بەخوا ببەستیٚ، یان هەر لەو ناوەی بەجیٚ بێڵیٚ و پشت بەخوا ببەستیٚ؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(بیبەستەوەو پشت بەخوا ببەستە). کەواتە قوتابی پێویستە سەرەتا بخوێنیٚ، ئەوجا پشت بەخوا ببەستیٚ.
بیٚ شك زۆر گرنگە مرۆڤ لەهەموو ئیش و کاروبارەکانیدا بڕواو متمانەی بەخۆی هەبیٚ و پشت بەخوا ببەستیٚ، وەکو خوای پەروەردگار لەسورەتی (الطلاق) ئایەتی (٣) دەفەرمویٚ:﴿ وَمَن يَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسۡبُهُۥٓ ﴾ واتە:(هەر کەسێك پشت بەخوا ببەستیٚ، خوای بەسە).
هەڵبەتە پێویستە لە تەوەکول و متمانەدا پەنا بباتە بەر هۆکارەکان و هۆکارەکان ئامادەکاری خودی قوتابییە بۆ ڕۆژی تاقیکرنەوە، نەك غەل و غەش و هانا بردنە بەر گزیکردن کە خۆفریودان و فێڵکردنێکی زەق و ڕوونە لەپرۆسەی پەروەردەو فێرکردن.
پێغەمبەری خوا(ﷺ) کاتێك دەست دەکاتە ناو سەبەتەیەك خۆراکی وشك و دەستی بەتەڕی دەردەچیٚ، پرسی: (ئەوە بۆچی ژێرەوەی تەڕە و سەرەوەی وشکە؟) کابرا پێی دەڵیٚ: (ئەی پێغەمبەری خوا ئەوە بەهۆی بارانەوە تەڕ بووە). پێغەمبەریش (ﷺ) پێی فەرموو: بۆچی ئەو بەشەت نەهێنایە سەرەوە تاوەکو خەڵك بیبینیٚ، ئەوەی غەش بکات لە من نیە، (مَن غَشَّ فليسَ مِنِّي)[179].
خوای پەروەردگار کە دەفەرمویٚ: ﴿ وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌۖ أُجِيبُ دَعۡوَةَ ٱلدَّاعِ إِذَا

[179] – صحيح مسلم، برقم/ ١٠٢

دَعَانِۖ فَلْيَسْتَجِيبُواْ لِي وَلْيُؤْمِنُواْ بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ ﴿١٨٦﴾[١٨٠]

**ئەم ئایەتە هانمان دەدات بەگەرم و گوڕیەوە بەردەوام لێی بپاڕێینەوەو لەدوعاکردن سارد نەبینەوە، کەواتە ئاساییە قوتابی وەك هەر حەزو خولیاو داخوازیەکی دیکەی ژیان، داوای سەرکەوتن و دەرچوون بۆ خۆی لەخوای پەروەردگار بکات.**

**گرنگ لێرەدا ئەوەیە قوتابی بزانێ کەی دەخوێنێ؟ چی دەخوێنێ؟ کە دەچێتە قوتابخانە چۆن وەڵام بداتەوە؟! لەوەشدا گرنگە بەرنامەی نووستنی ڕێك بخات، بزانێ کەی دەخەوێ و کەی لەخەو هەڵدەستێ و...هتد.**

**پێویستە قوتابی بەدڵ و دەروونێکی کراوەوە هەنگاو هەڵبگرێ، فشار نەخاتە سەر بیرو هۆشی و خۆی لە ترس و بیمی دەرچوون و دەرنەچوون بەدوور بگرێ کە تاقیکردنەوەی هاتە پێش، دونیای لێ وێك نەیەتەوە وابزانێ بارێکی ئەوەندە گەورەو قورسی کەوتۆتە سەر شان بۆی هەڵناگیرێ، هەرچەندە بارگرانی هەر بارگرانیە بۆ هەر کارێ کە مشەقەت و زەحمەت بێت، بۆیە بەدەستهێنانی نمرەیەکی باش بۆ قوتابی کارێکی ئەوەندە ئاسان نیەو شەونخونی و ماندوبوونی گەرەکە، کەواتە دەکرێ بۆ هەر کاروبارێکی ژیانمان کە ببێتە مایەی بارگرانی، شانی بدەینە بەرو پەنا ببەینە بەر ئایەتە پیرۆزەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەری خواو پیاوچاکان.**

**پێغەمبەری خوا (ﷺ)ئەگەر تووشی هەر کارێکی قورس و گران بهاتایەتە، دەیفەرموو:**(اللَّهُمَّ لَا سَهْلَ إلاَّ مَا جَعَلْتَهُ سَهْلاً ، وأنْتَ تَجْعَلُ الحَزْنَ إذَا شِئْتَ سَهْلاً )[١٨١]. **واتە:(خودایە هیچ کارێك ئاسان نییە مەگەر ئەوەی تۆ سووك و ئاسانی دەکەی و هەموو خەم و پەژارەو شتێکی قورس لەسەر ئینسان لا دەدەیت و ئاسانی دەکەیت).**

**لە فەرموودەیەکی دیکەدا، هەر کارێکی لەسەر گران بوایە، ئەوە بەیانیان و ئێواران دەیفەرموو:** (يَا حَيُّ يَا قَيُّومُ بِرَحْمَتِكَ أَسْتَغِيثُ، أَصْلِحْ لِي شَأْنِي كُلَّهُ، وَلَا تَكِلْنِي إِلَى نَفْسِي طَرْفَةَ عَيْنٍ)[١٨٢].

**ئەگەر پۆلینکاری هەنگاوەکانی خوێندن و ئەو پرۆسەیە بکەینە نەخشە ڕێگای ئەو پرۆسەیە:**

**<u>یەکەم/</u> پێش موتالاکردن و خوێندنی ئەو بابەتانەی ئەزموونی تێدا دەکەی، بەم دوعایە**

---

[١٨٠] – **البقرة: ١٨٦**

[١٨١] – **رواه حبان في صحيحة**

[١٨٢] – **سنن الترمذي، برقم/ ٣٥٢٤**

**دەرگای خوێندن لەسەر خۆت بکەوە:(اللهم اني أسألك فهم النبيين وحفظ المرسلين والملائكة المقربين اللهم اجعل ألسنتنا عامرة بذكرك وقلوبنا بخشيتك وأسرارنا بطاعتك انك على كل شيء قدير وحسبنا الله ونعم الوكيل).**

**دووەم/ دوای تەواو بوون لەخوێندنی ئەو بابەتانەی ئەزموونی تێدا دەکەی، ئەم دوعایە بخوێنە:** (اللهم إنّي أستودعك ما قرأت، وما حفظت، وما تعلمت، فردّه إليّ عند حاجتي إليه، إنّك على كلّ شي قدير، حسبنا الله ونعم الوكيل).

**لەم سۆنگەوە پێویستە جوان و دروست وانەکانت بخوێنی، دوای خۆگۆڕین، پێداویستیەکانی تاقیکردنەوە لەگەڵ خۆت هەڵبگرە، بەپێی ڕاست لەماڵەوە بەرەو هۆڵی قوتابخانە بڕۆ.**

**پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە لەماڵەوە دەردەچوو، دەیفەرموو:** (مَن قال إذا خرَجَ من بَيتِه: بسمِ اللهِ توكَّلْتُ على اللهِ، ولا حَولَ ولا قوةَ إلَّا باللهِ، يُقالُ له: هُديتَ وكُفيتَ ووُقيتَ، وتَنَحَّى عنه الشيطانُ)[183].

**واتە:(هەر کەسێك لەماڵەوە دەرچوو بڵێ: بەناوی خوای تاك و تەنیا، پشتم بەخوا بەست، وە هیچ هەوڵ و هێزێك نییە ئیللا بە پشت بەستن بەخوا نەبێت. و ئەم دوعایە بخوێنێ، ئەوا پێی دەوترێ: ئەمەت بەسەو پارێزراویت و شەیتانیشت لێ دوور دەکەوێتەوە).**

**سێیەم/ بەدەم ڕێگەوە کە بەرەو هۆڵی ئەزموونەکان دەڕۆی، ئەم دوعایە بخوێنە:** (اللهم إني توكلت عليك وسلمت أمري إليك، لا ملجأ ومنجأ منك إلا إليك).

**چوارەم/ کاتێ پێ دەنێیتە نێو هۆڵی ئەزموونەکان، ئەم دوعایە بخوێنە، وەك لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە:** ﴿ رَّبِّ أَدۡخِلۡنِي مُدۡخَلَ صِدۡقٖ وَأَخۡرِجۡنِي مُخۡرَجَ صِدۡقٖ وَٱجۡعَل لِّي مِن لَّدُنكَ سُلۡطَٰنٗا نَّصِيرٗا ﴾[184]

**یاخود بڵێ:** (اللهم افتح لي أبواب حكمتك، وانشر عليّ رحمتك، وامنن عليّ بالحفظ والفهم، سبحانك لا علم لنا إلا ما علمتنا، إنّك أنت العليم الحكيم)

**پێنجەم/ ئەگەر پرسیار دابەش کرا، پێش سەیر کردنی ناوەڕۆکی پرسیارەکان، دەست بخەرە سەر پرسیارەکەو سورەتی فاتیحە و دواتر ئایەتولکورسی بخوێنە:**﴿ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡحَيُّ ٱلۡقَيُّومُۚ لَا تَأۡخُذُهُۥ سِنَةٞ وَلَا نَوۡمٞۚ لَّهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۗ مَن ذَا ٱلَّذِي يَشۡفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذۡنِهِۦۚ

---

[183] – **زاد المعاد، برقم/٢٣٦– حسن صحيح.**

[184] – **الإسراء: ٨٠**

يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ ۖ وَلَا يُحِيطُونَ بِشَيْءٍ مِّنْ عِلْمِهِۦٓ إِلَّا بِمَا شَآءَ ۚ وَسِعَ كُرْسِيُّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ ۖ وَلَا يَـُٔودُهُۥ حِفْظُهُمَا ۚ وَهُوَ ٱلْعَلِيُّ ٱلْعَظِيمُ ﴿٢٥٥﴾ ﴾ [١٨٥]

**شەشـــەم/ لــەكاتی کردنـــەوەی پرسـیارو پـێش دەسـتکردن بەحــەلکردن و وەڵامدانـــەوەی پرسیارەکان، بە یەقینـەوە ئـەم ئایەتـە بخوێنـە:**﴿ رَبِّ ٱشْرَحْ لِى صَدْرِى ﴿٢٥﴾ وَيَسِّرْ لِىٓ أَمْرِى ﴿٢٦﴾ وَٱحْلُلْ عُقْدَةً مِّن لِّسَانِى ﴿٢٧﴾ يَفْقَهُوا۟ قَوْلِى ﴿٢٨﴾ ﴾ [١٨٦]

**ئەوجا ئەم دوعایەش بخوێنە:** (اللهم لا سهل إلا ما جعلته سهلا وأنت تجعل الحزن إذا شئت سهلا، يا أرحم الراحمين).

**حەوتــەم/ ئەگـەر پرسـیارەکان قـورس و گـران بـوون، ئـەم ئایەتـە بخوێنـە:**﴿ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنتَ سُبْحَٰنَكَ إِنِّى كُنتُ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾ [١٨٧]

**خۆ ئەگەر پرسێکت نەزانی و لەبیری چووبۆوە، ئەم دوعایە بخوێنە:**(اللهم ياجامع الناس في يوم لا ريب فيه، أجمع علي ضالتي) .

**هەشتەم/ دواجار ئەگەر هەموو پرسیارەکانت وەڵام دایـەوە، ئـەم دوعایـە بخوێنـە:**( الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي هَدَانَا لِهَذَا وَمَا كُنَّا لِنَهْتَدِيَ لَوْ لَا أَنْ هَدَانَا اللَّهُ).

**کاتێکیش لـەهۆڵی ئەزموونـەکان دێیتـە دەرەوە و دەچیتەوە ماڵ، خۆت دڵتـەنگ و پەرێشـان مەکە، بەدوای وەڵامی پرسیارەکانی ئەو ڕۆژە مەگەڕێ چونکە بەبینینی هەر هەڵـەو پەڵەیـەك، تووشی دڵتەنگی دێیت و خەمی لێ دەخۆی، خەمخواردن لەڕووی دەروونییەوە کەسایەتی مرۆڤ دەڕوخێنێ کە تاقـەت و حەوسـەڵەی بـۆ خوێنـدنی ڕۆژی دواتـر نـەبێت، چـونکە خـەمخواردن هیچ لەبابەتەکە ناگۆڕێ و هەڵەکانی بۆ ڕاست ناکاتەوە.**

**پێویسـتە بیرکردنـەوەی قوتـابی بـەجۆرێ گـۆش بکـرێ چـۆن مـردوو دەبـێ زوو بشـۆردرێ و تەلیقین بدرێ و زوو تەقەتی بکەن و بیشارنەوە، هەمان شت بۆ ئەو بابەتەی ئەو ڕۆژە ڕاسـتە کە هاتە دەرەوە وابزانێ ئەو ڕۆژە تاقیکردنەوەی نـەکردوەو ئـەوەی پێویسـتە ئـەنجامی بـدات خۆ ئامادەکردنیەتی بۆ تاقیکردنەوەی ڕۆژی پاشتر.**

---

[١٨٥] – **البقرة:** ٢٥٥

[١٨٦] – **طه:** ٢٥ – ٢٨

[١٨٧] –**الانبياء:** ٨٧

**تێبینیەکی بچووك بەڵام گەورە:**

قوتابی کاتێك پێ دەنێتە نێو هۆڵی ئەزموونەکان، واباشە خۆی تووشی دوو دڵی و ڕاڕایی نەکات کە ئەوەی لەبیریەتی بەجارێ لەبیری بچێتەوە، بەواتایەکی دیکە: پرسیار بەپرسیار پێدابێ، ئەگەر پرسیاری یەکەمی زانی با ڕاستەوخۆ وەڵام بداتەوە، خۆ ئەگەر نەیزانی یان لەوەڵامدانەوەی دوودڵ بوو، ئەوە واز لەو پرسیارە بێنێ و بچێتە سەر پرسیاری دووەم و بەو شێوەیە کامە پرسیار ئاسان بوو سەرەتا ئەوانە وەڵام بداتەوە، ئەوجا لەنێوان گران و گرانتر، پرسیارە گرانەکان وەڵام بداتەوە.

پێش دەرچوون و ڕادەستکردنی وەڵامەکان، واباشە دووبارە پێداچوونەوەی گشتی بۆ وەڵامی پرسیارەکان ئەنجام بدات، بەهیوای سەرکەوتن بۆ هەموولایەك..اللهم آمین.

# هێندێ لە وێردو زیکرەکان

## وێردی بەیانیان(أذكار الصباح)[188]

أَعُوذُ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلْحَىُّ ٱلْقَيُّومُ ۚ لَا تَأْخُذُهُۥ سِنَةٌ وَلَا نَوْمٌ ۚ لَّهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۗ مَن ذَا ٱلَّذِى يَشْفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذْنِهِۦ ۚ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ ۖ وَلَا يُحِيطُونَ بِشَىْءٍ مِّنْ عِلْمِهِۦٓ إِلَّا بِمَا شَآءَ ۚ وَسِعَ كُرْسِيُّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ ۖ وَلَا يَـُٔودُهُۥ حِفْظُهُمَا ۚ وَهُوَ ٱلْعَلِىُّ ٱلْعَظِيمُ ﴾[189] البقرة: ٢٥٥ **(یەك جار بیخوێنە).**

---

**[188] – زانایان لەسەر وادەو کاتی خوێندن و ئەنجامدانی وێردی بەیانیان و ئێواران ڕاجیاوازن، هەندێکیان دەڵێن: ماوەی خوێندنی وێردی بەیانیان لەگەڵ دەرکەوتنی خۆر دەست پێ دەکات تا خۆرئاوا بوون، هەندێکی دیکە پێیان وایە: کاتەکەی بەکۆتاییهاتنی چێشتەنگاو کۆتایی پێ دێ، واتە پێش ئەنجامدانی نوێژی نیوەڕۆ و هێندێکی تر وای دەبینن ئەم وێردە پێش نوێژی بەیانی یان دوای نوێژی بەیانی یاخود دوای دەرکەوتنی خۆر ئەنجام دەدرێ.**

**هەروەها خوێندنی وێردی (ئێواران) لە عەسرەوە دەست پێ دەکات و لەگەڵ خۆرئاوابوون کۆتایی پێ دێ، هەندێکیش پێیان وایە وادەکەی دوای خۆرئاوابوون(کۆتایی ڕۆژ) دەست پێ دەکات تا سەرەتای شەو، ئەوەش بوارەکەی فراوان کردووە بۆ خوێندنی وێردەکان. (والله أعلم).**

**[189] – هەر کەسێ بەیانیان بخوێنێ، هەتا ئێوارەی لێ دەبێتەوە، لەجنۆکە دەپارێزرێ و هەر کەسێکیش ئێوارە بیخوێنێ، لەجنۆکە دەپارێزرێ دەپارێزرێ تا بەیانی لێ دەبێتەوە.**

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ﴿١﴾ ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ﴿٢﴾ لَمۡ يَلِدۡ وَلَمۡ يُولَدۡ ﴿٣﴾ وَلَمۡ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدُۢ ﴿٤﴾ ﴾[١٩٠] الإخلاص: ١ – ٤ **(سێ جار بیخوێنه).**

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلۡفَلَقِ ﴿١﴾ مِن شَرِّ مَا خَلَقَ ﴿٢﴾ وَمِن شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ ﴿٣﴾ وَمِن شَرِّ ٱلنَّفَّٰثَٰتِ فِي ٱلۡعُقَدِ ﴿٤﴾ وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ ﴿٥﴾ ﴾ الفلق: ١ – ٥ **(سێ جار بیخوێنه).**

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ﴿١﴾ مَلِكِ ٱلنَّاسِ ﴿٢﴾ إِلَٰهِ ٱلنَّاسِ ﴿٣﴾ مِن شَرِّ ٱلۡوَسۡوَاسِ ٱلۡخَنَّاسِ ﴿٤﴾ ٱلَّذِي يُوَسۡوِسُ فِي صُدُورِ ٱلنَّاسِ ﴿٥﴾ مِنَ ٱلۡجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ ﴿٦﴾ ﴾[١٩١] الناس: ١– ٦ **(سێ جار بیخوێنه).**

✍أَصْبَحْنا وَأَصْبَحَ المُلْكُ لله وَالحَمدُ لله ، لا إلهَ إلاّ اللّهُ وَحدَ لا شَريكَ لهُ، لهُ المُلكُ ولهُ الحَمْد، وهُوَ على كلّ شَيءٍ قدير ، رَبِّ أسْأَلُكَ خَيرَ ما في هذا اليوم وَخَيرَ ما بَعْدَه ، وَأَعوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ ما في هذا اليوم وَشَرِّ ما بَعْدَه، رَبِّ أَعوذُبِكَ مِنَ الْكَسَلِ وَ سوءِ الْكِبَر ، رَبِّ أَعوذُ بِكَ نْ عَذابٍ في النّارِ وَعَذابٍ في القَبْر[١٩٢] **(یەك جار بیخوێنه).**

---

**ئیمانی النسائی له"السنن الکبری"ژماره (٩٨٤٨) له ئومامەوه دەگێڕێتەوه دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ)دەفەرموێ: (مَنْ قَرَأَ آيَةَ الْكُرْسِيِّ فِي دُبُرِ كُلِّ صَلَاةٍ مَكْتُوبَةٍ لَمْ يَمْنَعْهُ مِنْ دُخُولِ الْجَنَّةِ إِلَّا أَنْ يَمُوتَ) واتە: (هەر کەسێ لەدوای هەموو نوێژێکەوه (ئایەتی کورسی) بخوێنێ، ئەوه هیچ شتێك نابێتە ڕێگر لە چوونی بۆ بەهەشت، تەنها مردن نەبێت).**

[١٩٠]- **(من قرأ قُلْ هُوَ اللهُ أَحَدٌ فكأنما قرأ ثُلُثَ القرآنِ) "صحيح الجامع برقم/ ٦٤٧٣" هەر کەسێك سوورەتی ئیخلاس بخوێنێ وەکو ئەوە وایە سێ یەکی قورئان ، واتە: (بیست و دوو جوزئو نیوی قورئان)ی خوێندبێت.**

**لەفەرموودەیەکی دیکەد: خودای پەروەردگار خانوویەکی بۆ له بەهەشت دروست دەکات:(من قرأ قُلْ هُوَ اللهُ أَحَدٌ عشرَ مراتٍ بنى اللهُ له بيتًا في الجنَّةِ).صحيح الجامع برقم/ ٦٤٧٢**

[١٩١]- **عەبدوللای کوڕی خوبەیب (خوا لێی ڕازیبێ) دەگێڕێتەوە، دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ)پێی فەرمووە: (قُلْ هو اللَّهُ أحَدٌ و المعوذتينِ حين تُمسي، و حين تُصبحُ ، ثلاثَ مراتٍ تكفيك من كلِّ شيءٍ) (صحيح الجامع برقم/ ٤٤٠٦) کاتێ ئێوارەت بەسەر داهات و کاتێ بەیانیت بەسەر داهات، سێ جار: ﴿ قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ﴾﴿ قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلۡفَلَقِ ﴾﴿ قُلۡ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ﴾ بخوێنه، بەستەو له هەموو شتێك دەتپارێزێ.**

✍ اللّهُـمَّ بِكَ أَصْبَحْنا وَبِكَ أَمْسَـينا ، وَبِكَ نَحْـيا وَبِكَ نَمُـوتُ وَإِلَـيْكَ النُّـشُور[193] **(يەك جار بيخوێنە).**

✍ اللّهـمَّ أَنْتَ رَبِّـى لا إلهَ إلاّ أَنْتَ ، خَلَقْتَنـى وَأَنا عَبْـدُك، وَأَنا عَلـى عَهْـدِكَ وَوَعْـدِكَ مـا اسْتَـطَعْـت ،َعـوذُبِكَ مِنْ شَـرِّ ما صَنَـعْت، أَبـوءُ لَـكَ بِنِعْـمَتِـكَ عَلَـيَّ وَأَبـوءُ بِذَنْـبى فَاغْفـِرْ لى فَإِنَّـهُ لا يَغْـفِرُ الذُّنـوبَ إِلاّ أَنْتَ[194] **(يەك جار بيخوێنە).**

✍ اللّهُـمَّ إِنِّـى أَصْبَـحْتُ أُشْـهِدُك ، وَأُشْـهِدُ حَمَلَـةَ عَـرْشِـك ، وَمَلَائِكَتَكَ ، وَجَمـيعَ خَلْـقِك ، أَنَّـكَ أَنْـتَ اللهُ لا إلهَ إلاّ أَنْـتَ وَحْـدَكَ لا شَريكَ لَـك ، وَأَنَّ ُ مُحَمّـداً عَبْـدُكَ وَرَسـولُـك[195] **(چوار جار بيخوێنە).**

✍ اللّهُـمَّ ما أَصْبَـحَ بى مِـنْ نِعْـمَةٍ أَو بِأَحَـدٍ مِـنْ خَلْـقِك ، فَمِـنْكَ وَحْـدَكَ لا شريكَ لَـك ، فَلَـكَ الْحَمْـدُ وَلَـكَ الشُّكْـر[196] **(يەك جار بيخوێنە).**

✍ اللّهُـمَّ عافِـنى فى بَدَنــى ، اللّهُــمَّ عافِــنى فى سَمْــعى ، اللّهُــمَّ عافِــنى فى بَصَــرى ، لا إلـهَ إلاّ أَنْـتَ[197]. **(سێ جار بيخوێنە).**

---

[192] -واتە:(ئێمە بەيانيمان كردەوە، هەموو موڵك و ماڵ و دەسەڵاتێ هى خوايە، سوپاس و ستايش هەر بۆ خوايە، هيچ خوايەك نيە جگە لە (الله) كە تاك و تەنيايە، هيچ شەريك و هاوبەشێكى نييە، سوپاس و ستايش و تواناو دەسەڵات و

پادشايەتى بۆ ئەو خوايەى بەسەر هەموو شتەكانى ژيان و بوونەوەردا زاڵ و تواناداره، خوايە داواى خێرو چاكەى ئەو ڕۆژەو دواى ئەو ڕۆژەت لێ دەكەم، خۆم بە تۆ لە هەموو زەرەرو زيان و خراپەى ئەمڕۆو دواترى دەپارێزم، خوايە خۆم بەتۆ لە سستى و تەمبەڵى و پير بەدى و سزاو ئازارى ناو ئاگرو گۆڕ دەپارێزم). "رواه مسلم٤/٢٠٨٨"

[193]– رواه الألباني، في صحيح الترمذي، عن أبي هريرة، الصفحة أو الرقم: ٣٣٩١، صحيح.

[194]– واتە:(خوايە تۆ پەروەردگارى منى، هيچ پەرستراوێ نييە بە حەق جگە لە تۆ، تۆ بەديت هێناوم ، من بەندەى تۆم، من لەسەر پەيمان و بەڵێنەكەمم كە بەتۆم داوە، پەنات پێ دەگرم لە خراپەى ئەوەى لە گوناحدا ئەنجامم داوە ، داندەنێم بە نيعمەتەكانت لەسەرم، داندەنێم بە گوناحەكانم، سا خوايە لێم خۆش ببە، بە ڕاستى كەس لە گوناحان خۆش نابێ جگە لە تۆ". هەر كەسێك بەيەقينەوە ئەو زيكرە لەبەيانياندا بخوێنێ و بمرێت دەچێتە بەهەشت، هەروەها هەر كەسێك بەيەقينەوە لە ئێوارەدا بيخوێنێ و بمرێت، دەچێتە بەهەشت.

[195]-"رواه أبو داود برقم/ ٥٠٦٩ " هەر كەسێك بەيانى يا ئێوارە چوار جار ئەم زيكرە بخوێنێ، خواى پەروەردگار لە ئاگرى دۆزەخ ڕزگارى دەكات و دەيپارێزێ.

[196]-" رواه ابن حجر العسقلاني، في تخريج مشكاة المصابيح، عن عبدالله بن غنام البياضي، الصفحة أو الرقم: ٤٧٦/٢، حسن". هەر كەسێ بەيانيان ئەو زيكرە بێێ ئەوە شوكرى ئەو ڕۆژەى كردووە، هەروەها ئەگەر ئێوارە بيڵێ ئەوە شوكرى ئەو شەوەى كردووە.

[197]- رواه أَبو داود ٣٢٤/٤ و أحمد ٤٢/٥ والنسائي في عمل اليوم و الليلة برقم٢٢، و حسن اللامة ابن باز اسناده في تحفة الأخيار " واتە:(خوايە لاشەم چاك و ساغ و سەلامەت و تەندروست باش بكە، خوايە بيستن و گوێم چاك و باش و ساغ و سەلامەت بكە، خوايە چاو و بينينم چاك و سەلامەت بكە، خوايە جگە لە تۆ هيچ خوايەكى بەهەق و

اللّهُـمَّ إِنّـى أَعـوذُ بِكَ مِنَ الْكُـفر ، وَالفَـقْر ، وَأَعـوذُ بِكَ مِنْ عَذابِ القَـبْر ، لا إلهَ إلاّ أَنْـتَ.
(سێ جار بیخوێنه).

حَسْبِـىَ اللّهُ لا إلهَ إلاّ هُوَ عَلَـيهِ تَوَكَّـلتُ وَهُوَ رَبُّ العَرْشِ العَظـيم[١٩٨] (حەوت جار بیخوێنه).

اللّهُـمَّ إِنِّـى أسْـأَلُـكَ العَـفْوَ وَالعـافِـيةَ فى الدُّنْـيا وَالآخِـرَة ، اللّهُـمَّ إِنِّـى أسْـأَلُـكَ العَـفْوَ وَالعـافِـيةَ فى دينى وَدُنْـيايَ وَأَهْـلي وَمالـى ، اللّهُـمَّ اسْتُـرْ عـوْراتى وَآمِـنْ رَوْعاتـى ، اللّهُـمَّ احْفَظْـنى مِن بَـينِ يَدَىَّ وَمِن خَلْفـى وَعَن يَمـينى وَعَن شِمـالي ، وَمِن فَوْقـى ، وَأَعـوذُ بِعَظَمَـتِكَ أَن أُغْـتالَ مِن تَحْتـى[١٩٩]. (یەك جار بیخوێنه).

اللّهُـمَّ عالِـمَ الغَـيْبِ وَالشّـهادَةِ فاطِـرَ السّماواتِ وَالأرْضِ رَبَّ كـلِّ شَـىءٍ وَمَليـكَه ، أَشْهَـدُ أَنْ لا إِلـهَ إِلاّ أَنْت ، أَعـوذُ بِكَ مِن شَـرِّ نَفْسـى وَمِن شَـرِّ الشَّيْـطانِ وَشِرْكِهِ[٢٠٠] (یەك جار بیخوێنه).

بِسـمِ اللهِ الذى لا يَضُـرُّ مَعَ اسمِـهِ شَىءٌ فى الأرْضِ وَلا فى السّمـاءِ وَهـوَ السّمـيعُ العَلـيم[٢٠١] (سێ جار بیخوێنه).

رَضيـتُ بِاللهِ رَبَّـاً وَبِالإِسْلامِ ديـناً وَبِمُحَـمَّدٍ صلى الله عليه وسلم نَبِـيّاً[٢٠٢] (سێ جار بیخوێنه).

يَا حَيُّ يَا قَيُّومُ بِرَحْمَتِكَ أَسْتَغِيثُ أَصْلِحْ لِي شَأْنِي كُلَّهُ وَلاَ تَكِلْنِي إِلَى نَفْسِي طَـرْفَةَ عَيْـ
(سێ جار بیخوێنه).

---

شایسته نییه، خوایه بەتۆ خۆم دەپارێزم له هەژاری و بێ باوەڕی و سزاو ئازاری ناو گۆڕ، خوایه جگه له تۆ هیچ خوایەکی تری بەهەق و شایستەی پەرستن نییه).

[١٩٨] - رواه أبوداود برقم/ ٥٠٨١ هەر کەسێ بەیانیان و ئێواران حەوت جار بیخوێنێ، ئەوه خوای گەوره لەو ڕۆژو شەوەدا خەمەکانی لەسەر لا دەبات و دڵی خۆش دەکات.

[١٩٩] -واته:(خوایه من له دونیاو دواڕۆژدا داوای خێرو چاکەو ساغ و سەلامەتی و لێبوردن و لێخۆشبوونت لێ دەکەم، خوایه لەبارەی دین و دونیاو سەروەت و سامان و خانەوادەکەمەوه داوای خێرو خۆشی و ساغی و سەلامەتیت لێ دەکەم، خوایه عەیب و عارم دابپۆشه، خوایه له ترس و تۆقین بمپارێزه، خوایه لەوەم بپارێزه که لەنێوان دەستەکانمدایەو دیاره، لەوەی که له دواوەمەو نادیاره، لەوەی که له دەسته ڕاست و له پێشمەوەیه، لەوەی که له چەپ و دوامەوەیه، لەوەی که له سەروومەو بەسەرمدا زاڵه، خوایه به گەورەیی و دەسەڵاتی تۆ خۆم لەوه دەپارێزم که له ژێرەوەو بەنهێنی ڕەشەکوژو تیرۆر بکرێم و فڕوفێڵ و ستەمم لەگەڵدا بکرێت))." رواه الألباني، في صحيح ابن ماجه، عن عبد الله بن عمر، الصفحة أو الرقم: ٣١٣٥، صحيح"..

[٢٠٠]- هەر کەسێك ئەو زیکره بخوێنی بەهەشتی بۆ پێویست دەبێ(وجبت له الجنة) صحيح أبي داود برقم/١٣٥٣

[٢٠١]-واته:(بەناوی ئەو خوایەی هەرچی له ئەرزو ئاسمانه لەگەڵ ناوی خوادا هیچ زەرەرو زیانێکی نابێ، ئەو خوایەی کەزۆر بیسەرو زانایه). هەر کەسێ بەیانی کردەوه یا ئێوارەی کردەوه سێ جار ئەمه بخوێنێ، هیچ شتێ زیانی پێ ناگەیەنێت. "أخرجه أَبو داود ٣٢٣/٤ والترمذي ٤٦٥/٥ وابن ماجة و أَحمد و حسناسناده العلامة ابن باز في تحفة الاخيار".

[٢٠٢]-واته:( ڕازیم خوا پەروەردگارمبێ، ئیسلام ئایینی ژیانمبێ، موحەممەد(ﷺ) پێشەوامبێ)). " رواه الألباني، في صحيح أبي داود، عن أبو سعيد الخدري، الصفحة أو الرقم: ١٥٢٩، صحيح". هەر کەسێ بەیانی کردەوه یا ئێوارەی کردەوه سێ جار بیخوێنێ، ئەوه خوای گەوره له ڕۆژی قیامەت ڕازی دەکات.

أَصْبَحْنا وَأَصْبَحْ المُـلكُ للهِ رَبِّ العـالَمـين ، اللّهُـمَّ إِنِّـى أسْأَلُـكَ خَـيْرَ هـذا الـيَوْم ، فَـتْحَهُ ، وَنَصْـرَهُ ، وَنـورَهُ وَبَـرَكَتَـهُ ، وَهُـداهُ ، وَأَعـوذُ بِـكَ مِـنْ شَـرِّ ما فـيهِ وَشَـرِّ ما بَعْـدَه[٢٠٣] (يەك جار بيخوێنه).

أَصْبَحْنا عَلَى فِطْرَةِ الإِسْلاَمِ، وَعَلَى كَلِمَةِ الإِخْلاَصِ، وَعَلَى دِينِ نَبِيِّنَا مُحَمَّدٍ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، وَعَلَى مِلَّةِ أَبِينَا إِبْرَاهِيمَ حَنِيفاً مُسْلِماً وَمَا كَانَ مِنَ المُشْرِكِينَ[٢٠٤] (يەك جار بيخوێنه).

سُبْحـانَ اللهِ وَبِحَمْـدِهِ عَدَدَ خَلْـقِه ،وَرِضـا نَفْسِـه، وَزِنَـةَ عَـرْشِـه، وَمِـدادَ كَلِمـاتِـه[٢٠٥] (سێ جار بيخوێنه).

أعـوذُ بِكَلِمـاتِ اللّهِ التّـامّـاتِ مِنْ شَـرِّ ما خَلَـق[٢٠٦] (سێ جار بيخوێنه).

اللَّهُمَّ صَلِّ وَسَلِّمْ وَبَارِكْ على نَبِيِّنَا مُحمَّد[٢٠٧] (يەك جار بيخوێنه).

اللَّهُمَّ إِنَّا نَعُوذُ بِكَ مِنْ أَنْ نُشْرِكَ بِكَ شَيْئًا نَعْلَمُهُ ، وَنَسْتَغْفِرُكَ لِمَا لَا نَعْلَمُهُ[٢٠٨] (سێ جار بيخوێنه).

اللَّهُمَّ إِنِّى أَعُوذُ بِكَ مِنْ الْهَمِّ وَالْحَزَنِ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ الْعَجْـزِ وَالْكَسَـلِ، وَأَعُـوذُ بِـكَ مِـنْ الْجُـبْنِ وَالْبُخْلِ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ غَلَبَةِ الدَّيْنِ، وَقَهْرِ الرِّجَالِ[٢٠٩] (سێ جار بيخوێنه).

أَسْتَغْفِرُ اللهَ العَظِيمَ الَّذِى لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ، الحَيُّ القَيُّومُ، وَأَتُوبُ إِلَيهِ[٢١٠] (سێ جار بيخوێنه).

يَا رَبِّ , لَكَ الْحَمْدُ كَمَا يَنْبَغِي لِجَلَالِ وَجْهِكَ , وَلِعَظِيمِ سُلْطَانِكَ. (سێ جار بيخوێنه).

اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ عِلْمًا نَافِعًا، وَرِزْقًا طَيِّبًا، وَعَمَلًا مُتَقَبَّلًا[٢١١] (يەك جار بيخوێنه).

---

[٢٠٣] –رواه أبوداود.

[٢٠٤] - رواه أحمد.

[٢٠٥] - رواه مسلم، في صحيح مسلم، عن جويرية بنت الحارث، الصفحة أو الرقم: ٢٧٢٦، صحيح.

[٢٠٦] -واته:(پەنا دەگرم بە وشە تەواوەكانى خوا، لەشەڕى هەموو دروستكراوەكانى بەتێكڕا). رواه أحمد بن حنبل، في مسند أحمد، عن أبو هريرة، الصفحة أو الرقم: ١٥/١٥، إسناده صحيح..

ئەگەر لە چۆڵەوانى بووى، ئەگەر چوويە نێو سەيارە، بەرەو دەرەوەى شارو هەر شوێنێ ڕۆيشتى، بۆ ئەوەى پارێزراوبى، ئەوە ئەم دوعايە بخوێنە كە پێغەمبەرى خوا (ﷺ) خوێندوويەتى، بەمەيش هيچ شتێ زيانت پێ ناگەيەنێ تا ئەو شوێنە بەجێ دێڵيت.

[٢٠٧] - رواه السيوطي، في الجامع الصغير، عن أبي الدرداء، الصفحة أو الرقم: ٨٧٩٢، حسن.

[٢٠٨] – رواه الألباني، في صحيح الترغيب، عن أبو موسى الأشعري، الصفحة أو الرقم: ٣٦، حسن لغيره.

[٢٠٩] – رواه الألباني، في صحيح الجامع، عن أنس بن مالك، الصفحة أو الرقم: ١٢٨٩، صحيح.

(اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الهَمِّ والحَزَنِ، والعَجْزِ والكَسَلِ، والبُخْلِ والجُبْنِ، وضَلَعِ الدَّيْنِ و غَلَبَةِ الرِّجَالِ ). ( البخاري ١٥٤/٧ ومسلم ٢٠٩٣/٤ ). واتە: (خوايە پەنات پێ دەگرم لە دڵ تەنگى و خەفەت، وە لە بێ دەسەلاّتى و بێ توانايى و تەمبەڵى، وە لە ڕژدى و ترسنۆكى، وە لە پشت چەمانەوە بەهۆى قەرزارييەوەو لەژێر كەوتنى پياوانى چاك و پاكى ئيسلام).

[٢١٠] –رواه الألباني، في صحيح الترمذي، عن زيد بن حارثة، الصفحة أو الرقم: ٣٥٧٧، صحيح.

[٢١١] – رواه الألباني، في صحيح ابن ماجه برقم/ ٧٦٢، صحيح.

✍ ✍اللَّهُمَّ أَنْتَ رَبِّي لا إِلَهَ إِلا أَنْتَ ، عَلَيْكَ تَوَكَّلْتُ ، وَأَنْتَ رَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ , مَا شَاءَ اللهُ كَانَ ، وَمَا لَمْ يَشَأْ لَمْ يَكُنْ ، وَلا حَوْلَ وَلا قُوَّةَ إِلا بِاللَّهِ الْعَلِيِّ الْعَظِيمِ , أَعْلَمُ أَنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ، وَأَنَّ اللهَ قَدْ أَحَاطَ بِكُلِّ شَيْءٍ عِلْمًا , اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ نَفْسِي ، وَمِنْ شَرِّ كُلِّ دَابَّةٍ أَنْتَ آخِذٌ بِنَاصِيَتِهَا ، إِنَّ رَبِّي عَلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ. (يەك جار بيخوێنە).

✍ ✍لَا إِلَه إِلّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٍ[٢١٢] (دە جار بيخوێنە).

✍ ✍أَسْتَغْفِرُ اللهَ وَأَتُوبُ إِلَيْهِ[٢١٣] (سێ جار بيخوێنە).

✍ ✍سُبْحَانَ اللهِ وَبِحَمْدِهِ[٢١٤] (سەت جار بيخوێنە).

---

[٢١٢]- رواه ابن حبان، في صحيح ابن حبان، عن أبي أيوب الأنصاري، الصفحة أو الرقم: ٢٠٢٣، طريقان محفوظان.
لە فەرموودەیەکی دیکەدا هاتووە: (هەر کەسێ لەرۆژێکدا سەد جار بیڵێت وەکو ئەوە وایە سەد بەندەی ئازاد کردبێ، سەد چاکەی بۆ دەنووسرێ و سەد گوناهو خراپەی لێ ڕەش دەکرێتەوەو لەسەری لا دەبرێ، بۆی لە شەیتان پارێزەر دەبێ هەتا ئێوارە دەکاتەوە)، رواه البخاري برقم/ ٣٢٩٣

[٢١٣]- ئەبو هورەیرە دەفەرموێ ، گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو (ﷺ)ا دەیفەرموو:( واللَّهِ إِنِّي لَأَسْتَغْفِرُ اللَّهَ وَأَتُوبُ إِلَيْهِ فِي الْيَوْمِ أَكْثَرَ مِنْ سَبْعِينَ مَرَّةً) رواه البخاري برقم/ ٦٣٠٧. واتە:(سوێند بەخوا من لە ڕۆژێکدا زیاتر لە حەفتا جار تۆبەو داوای لێخۆشبوون لەخوای گەورە دەکەم).

[٢١٤]- هەر کەسێك لەبەیانیان و ئێواراندا سەد جار بیڵێت، کەس نەهاتووە لەو کردەوەی باشتری کردبێت لەرۆژی دوایی، مەگەر کەسێك وەك ئەو یان زیاتری وتبێ (رواه الألباني، في صحيح الترمذي، عن أبي هريرة، الصفحة أو الرقم: ٣٤٦٩، صحيح).
هەروەها لە فەرموودەیەکی دیکەدا: (عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ مَنْ قَالَ سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ فِي يَوْمٍ مِائَةَ مَرَّةٍ حُطَّتْ خَطَايَاهُ وَإِنْ كَانَتْ مِثْلَ زَبَدِ الْبَحْرِ). واتە:(هەر کەسێ لە ڕۆژێکدا سەد جار بڵێ"سبحان الله و بحمده" تاوانەکانی دەسڕێتەوە ئەگەر وەکوکەفی دەریا بێت) رواه البخاري برقم/٥٩٢٧.
ئیبن مەسعود دەڵێت: (( هەر پێغەمبەرێ تووشی قەیرانێك هاتبێ، ڕاستەوخۆ پەنای بردۆتە بەر"سبحان الله" کردن)) زۆر جار هەندێ نزاو پاڕانەوە دەبیستی کە کەسانێك پێی پاڕاونەتەوە جا خوای گەورە یا بەهۆی جۆری کێشەو کەسەکە قبوڵی کردووە یاخود ڕێکەوتی یەکێك لەو کاتە بووە کەنزای تێدا قبوڵ دەبێ یا خوای گەورە لەبری چاکەیەك کە ئەو کەسە ئەنجامی داوە ئەو نزایەی قبوڵ کردووە ئیتر خەڵکی وادەزانێ نهێنی قبوڵبوونی ئەو نزایە لە وتەو وشەکانی دایە کە پێی پاڕاوەتەوە، ئیتر ئەو وتانە بەکار دەهێنن لە نزاکانیاندا.

# وێردی ئێواران (أذكار المساء)

أَعُوذُ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡحَيُّ ٱلۡقَيُّومُۚ لَا تَأۡخُذُهُۥ سِنَةٞ وَلَا نَوۡمٞۚ لَّهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۗ مَن ذَا ٱلَّذِي يَشۡفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذۡنِهِۦۚ يَعۡلَمُ مَا بَيۡنَ أَيۡدِيهِمۡ وَمَا خَلۡفَهُمۡۖ وَلَا يُحِيطُونَ بِشَيۡءٖ مِّنۡ عِلۡمِهِۦٓ إِلَّا بِمَا شَآءَۚ وَسِعَ كُرۡسِيُّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَۖ وَلَا يَـُٔودُهُۥ حِفۡظُهُمَاۚ وَهُوَ ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡعَظِيمُ ٢٥٥ ﴾ البقرة: ٢٥٥. **(یەك جار بیخوێنە).**

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ ءَامَنَ ٱلرَّسُولُ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيۡهِ مِن رَّبِّهِۦ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَۚ كُلٌّ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ لَا نُفَرِّقُ بَيۡنَ أَحَدٖ مِّن رُّسُلِهِۦۚ وَقَالُواْ سَمِعۡنَا وَأَطَعۡنَاۖ غُفۡرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيۡكَ ٱلۡمَصِيرُ ٢٨٥ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفۡسًا إِلَّا وُسۡعَهَاۚ لَهَا مَا كَسَبَتۡ وَعَلَيۡهَا مَا ٱكۡتَسَبَتۡۗ رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذۡنَآ إِن نَّسِينَآ أَوۡ أَخۡطَأۡنَاۚ رَبَّنَا وَلَا تَحۡمِلۡ عَلَيۡنَآ إِصۡرٗا كَمَا حَمَلۡتَهُۥ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِنَاۚ رَبَّنَا وَلَا تُحَمِّلۡنَا مَا لَا طَاقَةَ لَنَا بِهِۦۖ وَٱعۡفُ عَنَّا وَٱغۡفِرۡ لَنَا وَٱرۡحَمۡنَآۚ أَنتَ مَوۡلَىٰنَا فَٱنصُرۡنَا عَلَى ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡكَٰفِرِينَ ٢٨٦ ﴾[٢١٥] البقرة: ٢٨٥ – ٢٨٦ **(یەك جار بیخوێنە).**

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ١ ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ٢ لَمۡ يَلِدۡ وَلَمۡ يُولَدۡ ٣ وَلَمۡ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدُۢ ٤ ﴾ الإخلاص: ١ – ٤ **(سێ جار بیخوێنە).**

---

[٢١٥] – **پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ:( الآيَتَانِ مِنْ آخِرِ سُورَةِ البَقَرَةِ ، مَنْ قَرَأَهُمَا فِي لَيْلَةٍ كَفَتَاه )"رواه البخاري و مسلم". واتە:(هەر كەسێك لەشەوێكدا دوو ئایەتەكەی كۆتایی سورەتی –البقرة– بخوێنێ، بەسیەتی).**

**وشەی (كفتاه) وەكو ئیمامی نەوەوی دەڵێت: مانای ئەوەیە بەسیەتی و جێگای شەو نوێژی بۆ دەگرێتەوە، لە شەیتان دەیپارێزێ و وتراوە: لە دەردو بەڵاش دەیپارێزێ و ئەگەری هەمووی لێ دەكرێت.**

**لە فەرموودەیەكی دیكەدا: ( لەهەر ماڵێكدا دوو ئایەتی كۆتایی سورەتی –البقرة– بخوێندرێ، شەیتان هەتا سێ شەو ناچێتە ئەو ماڵە).**

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلْفَلَقِ ﴿١﴾ مِن شَرِّ مَا خَلَقَ ﴿٢﴾ وَمِن شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ ﴿٣﴾ وَمِن شَرِّ ٱلنَّفَّٰثَٰتِ فِى ٱلْعُقَدِ ﴿٤﴾ وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ ﴿٥﴾ ﴾ الفلق: ١ – ٥ **(سیَ جار بیخوێنه).**

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ﴿١﴾ مَلِكِ ٱلنَّاسِ ﴿٢﴾ إِلَٰهِ ٱلنَّاسِ ﴿٣﴾ مِن شَرِّ ٱلْوَسْوَاسِ ٱلْخَنَّاسِ ﴿٤﴾ ٱلَّذِى يُوَسْوِسُ فِى صُدُورِ ٱلنَّاسِ ﴿٥﴾ مِنَ ٱلْجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ ﴿٦﴾ ﴾ الناس: ١ – ٦

**(سیَ جار بیخوێنه).**

**✍أَمْسَيْنا وَأَمْسى المُلكُ للهِ وَالحَمدُ لله ، لا إلهَ إلاّ اللّهُ وَحدَهُ لا شَريكَ لهُ، لهُ المُلكُ ولهُ الحَمْد، وهُوَ على كلّ شَيءٍ قدير ، رَبِّ أسْأَلُكَ خَيرَ ما في هذهِ اللَّيْلَةِ وَخَيرَ ما بَعْدَها ، وَأَعوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ ما في هذهِ اللَّيْلةِ وَشَرِّ ما بَعْدَها ، رَبِّ أَعوذُبِكَ مِنَ الْكَسَلِ وَسوءِ الْكِبَر ، رَبِّ أَعوذُ بِكَ مِنْ عَذابٍ في النّارِ وَعَذابٍ في القَبْر[216]. (یەك جار بیخوێنه).**

**✍اللّهمَّ أَنْتَ رَبِّي لا إلهَ إلاّ أَنْتَ ، خَلَقْتَني وَأَنا عَبْدُك ، وَأَنا عَلى عَهْدِكَ وَوَعْدِكَ ما اسْتَطَعْت ، أَعوذُبِكَ مِنْ شَرِّ ما صَنَعْت ، أَبوءُ لَكَ بِنِعْمَتِكَ عَلَيَّ وَأَبوءُ بِذَنْبي فَاغْفِرْ لي فَإِنَّهُ لا يَغْفِرُ الذُّنوبَ إِلاّ أَنْتَ[217]. (یەك جار بیخوێنه).**

**✍رَضيتُ بِاللهِ رَبَّاً وَبِالإسْلامِ ديناً وَبِمُحَمَّدٍ صلى الله عليه وسلم نَبِيّاً. (یەك جار بیخوێنه).**

**✍اللّهُمَّ إِنِّي أَمسيتُ أُشْهِدُك ، وَأُشْهِدُ حَمَلَةَ عَرْشِك ، وَمَلائِكَتَكَ ، وَجَميعَ خَلْقِك ، أَنَّكَ أَنْتَ اللهُ لا إلهَ إلاّ أَنْتَ وَحْدَكَ لا شَريكَ لَك ، وَأَنَّ مُحَمّداً عَبْدُكَ وَرَسولُك. (چوار جار بیخوێنه).**

**✍اللّهُمَّ ما أَمسى بي مِنْ نِعْمَةٍ أَو بِأَحَدٍ مِنْ خَلْقِك ، فَمِنْكَ وَحْدَكَ لا شريكَ لَك ، فَلَكَ الْحَمْدُ وَلَكَ الشُّكْر[218]. (یەك جار بیخوێنه).**

**✍حَسْبِيَ اللّهُ لا إلهَ إلاّ هُوَ عَلَيهِ تَوَكَّلتُ وَهُوَ رَبُّ العَرْشِ العَظيم[219]. (حەوت جار بیخوێنه).**

**✍بِسمِ اللهِ الذي لا يَضُرُّ مَعَ اسمِهِ شَيءٌ في الأرْضِ وَلا في السّماءِ وَهوَ السّميعُ العَليم[220]. (سیَ جار بیخوێنه).**

**✍اللّهُمَّ بِكَ أَمْسَينا وَبِكَ أَصْبَحْنا، وَبِكَ نَحْيا وَبِكَ نَموتُ وَإِلَيْكَ الْمَصير[221]. (یەك جار بیخوێنه).**

---

[216] - رواه مسلم، في صحيح مسلم، عن عبدالله بن مسعود، الصفحة أو الرقم: ٢٧٢٣ ، صحيح.

[217] - رواه الألباني، في صحيح الترغيب، عن شداد بن أوس، الصفحة أو الرقم: ٦٥٠ ، صحيح.

[218] - رواه المنذري، في الترغيب والترهيب، عن عبدالله بن غنام البياضي، الصفحة أو الرقم: ٣٠٩/١، صحيح.

[219] –سورة التوبة، اية ١٢٩

[220] – رواه شعيب الأرناؤوط، في تخريج مشكل الآثار، عن عثمان بن عفان، الصفحة أو الرقم: ٣٠٧٦ ، حسن.

[221] – رواه البغوي، في شرح السنة، عن أبو هريرة، الصفحة أو الرقم: ١٢٠/٣، حسن.

أَمْسَيْنَا عَلَى فِطْرَةِ الإِسْلَامِ، وَعَلَى كَلِمَةِ الإِخْلَاصِ، وَعَلَى دِينِ نَبِيِّنَا مُحَمَّدٍ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، وَعَلَى مِلَّةِ أَبِينَا إِبْرَاهِيمَ حَنِيفاً مُسْلِماً وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ[222]. (يەك جار بيخوێنه).

سُبْحانَ اللهِ وَبِحَمْدِهِ عَدَدَ خَلْقِه، وَرِضا نَفْسِه، وَزِنَةَ عَرْشِه، وَمِدادَ كَلِماتِه[223].

(سىَ جار بيخوێنه).

اللّهُمَّ عافِني في بَدَني ، اللّهُمَّ عافِني في سَمْعي ، اللّهُمَّ عافِني في بَصَري ، لا إلهَ إلاّ أَنْتَ. اللّهُمَّ إِنّي أَعوذُ بِكَ مِنَ الْكُفر ، وَالفَقْر ، وَأَعوذُ بِكَ مِنْ عَذابِ القَبْر ، لا إلهَ إلاّ أَنْتَ[224].

(سىَ جار بيخوێنه).

اللّهُمَّ إِنّي أَسْأَلُكَ العَفْوَ وَالعافِيَةَ في الدُّنْيا وَالآخِرَة ، اللّهُمَّ إِنّي أَسْأَلُكَ العَفْوَ وَالعافِيَةَ في ديني وَدُنْيايَ وَأَهْلي وَمالي ، اللّهُمَّ اسْتُرْ عوْراتي وَآمِنْ رَوْعاتي ، اللّهُمَّ احْفَظْني مِن بَينِ يَدَيَّ وَمِن خَلْفي وَعَن يَميني وَعَن شِمالي ، وَمِن فَوْقي ، وَأَعوذُ بِعَظَمَتِكَ أَن أُغْتالَ مِن تَحْتي[225].

(يەك جار بيخوێنه).

يَا حَيُّ يَا قيُّومُ بِرَحْمَتِكَ أَسْتَغِيثُ أَصْلِحْ لِي شَأْني كُلَّهُ وَلاَ تَكِلْنِي إِلَى نَفْسِي طَرْفَةَ عَيْنٍ[226].

(سىَ جار بيخوێنه).

أَمْسَيْنا وَأَمْسَى الْمُلْكُ للهِ رَبِّ الْعَالَمَيْنِ، اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ خَيْرَ هَذِه اللَّيْلَةِ فَتْحَهَا ونَصْرَهَا، ونُورَهَا وبَرَكَتَهَا، وَهُدَاهَا، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ مَا فيها وَشَرَّ مَا بَعْدَهَا. (يەك جار بيخوێنه).

اللّهُمَّ عالِمَ الغَيْبِ وَالشّهادَةِ فاطِرَ السّماواتِ وَالأرْضِ رَبَّ كلِّ شَيءٍ وَمَليكَه ، أَشْهَدُ أَنْ لا إلهَ إلاّ أَنْت ، أَعوذُ بِكَ مِن شَرِّ نَفْسي وَمِن شَرِّ الشَّيْطانِ وَشِرْكِهِ[227]. (يەك جار بيخوێنه).

أَعوذُ بِكَلِماتِ اللّهِ التّامّاتِ مِنْ شَرِّ ما خَلَق[228]. (سىَ جار بيخوێنه).

اللّهُمَّ صَلِّ وَسَلِّمْ وَبارِكْ على نَبِيِّنَا مُحمَّد[229]. (ده جار بيخوێنه).

اللَّهُمَّ إِنَّا نَعُوذُ بِكَ مِنْ أَنْ نُشْرِكَ بِكَ شَيْئًا نَعْلَمُهُ ، وَنَسْتَغْفِرُكَ لِمَا لَا نَعْلَمُهُ[230].

(سىَ جار بيخوێنه).

---

[222] – رواه الهيثمي ، في مجمع الزوائد، عن عبدالرحمن بن أبزى، الصفحة أو الرقم: ١١٩/١٠.

[223] – رواه مسلم في صحيح مسلم برقم/ ٢٧٢٦

[224] – رواه ابن حجر العسقلاني، في الفتوحات الربانية، عن نفيع بن الحارث الثقفي أبو بكرة، الصفحة أو الرقم: ١١٦/٣، حسن.

[225] – رواه ابن ماجه برقم/ ٣١٣٥ ، صحيح.

[226] – رواه المنذري، في الترغيب والترهيب، عن أنس بن مالك، الصفحة أو الرقم: ٣١٣/١، صحيح.

[227] – رواه أحمد شاكر، في مسند أحمد، عن أبو هريرة، الصفحة أو الرقم: ٤٣/١، صحيح.

[228] – رواه ابن حبان برقم/ ١٠٢١، صحيح.

[229] - رواه ابن حبان برقم/ ١٩٥٧، صحيح.

[230] - رواه المنذري، في الترغيب والترهيب، عن أبو موسى الأشعري عبدالله بن قيس، الصفحة أو الرقم: ٥٩/١.

✍ ﮐاللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ الْهَمِّ وَالْحَزَنِ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ الْعَجْزِ وَالْكَسَلِ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ الْجُبْنِ وَالْبُخْلِ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ غَلَبَةِ الدَّيْنِ، وَقَهْرِ الرِّجَالِ. **(سێ جار بیخوێنه).**

✍ ﮐأَسْتَغْفِرُ اللهَ العَظِيمَ الَّذِى لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ، الحَىُّ القَيُّومُ، وَأَتُوبُ إِلَيهِ. **(سێ جار بیخوێنه).**

✍ ﮐيَا رَبِّ , لَكَ الْحَمْدُ كَمَا يَنْبَغِي لِجَلَالِ وَجْهِكَ , وَلِعَظِيمِ سُلْطَانِكَ. **(سێ جار بیخوێنه).**

✍ ﮐلَا إِلَه إِلّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٍ[٢٣١].

**(ده جار بیخوێنه).**

✍ ﮐاللَّهُمَّ أَنْتَ رَبِّي لا إِلَهَ إِلا أَنْتَ ، عَلَيْكَ تَوَكَّلْتُ ، وَأَنْتَ رَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ , مَا شَاءَ اللَّهُ كَانَ ، وَمَا لَمْ يَشَأْ لَمْ يَكُنْ ، وَلا حَوْلَ وَلا قُوَّةَ إِلا بِاللَّهِ الْعَلِيِّ الْعَظِيمِ , أَعْلَمُ أَنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ، وَأَنَّ اللَّهَ قَدْ أَحَاطَ بِكُلِّ شَيْءٍ عِلْمًا , اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ نَفْسِي ، وَمِنْ شَرِّ كُلِّ دَابَّةٍ أَنْتَ آخِذٌ بِنَاصِيَتِهَا ، إِنَّ رَبِّي عَلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ. **(یەك جار بیخوێنه).**

✍ ﮐسُبْحَانَ اللهِ وَبِحَمْدِهِ[٢٣٢]. **(سەت جار بیخوێنه).**

**خۆشەویستان:**

**لەزانایەکیان پرسی: کام ڕۆژ باشە بۆ چاکەکردن و ئەنجامدانی خواپەرستی؟**

**وتی: ڕۆژێك پێش مردن.**

**وتیان: کەس هەیە بەمردنی خۆی بزانێ؟.**

**وتی: بەڵێ، وابزانە هەر ڕۆژێ لە ژیانت، ئەو ڕۆژە دواڕۆژتە. ڕەنگە ئەمڕۆ بژی، سبەی بەچاوی خۆت نەبینی.**

**خۆشەویستان:**

**دابەزینی قورئانی پیرۆز شیفادەرو سۆزو میهرو بەزەییە بۆ سەرتۆپ و گرۆی مرۆڤایەتی، نەخاسمە کەسێ خۆی بە موسڵمان و بڕوادار بزانێ:** ﴿ وَنُنَزِّلُ مِنَ ٱلْقُرْءَانِ مَا هُوَ شِفَآءٌ وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ ﴾ الإسراء: ٨٢

**قورئان بەرنامەی ژیانە، ئارامی بەدڵ و دەروون دەبەخشێ:** ﴿ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكْرِ ٱللَّهِ ۗ أَلَا بِذِكْرِ ٱللَّهِ تَطْمَئِنُّ ٱلْقُلُوبُ ﴾ الرعد: ٢٨

**پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەبەیانکردنی ئەوانەی یادی خوا دەکەن و ئەوانەی یادی ناکەن، دەفەرموێ:** (مثل الذي يذكر ربه و الذي لا يذكر ربه مثل الحي و الميت)[٢٣٣]. **واتە:**(نموونەی ئەوەی یادی خوا دەکات و ئەوەی یادی خوا ناکات وەکو زیندوو و مردوو وایە).

---

[٢٣١] - **رواه ابن حبان، في صحيح ابن حبان، عن أبو أيوب الأنصاري، الصفحة أو الرقم: ٢٠٢٣.**

[٢٣٢] -**رواه الألباني، في صحيح الأدب المفرد، عن أبو ذر الغفاري، الصفحة أو الرقم: ٤٩٦ ، صحيح.**

چونكه خوا فەرمانمان پیٚ دەكات: ﴿ فَٱذۡكُرُونِيٓ أَذۡكُرۡكُمۡ ﴾[234].واتە: (یادم بكەن، یادتان دەكەم).
گرنگـی دوعـا لـەوەدا سەرچـاوەی گرتـووە ئەگـەر خـوای پـەروەردگار داواو داخوازیـەكانی مەردومی دواخست، ئەوە دەیەویٚ تاقی بكاتەوە بزانیٚ ئایا بیٚتاقەت و ماندوو دەبیٚ؟ هەر زوو سەنگەر چۆڵ دەكا؟ یان ئەوەتە پیٚداگیری لەسەر پیٚویستییەكانی دەكات و بەردەوام دەبیٚ؟!

خـوای پـەروەردگار بەنـدەكانی بـە تـرس و بیم و برسیٚتی، بەلەدەستدانی پارەو پوول و لیٚسەندنەوەی نەفسی كەسە خۆشەویستەكان و نـەدارو نەهامەتیە جۆراو جۆرەكان تاقی دەكاتەوە بۆ ئەوەی بزانیٚ ئایا لەسەر ئەو بەلاٚو ئافاتە ئارام دەگریٚ یان نا؟ چونكە هەر خۆی مژدە بەئارامگران دەدا كـە ئەگـەر هـەر ناخۆشییەك ڕووی تیٚكردن، گازەنـدە نـاگرن، گلـەیی ناكـەن و ناشـوكر نـین، بەیەقینـەوە دەڵـیٚن: ئیٚمـە بـۆ خـواین و هـەر بـۆ لای خـوا دەگەڕیٚینـەوە:﴿ وَلَنَبۡلُوَنَّكُم بِشَيۡءٖ مِّنَ ٱلۡخَوۡفِ وَٱلۡجُوعِ وَنَقۡصٖ مِّنَ ٱلۡأَمۡوَٰلِ وَٱلۡأَنفُسِ وَٱلثَّمَرَٰتِۗ وَبَشِّرِ ٱلصَّٰبِرِينَ ١٥٥ ٱلَّذِينَ إِذَآ أَصَٰبَتۡهُم مُّصِيبَةٞ قَالُوٓاْ إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّآ إِلَيۡهِ رَٰجِعُونَ ١٥٦ ﴾ البقرة: ١٥٥ – ١٥٦
ئەبوهورەیرە دەگیٚڕیٚتەوە، پیٚغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمویٚ: (ما يُصِيبُ الْمُسْلِمَ، مِن نَصَبٍ ولَا وصَبٍ، ولَا هَمّ ولَا حُزْنٍ ولَا أذًى ولَا غَمّ، حتَّى الشَّوْكَةِ يُشَاكُهَا، إلَّا كَفَّرَ اللَّهُ بهَا مِن خَطَايَاهُ)[235]. واتە:(هەر شتیٚ دووچاری باوەڕدار دەبیٚ لەهیلاكی و دڵتەنگی و ئازارو نەخۆشی و خەمیٚكیش كە دەیخوات، تەنانەت دڕكیٚك بەپیٚی دادەچیٚ، ئەوە خوای پەروەردگار تاوان و خراپەی پیٚ لەسەر دەسڕیٚتەوە).
خوای پـەروەردگار بە بەنـدەكانی دەڵیٚت: ئـەی مـرۆڤ تـۆ دروستكراوی منـی، خـۆت بناسـە، لەسنووری خـۆت دەرمەچوو، ڕەخنـە لـە گیرانـەبوونی دوعاكانـت مەكـە، چـونكە تـۆ نـازانی حیكمەت لەدواكەوتنی دوعا چیە؟!
كاتیٚك ئیٚمە لەگەڵ خـودا دەكەوینـە گفتوگۆ، جوانییەكانی ئـەم حیـوارە لـەوەدا دەبینین كـە خودا چیرۆكی هەموو ژیانمان دەزانیٚ، زانایـە، دانایە، هەرچییەك داوا بكەین بۆمانی جیٚ بەجیٚ دەكات، كەواتە هەرگیز لەدوعاكردن سارد مەبنـەوە، دوعاكردن هیواو ئومیٚدە، چەكی بـەرگری یە بۆ پاریٚزگاریكردن لەخۆو مژدەی دڵخۆشی و ڕەوینـەوەی دڵتـەنگی یە. چونكە

[233] – رواه البخاری برقم (٦٤٠٧)، كتاب الدعوات، باب: فضل ذكر الله عزوجل.
[234] – البقرة: ١٥٢
[235] – رواه البخاري برقم/ ٥٦٤٢ ومسلم برقم/ ٢٥٧٣.

ئەگەر خوای گەورە نەیویستایە وەڵامی دوعاكانمان بداتەوە، ئەوە بەهیچ شێوەیەك ڕێنوێنی و ئامۆژگاری نەدەكردین لێی بپاڕێینەوە.

ئیمامی شافعی دەڵێت: (هیچ شتێك دووجار لەكەسێك داوا مەكە ئیللا لەخوا نەبێ).

ئێمە كە بیر لە ناسۆری و ژان و ئازارەكانمان دەكەینەوە، دەبینین خراپترین ئەو شتەی بەسەرمان دادێ، هەمووی بەهۆی خەڵكەوە بووە، كەچی هێشتا لەخەڵك نزیك دەبینەوەو لەپەروەردگار دوور دەكەوینەوە.

ئەگەر لەژیاندا ڕەشبین و بێ هیوا بووی، بەئومێدەوە دەست بەرز بكەوە، بەدوعاكردن لە دەرگاكانی ئاسمان بدە، چونكە هەر نزایە دڵ و دەروون ئاوەدان دەكاتەوە، بارانی بەختەوەری بەسەر دەبارێنێ تاوەكو حەوسەڵەو بێزاری لە فەرهەنگی بیركردنەوەی بسڕێتەوە.

پیاو چاكێك دەڵێت: زۆر بیر مەكەوە بۆ ئەوەی خوا دەرگای خۆیت لێ بكاتەوە، بەڵكو زۆر (استغفار) بكە، چونكە دەرگاكانی خودا بە (استغفار) زیاتر دەكرێنەوە.

خودای پەروەردگار دەزانێ چ شتێك شایستەو باشترینە تا لە باشترین كات پێمانی ببەخشێ!! ئەو كاتژمێرەی ئێمە بەكاری دێنین لەگەڵ كاتەكانی خودا جیاوازە، لەوانەیە ئەو شتەی ئێستا ئێمە دەمانەوێ، هێشتا لای خودا كاتی نەهاتبێ. بۆیە ئەگەر داوای شتێكت كردو ئەو شتە نەبوو، ئەوە شتێكی لەوە باشتری بۆ داناوی، بۆیە بڕای بڕ ڕق و كینە لەشتێك مەگرە كە خودا بۆی هەڵبژاردووی، هەرگیز خودا شتێكت بۆ دیاری ناكات كە خێرێكی باش و گەورەی بۆت نەبێ، بەڵام ئەوە تۆی بەوە نازانی و ئاگات لێی نییە.

كەواتە دڵتەنگ مەبە، بێ هیوا مەبە بۆ ئەوەی لەدەستت چووە، پێشوازی لەوە بكە كە دێتە ڕێت، بەخششەكانی خودا ڕەحمەتەو لێسەندنەوەی حیكمەتە، چونكە میهرەبانی خوا زۆر لەوە گەورەترە كە مرۆڤەكان بەنەهاتنەدی ئارەزوویەكی بچوك، ئەوها نائومێدبن.

پیاوچاكێك دەفەرموێ:(كاتێك داوای شتێ لەخوای گەورە دەكەم ئەگەر پێی بەخشیم جارێك خۆشحاڵ دەبم، بەڵام ئەگەر پێی نەبەخشیم دە جار خۆشحاڵ دەبم چونكە ئەوەی دەیبەخشێ هەڵبژاردەی خۆمە، بەڵام ئەوەی نایبەخشێ هەڵبژاردەی خوای گەورە خۆیەتی).

شەو و ڕۆژ لێبڕاوانە لەخوا بپاڕێوە، دوعا بكە، دڵنیابە هەر وەڵام دەدرێیتەوە، وەلێ گومانت لە قبوڵبوونی دوعاكانت نەبێ، ئەگەر گومانت هەبوو ئەوە چاوەڕێی گیرابوونی مەكە، بیرت نەچێ خودا دوعای ئیبلیسی قبوڵكرد كاتێ داوای مانەوەی خۆی تا ڕۆژی دوایی لەسەر زەوی كرد، ئیدی چۆن دوعای تۆ قبوڵ ناكات؟!خوایە داهاتوویەكمان پێ ببەخشە جوانتربێ

**لەوەی ئێمە تەمەننای دەکەین.**

**هەر کاتێك خوای گەورە وای لێکردی دەم بەزیکر و بەردەوام زمانت بەدوعا بگێڕی، ئەوە بزانە دەیەوێ ئەو شتەت پێ ببەخشێ کە داوای دەکەی، هەرچەندە داواکاری و شتەکان گەورە بن. بۆیە بەردەوام لەدوای هەموو نوێژە سوونەت و فەرزەکان داوای بەهەشتی (فیردەوسی ئەعلا) بکە، چونکە خودا دەیەوێ بتخاتە بەهەشتەکەی خۆی، وەئەگینا تۆی لەم دوعایە بەدوور دەگرت و ئەم دوعایانەت نەدەکرد[٢٣٦] بۆیە هەرچیەکت ویست، حەزت لە چی بوو، تەنها لەخوای داوا بکە، گەنجینەو خەزێنەی خوا ئەوەندە پڕو بێشومارو لەبن نەهاتووە، بەهیچ شتێ کەم ناکات و کۆتایی نایەت.**

**پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ:(خوای بالآ دەست بە شەو دەست ڕادەخات بۆ ئەوەی گوناهبارانی ڕۆژ تەوبە بکەن، بە ڕۆژیش دەستی ڕادەخات بۆ ئەوەی گوناهبارانی شەو تەوبە بکەن هەتا خۆر لە خۆرئاواوە هەڵدێت"تا ڕۆژی قیامەت").**

**ئیمامی عومەر (ڕەزای خوای لێبێ) دەیفەرموو:**(اني لا أحمل هم الاجابة ولكن أحمل همّ الدعاء فاذا ألهمت الدعاء فان الاجابة معه). **واتە:**(من خەمی وەڵآم نەدانەوەی دوعام نیە، ئەگەر دوعاکە ئاسوودەی خستە دڵم، ئەوا وەڵآمەکە لەگەڵیەتی).

**مرۆڤ بەسروشتی خۆی کە لە کەسێك بترسێ، خۆی لێ لا دەدات ، یان لێی هەڵدێ و ڕادەکات، بەڵآم کاتێ لەخوا دەترسێ، لێی نزیك دەبێتەوە. زۆر دەرگای گەورە هەن بەکلیلی بچووك دەکرێنەوە، وەلێ زۆر خەمی قورس و گران هەیە تەنها بەدوعایەکی کورت و پوخت نامێنێ.**

**(أبوذري غفاري) (ڕەزای خوای لێبێ) دەفەرموێ: (خواردن چەند پێویستی بەخوێ یە، ئەوەندەش نزا پێویستی بەچاکەیە).**

---

**[٢٣٦]-دەگێڕنەوە پیاوێکی بەساڵآچوو هەموو ڕۆژێ لە گەڕەکەیاندا منداڵێکی دەبینی ئەوە بەپێخواسی یاری دەکات، ڕۆژێکیان دەچێتە بازاڕو جووتێ پێڵآوی جوانی بۆ دەکڕێ، بەمناڵەکە دەڵێ: ها ڕۆڵە گیان من ئەمەم بۆ تۆ هێناوە. مناڵەکە بەچاوی پڕ فرمێسکەوە پێڵآوەکانی لەپێ کردو ڕووی لەپیاوەکە کرد وتی: تۆ خودای؟ پیاوە بەساڵآچوەکە لێوی خۆی گەست و وتی: نا، نەخێر من خودا نیم.**

**مناڵەکە وتی: دیارە دۆستی خوای، چونکە من دوێنێ شەو تەنها بەخودام وت کە پێڵآوم نییە.**

**ئیمامی عومەر (ڕەزای خوای لێبێ) دەفەرموێ: (تەقوا ئەوە نیە زۆر شەونوێژو ڕۆژوو بگری، بەڵکو خۆپاراستنە لە تاوان ئەگەرچی تاوانەکە بچوکیش بێت).**

زیکرو وێردەکان لە ئیسلامدا هێندە زۆرن، هیچ هەڵس و کەوتێکی بابای ئیماندار نییە مەگەر زیکرێکی بۆ داندراوەو وابەستەیەتی، وەلێ وەك کورد وتەنیٚ: "مشتێك نموونەی خەروارێکە" بۆیە لێرەدا وێڕای جەخت کردنەوە لەزیکرەکانی پێشەوە، ئاماژە بەچەند سەرە قەڵەمیٚ لەو زیکرو نزایانە دەکەین کە دەکریٚ خۆمانی پیٚ ڕەنگرێژو جوان و بۆنخۆش بکەین.
ڕۆژێکیان پیاوێك هاتە خزمەت ئیمامی عەلی (ڕەزای خوای لێبیٚ) پێی فەرموو: یا ئیمام دەبینم ڕزقم سوارە، ڕزقم نیە.
وتی:لەوانەیە لەڕۆیشتن پێش پیاوێکی بەتەمەن کەوتبی؟
وتی: نەخێر.
وتی: ئەی دوای نوێژی بەیانی دەخەویتەوە؟
وتی: نەخێر.
وتی: خۆ وازت لەدوعاکردن بۆ دایك و باوکت نەهێناوە؟
وتی: بەڕێوەلاٚ وازم هێناوە لەدوعاکردن بۆیان.
ئەویش وتی: من لەپێغەمبەری خوام بیستووە کە دوعانەکردن بۆ دایك و باوك ڕزق دەبڕیٚ، کەواتە دایك و باوکت لەیاد مەکەو پێنج فەڕزە دوعایان بۆ بکە.
کاتێك پێغەمبەر یەعقوب (علیە السلام) بەدیداری یوسفی نازدار شاد بۆوە، یەکتریان لەباوەش گرت و دەستیان بە گریان کرد.
یوسف بەپەرۆشەوە ڕووی کردە باوکی، پێی وت: بابە گیان چما ئەوەندە بۆ من گریاوی هەتا چاوەکانت لەدەست دا، ئەی نەتدەزانی لە قیامەت دەگەیشتینە یەك و بەیەکتر شاد دەبووینەوە؟
ئەویش لەوەلاٚمدا پێی وت: بەڵیٚ دەمزانی، بەلاٚم زۆر ترسام ئایینەکەت لەدەست دابیٚ، ئەو کاتە گەیشتنەوەم پێت مەحاڵ دەبوو.
بابای موسڵمان پێویستە هەموو کاتێك دەروون و زوبانی بەیادی خواو پاڕانەوە بگەڕیٚ و هەست و نەستی تێراوکا، لە خۆشی و ناخۆشی، لەساتە وەختی نووستن و هەڵسانەوەی، لەکاتی دانیشتن و ڕۆیشتنی جا لەناو خەڵکبیٚ یان بەتەنیا، چونکە هەر خوا جێی ئومێدو ڕووناکی ڕێی تاریکی یە، هەر خوا مایەی ئاسوودەیی دڵ و حەسانەوەی بیرو لاشەیە، هەر خوا لابەری دەردو نەخۆشی و ناخۆشی یە، بۆیە هەر بڕیارێك ئەو بیدات، خاوەن دەسەلاٚتی ڕەهایە، لەهەموو کەس بۆمان لەپێش ترەو وەلاٚمی دوعاکانمان دەداتەوە، وەکو خوای پەروەردگار لە سوورەتی (البقرة) ئایەتی ١٨٦ دەفەرمویٚ:﴿ وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي

قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ ٱلدَّاعِ إِذَا دَعَانِ ﴾.**واته**:(ئەی محەمەد ئەگەر بەندەكانم پرسیارت لێ بكەن دەربارەی من، ئەوە من نزیكم لێیانەوە، بەهاناو هاوارو دوعاگۆیانەوە دەچم هەر كاتێ لێم بپاڕێنەوەو نزا بكەن).
**خوای پەروەردگار هەر ئان و ساتێ وای لێكردی بەردەوام زمانت بەدوعا بگەڕێ، ئەوە دەیەوێ ئەو شتەت پێ ببەخشێ كە داوای دەكەی، هەرچەندە ئەو داوایە گەورەو ئەو شتە گەورە بێت.**
**✍ئەگەر كارێكی قورس و گرانت هاتە پێش، ئەوە بڵێ:-**
✍ ( اللَّهُمَّ لَا سَهْلَ إلاَّ مَا جَعَلْتَهُ سَهْلاً ، وأنْتَ تَجْعَلُ الحَزْنَ إذَا شِئْتَ سَهْلاً )[٢٣٧].**واته**:(**خوایە هیچ كارێكی ئاسان نییە مەگەر ئەوەی تۆ سووك و ئاسانی دەكەیت و هەموو خەم و پەژارەو شتێكی قورس لەسەر ئینسان لا دەدەیت و ئاسانی دەكەی**).
**✍ئەگەر خەم و پەژارەو خەفەت و تەمبەڵی و هەر ناڕەحەتیەكت تووش بوو، ئەم فەرموودەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بخوێنە:-**
✍**لە (مسند) دا هاتووە، لە فەرموودەی (عەبدوڵای كوڕی مەسعود(ﷺ)كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی**: ( ما أَصابَ اَحَداً همَّ وَ لا حَزَنٌ فقالَ: **اللَّهُمَّ اِنِّي عَبدُكَ، وابنُ عَبدِكَ، وَابنُ أَمَتِكَ، ناصِيَتي بِيَدِكَ، ماضٍ فِيَّ حُكمُكَ، عَدلٌ فِيَّ قَضاؤكَ، أَسألُكَ بِكُلِّ اسمٍ هُوَ لَكَ، سَمَّيتَ بِهِ نَفسَكَ، أَو عَلَّمتَهُ أَحَداً مِن خَلقِكَ، أَو أَنزَلتَهُ في كِتابِكَ، أَو استَأثَرتَ بِهِ في عِلمِ الغَيبِ عِندَكَ، أَن تَجعَلَ القُرآنَ رَبيعَ قَلبِي وَ نُورَ صَدري وَجَلاءَ حُزني و ذَهابَ هَمِّي.** الاَّ أَذهَبَ الله هَمَّهُ وَ حُزنَهُ وَأَبدَلَهُ مَكانَهُ فَرَحاً) قالَ: فَقيلَ: يا رَسولَاللهِ أَلاَ نَتَعَلَّمُها ؟ فَقالَ: بَلَى يَنبَغي لِمَن سَمِعَها أَن يَتَعَلَّمَها)[٢٣٨]. **واته**:(**هەر كەسێ تووشی ناخۆشی و خەفەتێك هات**، **بڵێت**: **خوایە گیان من بەندەی تۆم، كوڕی بەندەی تۆو كوڕی دایكێكم كە بەندەی تۆیە، چارەنووسی من بەدەستی میهرەبانی تۆیە، بڕیاری تۆ بەسەر مندا بەجێیە، دادپەروەری تۆ لە بڕیارەكانتمدا كەبەسەر مندا جێ بەجێ و ڕەوایە، خوایە گیان لێت دەپاڕێمەوەو نزا دەكەم بەهەر هەموو ناوە جوانەكانت كە لە خۆت ناوە، یاخود فێری یەكێك لە دروستكراوەكانت كردووە، یان لە قورئانی پیرۆزدا ناوت بردووە، یاخود لە میهرەبانی خۆت پەنهانت كردووە. كە قورئانی مەزن و پێز بكەیتە بەهاری دڵم و ڕووناكی سینگ و دەروونم، وە ڕەوینەوەی خەمەكانم**". **ئەوا خوای گەورە غەم و پەژارەكەی لەسەر لا دەبات و لە ناخۆشی و خەمەكەی رزگاری دەكات و لەجێی ئەودا دەیگۆڕێتەوە بە خۆشی و شادی و**

---

[٢٣٧] – **رواه حبان في صحيحه.**

[٢٣٨] – **مسند الامام أحمد رقم: (٣٧٨٤) و سلسلة الاَحاديث الصحيحة رقم: (١٩٩).**

**دڵفراوانـــی پــێ دەبەخشــێت. وتیــان: ئــەی پێغەمبــەری خــوا(ﷺ) ئایــا فێــری نــەبین؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بەڵێ پێویستە هەر کەسێك بیستی، فێری ببێ و لەبەری بکات)**[239].

✍**ئەگەر منداڵت نەبوو، حەزت لە منداڵ بوو، هەرچەندە هیچ دوعایەکی ئەوتۆی پێغەمبەری خوا** (ﷺ) **لەبەردەست نیە بۆ منالّ بوون هانمان بدات، بەڵام وەك زانایان دەڵێن: دروستە هەر دوعایەك بەوەی خۆت پێت خۆشە بیکەیت، لەم ڕوانگەوە ئەگەر چاو بدەینە وتەو گوتەی پێغەمبەران و پێشینان، چاکترین دوعا دوعاکەی زەکەریایە:**﴿ رَبِّ هَبۡ لِي مِن لَّدُنكَ ذُرِّيَّةٗ طَيِّبَةًۖ إِنَّكَ سَمِيعُ ٱلدُّعَآءِ ﴾ آل عمران: ٣٨ **واتە:**(پەروەردگارا: نەوەیەکی چاك و پاکم پــێ ببەخشــە، بەڕاسـتی تـۆ بیسەری دوعاو نزایت).

**زەکەریا داوای لەخوای پەروەردگار دەکرد بێکەس و تەنیای نەکات:**﴿ رَبِّ لَا تَذَرۡنِي فَرۡدٗا وَأَنتَ خَيۡرُ ٱلۡوَٰرِثِينَ ٨٩ ﴾ الأنبياء: ٨٩ **واتە:**(پەروەردگارا من بەتەنها مەهێڵەوە(نەوەیەکی چـاك و پـاکم پێ ببەخشە) تۆش چاکترین زاتێکی لەپاش من و هەموو مردوویەك دەمێنیتەوە)[240].

✍**ئەگەر کەسێك چاکەو پیاوەتی لەگەڵ کردی، دەرهەق بەو چاکەیە وەکو پێغەمبــەری خــوا** (ﷺ) **پێــی بڵێ:**

✎**"جزاك اللهُ خيراً" (خوا پاداشتی بەخێرت بداتـەوە).** عن أسامة بن زيد رضي الله عنهما قـال : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : ( مَنْ صُنِعَ إِلَيْهِ مَعْرُوفٌ فَقَالَ لِفَاعِلِهِ : جَزَاكَ اللَّـهُ خَيْـرًا . فَقَـدْ أَبْلَـغَ فِـي الثَّنَاءِ)[241].

**هـەروەها ئەگـەر کەسـێك چاکەو پیـاوەتی لەگـەڵ کردیـت و توانـای دارایـت بـاش بـوو، ئـەوە بەزیادەوە پاداشتی چاکەی بدەوە، هەرنا دوعای خێرو بەرەکەتی بۆ بکە:** عَـن ابـن عمـر(رضي الله عنه)

---

[239] **–ئەگەر دەتەوێ خەمەکانت نەمێنێ؟ دەتەوێ ناخۆشیەکانت لەسەر هەستێ؟ ئەم دوعایە بخوێنە :**

**عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنهما، أَنَّ رَسُولَ اللهِ (ﷺ)كَانَ يَقُولُ عِنْدَ الْكَرْبِ: (لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ الْعَظِيمُ الحلِيمُ، لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ رَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ، لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ رَبُّ السَّمَوَاتِ وَرَبُّ الْأَرْضِ وَرَبُّ الْعَرْشِ الْكَرِيمِ). رواه البخاري برقم/ ٥٩٩٦، مسلم برقم/ ٥٠١٦**

[240] **- زانایان دەڵێن: بۆ مرۆڤ دروستە داوای منداڵ بکات چ کوڕبێ یا کچ، بەڵام واباشە داوای منداڵی باش و ساڵح و ساغلەم بکات.**

**عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه عَنْ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: (قَالَ سُلَيْمَانُ بْنُ دَاوُدَ: لأَطُوفَنَّ اللَّيْلَةَ عَلَى سَبْعِينَ امْرَأَةً تَحْمِلُ كُلُّ امْرَأَةٍ فَارِسًا يُجَاهِدُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ) رواه البخاري برقم/ ٣٤٢٤ و مسلم برقم/ ١٦٥٤**

[241] **– رواه الترمذي برقم/ ١٩٥٨ والنسائي في "السنن الكبرى" (٥٣/٦) وصححه الألباني في صحيح الترمذي.**

قال: قالَ رسولُ اللّة (ﷺ) : مَنْ صَنَعَ إِلَيْكُمْ مَعْرُوفًا فَكَافِئُوهُ ، فَإِنْ لَمْ تَجِدُوا مَا تُكَافِئُونَهُ فَادْعُوا لَهُ حَتَّى تَرَوْا أَنَّكُمْ قَدْ كَافَأْتُمُوهُ)[٢٤٢] .**واته:(هەر كەسێك چاكەو پیاوەتی لەگەڵ كردن، پاداشتی بدەنەوەو هەقی بۆ بكەنەوە. ئەگەر نەتانبوو چاكەی بدەنەوە،ئەوا دوعای باشی زۆری بۆ بكەن تا دڵنیابن كە هەقتان بۆی كردۆتەوە).**

**✍ئەگەر شتێكت بەسەر هات، ڕوو بەڕووی بەسەرهات و كارەساتێكی ناخۆش بوویەوەو پێت ناخۆش بوو، ئەوە ئەم دوعایە بكە:**

✎ (الحَمدُللّـهِ عَلَـى كُـلِّ حَـال)[٢٤٣] **واتە:(حەمدو سوپاس بۆ خوای گەورە لەسەر هەموو حاڵەتەكان)**[٢٤٤].

**✍ئەگەر كەسێك تاوانێكی ئەنجامدا، با بڵێ:**

✎ (مَا مِنْ عَبْدٍ يُذْنِبُ ذَنْباً فَيُحْسِنُ الطُّهُورَ، ثُمَّ يَقُومُ فَيُصَلِّي رَكْعَتَيْنِ، ثُمَّ يَسْتَغْفِرُ اللَّهَ إلاَّ غَفَرَ اللَّهُ لَهُ)[٢٤٥] **واتە:(هیچ بەندەیەك نییە ئەگەر گوناه و تاوانێ ئەنجام بدات، دەستنوێژێكی جوان و پاك بشوات و پاشان دووڕكات نوێژ بكات، پاشان لەسەر ئەو تاوان و گوناهە داوای لێخۆشبوون لەخودای گەورە بكات، ئیللا خودای گەورە لێی خۆش دەبێت).**

**✍ئەگەر بەهەر هۆكارێكەوە قەرزت لەسەر بوو، توانای دانەوەی قەرزەكەت نەبوو، هەوڵەكانت بخەرە گەڕو بەردەوام ئەو دوعایە بخوێنە:**

✎عَن عَليّ (رضي الله عنه) أنَّ مُكاتباً جاءهُ فَقالَ: انِّي عَجِزتُ عَن كِتابَتي فَأعِنِّي، قالَ: ألا أُعَلِّمُكَ كَلِماتٍ عَلّمَنيهِنَّ رسولُ اللّهِ (ﷺ) لَو كانَ عَلَيكَ مِثلُ جَبَلٍ دَيناً أَدّاهُ اللّه عَنكَ؟ قُل: (اللّهُمَّ اكفِني بِحَلالِكَ عَن حَرامِكَ، وَاغنِني بِفَضلِكَ عَمَّن سِواكَ)."[٢٤٦] **واتە:(بەندەیەكی نامە پێدراو هاتە خزمەت ئیمامی عەلی و عەرزی كرد: توانام نییە پارەی ئازادكردنەكەم بدەم، یارمەتیم بدە، ئیمامی عەلی پێی فەرموو: ئایا چەند وشەیەكت فێر بكەم كە پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) فێری كردووم و پێی وتوم: ئەگەر ئەو چەند وشەیە بڵێیت و ئەم دوعایە بكەی ئەگەر هێندەی كێوێك قەرزت**

[٢٤٢] – رواه أبو داود برقم/ ١٦٧٢ وصححه الألباني في صحيح أبي داود.

[٢٤٣] – صحيح الجامع الصغير برقم/ ٤٦٤٠

[٢٤٤] – هەموو شتێك بە قەزاو قەدەری خوا ڕوو دەدات، پێویستە بە قەزاو قەدەری خوا ڕازیبین، چونكە لەوانەیە شتێ ڕوو بدات و پێمان ناخۆشبێ، كەچی بۆمان بەخێر دەگێڕێ.ئەوەتا ئەگەر مژدەیەكی خۆشیان بە پێغەمبەری خوا(ﷺ) بدایە، یەكسەر بە سوژدە سوپاسی خوای دەكرد.

[٢٤٥] – صحيح الجامع: ٥٧٣٨

[٢٤٦]- تیرمۆزی بە ژمارە – ٣٥٦٣– ڕیوایەتی كردووە و شێخی ئەلبانی دەفەرموێ: حەسەنە.

**لەسەر بێت، خوا بۆتی ئاسان دەکات و بۆتی دەداتەوە، بڵێ: (خوایە بە حەلاڵی خۆت چاوتێرم بکەو بێ نیازم بکە لە حەرامت تا مەجبووری نەبم و بە فەزڵی خۆت دەوڵەمەندو بێ نیازم بکە لە غەیری خۆت، بەچەشنێ کە چاوم لە دەستی کەس نەبێ و پێویستیم بە کەس نەبێ و جگە لەتۆ داوا لە کەس نەکەم).**

**✍ئەگەر قەرزت لە یەکێك وەرگرت و دوای ماوەیەك بۆت گەڕاندەوە، پێی بڵێ:**

**✎ (خودای گەورە فەڕو بەرەکەت بخاتە خێزان و ماڵ و سامانت، بە ڕاستی پاداشتی قەرزدان سوپاس و ستایش و قەرز گەڕاندنەوەیە وەکو خۆی).**

عن عبدالله بن أبي ربيعة قال: اسْتَقْرَضَ مِنِّي النبيُّ (ﷺ) أربعينَ ألفًا فَجاءهُ مالٌ فَدَفَعَهُ إِلَـيَّ وقـال : ( بَـارَكَ اللَّهُ لَكَ فِي أَهْلِكَ وَمَالِكَ، إِنَّـمَا جَزَاءُ السَّلَفِ الـحَمْدُ والأَدَاءُ )[٢٤٧].

**✍ئەگەر هاوڕێ و دۆست و برادەرو ناسیارێکت پرۆسەی هاوسەرگیری پێکهێنا، ویستت پیرۆزبایی لێ بکەی:**

✎عن أبوهريرة قال: أنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) كانَ إذا رفَّأَ الإنسانَ إذا تزوَّجَ ، قـالَ : (بَـارَكَ اللَّـهُ لَـكَ، وبَـارَكَ عَلَيْـكَ، وجَمَعَ بَيْنَكُمَا فِي خَيْرٍ)[٢٤٨] **واتە:(خودا لێت پیرۆز بکات و بەرەکەت بڕژێ بەسەرتداو لەسەر خێر کۆتان بکاتەوە).**

**✍ئەگەر یەکێك لە ئێوە ویستی بچێتە لای خێزانەکەی، ئەوە بابڵێ:**

**✎ (بەناوی خوا، خوایە بەدوورمان بگرە لە شەیتان و شەیتان دوور بخەرەوە لەوەی کە پێمان دەبەخشیت) ئینجا ئەگەر خوا دایتابێ لەو جووتبوونەدا منداڵیان ببێ، ئەوا هەرگیز شەیتان زەرەرو زیانی پێ ناگەیەنێ.**

عن عبدالله بن عباس قال: قال رسول الله: (لو أنَّ أحَدَكم إذا أراد أن يـأتيَ أهلَـهُ قـال: بِسمِ اللهِ، اللَّهـمَّ جنِّبْنـا الشَّيطانَ، وجنِّبِ الشَّيطانَ ما رزَقْتَنا، ثمَّ قُدِّرَ أن يكونَ بينهما ولَدٌ في ذلك لم يضُرَّهُ شيطانٌ أبدًا)[٢٤٩].

**✍ئەگەر لە بیرۆکەو خەیاڵی هاوبەشدانان بۆ خوای پەروەردگار ترسای، جا بۆ ئەوەی لە خەیاڵ و ختوورەی بچووك و گەورەی هاوبەشدانان بەدووربیت، ئەم نزایە بکە کە پێغەمبەری خوا کردوویەتی:**

✎ (اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ أَنْ أُشْرِكَ بِكَ وَأَنَا أَعْلَمُ، وَأَسْتَغْفِرُكَ لِمَا لاَ أَعْلَمُ)[٢٥٠] **واتە:(خودایە پەنات پێ دەگرم لەوەی کە هاوبەشت بۆ دابنێم و ئاگادارىم پێی – واتە بزانم شیرکە– وە داوای لێخۆشبوونت لێ دەکەم لەوەی کە نایزانم و ئاگادار نیم پێی) " واتە کە نایزانم شیرکە"**

**[٢٤٧] – رواه النسائي برقم/ ٤٦٨٣**

**[٢٤٨] – صحيح أبي داود، برقم/٢١٣٠**

**[٢٤٩] – رواه البخاري برقم/٦٣٨٨ و مسلم برقم/١٤٣٤**

**✍ئەگەر لە شوێنێکی بڵندو بەرزەوە دابەزی و هاتیە خوارەوە، جا لەسەر شاخێك بێ، گردێك، لەناو فڕۆکە، لەتەلەفریك، لەسەر خانوویەکی چەند نهۆمی و...هتد، ئەوە سێ تەکبیر لێ بدەو ئەم دوعایە بخوێنە:-**

✍عن عبد الله بن عمر (رضي الله عنه) قال: كان رسول الله (صلى الله عليه وسلم) إذا قفل من غزو أو حج أو عمرة يُكَبِّرُ عَلَى كُلِّ شَرَفٍ ثَلاثَ تَكْبِيرَاتٍ، ثُمَّ يَقُولُ: لَا إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ، لَهُ الـمُلْكُ ولَـهُ الـحَمْدُ، وهُـوَ عَلَـى كُـلِّ شَـيءٍ قَدِيرٌ، آيبُونَ، تَائِبُونَ، عَابِدُونَ، لِرَبِّنَا حَامِدُونَ، صَدَقَ اللَّهُ وَعْدَهُ، وَنَصرَ عَبْدَهُ، وهَزَمَ الأَحْزَابَ وَحْدَه )).

**لەعەبدولای کوڕی عومەرەوە (رضي الله عنه) دەفەموێ:(پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ئەگەر لە غەزا یان حەج بگەڕایەتەوە لەسەر هەر بەرزایەك سێ تەکبیر (الله أکبر)ی دەکردو پاشان دەیفەرموو: "هیچ پەرستراوێك نییە جگە لە (الله) کە تاك وتەنیاو بێ شەریکە، موڵك و ستایش و دەسەڵات هەر بۆ ئەوەو بەسەر هەموو شتێکدا بەتوانایە، بە تەوبەو پەشیمانی و بەندایەتی و سوپاسگوزارییەوە بۆ خودا لە گەشتەکەمان گەڕاینەوە، خودای گەورە بەڵێنەکەی بەجێ هێناو بەندەکەی خۆی سەرخست، بەتەنیا هەموو کۆمەڵ و لایەنەکانی تێکشکاند". (کەواتە سوننەتە لە بەرزاییەك سێ تەکبیر لێ بدەین و ئەو دوعایە بخوێنین).**

**✍ئەگەر پەرێشان و خەمبارو دڵ تەنگی، کێشەو خەم و خەفەتێکی زۆرت هەیە و لێی دەرناچی، ئەوە نوێژی چێشتەنگاو ئەنجام بدە، چونکە خودای پەروەردگار لە فەرموودەیەکی قودسی دا کە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) بۆمان دەگێڕێتەوە، دەفەرموێ:**

✍( ابنَ آدمَ اركعْ لي أربعَ ركَعاتٍ من أولِ النهارِ أكْفِكَ آخِرَه)[251] **واتە:(ئەی نەوەی ئادەم چوار رکاتی چێشتەنگاوم بۆ بکە، من پێداویستییەکانی ئەو رۆژەت بۆ دابین دەکەم).(نوێژی چێشتەنگاو دوو رکات، دوو رکات دەکرێ).**

**✍ئەگەر نەخۆشیەکی قورس و گرانت هەیەو تووشی بەڵەکی بووی، تووشی لەبیرچوونەوە بووی، تووشی گەڕی بووی، ئەوە ئەم نزایە بکە کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) کردوویەتی، بڵێ:**

✍(اللَّهمَّ إنِّي أعوذُ بِكَ منَ البرصِ والجنونِ والجذامِ ومن سيِّئِ الأسقامِ)[252] **واتە:(خوایە پەنات پێ دەگرم لە بەڵەکی و شێتی و گەڕی وە لە خراپترینی دەردو نەخۆشییەکان).**

**✍ئەگەر ترست لەکەسێ یا کۆمەڵە کەسێ هەبوو، ئەم دوعایە بکە:**

✍ (اللَّهُمَّ إنَّا نجعلُكَ في نحورِهِمْ، ونعُوذُ بِكَ مِنْ شرُورِهم)[253].

---

[250] – صحيح الجامع برقم/ ٣٧٣١

[251] – سنن الترمذي برقم/ ٤٧٥

[252] – صحيح أبي داود برقم/١٥٥٤

✍**ئەگەر تاوان و گوناهێکت ئەنجام دا، بڕۆ دەستنوێژێکی جوان بگرەو دووڕکات نوێژی لێخۆشبوون لەخوای پەروەردگار بکە، وەك پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ:**
✍(ما مِن عبدٍ يذنبُ ذنبًا، فيُحسنُ الطُّهورَ، ثمَّ يقومُ فيُصلِّي رَكْعتينِ، ثمَّ يستغفِرُ اللَّهَ، إلَّا غفرَ اللَّهُ لَهُ)[254] **واتە:(هیچ بەندەیەك نییە كە گوناهێ دەكات، چاك دەستنوێژ هەڵگرێ پاشان و دووو ركات نوێژ بكات، پاشان داوای لێخۆشبوون لەخوا بكات، ئیللا خوای گەورە لێی خۆش دەبێ).**

✍**ئەگەر کەسێك مژدەو هەواڵێکی شادو خۆشی پێ دای، ئەوە بڵێ:**
✍(الحَمدُللَّهِ الَّذي بِنعمَتِـهِ تَـتِمُّ الصَّالِحات)[255]. **واتە:(حەمدو سوپاس بۆ خوای گەورە كە بەهۆی بەخششەكانی ئەوەوە كارە چاكەكان تەواو دەبن).**

✍**ئەگەر یەکێك سوپاس و ستایشی کردی.. بە چاکەو باشە باسی کردی، جا بەرەو ڕووبێ یان پاش ملە، ئەوە ئەم دوعایە بکەو بڵێ:**
✍( اللَّهُمَّ لا تُؤَاخِذْنِي بِمَا يَقُولُونَ، واغْفِر لِي مَا لَا يَعْلَمُونَ )[256] **واتە:(خودایە ئەوەی ئەوان دەیڵێن بەگوناه لەسەرم مەگرەو لە گوناهەكانم خۆشبە كە ئەوان نایزانن)(بۆیە بە چاكە باسم دەكەن).**

✍**ئەگەر دەتەوێ ڕزق و ڕۆزیت زیاد بکات و بەرکەتداربێ، ئەوە ئەم زیکرە بخوێنە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) خوێندوویەتی، بڵێ:**
✍(اللهم إني أسألُك من فضلِك و رحمتِك " فإنَّه لا يملُكها إلا أنت)[257].

✍**هەر کەسێك لە ڕۆژی هەینی سوورەتی (کەهف) بخوێنێ، بۆی دەبێتە ڕووناکی نێوان ئەو هەینیە بۆ هەینیەکەی تر.**(من قرأ سورةَ الكهفِ في يومِ الجمعةِ ، أضاء له من النورِ ما بين الجُمعتَينِ).
**"صحيح الجامع برقم/ ٦٤٧٠"**

---

[253] **–رواه ابوداود برقم/١٥٣٧**
[254]**– رواه أبي داود برقم/ ١٥٢١، صححه الالباني في صحيح الجامع برقم/ ٥٧٣٨**
[255]**– صحيح الجامع الصغير: ٤٦٤٠**
[256]**–( كان الرَّجلُ من أصحابِ النَّبيِّ صلَّى اللهُ عليْهِ وسلَّمَ إذا زكِّي قال : اللَّهمَّ لا تُؤاخِذني بما يقولونَ ، واغفرْ لي ما لا يَعلَمونَ) صحيح الأدب المفرد برقم/٥٨٥ إسناده صحيح**
[257]**– صحيح الجامع برقم/١٢٧٨**

✍ئەگەر بوومەلەرزە ڕووی دا:

✎هەر چەندە ئەو بیرو بۆچوونانەی زانستی سەردەم سەبارەت بە بوومەلەرز هەیەتی کە ئەوە پلێتی فارسیە، ئەوە پلێتی ئەوروپی و لەکوێوە بۆ کویٚ درێژ دەبێتەوەو بەهۆی داخزان و جوولەی ئەو پلێتانەوە دیاردەی بوومەلەرزە ڕوو دەدات. وەلیٚ بوومەلەرزە یەکێکە لە نیشانەکانی دەسەلاٚتی خوا کە بەو هۆیەوە بەندەکانی پیٚ تاقی دەکاتەوە جا بۆ بیرخستنەوەیانبیٚ یان ترساندن یان بۆ سزادانیان بێت.

زانایان بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ئەوە کۆکن هەر کاتێك بوومەلەرزە ڕوویدا ئەوە لاوازی و بێدەسەلاٚتی خۆیان بەرامبەر بەدەسەلاٚتی خوای پەروەردگار بیر بێتەوەو زەلیلی بنوێنن و بکەونە نزاو پاڕانەوەو سەدەقە[٢٥٨] بکەن و بگەڕێنەوە تا خوای پەروەردگار لەو بەلاٚو ئافاتانەیان بپارێزیٚ، هەرچەندە دوعایەکی تایبەت ودیاریکراو بەبوومەلەرزە نیە، بەلاٚم مرۆڤ ئازادە بەهەر دوعایەك بیزانیٚ، بەو دوعایە داوای لێخۆشبوون و ڕەحم و بەزەیی پیٚ بکات.

خەلیفەی موسلٚمانان (عومەری کوڕی عەبدولعەزیز)(ڕەحمەتی خوای لێبیٚ) نووسراوی بۆ ئەمیرەکان دەنارد کە لەکاتی بوومەلەرزەدا خێرو چاکە بکەن.

زانای پایەبەرز(ئیبن باز) (ڕەحمەتی خوای لێبیٚ) دەرفەرمویٚ: لەکاتی ڕوودانی بوومەلەرزو مانگگیران و خۆرگیران و لافاو و باوبۆرانی توندو سەختدا پێویستە موسلٚمانان تۆبەو پەشیمانی بنوێنن و داوای سەلامەتی و زۆر زیکرو ئیستیغفار بکەن وەك پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەرهەق بەخۆرگیران ومانگ گیران، دەیفەرموو: (فَإِذَا رَأَيتُم ذَلِكَ فَاذكُرُوا اللهَ). (هەر کاتێك بینیتان ئەم دوانە گیراون، یادی خوا بکەن).

لەساڵی٦٧٢کۆچی شارەکەی جەلالەددین"قونیە" تووشی بومەلەرزە بوو، ئەم تەقینەوەو لەرینەوەیە تا هەفتەیەکی درێژەی خایاند، لەم کاتەدا مەولانا نەخۆش و ڕەهەندەی جێگا

---

[٢٥٨]- بەپێی فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا(ﷺ) سەدەقە جۆری زۆرە:( اَلْكَلِمَةُ الطَّيِّبَةُ صَدَقَةٌ) "متفق عليه". ( كلُّ معروف صدقة، وإنَّ من المعروف أن تلقى أخاك بوجهٍ طَلْق) "رواه الترمذي برقم/ ١٩٧٠". (تَبَسُّمُكَ فِي وَجْهِ أَخِيكَ لَكَ صَدَقَةٌ) "رواه الترمذي برقم: ١٩٥٦". (أمِطِ الاذى عَنِ الطَّرِيقِ فانَّهُ لَكَ صَدَقَةٌ) "السلسلة الصحيحة برقم/ ١٥٥٨" کەواتە: قسەی خۆش سەدەقەیە، زۆر جار بەیەك قسە شەڕێکی گەورەو ئاگرێکی زل دەکوژێتەوە، لادانی ئازارو ئەزیەتی بەردەم ڕێگەی خەلٚکی سەدەقەیە، ئاسانکاری بۆ کاروباری موسلٚمانان سەدەقەیە، پیاو کە گلاسیٚ ئاو بەخێزانەکەی دەدات ئەوەش هەر سەدەقەیە، ڕزگارکردنی گیانی کەسێك لەمردن سەدەقەیە، دروستکردنی مزگەوت و بنکەیەکی خێرخوازی و...هتد هەموو ئەمانەو زیاتریش بە سەدەقە بۆ مرۆڤ هەژمار دەکریٚ.

**بوو، خەڵکیش لەم کاتە ناهەموارەدا زیارەتیان دەکردو داوای نزاو پاڕانەوەیان لێی دەکرد بۆ ئەم بارە ناهەموارەی تێیدان، ئەویش فەرمووی( زەوی برسیەتی و داوای پارووی‌ەکی چەور دەکات، بەم زوانەیش ئەم پارووە چەورە دەگلێت و لە پاشانا ئێوەیش ئەم بەلاٌیەتان لەسەر لا دەچیٌ).**

**یەکێك لە هاوڕێکانی کە ناوی سەدرەدین بوو هات بۆ خزمەتی و دوعای بۆ کردو داوای شیفایەکی زوو بەزووی بۆ کرد، مەولانا عوزری بۆ هێنایەوەو فەرمووی: شیفای خوای گەورەیش بۆ تۆ بێت، بەلاٌم ئاخۆ لابردنی پەردەی نێوان دوو خۆشەویست چ زیانێکی تێدا بێت؟!.**

**گیانی پاکی لەگەڵ خۆرئاوابووندا لەساڵی٦٧٥کۆچی بەرزبووەوە بۆ ئاسمان و بەدیداری خۆشەویستەکەی شادبوو کە هەمیشە گریەو زاری بوو بەدوایدا[٢٥٩] .**

**✍هەر کەسێ دوای تەواو بوونی هەر نوێژێك و پێش خەوتن ئەم زیکرە سێ جار بخوێنێ، خوای گەورە لە گۆڕدا نوری تایەتی پێ دەبەخشێ، نووری گەورەی خۆی بۆ سەر پردی سیڕات و پەڕینەوە پێ دەبەخشێ و لە پردی دووەم کە (قەنتەرە)یە لەوێش نووری تایەتی خۆی پێ دەبەخشێت.**

✎ اللَّهُ أَكْبَرُ كَبِيرًا عَدَدَ الشَّفْعِ ، وَالْوِتْرِ، وَكَلِمَاتِ اللَّهِ التَّامَّاتِ الطَّيِّبَاتِ الْمُبَارَكَاتِ [٢٦٠] .

---

[٢٥٩] - رۆژێکیان رۆمی بەلای دوو کەسدا تێپەڕی کە خەریکی شەڕە جنێو بوون، یەکێکیان بەوەکەی تری دەوت: ئەگەر تۆ یەك جنێو بە من بدەیت، من دە جنێوت پێ دەدەم. ئەویش لەم کاتەدا لە لایان وەستاو پێی وتن: تکایە بوەستن بۆ من، ئەگەر هەزار جنێوم پێ بدەن من یەك جنێوتان پێ نادەم، لەم کاتەدا هەردوو پیاوەکە ئاشت بوونەوە.

"سەبە سالا ر" کە چەندەها ساڵ هاوڕێیەتی کردووە دەڵێت، قەت بە بەرگی نووستنەوە نەم دیوە، وە هیچ کاتێ سەرین و نوێنی نووستنم لەلا نەدیوە، جا رۆژێك خەو زاڵ بوو‌بێت بەسەریا ئەوا بەدانیشتنەوە لێی دەخەوت" لە یەکێك لە بەیتە شیعرەکانیدا ئەوەی دەرخستووەو دەڵێت:"چۆن یەکێك خەو دەچێتە چاوی و ئەم دیو و ئەو دیو ناکات ئەگەر لەسەر دڕکەزێ بنوێت، جا ئەگەر کاتی نوێژ بهاتایە رووی دەکردە قیبلەو ڕەنگی تێك دەچوو، زۆریش لە نوێژەکەیا تێ ڕادەما، وە "سەبە سالار" دەڵێت( چەند جارێك بینیومە کە لەکاتی نوێژی عیشاوە نوێژی دابەستووە بە رادەیەك هەموو ئەو شەوەی بردۆتە سەر لە یەك رکاتدا، کتێبی(مەولانای رۆمی- ئازاد رەئوف- ١٩٨٥-چ / الحوادث- بەغدا ل٢٤).

**لەکۆتایی دا دەڵێین:**

**کات دەڵێ: بەدوام وەرە، هەموو شتێك لەبیر بکە.**

**سەروەت و سامانی دونیا دەڵێ: من بەدەست بێنەو واز لەهەموو شتێك بێنە.**

**بەڵام خودا دەڵێ: یادم بکە، هەموو شتت پێ دەدەم.**

**هیچ شتێك لە ژیان لەوە جوانتر نییە کەسێك لە دڵەوە دوعات بۆ بکات و تۆش ئاگات لێی نەبێت.**

**دوعای پەنهان بۆ موسڵمان بایەخ و گرنگی خۆی هەیە وەکو پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێ:** (ما مِن عَبْدٍ مُسْلِمٍ يَدْعُو لأَخِيهِ بظَهْرِ الغَيْبِ، إلَّا قالَ المَلَكُ: وَلَكَ بمِثْلٍ)[261]**.واتە:(هەرکەسێك لەپاشملە بەنهێنی دوعا بۆ براکەی بکات، فریشتەیەکی ڕاسپێردراو بەوەوە دەڵێ: خوایە قبوڵی بکە بۆ تۆش بەهەمان شێوە). (واتە: هەمان دوعا بۆ تۆ دەکات).**

**(موسڵمان کاتێ لەخوا دەپاڕێتەوەو پەنای بۆ دەبات و داوای هاوکاری لێ دەکات، دەبێتە کەسێکی ئەرێنی، چونکە دوعا و پاڕانەوە واتە نائومێد نەبوون لە ڕەحم و سۆزی خوا، پاڕانەوە واتە: ئاواتخواستن لەخوای پەروەردگار. ئەمەش وەکو کەسێك وایە کەوتبێتە ناو بیرێکەوەو خەڵکانێکیش لەسەرەوە لای ئەو بیرە تێبپەڕن، خۆ دەبێ داوای یارمەتیان لێبکات تا بێن و ڕزگاری بکەن، ئەگەر هاتوو داوای یارمەتیان لێ نەکات ئەوا بە کەسێکی ئەرێنی لەقەڵەم نادرێت. جا کاتێك ئێمە لەخوا دەپاڕێینەوە دەبینە کەسێکی ئەرێنی، چونکە داوای یارمەتیمان لە باشترین و بەدەسەلاتترین کەس کردوە. پێغەمبەرمان لەخوای گەورە دەپاڕایەوەو پەنای پێ دەگرت لەخەم و پەژارەو تەمبەڵی و تەوەزەڵی و ترسنۆکی و چاوبرسێتی و لەقەرزو قۆڵەو ستەم و زۆرداریی زۆرداران. گەر بەوردی سەرنجی ئەم شتانە بدەین ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە هۆکاری سەرەکی دروستبوونی خەم و پەژارەو نیگەرانیی مرۆڤن، سەرچاوەی نووشوستیەکانن، هەروەها فێری ئەوە دەبین کە پێغەمبەر لەخوا پاڕاوەتەوەو پەنای پێگرتووەو ئێمەش فێری پەناگرتن بە خوای گەورە دەکات. موسڵمان کاتێك کە لەخوای گەورە دەپاڕێتەوە، هەست بەخۆشی و ئاسوودەییەك دەکات لە دڵ و**

---

[260] – روى ابن أبي شيبة رحمه الله في "مصنفه" (٢٩٢٥٦) بسند صحيح عَنِ ابْنِ عُمَرَ، قَالَ: " مَنْ قَالَ دُبُرَ كُلِّ صَلَاةٍ ، وَإِذَا أَخَذَ مَضْجَعَهُ : اللَّهُ أَكْبَرُ كَبِيرًا عَدَدَ الشَّفْعِ ، وَالْوِتْرِ، وَكَلِمَاتِ اللَّهِ التَّامَّاتِ الطَّيِّبَاتِ الْمُبَارَكَاتِ ، ثَلَاثًا، وَلَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ مِثْلُ ذَلِكَ ، كُنَّ لَهُ فِي قَبْرِهِ نُورًا ، وَعَلَى الْجِسْرِ نُورًا، وَعَلَى الصِّرَاطِ نُورًا ، حَتَّى يُدْخِلْنَهُ الْجَنَّةَ ، أَوْ يَدْخُلَ الْجَنَّةَ.

[261] – رواه مسلم برقم/٢٧٣٢

**دەروونیداو، وا هەست دەکات کە لە رووبەرووبوونەوەی کێشەکاندا خۆی تەنها نییەو پشتیوانێکی گەورەی لەپشتە)[٢٦٢].**

**پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێ: (خوای گەورە هێندێ فریشتەی هەیە بەرێگەو بانەکاندا دەسوورێنەوە، بەدوای مەجلیس و کۆڕی زیکرخوێنان دەگەڕێن، ئەگەر خەڵکانێکیان دۆزییەوە زیکر و یادی خوا دەکەن، بانگی یەکتر دەکەن: -وەرن بۆ لای پێویستییەکەتان- ئەوەی بە دوای دەگڕێن.. ئەوانیش بەباڵەکانیان تاوەکو ئاسمانی دونیا دەوریان لێ دەگرن. خوای گەورە- لەکاتێکدا لەوان زاناترە بەحاڵیان- پرسیاریان لێ دەکات: ئایا بەندەکانم چیان دەوت؟**

**فریشتەکان دەڵێن: تۆیان پاك ڕادەگرت لە کەم و کوڕی و بە گەورەیان دادەنایت و سوپاس و ستایشی تۆیان دەکرد و تۆیان بەرز ڕادەگرت.**

**خوای گەورە دەفەرموێ: ئایا منیان بینیوە؟**

**فریشتەکان دەڵێن: نەخێر سوێند بەخوا ئەی پەروەردگار تۆیان نەبینیوە.**

**خوای گەورە دەفەرموێ: چی دەبوو ئەگەر منیان ببینیایە؟**

**فریشتەکان دەڵێن: ئەگەر تۆیان ببینیایە زیاتر تۆیان دەپەرست و تۆیان زیاتر بەرزو پاك ڕادەگرت لەکەم و کوڕی.**

**خوای گەورە دەفەرمووێ: ئایا داوای چیان دەکرد؟**

**فریشتەکان دەڵێن: داوای بەهەشتیان دەکرد.**

**خوای گەورە دەفەرموێ: ئایا بەهەشتیان بینیوە؟**

**فریشتەکان دەڵێن: نەخێر سوێند بەخوا ئەی پەروەردگار، بەهەشتیان نەبینیوە.**

**خوای گەورە دەفەرموێ: ئایا چۆن دەبوو ئەگەر بەهەشتیان ببینیایە؟**

**فریشتەکان دەڵێن: ئەگەر بەهەشتیان ببینیایە، ئەوا زیاتر سووردەبوون لەسەر بەدەست خستنی و زیاتر بەدوایدا دەگەڕان و زیاتر حەزیان لێیدەکرد.**

**خوای گەورە دەفەرموێ: ئایا پەنایان لەچی دەگرت؟**

**فریشتەکان دەڵێن: پەنایان دەگرت لە ئاگری دۆزەخ.**

**خوای گەورە دەفەرموێ: ئایا ئاگری دۆزەخیان بینیوە؟**

**فریشتەکان دەڵێن: نەخێر سوێند بەخوا ئەی پەروەردگار، ئاگری دۆزەخیان نەبینیوە.**

---

[٢٦٢] **- موسڵمانی ئیجابی، د.عبدالکریم بکار- وەرگێرانی: بەهجەت جەمیل حامد، ٢٠١٤، ل٢٦-٢٧**

**خوای گەورە دەفەرمویٚ: ئایا چۆن دەبوو ئەگەر ئاگری دۆزەخیان ببینیایە؟**
**فریشتەکان دەڵێن: ئەگەر ئاگری دۆزەخیان ببینیایە ئەوا زیاتر لێیان ڕادەکرد و خۆیان لێی دوور دەخستەوە و زیاتر لێی دەترسان.**
**خوای گەورە دەفەرمویٚ: ئێوە دەکەم بە شایەت لەسەر ئەوەی کە من لێیان خۆش بووم.**
**فریشتەیەك لە فریشتەکان دەڵێت: فلانە کەسیان تێدایە لەو کەسانە نییە کەوا زکریان دەکرد بەڵکو بۆ کارێکی پێویست هاتبوو.**
**خوای گەورە دەفەرمویٚ: ئەوانەی مەجلیسی زیکر دەگێڕن کەسانێکن ئەو کەسەی لەگەڵیان دابنیشیٚ، بەدبەخت نابێت.**
**وە لەڕیوایەتێکی دیکەدا هاتووە: فلانە کەسیان تێدایە بەندەیەکی تاوانبارە و هەڵەی زۆرە بەڵام بەلایاندا تێپەڕیوە و ئەویش لەگەڵیان دانیشتووە.**
**خوای گەورە دەفەرمویٚ: لەویش خۆشبووم، ئەوانە خەڵکانێکن ئەو کەسەی لەگەڵیان دانیشیٚ، بەدبەخت نابێت).**

# سەرچاوە:


# تەفسیری ئاسان.

# تەفسیری ڕامان.

**پشکێك لە میراتەکەی پێغەمبەر() ئامادەو وەرگێڕانی مامۆستا محمد عبدالرحمن لگیف/چ٦/ ٢٠١٤چ / زانا/ سلێمانی**

**جوانترین دوعا بۆ دین و دونیا، شاخەوان عەلی**

**موسڵمانی ئیجابی، د.عبدالکریم بکار- وەرگێرانی: بەهجەت جەمیل حامد، ٢٠١٤**

**مەولانای رۆمی- ئازاد رەئوف-١٩٨٥-چ / الحوادث- بەغدا**

**با قسەی خۆش ون نەبیٚ- وەرگێڕانی لە فارسیەوە: نادر مستەفا زادا"رەحیم خان"**


سوپاس بۆ خوای کردگار سەعات٠٥ر٥بەیانی٢٤/٣/٢٠٢٢لەخۆبوومەوە.

# سەرچاوەکان:


١-تەفسیری رامان.

٢-تەفسیری ئاسان.

٣-تەفسیری گوڵشەن.

٤-الدُّعَاءُ وَيَلِيهِ العِلاجُ بالرُّقى مِنَ الكِتابِ وَ السُّنَّةِ، اعداد سعيد بن علي بن وَهف القَحطاني،ط٢، مطبعة دار ابن كثير ، ديمشق، سوريا، ٢٠٠٠م

٥-شورەی موسڵمانان بە زیکرو دوعاکان لە قورئان و فەرموودە راستەکان، وەرگێرانی: شوان رابەر، چ٣، چاپخانەی رۆژهەلاٌت، هەولێر، ٢٠١٠

٦-ئاهەنگی رۆشنبیران نووسینی شاکر فتاح، چ١، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٨٣

٧-د.عمر سلیمان عبدالله ئەشقەر: فەرموودە صەحیحەکان لەو چیرۆکانەی کە پێغەمبەر(ﷺ) دەیگێرێتەوە، و:حەمە ئەمین ئەحمەد بەرزنجی، چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی،٢٠٠٩

٨-چەمکانێك دەبێ راست بکرێنەوە، محمد قوتب، وەرگێرانی: ژیوانی گەلاٌلی،چ١، چاپخانەی پەروەردەی هەولێر، هەولێر،٢٠٠٣

٩-القول المعطاء في أحكام الدعاء، محمد الشيخ طه الباليساني، دار الحرية للطباعة، بغداد،١٩٨٧

١٠- پوختەی ئادابە ئیسلامیەکان بۆ نەوجەوانان ئا:سۆران عەباس، چ٧، پێداچونەوە سەربەست جەباری چاپخانەی سیما-سلێمانی، ٢٠١٣

١١- فەلسەفەی زەرتوشت - د.فەرهەنگ مێهر، لە بلاٌوکراوەکانی سەنتەری رۆشنبیری کەسنەزان، و: خ. ئەویندار، ٢٠٠٩، هەولێر

١٢- زیکرە راست و دروستەکان، نووسینی: محمد بن ناصرالدين الالبانی، و: عبدالمجيد عبدالحميد، چ١، لە بلاوکراوەکانی کتێبخانەی نارین، هەولێر، ٢٠١٠

١٣- بەربەستەکانی وەرگیرانی خواپەرستیەکان/ د.عومەر ئەلکافی، و: حاجی عەبدولجەلیل، چ١، هەولێر، ٢٠٠٨
١٤- ناوە جوانە پیرۆزەکانی خوای گەورە، نووسینی:صابر صالح گەردی، چ٢،چاپخانەی گول، ٢٠٠٨
١٥- دەردو دەرمان، نووسینی: پێشەوا ابن القیم الجوزی، و:هیلال علی سەنگاوی،چ١،چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، ٢٠٠٩
١٦- نزا، نووسینی ئەلێکس کارل- د. عەلی شەریعەتی وەرگێڕانی:موسعەب ئەدهەم، چ١، چاپخانەی موکریانی هەولێر، ٢٠١٤
١٧- جوانترین دوعا بۆ دین و دونیا، شاخەوان عەلی، چ١،چاپخانەی/هێڤی،هەولێر،٢٠٢١
١٨-موسڵمانی ئیجابی، د.عبدالکریم بکار- وەرگێرانی: بەهجەت جەمیل حامد، ٢٠١٤
١٩- مەولانای رۆمی- ئازاد رەئوف-١٩٨٥-چاپخانەی / الحوادث- بەغدا
٢٠-با قسەی خۆش ون نەبێ- وەرگێڕانی لە فارسیەوە: نادر مستەفا زادا"رەحیم خان"
٢١-پشکێك لە میراتەکەی پێغەمبەر(ﷺ) ئامادەو وەرگێڕانی مامۆستا محمد عبدالرحمن لطیف/چ٦/ چاپخانەی/ زانا/ سلێمانی،٢٠١٤

**سوپاس بۆ خوای کردگار سەعات٥٠ر٥بەیانی٢٤/٣/٢٠٢٢لەخۆبوومەوە.**

# پێرست


| ز | ناوەڕۆک | لاپەرە |
|---|---|---|
| ١ | پێشکەشە | ٣ |
| ٢ | پێشەکی | ٥ |
| ٣ | ڕێخۆشیەک | ٦ |
| ٤ | بابەگیان فێری نزام بکە! | ٧ |
| ٥ | نوێژی ئیستیخارە چییە؟کەی ئەنجام دەدرێ؟ چۆن دەکرێ؟ | ٧٣ |
| ٦ | چاوەزار چییە؟نیشانەکانی چین؟چۆن خۆمانی لێ بپارێزین؟ | ٨٣ |
| ٧ | قوتابی و دوعای تاقیکردنەوە | ١٠٣ |
| ٨ | وێردی بەیانیان | ١٠٩ |
| ٩ | وێردی ئێواران | ١١٥ |
| ١٠ | سەرچاوەکان | ١٣٤ |
| | | |

پاداشت بۆبڵاوكردنەوەو راگەیاندن

بەپشتیوانی خوای

پەروەردگار، لە ماوەیەكی

دیاریكراودا بەرگی سێیەم

لەژێر ناونیشانی:(دوعا لە

چیرۆكەكانی قورئاندا)

دەكەوێتە بەر دیدی خوێنەران

له بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی  کوردستان
ژمارەی سپاردنی(٣٣٢)ساڵی٢٠٢٢پێدراوە